# بەناوی یەزدانی بەخشندەو میهربان

## پێشکەش

١-پێشکەشە بە جووتیارە ماندوو نەناسەکان و پێشمەرگە دوژمن بەزێنەکان کە سەنگەر چۆڵکردنیان بەیاددا نەدەهات.

٢-پێشکەشە بەوانەی کە لە نێو تاوانی ( ئەنفال)ی ڕەشدا نتکا بوون .

٣-پێشکەشە بە گیانی پاکی ئەو گەنج وپیرانەی لە دێهاتەکانی گەرمیان و هەموو کوردستاندا (کۆمەڵ کوژکران)

١-ناوی پەڕتووك : لە بیرم دێی ژانەکانی کوردو شۆڕشی ئەیلول ی ١٩٦١ .

٢-ئەم پەڕتووکە لە بارەی مێژوو ، ڕۆڵی خەباتی جووتیارانی کوردستانەوە دەدوێ لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا .

٣-نووسەر : عومەر حاجی علی رەزا زەنگنە ،

٤-پیاچوونەوە : مامۆستا عومەر شەریف .

٥-تایپ و نەخشەسازی :(نوسینگەی ڕۆژ)(خورماتوو)

٦-تیراژ : ٥٠٠ دانە

٧-ژمارەی سپاردە :

# پێشەکی

زۆر ڕوون وئاشکرایە ئەندامی هەر کۆمەڵ و گروپێك هەڵسوکەوت و زانیاری و بۆچوونی لەگەڵ کۆمەڵگەکەی خۆیدا زۆرتر هەیە ، منیش کە خۆم بە ڕۆڵەی جووتیارێکی کوردی هەژار دەزانم ، هەموو کاتێك پەیوەندی و هەڵسوکەوتم لەگەڵ چینەکەی خۆمدا زیاتر هەبووە ، هەر بەم بۆنەیەوە ، لە سەرەتای ژیانمەوە هەتا ئەمڕۆ ، وەك ڕۆڵەیەکی جووتیاری دڵسۆز و تێکۆشەری ڕێگای خەباتیان ، یان وەك بەرێوەبەرێکی فەرمانەکانیان خۆم ناسیوەتەوە ، بە هۆی ئەم تێکەڵ بوونەم لەگەڵ ئەم چینە زەحمەت کێشەدا ، تا ڕادەیەکی باش هاوبەشیانم کردووە لە ژان و ئازارەکانیاندا ، لەگەڵ هەنگاوە پیرۆزەکانیاندا هەنگاوم ناوە ، شانم داوەتە بەر ئەو بارەگرانانەی بە هۆی سوڕان و چەرخی گێتیەوە کەوتوەتە سەرشانیان ، لەبەر ئەم هۆیانە کەمێك شارەزاییم لە هەڵسوکەوتی دلێرانەیان هەیە ، ئەم زانیاریانەی لەلای من کۆ بۆنەتەوە هەمووی لە ناخی ئەم چینە قارەمانەوە هەڵقولاوە ، ئاشکرایە ئەم چینە بەشێکی زۆری ئەم گەلە پێکدەهێنێ ، بۆیە بەلای منەوە زۆر بە باشی چەسپاوە ، زۆربەی هەڵسوکەوتەکانیان بوونە بە بەشێکی

گرنگی مێژووی خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان ئەم هۆیانە بوون بە پاڵنەرێکم کە بتوانم کەمێك لەو شاکارە پیرۆزانەیان بخەمە بەرچاوی خوێنەری بەڕێز و خۆشەویست ، بە تایەبەت ئەو لاوە دڵسۆزە بە ئەمەکانەی دەستیان داوەتە پێنوسە پیرۆزەکانیان وبەگیان و بەدڵ سەرگەرمی کۆکردنەوەی زانیاری مێژووی خەباتی پڕ شانازی گەلەکەمانن ، ئەم ڕووداوانە من دەیان گێڕمەوە زۆربەی ئەم لاوە تازە پێگەیشتوانە مان بە چاوی خۆیان نەیان بینیوە ، کە بریتین ( لە خەبات و داستان و کەلەپوورو داب نەریت ) ئەم گەلە ، ئەم شاکارانەش خۆی لە خۆیدا بوونە بە مێژووی پڕ لە شانازی نەتەوەکەمان ، نووسینەوەی ئەم زانیاریانە لەبەر ئەوەیە ، ئەو لاوە خوێن گەرمانەمان و ئەوانەیش لە دوای ئەمان دێن کەمێك شارەزای رۆژانی سەختی ڕابوردووی گەلەکەمان بن ، هەر بەم هۆیەوە ئەم زانیاریانە دەکەم بە ( ئامانەتێك )بن بەسەر شانیانەوە ، بۆ ئەوەی بتوانن مێژووی خەباتی پڕ لە شانازی ئەم گەلە بە ئەو پەڕی دڵسۆزییەوە بۆ نەوەکانی ئێستاو داهاتوومان بگێڕنەوە با ئەم بەسەرهات و زانیاریانە بخەمەوە پێش چاوی جووتیارو پێشمەرگە دلێرانەی شۆڕشەکەی ئەیلولی مەزن ، کە ئەم

شاکارانەیان بە چاوی خۆیان بینیوە و خۆیان هاوبەشیان ، تێدا کردووە با ئەوانیش ڕۆڵی خۆیان ببینن و بە یادی ڕۆژانی دێرین و داستانە مەزنەکانیانەوە ، بفەرمون دووبارە چێژێکی لێوەربگرن و رابوردووی پڕ لە شانازی خۆیان و گەلە چەوساوەکەمان بهێننەوە یاد ، بۆ ئەوەی ئەو زانیاریانەی من لە یادیانم کردوە ، یان ڕێگام پێیان نەبردووە ، ئەوانیش بفەرموون دوو  سێ باوەشی گەورە لەم جۆرە یاداگارییانە کۆبکەنەوە و بیهاوێژنە سەر خەرمانی مێژووی پڕ شکۆی گەلەکەمان هیچ گومانی تێدانیە خەرمانی مێژووی هەر گەلێك هەر چەندە گەورەتر بێ ئەوەندە زیاتر بە پیت و بەرەکەت دەبێ ، ئەو خەڵکانەی بۆی دەڕوانن زۆرتر ( خەرمان بەرکەتی ) لێدەکەن ، ئەگەر لە سێبەرەکەیدا دانیشتن و تامو چێژیان لێ ی وەرگرت ، ئەوە زیاتر ماڵ ئاوایی لە خاوەنەکەی دەکەن ، بێگومان هەرماڵێك ئاوەدانبێت بە ( خێزان و بە پیت و بەرکەت ) هەمیشە ئەو ماڵە سوودی زۆری بۆ کۆمەڵگەکەی خۆی و دەورووبەرەکەیش دەبێت ، لەبەر ئەم هۆیانەی سەرەوە بە ئەرکێکی سەرشانی خۆمم زانی ئەمڕۆ کە بەرواری ١/٥/٢٠٠٥ز ، دەست بکەم بە نووسینی و نوێی کردنەوەی پەڕتووکی ( لە

بیرم دێ  ژانەكانی كوردو شۆڕشی ئەیلوول) كە لەبەرواری ١٩٨٣/٥/١ز نوسیبومەوە ، لەبەر ئەوەی ئەم زانیاریانە لە هزری هەموو كوردێكی بە ئەمەك و دڵسۆزدا جێگیربێت و لە یادمان نەچنەوە، ئاشكرایە مێژووی هەموو گەلێك ئاوێنەی ( باڵانما)ی نەتەوە كەیەتی ، بە هۆیەوە گەلان دەتوانن بڕواننە سەر تا پای خەبات و داستان و ژیانی رابوردووی ئەو گەلە و بە چاكی و بە ڕوونی لێی بگەن ، لەبەر ئەم ڕاستیە بە ئەركێكی زۆر پێویستی دەزانم هەموو رۆشنبیرێكی كورد هەست بەم ڕاستیە بكاو هەموو لایەنە لە بیرچووەكانی مێژووی ئەم نەتەوەیە بە نووسین بخاتە ڕوو بەلای منەوە هەر رۆشنبیرێك كەم تەرخەمی بكات لەم بوارەدا لە پاشە رۆژدا مێژووی گەلەكەی گلەیی و گازندەی لێدەكات .

عومەر حاجی عەلی زەنگنە
٢٠٠٥/٥/١ خورماتوو

# لە بیرم دێی : ژانەکانی کوردو شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١/٩/١١

## بەشی یەکەم مێژوو

مێژووی ، ڕۆڵی خەباتی هەموو چین و توێژو ، جووتیارانی کوردستانە ، لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزن ، بە سەرۆکایەتی باوکی رووحی کورد مستەفا بارزانی نەمر.

شابازی بازی گەورە بازانی

میری نەتەوەم (بازی بارزانی )

هەتاوی شۆڕش سەربەستی کوردی

هێژاو شۆڕشگێر ئازاو نەبەردی

## جولانەوەی بیری كوردایەتی لە نێو (فەقیە) قوتابیانی ئاینیدا لە ساڵەكانی ١٩٤٨-١٩٥٨ز

لە كۆتایی ساڵەكانی چلەكان ،هەتا بەشی كۆتایی پەنجاكان ژمارەیەك لە پەڕتووك و گۆڤارو رۆژنامەی بە نرخ كەوتنە نێو كتێب خانەی كوردییەوە ، بە تایبەتی لە شاری هەولێر و سلێمانی و كەركوك نموونەیەك لەو پەرتووكانە دیوانەكانی مامۆستا (قانع) بو ، لە دوای ئەوانیش دیوانی حاجی قادر وبێكەس وشێخ سەلام ، ژمارەیەكی دیكە لەم دیوانانە ، لە گۆڤارەكان (هیوا) و (هەتاو) لە رۆژنامەكان (دەنگی گێتی تازە) و رۆژنامە بە نرخەكانی (پیرەمێرد) ، (ژین و ژیان) جگە لەم بلاوكراوانە ژماریەكی دیكە بلاوكراوە هەبون كە لە بەغداو كەركوك و موصل دەردەچوون زۆربەیان بە زمانی عەرەبی بوون ، لێرەدا ئەوەی جێگای گوتنە ، بلاوكراوەو پەڕتووك و گۆڤارو رۆژنامە نیشتمان پەروەرەكان و سەرنوسەرە دڵسۆزەكانیان دەبن بە هۆی هاندان وڕێگە خۆشكردن بۆ مرۆڤی دڵسۆز و نیشتمان پەروەر ، هەر ئەوان جوانترین چرای ڕووناك كەرەوەی ڕێگەی خەباتی نیشتمان پەروەرانن ، بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی خەباتی ڕزگاری گەل و نیشتمانەكەیان ، هەر ئەوانیش دەتوانن هەموو مرۆڤێك لە خەونی غەفلەت و نەزانین بەخەبەر بهێنن و ڕێگەی ڕاستی و سەربەستی و سەركەوتن بە كۆمەڵانی خەڵك نیشان بدەن ، بۆیە لەو سەردەمەدا ئەو بلاوكراوانە لەم بوارەدا مێژوو یەكیان بۆ خۆیان تۆماركرد ، ئەو بلاوكراوانە زۆر هاندەربوون بۆ بلاوكردنەوەی گیانی نیشتمان پەروەری لە ناو قوتابیە

ئاینیەکاندا ، ئەم بڵاوکراوانە توانیان هەوێنی بیروو باوەڕی کوردایەتی لە دڵوگیانیانا جێگیر بکەن ، لە لایەکی دیکەوە پارتە دیموکرات خوازەکان ، لەم کۆمەڵە لە خۆیان نزیك کردەوە بە شێوەیەکی زۆر نهێنی ڕێکخستنی شانەکانیان دامەزران لەبەر ئەوەی ئەم کۆمەڵە ، کۆمەڵێکی خوێندەوارو رۆشنبیربوون پارتەکان توانیان سوودیان لێ وەربگرن و لە ریزەکانی خۆیان ڕێکیان بخەن ئەو پارتانەی ئەو کاتە هەست بە جولانەوەیان دەکرا ، ئەم پارتانە بوون ، پارتی دیموکراتی کوردستان ، حزبی شیوعی عێراق ، پارتی خەباتی بۆ ڕزگاری کوردو کوردستان دەکرد حزبیی شیوعی عێراق بەناوی دژایەتی ئمپریالیزمەکان و دەرەبەگەکانەوە کاریان دەکرد ، ئەم جولانەوانە لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر بە هێزتربوون ئەو فەقیەیانەی لەم دوو شارە ڕوویان دەکردە شاری کەرکوك بۆ خوێندن ، زۆربەیان هەڵگری ئەم بیرو باوەڕ نەبوون ، بە تایبەتی بیرو باوەڕی کوردایەتی (پارتی) ،(مستعدە)کان کە ئاستی خوێندەواریان بەرزتر بوو سەرپەرشتی کۆبونەوەی شەوانی فەقیەکانیان دەکرد ئەم کۆبونەوانە بە شێوەیەکی زۆر نەهێنی بە کاردەهێنرا بۆ بڵاوکردنەوەی بیرو و باوەڕی کوردایەتی لە ناو فەقیەکان ، پەیوەندی تایبەتی دروست بوو لە نێوان (مستعدە)کان و فەقێەکاندا شانەی ڕێکخستنی پارتی دروست کرا زۆر بەشێوەی نەهێنی دەستکرا بە کارکردن شانەکان ژمارەیان لە (٣-٥) کەس زیاتر تێپەڕی نەدەکرد لەبەر ئەوەی نەهێنی زۆرتر بپارێزرێت ،کار

بەدەستانی میری هەستیان بەم جولانەوەیە کرد لە ناو فەقێەکان دروست بووە سیخوڕەکانی میری دەستیان کرد بە ڕاونانی ئەو مستعدانەی ئاستی زانیاریان بەرز بوو سەرپەرشتی فەقێەکانیان دەکرد میری تۆمەتی (کۆمەنیست)یان داوە پاڵیان ژمارەیەکیان گیران و رەوانەی بەندیخانەکان کران ژمارەیەکی دیکە هەڵهاتن و ئاوارەی شارە دوورەکان و ئاوایەکان بوون ، ئەو هەڵمەتەی میری بە چەند مانگێك لە پێش شۆڕشەکەی عبدالکریم قاسم دەستی پێکرد لەسەرەتایی ساڵی ١٩٥٧ ،سیاسەتی ئەو کاتەی دارو دەستەی نوری سعید ، وایان بە بەرژەوەندی خۆیان دەزانی ناوی کوردو کوردایەتی بە هیچ جۆرێك نەهێنن هەتا ناوی کوردو کوردایەتی بەر گوێی هیچ کەسێك نەکەوێت لەبەر ئەوە (مستعد)[1]بەو قوتابیەناینیانە دەگوترا کە پلەی خوێندنیان لە ناوەندی بەسەروە بون ئەو کەسانەی ( پارتی ) بوون تۆمەتی (کۆمەنیست)یان دەدایە پاڵیان سیاسەتی ڕاگەیاندراوی ئەوکاتەی میری بەو شێوەیە بوو ، هەرکەسێك لە ناوو کۆمەلأنی خەڵکا بە کۆمەنیست لە پێنووس بدرایە ئیتر ئەو مرۆڤە بە (کافر و ملحد) ناو دەبران لەلای خەڵك ئەم ئاوازە ناسازەو ئەم بلوێرە ناڕەسەنە دەرەبەگەکان و ئەو مەلایانەی لەسەر خوانی ئەوان دەژیان ، پڕوپاگەندەیان بۆی دەکرد دەیان ژەن بە بیری خۆیان دەیانویست بەو جۆرە سیاسەتە چەوتەی خۆیان ، سەرکوتی گیانی بیرو باوەری کوردایەتی بکەن و لە نێو کۆمەڵانی کوردەواریە بە ناشرین بدرێ لە قەڵەم ، ئەو کەسانەی سەر بە پارتی

(١) بەو قوتابیەناینیانە دەگوترا کە پلەی خوێندنیان لە ناوەندی بەسەروە بون .

بوون و میری تۆمەتی کۆمەنیستی دایە پاڵیان ئەوانەی لە بیرم مابێ ئەمانەبوون :

١-مەلا رەحیم ، دانیشتووی ئاوایی مامشە سەر بە ناوچەی قەرەحەسەن .

٢-مەلا رەئوف هەمەوەندی خەڵکی ئاوایی هەڕاوەی سەر بە ناوچەی هەمەوەندە .

٣-مەلا عوسمان خەڵکی ناوچەی هەمەوەندە .

٤-مەلا عومەر خەڵکی ئاوایی دیبەگەی دەوروبەری دووبزە . جگە لەم ناوانەی سەرەوە ژمارەیەکی دیکە هەبوون لە (مستعد)ەکان کەوتبوونە بەر ئەو هێرشە ناڕەوایەی میری کە ئێستا ناوەکانیان لە یادم نەماوە لە ساڵی ١٩٥٧ لە مانگی حەوت مەلا رەئوف هەمەوەندی هات بۆ چاوپێکەوتنم لە قوتابخانەی ئاینی ( الغوثیة ) ئەم قوتابخانەیە لە ساڵی ١١٧٣ك دامەزراوە لە کەرکوك لە کاتی گفتوگۆ کردنمانە هاتینە سەر باسی هەژاری و زوڵم و زۆر لێکراوی گەلی کورد بەڕاشکاوی بە بێ سڵ کردنەوە لە یەك هاتینە سەر باسی کوردایەتی لەبەر ئەوەی کەمێك لە یەکتری بیرو ڕامان ئاشکرابیو بەبێ ترس لە دژی کاربەدەستانی ئەو سەردەمە دەدواین هەر لەو دانیشتنە مەلا رەئوف گوتی نهێنیەك هەیە ئەمەوێت لەلات ئاشکرای بکەم ئەگەر سوێند دەخۆی لەلای کەس نایدرکێنی !! لەو کاتە قورئانێك لە تەنیشتمەوە دانرابوو دەستم خستە سەری سوێندم خوارد کە ئاشکرای ناکەم لە باخەڵی بڵاوکراوە (نشرە)یەکی دەرهێنا بریتی بوو لە چوار پێنج لاپەڕە بەزمانی عەرەبی نووسرابوو بە

ناوی ( جبهة الوطنية الديمقراطية العراقية )وە نووسرابوەوە ئەم پارتانە ئیمزایان کرد بوو :

١-پارتی دیموکراتی کوردستان .

٢-حزبی شیوعی عێراقی .

٣-حرکة ضباط الأحرار .

٤-پارتی الوطني الديمقراطي .

٥-حرکة القومين العرب .

ئەو پارت و ڕێکخراوانەی سەرەوە ئەو بەرەیان پێکهێنابوو لە بەیانەکەیانە داوای ڕۆخاندنی دەزگای رژێمی نوری سعید و پاشایەتیان دەکرد هەتا هەموو گەلی عێراق بە عەرەب و کوردو کەمایەتیەکانەوە بە مافەکانی خۆیان بگەن هەموو چینەکانی عێراق بە جووتیارو کرێکارو کاسب کارەوە لە ژێر چاودێری پێشڕەوی خۆیانە بە مافەکانی خۆیان بگەن و لە کۆتو زنجیری ئیمپرالیەکان و پیاوەکانی بێگانە رزگاریان بێت گەلی کورد لە کوردستانی عێراقا بە مافە نەتەوایەتیەکانی خۆی بگات جگە لەو خاڵانەی سەرەوە گەلێ خاڵی گرنگ نووسرابوون لە بارەی پاشەرۆژی گەلی عێراقەوە بەیانامەکە زۆر نەهێنی و گرنگ بۆ ئەوکات و سەردەمە لەبەر ئەوە مەلا رەئوف لە دوای دوو کاتژمێر بە بیانوی نوێژی عەسرەوە هات بۆ لام بەیانەکەی بردەوە بۆ لای خۆی



هەڤاڵ عومەر حاجی عەلی زەنگەنە



هەڤاڵ فەیزوڵا مەحمەد سەعید باوەی



هەڤاڵ عەلی رەشید صالح داوودی



هەڤاڵ مەلا نەسرەدین ترکەشکانی



هەڤاڵ مەحمەد سالح کەریم رۆژبەیانی



هەڤاڵ سەید قادر جەباری



هەڤاڵ مەلا عزەدین قازان بڵاخی



هەڤاڵ عەلی عومەر مامشەی
مەلا رەئووف



هەڤاڵ مەحمەد ئەمین شوانی



هەڤاڵ عەلی تاییر شوانی



هەڤاڵ سابیر قایتەوەنی زەنگەنە



هەڤاڵ نازم رەزا زەنگەنە



هەڤاڵ عاسی نانەوا زەنگەنە



هەڤاڵ عەبدولکەریم حەسن زەنگەنە



هەڤاڵ حاجی مەحمەد دارتاش چەمچەماڵی



سەید عەلی حوسین جەباری

دامەزرێنەرو بەرپرسی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە کەرکوك  گەرەکی شورجە  سەرکاریز ساڵی ١٩٥٨ز



**مزگەوت و تەکیەی تاڵەبانی لە شاری کەرکوك ساڵی ١٩٥٦**










قەڵایی دێرینی کەرکوك و پردە دێرینەکەی عوسمانلی لەسەر چۆمی (خاسە)




گڕی ئاگری نەورۆزی ئەزەلی بابا گرگر لە کەرکوك

بە ئاشکرا بەمنی ڕاگەیاند لە ریزەکانی ( پارتی دیموکراتی کوردستان ) کاردەکات باسێکی تێرو تەسەلی پەیڕەو و پرۆگرامی ( پارتی )بۆم کرد ئامانجەکانی بۆم شیی کردەوە لە دوایدا گوتی ریبازی ئەم (پارتە ) چۆنە بەلاتانەوە ؟؟ ئایە ئەم پارتە بەلاتانەوە پێشرەوی گەلی کوردە لە کوردستانا ؟؟ ئەگەر بەلاتانەوە چاکە بۆچی پەیوەندی ناکەیت ؟؟ هەتا شان بە شانی ئێمە خەبات بۆ رزگاری کورد و کوردستان بکەیت ئەم وشانەی مامۆستا رەئوف هەموو گیانمی هەژاند لە وەڵامدا گوتم ئەو ڕێگایەی کە چەند ساڵە بە ئاواتیەوەبوم بیدۆزمەوە زۆر سوپاس بۆ یەزدانی گەورە بە هۆی بەڕێزتانەوە ئێستا دۆزیمەوە ئامادەم سەرم دابنێم لە ڕێگای ڕزگاری کوردستانە گوتی داوا کارێك بنووسە بۆتی بەرز دەکەمەوە هەتا شەرەفی ئەندامیێتیت بدرێتێ کاتێ هەڵسا پێمی ڕاگەیان گوتی بە هۆی ئەم بەرەیەوە کە پارتیمان بەشداری تێداکردوە بۆ ماوەیەکی کورت رژێمی پاشایەتی و دەستگەکانی بێگانە لە عێراق دەڕۆخێت و دەسەڵاتی کۆماری دروست دەبێت ئێمەی کورد بە مافەکانی خۆمان دەگەین لەم بارەیەوە هاو پەیمانەکان لەبەرەکەدا بەڵێنیان پێمان داوە ، لە دوای دوو هەفتە یەکتریمان بینەوە گوتی بڕۆ

بۆ لای مامۆستا سید ( مستەفا سید ئەحمەد ) کە بە مامۆستا (نەریمان ) دەناسرێت لە گەڕەکی بەرتەکیە لە خانویەك دادەنشێت ناونیشان و ژمارەی دەرگاکەیم وەرگرت گوتی کاتێ دەرگای بۆت کردەوە بڵێ ( مامۆستا میوانتان دەوێت ) لە دوای دانیشتن بڵێ ( مامۆستا خانوتان هەیە بیدەنە کرێ ) ئەم وشانە وشەی نەهێنی بوون ( کلمە السر ) گوتی خانوومان نیە بیدەینە کرێ لە ئەم کاتە بەدواوە تۆ بویت بە یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەمان لە دوای ئەم گفتوگۆیانە زۆر بە ڕاشکاوی پەیڕەو پرۆگرامی (پارتی) بۆ شی کردمەوە ئاگادارمی کردەوە بە ئەندام وەرگیراوم لە ریزەکانی پارتیە ناوی نەهێنیم ( قدس)یە لە ناوی شەرەفی شەهید ( قدس )یەوە کە یەکێکە لە چوار شەهیدە پایە بەرزەکەی کورد رژێمی پاشایەتی شەهیدی کردن ، مامۆستا (نەریمان ) زۆر پێ ی لەسەر ئەوەدا دەگردو تأکیدی دەکردەوە کە نهێنیی پارتی زۆر بپارێزم و لەسەر خۆو بە هێمنی کارەکانی پارتی جێ بە جێ بکەم هەمیشە دووربم لە هەڵە شەی و سەرەرۆی کردن دەی فەرموو لە ناوچونی هەڤالێکی پارتی بەردێکی گەورە لە ژێرخان و ماڵی کورد کەم دەکاتەوە پێمی ڕاگەیان بۆ هەڵ سوڕاندنی کارەکانی (

پارتی ) مەلا رەئوف هەمەوەندی بەرپرسیارتە ، مەلا رەئوف پێمی ڕاگەیان بەهیواین ( یەکێتی قوتابیانی ئاینی ) لە کەرکوك دابمەزرێنین تۆ پالێوراوی بۆ ئەندامیەتی و بەشداربوون لە کۆنگرەکە لە دوای هەفتەیەك مەلا رەئوف ئاگادارمی کردەوە کۆنگرەکە بەشەو لە کاتژمێری(٩) لە ماڵی هەڤاڵ ( عەلی عەسکەری )دەبەسترێت لە گەرەکی بەرتەکییە و نزیك بە مزگەوتی (ئیمام قاسم) شەوێك لە شەوەکانی زستان زۆر بە نهێنی کۆنگرەکە دەستی پێکرد لە ٢٢/٢٣ ١٢/١٩٥٨ ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە کە خۆی لە٢٠-٢٥ کەس دەدا ئەو کەسانەی سەرپەرشتی کۆنگرەکەیان دەکرد مامۆستا عومەر دەبابە و عەلی عەبدولاّ و مامۆستا ( نەریمان) بوون ئەندامانی کۆنگرە ئەوەی ناویانم لە یاد ماوە ئەمانە بوون:

١-مەلا رەئوف هەمەوەندی

٢-عەلی عەسکەری

٣-مەلا بەختیار شوانی

٤-مەلا عومەر دیبەگەی

٥-فەیزولاّ محەمەد سەعید

٦-عومەر عەلی رەزا

٧-مەلا عوسمان خاڵدانی

## ٨-مەلا عومەر زەنگەنە خەڵکی بناری (گل)ە

پارتی لەو کاتە زۆر هەوڵی دەدا ڕێکخراوە جەماوەریەکان و پیشەیەکان دروست بکات و پێشیان بخات هەتا بەوناوەوە بتوانێ جەماوەری پارتی زۆر بکەن و خەڵکێکی زۆر بهێننە ریزەکانی پارتیەوە لەو کاتە ئەم ڕێکخراوانە هەبوون یەکێتی مامۆستایان ، یەکێتی قوتابیان ، یەکێتی قوتابیانی ئاینی ، بە هۆی تێکۆشانی ئەم ڕێکخراونەوە توانرا ژمارەیەکی باش لە کۆمەڵانی خەڵك لە ریزەکانی پارتیە کۆ بکەنەوە بەوتەی مامۆستا عومەر دەبابە لە یەکێك لە دانیشتنەکانیە لە دوای شۆڕشی ١٤ تەمووز گێڕایەوە لە ساڵەکانی ١٩٥٤ز هەتا ١٩٥٦ ئەندامانی پارتی لە کەرکوك تەنها(١٢)دوانزە کەس بوون لە ساڵەکانی ١٩٥٧-١٩٥٨ گەیشتە ١٥٠-٢٠٠ کەس لە دوای شۆڕشی ١٤ تەمووز هەتا ساڵی ١٩٥٩ ژمارەی ئەندامانی پارتی لە کەرکوك لە ١٠٠٠ هەزار ئەندام بەسەرەوە بوو هەر لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ تەمووز لە عێراقدا هەموو پارتە نهێنیەکان بە تایبەتی ئەو پارتانەی لەبەرە کە بەشداربوون بەشێوەی نیوە ئاشکرا کەو تنەکارکردن بۆ ئەوەی بتوانن کۆمەڵانی خەڵك لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە لە دوای چەند ڕۆژێك دوای ڕوودانی

شۆڕشەکەی ١٤ تەموز لە گەرەکی (شۆرجە ) توانیمان ( یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ) دروست بکەین بە شێوەیەکی ئاشکرا ئەو کاتە ( پارتی ) مۆڵەتی لەلایەن میریەوە پێنەدرابوو بە ئاشکرا کاری پارتایەتی بکات لە ڕێگای یەکێتی لاوانەوە هەموو کارەکانمان ئەنجام دەدا لەبەر ئەوە ڕێکخراوە جەماوەریەکان بە ئاشکرا کاریان دەکرد ئەندامانی لیژنەی دامەزرێنەری یەکێتی لاوان لە شاری کەرکوك ئەم هەڤاڵانەبوون :

١-سەید عەلی جەباری ، ٢-ئەحمەد حاجی رەزا

٣-جەلال محەمەد سەعید باوەی ، ٤-جەوهەر عەودل

٥-فەیزوللا محەمەد سەعید ، ٦-عومەر شەریف

٧-عومەر عەلی رەزا

هەر لە دوای دامەزراندنی ئەم یەکێتیە پەلەکانی لە گەرەکەکانی کەرکوك دا کرایەوە لە ١-ئیمام قاسم ، ٢-رەحیم ئاوا ، ٣-ئازادی لە دوای کردنەوەی بارەگاکانی لاوان ڕیگا درا بە پارتی بە ئاشکرا کار بکات و بارەگا بکاتەوە بۆ یەکەم جار لە شاری کەرکوك دا بارەگای پارتیمان لە گەرەکی ( ئەڵماس ) دامەزران لە ساڵی ١٩٥٨ مانگی ١١ بەسەر چۆمی خاسەو خانویەکمان لە پیاوێکی ئاسوری بەکرێ گرد

خانویەکی زۆرکۆن بوو حەوشەیەکی فراوانی هەبوو بە یارمەتی هەڤالآن توانیمان کەمێك نوێی ژەنی بکەینەوە یەکەم لێپرسراوی بارەگای لقی سێ پارتی مامۆستا عومەر دەبابە و لە دوای ئەو مامۆستا عەلی عەبدوللا بون لێپرسراوی ئەندامانی لێژنەی کارگێر هەڤالْ حەمید باتاس بو پیاوێکی زۆر چالاك و دڵسۆز بوو دەستی نووسین ووتارو رۆژنامەی هەبوو دەست خەتی زۆر جوان بوو زۆربەی لافتە و نووسینەکانی دیوارەکانی بارەگای بە دەستی خۆی دەنووسییەوە لەو کاتانەدا دەسهاتو سەرمایەی بارەگامان تەنها لە ئابونە و پیتاکی ئەندامانی پارتی پێکهاتبوو کرێی بارەگا بە ئابوونەو و پیتاکی ئەندامان دابین دەکرا .. لە دوای کردنەوەی بارەگا لیستەی ئێشك گردنی شەو و رۆژ دیاری کرا لە ئەندامانی پارتی بۆ چاودێری کردنی بارەگا بۆ پارێزگاری خۆمان و بارەگا تەنها دەمانچەیەکی تۆپڵی زۆر کۆنی کاتی ئیگلیزمان هەبوو ژمارەی پێنج فیشەکی هەبوو ، ئەو بارودۆخەی ئەو کاتە درەفەتێکی زۆر چاك و لە باربوو بۆ پتەو کردن و زۆربوونی جەماوەرو ڕێکخستنیان لە ریزەکانی پارتیدا بە هەوڵ و کۆششی ئەندامان بە تایبەتی کادرە پێشکەوتووە کانی پارتی توانرا جەماوەری پارتی زۆر

بکرێت هەرچەندە پارتی ( اجازە)ی پێدرابوو لە لایەن میریەوە بە ئاشکرا کارەکانی ڕێکخستن هەڵسورێنێت بەڵام پارتی بە بەرژەوەندی نەدەزانی ڕێکخراوو شانەکانی ئاشکرابن و لە پێش چاوی خەڵك چالاکیەکانیان و کۆبونەوەکانیان ئەنجام بدەن لەبەر ئەم هۆیە بوو ڕێکخستنەکانی پارتی بە نهێنی مانەوە و کەمیان ئاشکرابوون بۆیە پارتی توانی بنەمایەکی پتەو دروست بکات ، ئەو ڕێکخراوە پشییەی و جەماوەریانەی لە کاتی نهێنی و ئاشکرادا پارتی دروستی کردن خەباتێکی زۆریان دەکرد بۆ ڕێکخستن کۆمەڵانی خەڵك لە ڕیزەکانی خویانە و لە دواییە لە ڕێکخستنەکانی پارتی لە دوای بەرپابوونی شۆڕشی ١٤تەموز ساڵی ١٩٥٨ ڕێگادرا بە هەموو پارتە دیموکرات خوازەکانی عێراق بە ئاشکرا کار بکەن هەموو پارتە نیشتیمانیەکان مۆڵەتیان وەرگرت بارەگایان بە ئاشکرا لە شارەکانە کردەوە دەستیان کرد بە جموجوڵی سیاسی هەر پارتێك رۆژنامەی زمانی خۆی بڵاوکردەوە یەکێك لەو پارتانە ( پارتی دیموکراتی کوردستان ) بوو کە لە پێشدا ناوی پارتی دیموکراتی کورد بوو لە کۆنگرەی (٣) پارتیە ناوەکەی گۆڕا لە جیاتی وشەی ( کورد وشەی کوردستان

دانرا بۆ ئەوەی ئەو جەماوەرەی لە خاکی کوردستاندا دادەنیشێت و لە هەر نەتەوەیەك بێت بتوانێ لە ریزەکانی پارتیە کار بکات ، رۆژنامەی ( خەبات ) ئۆرگانی پارتی لە بەغدا چاپ کرا و بارەگای لقی( ٥) پارتی بە ئاشکرا لە بەغدا کرایەوە ئەو گەش ونما ئازادیە دیموکراسیە زۆر لە باربوو بۆ هەموو پارتەکان بۆ دەربڕینی بیرو ڕای تایبەتی خۆی هەروەها رای جەماوەر و گەیاندیان بە دەزگا و لێپرسراوانی میری ئەو بارودۆخە ئازادیە دیموکراسیە تەمەنی زۆر کورت بوو زۆری پێنەچوو میری کەوتە پیلان دانان و دەست خستە ناوی پارتەکانەوە بەشێوەیەکی گشتی میری هەوڵی دەدا دووبەرەکی دروست بکات لە نێوان هەموو پارتەکانە ، بۆ ئەوەی پارچە پارچە ببن ولاوازبن هەتا بتوانێت زاڵ بێت بەسەر هەموویانە عەبدولکەریم قاسم سەر بە هیچ پارتێك نەبوو تەنها لێپرسراو بوو لە کۆمەڵی (حركة ضباط الأحرار) کە پێك هاتبوون لە ژمارەیەك ئەفسەری دەرەجەدار ، عەبدولکەریم لەبەر ئەوە ئەم هەوڵەیدا پارتەکان بکات بە دژی یەکتری و لە یەك دووربکەونەوە دەترسا ئەم پارتانە لەیەك نزیك ببنەوە بەرەیەکی نیشتیمانی پێکبهێنن و بناغەکانیان پتەو بکەن و ڕوو بە ڕووی رژێمەکەی ببنەوەو زاڵ ببنە

سەریا یان بیرۆخێنن عەبدولکەریم تەنها باوەڕی بە خۆی و بە (حركة ضباط الأحرار) هەبوو ئەوان ڕێکخراوەیەکی کزبوون و ژمارەیان زۆر کەم بوو عەبدولکەریم خۆیدا سەپان بەسەر هەموو پارتەکانداو تەنها بە دوای بۆچوونەکانی خۆیدا دەچوو ناونرا (الزعيم الأوحد) لەو بارودۆخە عەبدولکەریم توانی دووبەرەکی بخاتە نێوان زۆربەی پارتەکانەوەو کردیانی بە دژی یەکتری و بەریدانە گیانی یەکتری و لە ڕێگای ڕۆژنامەکانیانەوە کەوتنە هێرش بردن بۆ گیانی یەك ئەو بارودۆخە ماوەیەکی خایان و گەلێك یەکتریان تۆمەت بارکرد و بە نۆکەری بێگانەو پیاو خراپ یەکیان دایە قەڵەم کورد گوتەنی هەموویان ( ددانیان لە یەك سپیەوە بوو هەر بەمەیشەوە نەوەستا عەبدولکەریم توانی زۆربەی پارتەکانی لە ناو خۆیانە کرد بە دووبەشەوە وکردیانی بە دژی یەك ئەم سیاسەتەی عەبدولکەریم لە سیاسەتی ئیمبریالستەکانەوە سەرچاوەی گردبوو کە دەڵێت (فرق تسد) دژایەتی خستە نێوانی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمەنیستی عێراقەوە لە پێش شۆڕشی تەموز لە یەك بەرەیەکە کاریان دەکرد هەروەها دوو بەرەکی خستە نێوان پارتی نیشتمانی دیموکراتی و نێوان پارتی کۆمەنیستەوە

عەبدولکەریم توانی پارتی کۆمەنیست بکات بە دوو بەشەوە بوون بە دژی یەکتری ، دەستەی (عزیز الحاج ومصلح مصطفی) لە دەستەی لیژنەی مەرکەزی جیابوونەوە هەر گروپێك بەشێکیان لە پارتی کۆمەنیست بۆ خۆیان جیاکردەوە هەروەها پارتی نیشتمانی عێراق کرد بە دوو بەشەوە و بوون بە دژی یەکتری دەستەی (محەمەدحەدید) لە دەستەی (کامل چادرچی) جیابوونەوە ئەوەی شایانی باسە پارتی دیموکراتی کوردستان لەم گێژاوەیە بێبەش نەبوو عەبدولکەریم توانی دەست بخاتە نێوان پارتیەوە و هەوڵی ئەوەی دا وەك پارتەکانی دیکە ئەمیش بکات بە دوو کەرتەوە ، لەبەر ئەوەی سەرکردایەتی (بارزانی) زۆر خۆشەویست بوو لە ناو ڕێکخراوەکانی پارتیە کەس بە دوای داواکەی ( عبدالکریم ) نەکەوت بە بەیانێکی مەکتبی سیاسی و لیژنەی مەرکەزی پارتی دیموکراتی کوردستان توانرا ئەو گێژاوەیە کۆتایی بێت و پارتیمان بە سەرۆکایەتی سەرکردە دڵسۆزەکەی باوکی رووحی کورد مستەفا بارزانی خۆی رابگرێت و ئەو هەوڵ و تەقەلایەی عەبدولکریم لە گۆربنێت ، کاتێ عەبدولکەریم زانی پیلانەکەی سەری نەگرت کەوتە بەهانەگرتنی بە پارتی ماوەی هەفتەیەك رۆژنامەی

خەباتی داخست لە دوای دەرچوونەوەی رۆژنامەكە بە بڕیارێكی تایبەتی عەبدولكەریم مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) سكرتێری پارتی بەندكرد و ماوەیەك لە بەندیخانە مایەوە لە دوای بەردانی(ئیبراهیم ئەحمەد) ژمارەیەك لە ئەندامانی لیژنەی مەركەزی بەندكران ئەم بارودۆخە هەمیشە لە زیادبوندا بوو هەتا ساڵی ١٩٦١ سەرۆك بارزانی داوای لە عەبدولكەریم كرد بە هۆی مانگی رەمەزانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ( بەرزان ) لە دوای گەڕانەوەی بارزانی بارودۆخی شارەكان ئاڵۆزتربوو میری دەستی كرد بە داخستنی ژمارەیەك لە بارەگاكانی پارتی لە شارەكان كەوتە راونانی ئەندامانی پارتی و بەندكردنیان بە تایبەتی ئەو ئەندامانەی ناودار و ئاشكرابوون یان لە دەسگا گرنگەكانی میریدا كاریان دەكرد ژمارەیەكی زۆر لە فەرمانبەرە كوردەكانیان لە شاری كەركوك و شارەكانی دیكەوە گواستەوە بۆ شارو شارۆچكەكانی خواروی عێراق لێرە یادگاریەكی زۆر گرنگ بەبیرما دێت بە پێویستی دەزانم باسی بكەم لەبەر ئەوەی گیانی لێبوردن و خەباتی هەڤاڵانی ئەو سەردەمە دەردەخات چۆن وە بە چ جۆرێك هەڤاڵانی پارتی هەموو شتێكیان بەخشیبو بە كوردو پێشرەوەكەی (پارتی دیموكراتی كوردستان) لە ساڵی

١٩٦٠-١٩٦١ لە شاری کەرکوك دوو فەرمان بەری میری هەبوون لە هەڤاڵانی پارتی بوون جێگای فەرمانەکەیان زۆر گرنگ (حساس)بوو لە کاتی کارکردنی بە ئاشکرای پارتیە لەلایەن پارتیەوە قەدەغەکرابوون هاتوچۆی بارەگاکان بکەن یان لە کۆبونەوە جەماوەریەکانە بەشداری بکەن زۆر بە نهێنی ئەندامی تایبەت دانرابوون پەیوەندیان پێوەدەکرا ئەمە هەمووی لە پێناوی ئەوەدا بوو لە لایەن میریەوە ئاشکرا نە بێ کە سەربە پارتین ، بە نهێنی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی پارتی سوودیان لێوەربگرێت بە فەرمانی لێپرسراوی لقی ٣ پارتی پیلانێك داڕێژرا بۆ لێدانی ئەو دوو ئەندامە دڵسۆزەی پارتی بە مەرجێك ئەو لێدان و دارکاری کردنە لە ناو (قەڵەباڵغی) و بازاردا و بە رۆژ ئەنجام بدرێت هەتا ژماریەکی زۆر لە دانیشتوانی شار بە چاوی خۆیان ڕووداوەکە ببینن سێ کوڕی گەنج لە باوەڕپێکراوانی پارتی ئامادە بکرێت لە جێگایەکی دیاری کراوا زۆر بە چاکی ئەو هەڤاڵە فەرمانبەرەی میری دارکاری بکەن جلەکانی لەبەریدا بدڕێنن زۆر بە تەوندی هەڕەشەی لێبەکەن بە شێوە زمانی هەولێری ، لەبەر ئەوەی میری هەست نەکات ئەو کوڕە گەنجانە دانیشتوی شاری کەرکوکن پێی بڵێن ( ئەگەر لە ئەمرۆ بە

دواوە واز لە کاری سیخوڕی نەهێنیت بۆ جاری ئایندە دەکوژرێیت!!. ئەم بڕیارە و شیوەی جێ بە جێ کردنی پیلانەکە بە هەردوو هەڤاڵەکە ڕاگەیاندرا هەردووکیان بە ئەوپەری رازی بوونەوە فەرمانەکەیان وەرگرت ئەم پیلانە بەسەر هەردوو هەڤاڵە فەرمانبەرەکانە جێ بە جێ کرا بۆ جێ بە جێ کردنی یەکێك لەو فەرمانە من چاودێری کارەکەم دەکرد لە کاتی جێ بە جێ کردنی پیلانەکە یەکێك لەو گەنجانەی دانرا بوون بۆ لێدانی هەڤاڵەکە دارێکی داهێنایەوە بدات لە شان و ملی لەبەر شپرزەی گەنجەکە دارەکەی بەر سەری هەڤاڵەکە کەوت ، زۆر بە سەختی سەری شکان ، ئیتر گەنجەکان هەڵهاتن ، سەیارەیەکمان بۆیان ئامادەکربوو بە گورجی لە پێش چاوی خەڵك خۆیان بزرکردە هەڤاڵەکە بەسەری شکاوو کراسی دڕاوەوە ڕووی کردە پۆلیس خانەو نەخۆشخانە ، لەلای دادگا دەعوای تۆمارکرد ، ناوی کەسی نەهێنا ، گوتی نایانناسم لەبەر ئەوەی دەمو چاوی خۆیان هەڵپێکابوو بە شێوەی هەولێری دەدویان لەو باوەڕەم خەڵکی هەولێربن و سەر بە پارتی بێ لەوانەیە حەزم لێ نەکەن من فەرمانبەری میریم ، ئەم پیلانە زۆر سەرکەوتو بوو ئەو دوو هەڤاڵە فەرمانبەرەی میری هەر لە فەرمانەکانی خۆیانە

ما بونەوە هەتا کاتی بەر پابونی شۆڕشی کوردستان زانیاری و نهێنییەکانی میریان بۆ دەسگاکانی شۆڕش دەنارد ئەو دوو هەڤاڵە هەتا نووسینی ئەم پەرتووکە یەکێکیان لە ژیان ماوە ئێستا لە بەغدا دادەنیشێت لەبەر هەندێك هۆی تایبەتی ناویانم نەنووسیوە ، لەو سەردەمە میری کەوتبووە راونان و گرتنی ئەندامانی پارتی ، ژمارەیەك لە ئەندامانی پارتی کۆمەنیست بەشی لیژنەی مەرکەزی بۆ نزیك کردنەوەی خۆیان لە دەسگاکانی میری رازی کردنی دڵی عەبدولکەریم قاسم ببون بە داردەست و یارمەتی دەری سیخورەکانی میری بەشێوەیەکی ئاشکرا دەست نیشانی ئەندامانی پارتی و ماڵەکانیان دەکرد ، هەر چەندە ئەم کارە لە بیرو ڕاوبۆچوونی پارتی کۆمەنیستەوە دوورە بیرو ڕایی ئەوان ڕێگا نادات سەرکوتی جولانەوەی گەلان بکرێت ، کردەوەی ناشرینی ئەم گروپە زۆر ئاشکرا نەبوو بەفەرمان و ئاگاداری پارتی کۆمەنیست بەشی لیژنەی مەرکەزی دەکرێت یان سەربەخۆ دەیان کرد دژی کورد ( حەمید باتاس ) ئەندامی لیژنەی کارگێری لقی ٣ پارتی بوو لە جێگەیەکی تر ئاماژەم کردووە ئەندامێکی زۆر چالاك و دڵسۆز بوو لە رۆژنامەی (خەبات) دەینووسی شەوێك هەر ئەو گروپە ڕێگای پێدەگرن

و بەخەستی برینداریان کردبوو ڕووداوە دڵتەزێنەکەی ١٤ تەموزی ساڵی ١٩٥٩ دژی برا تورکمانەکان ئەنجام درا ئەو تاوانەش لە ناو کۆمەڵانی خەڵك هەتا ئێستایش باسی لێوەدەکرێت ئەو کەسانە ئەنجامیاندا و بەهاندانی عەبدولکەریم قاسم بووە بۆ ئەوەی تۆوی دووبەرەکی لە نێوان کوردو تورکمانەکانە بچێنێ ئەو کارە کارێکی زۆر تێکدەرانە بوو بۆ تێکدانی شیرازەی یەکێتی و برایەتی نێوان ئەم دوو نەتەوەیە ماوەیەکی زۆرە لەم نیشتمانەدا وەکو برادەژێن سەر ئەنجام ئەم کارە ناهەموارە بۆ بە هۆی کوشتنی ژمارەیەك لە هەردوو لا لە دوای ئەوەی عەبدولکەریم قاسم و هاوەڵەکانی گەلێك تاوانیان ئەنجامدا دژی گەلی کورد و پێشرەوەکەی سەرۆك بارزانی بیرخەرەوەیەکی (**مذکرة**) دا بە میری کە بریتی بوو تەنها لە شەش خاڵی زۆر ئاسان :

١-خاڵی یەکەم خوێندنی قوتابخانەکانی ناوچەی کوردستان بە زمانی کوردی بێت تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی.

٢-ئەو خەرج و باجانەی لە کاتی رژێمی پاشایەتیە سەپێنراوە بەسەر جووتیارەکانە لێبوردنیان بۆ دەرچێت .

٣-گیراوە سیاسیەکان بەر بدرێت ڕزگار بکرێت .

جگە لەم خاڵانەی سەرەوە سێ خاڵی بچووك هەبوون ، كار بەدەستانی میری لە جیاتی ئەوەی ئەم مافە بچووكانەی گەلی كورد جێ بە جێ بكات وەڵامی بیرخەرەوەكەیان لە ١٩٦١/٨/١٥ بە بۆردومان كردنی شارۆچكەكانی(بلەو بەرزان و شانەدەری وریێزان)ی دایەوە كە بوو بەهۆی شەهید بوونی ژمارەیەك خەڵكی سڤیلی كوردستان ئەم هەڵوێستەی میری خەڵكی كوردستانی بە چاكی ئاگاداركردەوە تا چ ڕادەیەك میری نیازی پیسە بەرامبەر بە گەلی كورد ، بۆردوومان كردنی (بلەو بەرزان و شانەدەری وریێزان) زۆر ڕقو قینی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستانی هەستان لە زۆربەی شارو شارۆچكەكانی كوردستان ڕێپێوان و نارەزایی دەربڕین دەستی پێكرد ئەنجامی ئەو نارەزایی دەربڕینانە و خۆپیشاندانە گەورەكەی ڕۆژی ١١/ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ دەربەندی بازیان و ئەو جێگاكانی دیكەی كوردستانی لێكەوتوە لە ڕۆژی ١٩٦١/١٢/١٧ میری وەفدێكی نارد بۆ لای سەرۆك بارزانی بۆ گفتوگۆ كردن لە (سەرسەنگ) بە سەرۆكایەتی (عقید حسین عبود) ئەویش دەركەوت بۆ كوشتنی سەرۆك بارزانی بوو نەك بۆ ڕێكەوتن.

# خۆپشاندانە چەکدارییەکەی ١١ ئەیلولی ساڵی ١٩٦١

لە سەرەوەی باسەکەمان ئاماژەم بۆ ئەوە کردوە کە بەچی جۆرێ کار بەدەستانی عەبدولکەریم قاسم کەوتبونە راوانان و گرتنی کورد بە تایبەتی ئەو کەسانەی سەربە پارتی بوون ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی شارەکانیان لە گرتوخانەکانیان بەندکردبوو ژمارەیەکی زۆریش ڕاوونرابوون و پەنایان بردبووە ناوچیا و ئاوایە دوورەکانی ژێر دەسەڵاتی رژێم بۆ ئەوەی گیانی خۆیان لە دەستی جەندرمەکانی میری رزگار بکەن . کار بەدەستانی سیخوری و ئیستخباراتی میری بە شێوەیەکی دڕندانە کەوتبونە چاودێری و ئازاردانی دانیشتوانی ناو شارەکان بەشێوەیەکی ئاشکراو بە زۆر پاڵیان بەو خەڵکانەوە دەنا و ناچاریان دەکرد هەتا شارەکان بەجێ بهێڵێن هەڵبێن بۆ دەرەوەی شارەکان ، بۆ وەڵام دانەوەی ئەو کارە نالەبارانەی میری خەڵکی کوردستان بە گشتی و بەیەك دەنگ بڕیاریان دا خۆپشاندانێکی چەکدارانە بەرپا بکەن لە ڕێگا سەرەکیەکانی کوردستان ، ئەوەی شایانی باسە پارتی خەباتێکی زۆر بێ ووچانی کردبوو بۆ وشیارکردنەوەی جەماوەری کوردستان ،

دەتوانم بڵێم زۆربەی زۆری دانیشتوانی کوردستان بە دوای پارتیەوە بوون ئەگەر بە ڕێکخستن لە ریزەکانی پارتیدا نەبوایەن وەك جەماوەرێك بە دوای پارتیەوە بوون هەر چەندە پارتی لەو بارودۆخە لە ناو شارەکان کەمێك کەوتبوە تەنگانەوە بە هۆی راونانی ئەندامەکانیەوە بە دەس کاربەدەستانی میری بە پێچەوانەی ئەو کاتەوە جەماوەری کوردستان چ لە شارەکان و چ لە ئاوایەکان زیاتر خۆیان لە پارتی و سەرکرادیەتیەکەی بارزانی نزیك دەکردەوە داواکاریەکانی جەماوەری کورد بە جۆرێك زۆربوون بۆ پەیوەندی کردن بەریزەکانی پارتیەوە ، پارتی نەیتوانی وەریان بگرێت ( استعاب)یان بکات لەبەر ئەوە ناچار بوو ئەو هێرشە (المد الجماهیری)یە بەشێوەی جەماوەر وەربگیرێ نەك بەشێوەی ڕێکخستن لەبەر ئەوەی لافاوێکی جەماوەری زۆر گەورە ڕووی کردبووە پارتی ناچار بو بەم شێوەیە چارەسەری بکات هەتا بتوانێ ئەو خەڵکە بە چاکی بپالێوێت و مرۆڤی چاك لە خراپ جیا بکاتەوە ئەو کاتە لە ریزەکانی رێکخستن دایان بنێت دانیشتوانی کوردستان بە تایبەت دانیشتوانی ئاوایەکان لە رۆژی ١٩٦١/٩/١١ لە ڕێگا سەرەکیەکان بە چەکەکانیانەوە کۆبونەوە ئەوەی شایانی

باسە چەکەکانی ئەو سەردەمە هەمووی چەکی کۆنی دەستی جووتیارەکان بوو بریتی بوون لە تفەنگی ١-یەکتیر ٢-سێتیر ٣-قەسەڵی ٤-یایلی ٥-تەلیعە ٦-کوچك چاپقلی ٧-تفەنگی ١١تیری زەمانەی ئینگلیز ٨-پێنج تیر ٩-تاپری راوی ١٠-برنەو ١١-تفەنگی جەهاندار . جانبێزار ، زۆر ڕوون و ئاشکرایە لەلای هەموو کەسێك بەم چەکانەوە ناتوانرێت ڕێگای سەرەکی لە زرێپۆش وتۆپی قورس بگرێت  ئەو خۆپیشاندانە تەنها بۆ ناڕەزایی دەربرینێك بوو بەرامبەر کارە ناڕەواکانی میری ، کە لەوکاتەدا دەینواند بەرامبەر بەگەلی کورد ئەو جێگا سەرەکیانەی ئەم خۆپیشاندانانەی لێدەبینرا ئەم جێگایانەبوون:

١- دەربەندی بازیان.

٢- دەربەندی خان.

٣- شیوە سور لەناوچەی شوان.

٤- دەربەندی گەلی عەلی بەگ.

٥- ڕێگای جوندیان.

٦- گەلی زاوێتەی ناوچەی بادینان.

٧- ڕێگای خانەقینی بەعقوبە .

ئەوەی شایەنی باسە ئەم کۆمەڵە جەماوەرییە چەکدارە کە لەوجێگایانەدا وەستابوون بەهیچ جۆرێك دەستیان بۆ کاربەدەستانی میری وچەکدارەکانی درێژ نەدەکرد یان بییان گرن وئازاریان بدەن  لەکۆتایدا ئەنجامی ئەم خۆپیشاندانەیش هەروەکو بیرخەرەوەکەی بەرزانی  بەفرۆکە وتانگ وتۆپ وەڵام درایەوە بڵاوەوی پێکرا ، ئەو ئاوایانەی کەوتبوونە نزیکی ئەو جێگایانەوە کە خۆپیشاندانەکەی تێدادەکرا بەفرۆکە وبەتۆپی گران وبەدەبابە ئاگرباران کران خەڵکێکی زۆری سفیلی تێدا کوژراو زیانێکی گەورەیش لەئاواییەکان کەوت ئەم کارە بێشەرمانەی میری زۆر بوو بەهۆی دڵتەنگی ونارەزایی هەموو کوردێك زۆربەی ئەو کوردانەی لەژێر رکێف ودەسەڵاتی میرییا دەژیان ویان کاریان بۆی دەکرد وایان لێیان کرد ژمارەیەکیان پشت لەمیری بکەن وبەرژەوندییە تایبەتییەکانی خۆیان وازلێهێناو هاتنە ناو ڕیزەکانی پارتییەوە.






**دەربەندی بازیان ، ئاسەواری قەڵاو بازگەی ئەمیر ئیسماعیلی زەنگەنە لە دەربەندی بازیان ، مێژووکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٠٥٥ك–١٦٤٥ز**



دایکە کوردستان ئاڵای ڕزگاری نەوەکەی دەدووڕێت

خەریتەی هەموو خاکی کوردستان    دایـك بـە دەرزی و دەزوو دوورمان
بنـووسێ لـەسـەر بێشکـەی منـاڵ    هەر بە ( کوردستان ) بێتە گڕوگاڵ
لـە بێشکـەی وادا چاو هـەڵنەهێنێ    درۆیـە و هـەڵسێ و تـۆڵـە بسێنـێ

(سەلام)

# هەڵوێستی پارتی وجوڵانەوەی چەکداری کوردستان

هەتا دوای کۆتایی هاتنی خۆپیشاندانە چەکداریەکەی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ پارتی دیموکراتی کوردستان لایەنی بێدەنگی گرتبوو هێشتا بەشێوەیەکی ئاشکرا دەری نەبڕی بوو ئایە پشتگیری ئەم جوڵانەوەیە دەکات یان نە لە دوای خۆپیشاندانەکە لە ڕۆژی یەك شەممە ١٩٦٢/٢/١٧ وەفدێك لەگەڵ مام جەلال تاڵەبانی وساڵح یوسفی ڕۆیشتن بۆ بەغدا بۆ وتوو وێژ پارتی بیرخەرەوەیەکی (**مذكرة**) کۆن دا بە میری ئەو بیرخەرەوەیە بریتی بوو لە (٢٠) بیست خاڵێکیان داواکاری (٦) خاڵی سەرەکی و (١٤) خاڵی لاوەکی ، ناوەرۆکی بیرخەرەوەکەی بەرزانی لەم بیرخەرەوەیەدا دووبارەکرا بوەوە میری ئەم بیرخەرەوەیەی خستە پشت گوێی تەنها هەر وەڵامیشی نەدایەوەو ناوی نەهێنا لە رۆژنامەکانە ویان لە ئیستگەو تەلەفزیوێن بە پێچەوانەوە زیاتر کەوتە لێدان و سووتاندنی ئاوایەکانی کوردستان و کوشتنی دانیشتوانی ، جگە لەم کارانەی کەوتە هەوڵدانێکی زۆر بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی بیٚ باوەڕو پارە پەرست ، دەیانی کرد بە نۆکەری خۆی و بە سیخور بەسەر گەلەکەی خۆیانەوە میری بانگی زۆربەی سەرۆك هۆزە کوردەکانی کرد

بەڵێنی تەواوی پێیاندا گوایە لە كوردستان یاسای چاك كردنی كشتوكاڵ ( الإصلاح الزراعي ) جێ بە جێ نەكات ئەوەی شایانی باسە جولانەوەی كورد بەجولانەوەی دەرەبەگەكانی كوردستان درابووە پێنووس و هەر ئاواهایش بەر گوێی عەبدولكەریم كەوتبوو گوایە ئەم جولانەوەیە دەرەبەگەكانی كوردستان پێی هەڵسابوون بۆ ئەوەی یاسای جێ بە جێ كردنی كشتوكاڵ لە كوردستانە جێ بە جێ نەكرێت بۆیە ئەم جولانەوەیان دروست كردووە لەبەر ئەوە میری بە هەڵە لە جولانەوەكە تێگەیشتبوو بۆیە دەیویست دەرەبەگەكان بۆ لای خۆی رابكێشێت و جولانەوەی كورد كۆتایی پێبهێنێت هەرچەندە لە ڕاستیدا جولانەوەی كورد لە كوردستانە زۆربەی سەرۆك هۆزەكان و دەرەبەگە گەورەكان سەرپەرشتیان دەكرد ژمارەیەكی ئەم سەرۆك هۆزانە بە گیانی دڵسۆزی و نیشتمان پەروەریەوە كاریان دەكرد ژمارەیەكی دیكەیش بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بەم كارە هەستابوون میری لەو هەنگاوەدا تاكو ڕادەیەك توانی بە مەبەستی گەلاوی خۆی بگات میری توانی ژمارەیەك لە دەرەبەگەكان لە كوردو عەرەب هەلبخەڵەتێنێ و بۆ لای خۆی رایانی كێشا و چەك و تەقەمەنی و پارەی بەسەریانا دابەش

کردو بوون بە ( چەکدار) لەگەڵ هێزەکانی میریە بە ڕێ کەوتن بۆ وێرانکردنی کوردستان ئەو هێزە هاوبەشانە بە هەزاران ماڵی دانیشتوانی کوردستانیان وێران و کاول کردو سووتانیان بە هەزاران سەر ئاژەڵ و ماڵی کوردیان بە تالاَن برد بە هەزاران ڕۆڵەی بێ تاوانی کوردیان بەناحەق شەهید کرد بە هەزاران منالْ و پیاوی پیرو ئافرەتیان بەدەم تۆپ و فڕۆکەو زرییپۆشەوە پارچە پارچە کرد تاوانی ئەمانە تەنها ئەوە بوو کورد بوون !! لەگەڵ ئەم کوشتن و مالْ وێرانی کردنی گەلی کوردا ڕۆژنامەی ( طریق الشعب) ڕێگای گەل بەشی لیژنەی مەرکەزی پارتی کۆمەنیستی عێراق بۆ خۆشەویست کردنی خۆیان لە لای عەبدولکەریم قاسم هەموو ڕۆژێك بە توندی داوای لە ناوبردنی جولانەوەی ڕزگاری کوردیان دەکرد هەمیشە بە جولانەوەی دەرەبەگایەتی ونۆکەرانی بێگانەیان لە قەڵەم دەدا ئەم هەڵوێستەی کۆمەنیستەکان بە هیچ جۆرێك بە هەڵوێستی ئەوان نەدەچوو زۆر دووربوو لە ئامانج و پەیڕەوی ئەوانەوە پارتی کۆمەنیست دەبێت نوێنەری جووتیاران و کرێکاران و زەحمەت کێشان بێت نەك داوای قڕکردن و لەناوبردنیان بکات زۆر جێگای داخ بوو لەو کاتەدا لە پێناوی

مەرحەبایەكی عەبدولكەریم قاسم ئەو دەستەیە رێبازە (مبدأ)كەی خۆیانیان خستبووە لاوە رۆژانە لە بڵاوكراوەكانیاندا داوای قەڵاچۆكردنی گەلی كوردو جولانەوەكەیان لە عەبدولكەریم دەكرد هەڵوێستی دڕندانەی عەبدولكەریم و ئەوانەی دەستیان خستبووە نێو دەستییەوە كارێكی ئەو تۆیان كرد گەلی كوردو پارتی باوەڕیان بەوە نەمێنێت كە ئەم كێشەیە بە شێوەی ئاشتیانە میری چارەسەری دەكات لەبەر ئەوەی میری بە تەواوی ناخی خۆی ئاشكرا كردبوو تەنها دەیویست كێشەی كورد بە ئاگر و ئاسن چارەسەر بكات لەبەر ئەم هۆیانەی سەرەوەو لەبەر ئەوەی گەلی كورد و جولانەوە ڕزگاری خوازەكەی بە بێ سەركردایەتی و بەبێ خاوەن ئەمێنێتەوە و بتوانێت خۆی ڕابگرێت بەرامبەر ئەو دوژمنەی كە دەمی كردووەتەوە لە شێوەی گورگی هار بۆ قوتدان و لەناو بردنیان بۆ ئەوەی ڕێگا چارەیەك بدۆزێتەوە لەم بارودۆخە ناسكەی گەلی كوردا مامەڵەی لە تەكدا بكات ( پارتی دیموكراتی كوردستان ) لە بەیانامەیەكدا بە ناوی مەكتەبی سیاسیەوە بڵاوی كردەوە لە ئەرشیفەكانی پارتیدا پارێزراوە ، بە تەواوی پشت گیری خۆی بۆ ئەو جولانەوەیە ئاشكرا كردو سەرپەرشتی تەواوی

هاویشتە ئەستۆی خۆی و خۆی بە خاوەنی جولانەوەکە ژمارد ناوی ئەم جولانەوەی بە (شۆڕشی رزگاری کوردستان) ناوبرد پارتی لە بەیانامەکەدا سەلماندبووی هەرچەندە ئەم جولانەوە شۆڕشگێرییەی کورد هێشتا کات وزەمینەی تایبەتی خۆی بۆ ئامادەنەکراوەو نەهاتوەتە کایەوە هێشتا پێویستی بە هەل و مەرجێکی زۆرتر هەیە لەبەر ئەوەی ئەم بارودۆخە بە زۆر داسەپاوە بەسەر ئەم گەلەداو ئێستایش زۆر پێویستی بە سەرکردایەتیەکی زیرەك وخاوەن تەجروبە وتاقی کردنەوە هەیە هەتا بتوانێ مامەڵە وتاوتوێی لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا بکات بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان بەناچاری بڕیاریدا سەرکردایەتی ئەم بزوتنەوە چەکدارییە بکات لەبەر ئەوەی بەزووترین کات ئەم گەلە بەدوو چەك چەکدار بکات بەچەکی بیر وباوەڕ وبە چەکی ئاسایی هەتا ئەم گەلە بتوانێ لەسەر پێی خۆی خۆی ڕابگرێت وپارێزگاری لەخۆی و نیشتمانەکەی بکات بەرامبەر بە ئەو دوژمنەی کە دەمی کردووتووە بۆ قووت دان ونەهێشتنیان هەر لەبەر ئەو هۆکارە گرنگانە بوو پارتی بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانی خۆی بەخاوەنی ئەو بزووتنەوەیە بزانێت وپارێزگاری لێ بکات ولەسەر پێی ڕای بگرێت ولە

مردن ڕزگاری بکات وبیکات بە (شۆڕشی ڕزگاری کوردستان) لەژێر سەرکردایەتی بەرزانییدا ، پارتی لەیەکەم هەنگاویدا سوودی لە ڕۆشنبیرانە وەرگرد کە شارەکانیان بەجێهێشتبوو لەبەر ئازارو ئەشکەنجەکانی جەندرمە وسیخوڕەکانی میری وبە ناچاری ڕوویان کردبووە ئاواییەکانی دوور لە دەسەلاٌتی میری بۆ پاراستنی گیانی خۆیان لەو دڕندانە ئەو خەڵکانەی ڕۆشنبیر بوون بە پەلە کۆیانی کردەوە کردیانی بە دوو گروپ بەشێکیان کرد بە کادر وڕابەری سیاسی بۆ ناو هێزە چەکدارەکانی جولانەوەکە بەشی دووەمیانی کرد بە کادری سیاسی وڕەوانەی ئاوایەکانی کوردستان کران بۆ ئەوەی بیر وڕاکانی پارتی وئامانجەکانی دوور ونزیکی گەلەکەمان بۆ جەماوەر ڕوون بکەنەوە هەروەها فەرمانی کۆکردنەوەی ئازووقە ویارمەتی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە خرایە ئەستۆیان گروپی یەکەمیش تەنها بۆ ڕێکخستنی پێشمەرگە وبەرز کردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری وکەلتوریان بەکارهێنران ئەم هەنگاوە هەنگاوێکی زۆر گرنگ وپێویست بوو بۆ ئەو بارودۆخەی ئەو کاتە بۆچارەسەرکردنی باری شێواوی ناوچەکانی کوردستان و بۆ گەڕانەوەی جەماوەری خەڵکی کوردستان وبەتایبەتی هێزی پێشمەرگە بۆ باوەشی پارتی .

# ڕیکخستنی هێزەکانی پێشمەرگەو دروست بوونی پێشمەرگەی ناوخۆ

لە دوای ئەوەی پارتی لێپرسراوی شۆڕش کوردستانی گرتە ئەستۆی خۆی وهێزەکانی پێشمرگەی کوردستانی بە هۆی ڕابەرە سیاسیەکانییەو ڕێکخست و لە ژێر سەرکردایەتی وڕابەری خۆیدا سەرپەرشتی دەکران لەو بارودۆخەدا لە شاری کەرکوك زۆر بە نهێنی ئیش و کاری پارتیمان دەکرد لێپرسراوی لقی ٣ پارتی مامۆستا (عیسی الزبیحی) بوو کە بە مامۆستا (علما) دەناسرا لەو کاتەدا لە شورجە گەرەکی سەرکارێز جێگای لە ماڵی ئێمە دابوو بۆ خۆ حەشاردان و سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنەکانی پارتی لە شاری کەرکوك بڕیار لە سەرکردایەتی پارتیەوە هات بۆ دروست کردنی پێشمەرگەی ناوخۆ لەو بارو کاتە ناسکەدا توانیمان لە ئەندامە چالاکەکانی پارتی چوار دەستە پێشمەرگەی ناوخۆ دروست بکەین دەستەی یەکەم لە گەرەکی شۆرجە دەستەی دووەم لە گەرەکی ڕەحیم ئاوا دەستەی سێیەم لە گەرەکی ئازادی و ئیسکان دەستەی چوارەم لە گەرەکی بەرتەکیە وئیمام قاسم ئەو چوار دەستەیە چەکدار کران بە ڕەشاش (ئسترلنك و دەمانچەی تۆکاریوف) کە لە



چوار پێشمەرگەی هێزی قەراخ لە ساڵی ١٩٧٤ لە راستەوە بۆ چەپ :
١-شەهید عەلی حاجی رەسولْ . ٢-شەهید عەلی عەزیز . ٣-نانا سرێت .
٤-دلێر مەحمەد .
ئەم وێنەیە لە بنکەی ( تاوێرگەوە) لە چۆمی ئاوەسپیْ لە خورماتوو گیراوە



پێشمەرگە دێرینەکانی ناوچەی گەرمیان



پۆلی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول لە دەڤەری بادینان ساڵی ١٩٦٣ز

سەرکردایەتیەوە دەهاتن لە دەسکەوتەکان بوون هەر دەستەیەك ژمارەیان (١٢) دوانزە دانە پێشمەرگە بوون لێپرسراوی هەموویان ( عەریف فەتاح ) پیاوێك بوو خەڵکی شاری هەولێر لێپرسراوی دەستەی شۆرجە خودا لێخۆشبوو شەهید ( عومەر شەریف ) بوو ئەم دوو ناو براوە بە شێوەکی ئاشکرا گیانی چالاکی سەربازییان تێدا بەدی دەکرا زۆر چاو و نەترسو چالاك بوون چەکەکانی دەستە پێشمەرگەکەی شۆرجە لە ماڵی ئێمە لە سەرکارێز جێگای شاردنەوەی بۆ چاك کرابوو لەگەڵ ئامێرێکی چاپکردنی ( رۆنیو ) مانگی دووجار (عەریف فەتاح) دەهات بۆ پشکنینیان و پاك کردنەوەیان لەو بارودۆخە ناسکەدا کاربەدەستانی ئەمن و

ئیستخباراتی عەسکەری دووجار ماڵمانیان پشکنی نەیانتوانی هیچ شتێك بدۆزنەوە لەبەر ئەوەی زۆر بە شێوەیەکی کارامە و ژیرانە حەشاردرابون خۆشبەختانە لە هەردوو پشکنینەکان مامۆستا (علما) لە دەرەوەی شار بوو ، هێزەکانی پێشمەرگەی دەرەوەی شار لە ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان بەم شێوەیەی لای خوارەوە رێکخستنەکانیان ئەنجام درابوون لەو کاتە پارتی سەرگەرمی ئەنجامدانی رێکخستنەکانی ناو چەماوەر و پێشمەرگەکان بوو کۆبونەوەیەکی فراوانی مەکتەبی سیاسی و لیژنەی مەرکەزی گرێدرا لە کۆتایدا مەکتەبی عەسکەریان دروست کرد لە سەرکردەکانی هێزەکانی پێشمەرگەو بە لێپرسراوی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و یاریدەدەرێکی ئەندامیی لێژنەی مەرکەزی بڕیاری رێکخستنی هێزەکانی پێشمەرگەیاندا بەم جۆرەی لای خوارەوە :

١-مەکتەبی عەسکەری ئەندامەکانی بریتی بوون لە لێپرسراوی هێزەکانی پێشمەرگە و لێپرسراوەکەی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و یاریدەدەرێکی ئەندامی لیژنەی مەرکەزی بوو ئەم مەکتەبی عەسکەریە بەرپرسیار

بوو لە هەموو هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە بارەی سەربازی و سیاسیەوە .

٢-هێز لێپرسراوی هێز فەرماندەی هێزەکان ئەندامی مەکتەبی عسکەری بوون لێپرسراوبوون لە ٣ سێ بەتالوێنی پێشمەرگە یان زیاتر .

٣-بەتالوێن ، بە تالوێنی هێزەکانی پێشمەرگە بەرپرسیار بوون لە چوار تا پێنج لقی پێشمەرگە .

٤-لق هەموو لقێکی پێشمەرگە بەر پرسیارە لە سێ یان چوار پەلی پێشمەرگە .

٥-پەل هەموو پەلێکی پێشمەرگە بریتیە لە سێ یان چوار دەستە پێشمەرگە .

٦-هەردەستەیەکی پێشمەرگە بریتیە لە ١٢-١٥ دانە پێشمەرگە ، ئەم ڕێکخستنە سەربازیانەی لە سەرەوە باسیان لێوەکرا لێپرسراوێکی عەسکەری و یاریدەدەرێکی هەبوو لەگەڵ لێپرسراوێکی سیاسی کە پێی دەگوترا (رابەری سیاسی) ئەو شێوە ڕێکخستنەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان هەر بەو جۆرە مایەوە هەتاکو توانەوەی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥ز ، لە هەموو ناوچە رزگار کراوەکانی کوردستاندا بارەگای پێشمەرگە هەبوون بە ناوی

(بنکە) یان (مقر) ناو دەبران ئەو (بنکە)یە لە ناو چیا سەختەکانی کوردستاندا دروست دەکران یان لە ناو دۆڵونشێوە قوڵە کان لەبەر ئەوەی بە ئاسانی دەستی دوژمنیان نەگاتێ زۆربەی ئەم بنکە)و بارەگایانە لە ناو ئەشکەوتە سەختەکان دروست دەبوون وەکو چەمی (ڕێزان ) و ئەوانی دیکە بۆ ئەوی ئازووقە و تەقەمەنی و پێداویستیەکانی پێشمەرگەکانیان تێدا حەشاربدایە زۆربەی پێشمەرگە بریندارو نەخۆشەکانیان لەو جێگایانە چارەسەر دەکرد ئەوەی بە پێویستی دەزانم لێرە روونی بکەمەوە ئەوەیە لە پێش ئەوەی پارتی دەسەڵاتی بەسەر هێزەکانی پێشمەرگەدا پسەپێنێ و خۆی بە خاوەنی شۆڕشی کوردستان بزانێت پێش ئەم ڕێکخستنانەی باسمان لێیەوەکرد هێزەکانی پێشمەرگە لە شێوەی هۆزایەتی دروست ببوون بەرێوەبردنیان و بەکارهێنانیان بەدەستی سەرۆك هۆزەکانەوە بوو هەر سەرەك هۆزێك لە ناوچەکەی خۆیدا بەرپرسیار بوو بە گوێرەی بۆچوون و باوەڕی خۆی هێزەکانی پێشمەرگەیان بەکاردەهێنا ، تەنها جگە لە ناوچەی بارزان و دەوروبەری کە لە ژێر دەستی سەرۆك بارزانیدا چاودێری دەکران بە ڕاستی و جوانی

بەکاردەهێنران ئەوەی ڕاستی بێ لەو بارودۆخە سەرۆک هۆزەکان دەستیان گرتبووە سەر بنکەو پێشمەرگەکانە هەرچەندە ماوەکەیش کەم بوو سزاو ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆریان بە دانیشتوانی ناوچەکان بە تایبەتی بە جووتیارەکان گەیاندبوو جووتیارەکان لە ژێر دەستیاندا تووشی بێزارییەکی زۆر ببوون هەڵسوکەوتی سەرۆک هۆزەکان کارێکی زۆری کردبووە سەر دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پارتی ئەم بارودۆخەی بە زووی چارەسەرکرد پێشەکیەکەی بە ناردنی لێپرسراوە سیاسیەکان و ئەندامە چالاکەکانی پارتی بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان بە زووی ( کۆنترۆڵی) ناوچەکانیان کردو دەس گیرا بەسەر بنکە و هێزەکانی پێشمەرگەدا دەسەڵاتی هۆزایەتی بەسەر هێزەکانی پێشمەرگەوە نەما ئەگەر پارتی بە پەلە چارەسەری ئەو بەرەڵایەی نەکردایە جەماوەری کوردستان و بە تایبەتی پێشمەرگەکان لە شۆڕش هەڵدەگەڕانەوە ، لە دوای ئەو گۆڕانکاریە زۆربەی دەرەبەگەکانی کوردستان بەرژەوەندیان لە شۆڕشدا نەما ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم باوەشی بۆیان کردەوە ناوچەکانی خۆیانیان بە جێ هێشت و هەڵهاتن بۆ ناو ریزەکانی میری لە شارو شاروچکەکان جێگیربوون ئەو

کەسانەی دڵسۆزی نیشتمانەکەیان بوون لە ناو ریزەکانی شۆڕشە مانەوە یان چوونەوە ماڵی خۆیان دانیشتن و خزمەتی پێشمەرگەیان دەکرد ئەو گۆڕانکاریە لە ناو هێزەکانی پێشمەرگە و جەماوەردا پارتی دروستی کرد بەلای منەوە شۆڕشێکی نوێ بوو گۆڕانکاریەکی گرنگ بوو لە بارێکەوە بۆ بارێکی دیکە ئەگەر ئەم گۆڕانکاریە و ئەم شۆڕشە نوێیە نەبووایە و پارتی خۆی بە خاوەنی نەکردایە ، جولانەوەی رزگاری کوردستان بەرەو نەمان دەرۆیشت و دەچووە پاڵ ئەوانی دیکە کە لە کوردستانە روویانداو دوژمنەکانی کورد لە ناویان بردن پارتی دیموکراتی کوردستان لەم هەنگاوەیدا بۆ مێژوو سەلماندی کە هەر ئەو تەنها پێشڕەوی گەلی کوردە و هەر ئەو دەتوانێ پاشە رۆژی گەلی کورد دیاری بکات ، جگە لەمەیش رەورەوەی مێژووی خەباتی نەبڕاوەی پارتی لە ڕۆژی دروست بوونیەوە هەتا ئەمرۆ بەسرۆکایەتی ( بارزانی ) سەلماندیان نەك هەر یەك جارێك بە سەدان بەڵگەی زەق و ئاشکرا لە ماوەی تەمەنی پارتیە دەرکەوتووە و سەلماندویەتی تاکە پێشرەوی کوردە و تەنها بۆ رزگاری کورد و کوردستان تێدە کۆشێت ، ئەو

سەرۆك هۆزانەی کورد لە سەرەتای شۆڕشە چەکیان بۆ میری هەڵگرد دژی میللەتەکەی خۆیان بە تایبەتی لە ناوچەی گەرمیان ئەمانە بوون :

١-کەریم ئاغای هەمەوەندی .

٢-عارف ئاغای هەمەوەندی .

٣-معاون رەئوف هەمەوەندی .

٤-حاجی ئیبراهیم چەرمەگا .

٥-حوسێن حاجی رەجب شوانی .

٦-شێخ تالب شێخ فەیزوللا تاڵەبانی .

٧-مەدحەت ئاغای داویە .

٨-محەمەد فەرج قەڵغانلی داویە .

جگە لەو ناو براوانەی سەرەوە ژمارەیەکی زۆر گەنە ئاغا و چڵکاو خۆر دروست بوون چەکی خیانەتیان دژی گەلەکەیان هەڵگرد چوون بە گژی گەلی کوردا و زۆر هەوڵی کۆتایی هێنانی شۆڕشی کوردیاندا لە ئەنجامدا پەشیمانیان بۆمایەوە سەر ئەنجام داوای لێبوردنیان کرد لە سەرکردایەتی شۆڕش بە زووی لێبوردنیان بۆ دەرچوو (عفو) کران و لە ماڵی خۆیان دانیشتن و شۆڕش پارێزگاری لێیان کرد و سەرو ماڵیان پاراست ، هەرچەندە ئەوان بە سەدان

سەرو ماڵی هەژارو جووتیارانی کەوردستانیان لە ناو برد سەرکردایەتی بە بەزەیەو لێبوردنی بۆیان دەرکرد لێرەدا دەمەوێت ڕاستیەك ڕوون بکەمەوە دەربارەی ئەو چەکدارانەی چەکیان بۆ میری هەڵگرتبوون بە ( چەکدار ) بەلای منەوە ئەو چەکدارانە دەکرێن بە دوو بەشەوە بەشی یەکەم بارودۆخی هەڵکەوتنی ناوچەکەیان ناچاریانی کردبوو چەکی (خیانەت) هەڵبگرن لە کاتی دەست رۆیشتن و چەکداریان تاوانی ئاشکرایان نەکرد بەرامبەر بە گەلەکەیان تەنها بۆ پاراستن و پارێزگاری لە ماڵی خۆیان و ناوچەکەیان چەکیان هەڵگرتبوو زۆر بە کەمی ( دژایەتی شۆڕشیان دەکرد و کەمو زۆریش پەیوەندی و یارمەتیان بۆ شۆڕشی کوردستان هەبوو لە کاتی پێویستیدا ئەمەیش هەر بە خیانەت دەدرێت لە قەڵەم هەر چۆنێك بێت لەوانەی دیکە چاکتربوون کە ڕاستە و خۆ دژایەتیان دەکرد ، بەشی دوومیان لەو چەکدارە کوردانە تەنها لەبەر بەرژەوەندی خۆیان و بۆ دژایەتی کوردو شۆڕشەکەی چەکی (خیانەت) یان هەڵگرتبوو ئەم گروپەی دووەم ئەگەر شۆڕشی کوردستان لێیان ببورێت مێژوو گەلی کورد لێیان نابورێت .

# ﴿چالاکییەکانی پێشمەرگەکانی ناوخۆی کەرکوك﴾

لە دوای ئەوەی ( دەستە) پێشمەرگەکانی ناخۆی شاری کەرکوك لە لایەن ڕێکخراوەکانی پارتییەوە دامەزرێنران بە گیانێکی پێشمەرگانەو لە خۆ بوردنەوە دەستیان کرد بە چالاکی کردن .

١-توانیان ژمارەیەك لەو پیاو خراپانە بگرن کە کاری (سیخوری) یان لە دژی گەلی کورد دەکرد لە دوای دەست بەسراگرتنیان رەوانەی دەرەوەی شاریان دەکرد دەدرانە دەستی هێزی پێشمەرگەوە بۆ ئەوەی بە سزای عادلانەی خۆیان بگەن زۆربەی ئەو سیخورانەی نەگیران خۆیانیان لە خەڵك دوور خستەوە هەڵهاتن بۆ شارە دوورەکان وازیان لە کاری سیخوری هێنا بەسەر کوردەوە ئەم کارە بوو بە هۆی ئەوەی چاوی گەلێ پیاو خراپ بشکێنێ و ئیتر نەتوانن دژایەتی گەلی کوردو شۆڕشەکەی بکەن .

٢-پێشمەرگەکان توانیان ژمارەیەکی زۆر پێداوێستی پزیشکی و ئامێری پێویست و دەرمان و کەل و پەلێکی زۆر وەك جل و بەرك و پێخەف و تەقەمەنی ڕەوانەی دەرەوەی شار بکەن ئەمەیش بە هۆی کاروان و لەسەرپشتی ( ولاخ) کە

لە دەرەوەی شارەوە بەڕێ دەکران بۆ ئەم مەبەستە بە تاییەتی لە لایەن دانیشتوانی ئاوای (جبل بۆرو یاروەلیە)وە و لە چەند ئاوایەکی دیکەوە لە دەورووبەری شاری کەرکوکەوە دانیشتوانی ئاوایەکان دەیان نارد بۆ بنکەکانی پێشمەرگە وەکو بنکەی چەمی (ریژان) و بنکەی ( خاڵخالآن) و بنکەی (گەڵناغاج) و ئەو بنکەکانەی دیکە کە سەر بە شاری کەرکوك بوون وەك بنکەی جەباری و بنکەی زەنگنەو سەنگاو .

٣-ئەو پێشمەرگانەی لە بەرەکانی جەنگدا بە سەختی بریندار دەبوون ولە بنکەکان چارە نەدەکران بە یارمەتی پێشمەرگەکانی ناوخۆ دەهێنران بۆ ناو شار بۆ چارسەکردنیان.

٤-پێشمەرگەکان چەك و تەقەمەنیان لە کاتی پێویستە لە دەرەوەی کەرکوکەوە دەهێنایە ناو شار و هەروەها لە کەرکوکەوە دەیانگەیاندە دەرەوەی شار لە کاتی پێویستیدا هەروەها ئەو بلآو کراوانە لە ناو شارەکان چاپ دەکران بلآویاندەکردەوە بەسەر ڕێکخراوەکان و ناو کۆڵان و بازارەکانە چەکو تەقەمەنی و ئامێری چاپەمەنیەکان ئەگەر لەلایەن میریەوە ئاشکرا بوایە یان گومان لە ئاشکرا بوونیان

بکرایە لەلایەن پێشمەرگەکانی ناوخۆوە لەو جێگاوە بۆ جێگایەکی دیکەوە دەگوێزرانەوە ئەو لێپرسراونەی بە نهێنی دەگەڕانەوە ناو شار بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست یان بۆ هەڵسوڕاندنی کاری پارتایەتی لە کاتی هاتووچۆیان لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی دیکە لەلایەن پێشمەرگەکانی ناوخۆوە پارێزگارییان لێ دەکرا جگە لەم کارانەی سەرەوە کە باسمان کردن چالاکیە تایبەتەکانی خۆیانیش ئەنجام دەداو بە ڕۆژ سەرگەرمی کارو کاسبی تایبەتی خۆیان بوون ئەوەی شایانی باسە ئەم پێشمەرگانەی ناوخۆ هەڵدەستان بەو کارانەو لە گیان وماڵی خۆیان دەبورد بەهیچ جۆرێك چاوەروانی ئەوە نەبوون پارتی پاداشتی ماندوو بوونیان بداتەوە یان مووچە و پارەیان بداتێ کارەکانیان هەمووی خۆبەخشین و گیانبازی کردن بوو لە پێناوی کورد و کوردستان لەبەر ئەوەی هاتووچۆی لێپرسراوان و جموجۆڵی پێشمەرگەکانی ناوخۆ بۆ ماڵی ئێمە زۆر بوو زۆربەی ئەو پێداویستیانەی لە ناو شار کۆدەکرانەوە لە ماڵی ئێمە لە کەرکوك لە گەرەکی سەرکارێز ئامادە دەکران و دەمان ناردە دەرەوە بەو بۆنەیەوە ماڵی ئێمە لەلایەن سیخورەکانی میریەوە کەوتبووە ژێر چاودێریەوە خۆمیش لەسەر بازی

هەڵهاتبوم بە رۆژ لە ماڵی خۆمان نەدەمامەوە و بە شەو سەرگەرمی کاری ڕێکخستن و کاری پێشمەرگەی ناوخۆ بووم لەو بارودۆخە دووجار ماڵمان لە لایەن دائرەکانی ئەمن و ئیستخباراتی عەسکەریەوە پیشکێنرا لەبەر ئەوەی چەك و تەقەمەنی و ئامێری چاپەکە زۆر بە چاکی شاردرابونەوە خۆشبەختانە نەیانتوانی هیچ شتێك بدۆزنەوە لە جێگەیەکی دیکە ئاماژم بۆ ئەمە کردووە شەوی داهاتوو بە هۆی پێشمەرگەکانی ناوخۆوە گوێزرانەوە بۆ جێگایەکی چاکتر لە دوای ئەوەی دوو سێ جار ماڵمان پشکێنرا و پرسیاری منیان کردبوو لەلایەن دائرەی ئیستخباراتی عەسکەریەوە فەرمانی گرتنم دەرچوو بوو لە رۆژی ١٩٦٢/١/١ لەلایەن لقی ٣وە بڕیاردرا ناوشار بە جێ بهێلم و پەیوەندی بکەم بە ڕێکخراوەکانی ناوچە رزگار کراوەکانەوە لە شەوی سێ لەسەر چوار ١٩٦٢/١ لە گەرەکی رەحیم ئاوا لە جێگایەکی تایبەتدا چاوم کەوت بە (مەلا عەبدولاّ جووتیار) خۆی پێم ناسان لێپرسراوی (ناوچەی شوان و شێخ بزێنی) بوو ئاگاداری کردمەوە لەلایەن لقی٣وە بڕیاردرا دانراوم بە کادری ناوچەکەیان لەگەڵ ناوبراو بە یارمەتی دوو پێشمەرگەی ناوخۆ لە ڕێگای ( قاچاخ) گەیشتینە ئاوای

(گەڵوەزی) نووسراوێکی بەناو ناوچەی شوانەوە ئاراستەی لیژنەی ڕێکخراوی (خاڵخاڵانکرد لەگەڵ پێشمەرگەیەکە بەڕێ کەوتین لە ئاوای (ئۆمەر مەندان) گەیشتم بە لێپرسراوی ڕێکخراوی خاڵخاڵان ناوی نهێنی ناو شۆڕشی میرزا شوان بوو .

# شێوەی بەشداربوونم لە شۆڕشی کوردستان لە ناوچە رزگارکراوەکان

لە شەوی سێ لەسەر چوار ١٩٦٢/١ لەسەر بڕیاری لقی ٣ لە کەرکوك دەرچووم دانرام بە کادری لیژنەی ناوچەی شوان و شێخ بزێنی ئەندامی ڕێکخراوی (خاڵخاڵان) یەکەم لێپرسراو بوو لەو ناوچەیە پەیوەندیم لەگەڵ کرد خوالێخۆشبوو (مەلا عەبدوڵا جووتیار) بە لێپرسراوی ناوچەی شوان لە دوای ئەو (عەبدوڵا سەراج) کە بە (میرزا شوان) بە ناوبانگ بوو . لێپرسراوی ڕێکخراوی (خاڵخاڵان) بوو ئەو بەڕێزە پیاوێکی زۆر رۆشنبیرو زیرەك و لێهاتبوو ئێستایش لە ژیاندا ماوە لە دەرەوەی ولاتدا دەژێت ئەو ناو براوە دەستێکی بالاًی هەیە لە ئەدەبیات و نووسین گەلێك بەرهەمی چاکی هەیە بە تایبەت (چیرۆك و رۆمان) کاتێ نووسراوەکەی (مەلا عەبدوڵا جووتیار)م دابە دەستی زۆر ڕێزی لێگرتین بە کاك (ملا عزەت) ناومی هێنا ئیتر تێگەیشتم ئەو ناوە ناوی نهێنی پارتییە بۆ کاری کادری بۆم دانراوە ئەو کاتە لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی هەر کەسێك لە ناو شارەکانەوە ببوایە بە کادرو ڕەوانەی ناوچە رزگارکراوەکان بکرایە ناوی نهێنیان بۆی دادەنا ئیتر بە ناوی تایبەتی خۆیەوە بانگ نەدەکرا

ئەوەیش لەبەر ئەوەی ناوی لەلای میری ئاشكرا نەبێت و میری ئازاری کەسەکانی نەدا کە لە شارەکان دادەنیشن لە سەرەتای لاویمەوە گەورەترین ئاوەتەکانم ئەوە بوو رۆژێك بە چاوخۆم ببینم گەلی کورد توانیویەتی هێزێك دروست بکات بۆ پارێزگاری لە خۆی و لە نیشتمانەکەی و بە هۆیەوە بتوانێت داوای مافە رەواکانی خۆی بکات لە رۆژی ١٩٦٢/١/٤ ئەو هیوایەم بە چاو بینی لە مێژووی سەرەوە فەرمانی کادری ئاوایەکانی هەر چوار لای چیای خاڵخاڵانم پێسپێردرا کە بریتی بوون لە (٢٥) بیست و پێنج ئاوای گەورەو بچووك ئەو ئاوایانەی لە یادم مابێ بۆ یەکەمجار بەرپرسیاربووم لێیان : ( ناصر و مصر ، کارێزە ، تورکمان باخ ، ئۆمەرمەندان ، گەڵناغاج ، شێوە سوور، دوو شێوان ، تەرەقە ، قەرەناز ، ئاوای جەلیل ئاغای شێخ بزێنی ، کەپەنەك ، قامیشە ، دار ئەختیار گوندی سەر زێ ، هەنجیرەی ئیبراهیم ئاغای شێخ بزێنی ، گوندی سیدەکان ، جەلەمورد ، مورد خوادەی ژوورو ، مورد خوادەی خواروو ، دارە قوتە ، مام ڕەش ، تەپە کوڕەی خوارو ، تەپە کوڕەی ژوورو ، خدر شیرین ، حەسن قەباخ ) لە دوای ئەوەی دەست بە کاربووم و فەرمانەکانی سەرشانم بە جێ دەهێنا بە

ڕاستی هەستم بە دڵشادییەکی زۆر گەورە دەکرد کورد دەڵێت (هەروەهام دەزانی هەر ئەو ڕۆژە هاتومەتە جیهانەوە هەموو ئەشکەنجەو ترس و توقاندنی ژێر دەستی میریم لە بیردا نەما لەبەر ئەوەی لە جیهانێکی پڕ مەترسی و ناخۆشییەوە کەوتمە جیهانێکی ئازادی و سەربەخۆیەوە بینینی پەلە پێشمەرگەکانی ناوچەکەو هەستی پڕ سۆزی جووتیارەکان دڵی ئادەمیزادی زیاتر خۆشتر دەکرد کە هەمیشە بە دڵ و بە گیان یارمەتی هێزەکانی پێشمەرگە و شۆڕشی کوردستانیان دەدا نووسەر لێرەدا بە هیچ جۆرێك ناتوانێ بە چەند لاپەڕەیەك و بە چەند پەرتووكێك باسی دڵسۆزی و کەڵە مێردی جووتیارەکان تەواوی بکات چونکە دڵسۆزی و ئازایی و پیاوەتی ئەوان گەلێك لەو کارە گەورەترو بەرزترە .

# دڵسۆزی و کەڵە مێردی جووتیارەکان لە شۆڕشی کوردستان

لێرەدا دەمەوێت بۆ نموونە كەمێك لە بارەی دڵسۆزی و پیاوەتی وئازایەتی جووتیارەكانەوە بدوێم بە تایبەت لەو ناوچەیەدا كە خۆم كارم تێدا دەكرد ئامارە بۆ چەند ڕووداوێكی گرنگ بكەم كە بە چاوی خۆم بینیوومە ئەم چەند باسەیش دەیانگێڕمەوە شتێكی زۆر كەمن لەو دڵسۆزی و قارەمانیەتی ئەم چینە هەروەكو كورد دەڵێت (ئەمە مشتێكە لە خەرمانێك) ئەگەر یەزدان یارمەتیم بدات لە بارەی دڵسۆزی و پێشمەرگایەتی جووتیارەكانەوە پەرتووكێكی تایبەت دەنووسمەوە ، ناوچەی شوان دەكرێت بە چوار بەشی سەرەكییەوە جگە لە ئاوایەكانی هۆزی (شێخ بزێنی) ، ناوچەی شوان ناوچەیەكی بەرفراوانە پڕە لە خێرو بەروبووم ،جووتیارەكانو دانیشتوانی ناوچەكە ئەو ئاوایانەی دەكەونە سەر ڕێگای گشتی كەركوك پڕدێ لە ئاویی (حەسار)ی سەر ڕێگای كەركوك پردێ وە دەست پێدەكات بەلای ڕاستی ڕێگاكەدا هەتاكو شارۆچكەی پردێ هەروەها ئەو ئاوایانەی دەكەونە سەر شەقامی گشتی كەركوك–پردێ بەلای چەپی ڕێگەكەدا بەدرێژای بەرزایەكانی



**دەستەیەك لە جووتیارەکانی ناوچەی (ئاغجەلەر – عەسکەر) ساڵی ١٩٦١ ، چەکی پێشمەرگایەتیان هەڵگرتووە . لە دەستی چەپەوە ( عەلی عەسکەری)یە هەڤاڵ ناو براو هەتا کۆتای ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ بارەگای بارزانیدا بوو لە دوای ئەم مێژووە پەیوەندی کرد بە بارەگای م . ی لە مالومە**



**جووتیار: مەحمەد قادر عەلی ،ئاوایی مۆرتکە شوانی (کێشك) بەرپرسی ئاوایەکە بوو**



**جووتیار : مەحمەد رەشید ، ئاوایی تورکە – شوانی (کێشك) بەرپرسی ئاوایەکە بوو**

(بابا گوڕگوڕ)دا ئەو ناوچەیە پێی دەووترێت (شوانی ساڵەیی و بیبانی) ئەو ئاوایانەی دەکەونە هەر چوار لای ناحیەی (رێدار)ەوە بە شوانی (کێشك) دەناسرێن هەتا بەرزایەکانی (سمایل بەگی) ، ئەم ئاوایانەی دەوربەری رێدار بە دامەزرێنەری هۆزی (شوان) دەژمێردرێن ئەم ناوچەیە هەتا ئێستا بەشێوە زمانێکی کوردی (لهجە)یەك دەدوێن تەنها تایبەتە بە خۆیان ئەم شێوە زمانە زۆر بە شێوە زمانی کوردی (لوڕی) دەچێت لە ژمارەیەك لە پیاوە پیرەکانیانم پرسیوە بۆ چی ئێوە بەم شێوە زمانە دەدوێن ؟ لە وەڵامدا دەیان گوت ئێمە لە پێشی ٤٠٠ ساڵ پێشی ئێستا لە (لوڕستان)ی کوردستانی ئێرانەوە هاتووینە بۆ ئەم جێگایە لە دەمی پیاوە پیرەکانمانەوە بۆمان باس کراوە ئێمە و سەرکردەکانمان لە کوردستان لە ناوچەی (لوڕستان) خاوەنی ئیمارەت و دەسەلاتێکی بە هێز بووینە (شاە ئیسماعیلی سەفوی) شای ئێران چاوی بڕیبووە ئیمارەتەکەمان و هێرشێکی زۆری بۆ هێنابوو لە دوای شەش مانگ کوشتارو پێکدادان هێزەکانی (شاە ئیسماعیلی) سەرکەوتن بەسەر هێزەکانی ئێمەداو ناوچەکەمانیان داگیر کردووە بە ناچاری دانیشتووکانی ناوچەکەمان بە ماڵ و

خێزانەوە هەڵهاتوون بۆ ناوچەکانی دیکە و ئێمەیش لەم ناوچەیە خۆمان گردوەتەوە یەکەم ئاوای لە ناوچەی شوان دروست کراوە ئاوایی (حاجی بەی خان)ە لە دواییە ئاوایەکانی شوانی (کێشك) دروست کراوە و بلاوبونەتەوە بە ناوچەکەدا ئێستا ئەو ئاوایانەی بە شوانی کێشك دەژمێردرێن ژمارەیان ٤٥-٥٠ ئاوایی دەبێت دوور نییە ئاوایی (حاجی بەی خان) بەناوی ئەو کەسەوە ناسراوە کە دروستی کردووە و یەکێك بوو بێت لە کوڕەکان یان خزمەکانی (عەلی موراد خانی) ئەمیری ئیمارەتی لوڕستان کە لە کاتی دەسەلاتی سەفەوییەکان دەسەلات و ئیمارەتێکی بە هێزیان هەبووە و سەربەخۆ بوون بۆیە سەفەوییەکان ئیمارەتەکەیانیان رۆخاندووە . ئەو ئاوایانەی سەر بە شوانی (کێشك)ن هەتا بەرزایەکانی (سمایل بەگی و عەلی بەیان و عەلی موسی خدر شرینی) دەگرێتەوە ئەو ئاوایانەی دەکەونە دەوروبەری چیای (خاڵخالان)ەوە بە شوانی (خاڵخالان) دەناسرێن ، ئەو ئاوایانە دەکەونە ژووری کەرکوکەوە بەسەر چۆمی (خاسە)دا درێژبوونەتەوەو بلاوەیان لێکردووە بە ناوچەکەدا هەتا ئاوای (فەقی میرزا) بە شوانی (سەر خاسە) دەناسرێت بەشی چوارەمی ناوچەی

شوان ، بەشی شوانی سەر خاسەیە ئەم ناوچەیە لە هەموو بەشەکانی دیکەی ناوچەی شوان بەرفراوانترە و ئاوایەکانی زۆرترن و کێڵگەکانی بە پیت ترن لە ژمارەیەك لە پەرتووکە مێژووەکان هاتووە دانیشتوانی (شوانی سەرخاسە) لە هۆزی زەنگنەو لە هەمەوەند پێکهاتوونە هەرچەندە ئێستا لەگەڵ هۆزی شوان تێکەڵاو بوونە و بە یەك هۆز دەژمێردرێن بۆ نموونە دانیشتوانی ئاوای ( فەقێ میرزاو پەڵکە ڕەش و مام ڕەش و تەقتەق و کانی گەوهەر) وژمارەیەکی دیکە لەو ناوچەیە لە هۆزی زەنگنەی تیرەی (میر سمایلی)ن لە نەوەکانی کەیخسرو کوڕی میر ئەحمەدی کوڕی میر سمایلی ئەمیری ئیمارەتی زەنگنەن لە ساڵەکانی ١١٧٠-١١٨٠ کۆچیدا ناوچەی زەنگنەیان بە جێ هێشتووە و ئەو ئاوایانەی سەرەوەیان ئاوەدان کردووە ئێستا ئەو پیاوە ناودارانەیان ناسراون کوڕەکانی کوێخا (عودە)یە کوێخا عەبدوڵای فەقێ میرزایە بۆ زیاتر ڕوون کردنەوە بڕوانە کتێبی (عشائر کوردستان الجنوبیە) لە ساڵی ١٩١٩ لە چاپ دراوە کتێبی (مێژووی عەشیرەتی زەنگنە) لە ساڵی ١٩٨٠ لە چاپ دراوە کتێبی (تاریخ امارات زنگنە واداراتها) لە ساڵی ٢٠٠٤ لە چاپ دراوە ئەو تیرانەی زۆر ئاشکران لە ناو

ئەم هۆزەدا ئەمانەن : ١-تیرەی شاوانی کە کۆنترین و ئاشکراترین ئەم هۆزەن و دوور نییە ئەم هۆزە لەم تیرەیە دروست بووبێت .

٢-تیرەی ڕەشەوەندی.

٣- تیرەی تارژەن وەندی.

٤- تیرەی قەبڵانوەندی.

٥- تیرەی مەیازانی تیرەی تۆماری .

سنووری جوگرافی ئەم هۆزە دلێرەی کورد بەم شێوەی لای خوارەوە دەست پێدەکات سنووری نیشتمانی ئەم هۆزە لە ژوورەوە دەبەسترێت بە ژمارەیەك لە ئاوایەکانی هۆزی (شێخ بزێنییەوە بەلای چەپی گوێی ڕووباری زێدا لەلای رۆژهەڵاتەوە بە هێڵێکی نادیاردا دەڕوات بە گوێی کەناری ئاوی زێدا بەرەو ناحیەی (تەق تەق) و چییای خاڵخاڵان ڕوودەکاتە رۆژهەڵات هەتا دەگاتە ڕێگای چەمچەماڵ  کەرکوك لەلای خوارەوە سنووری بەرزایەکانی ناوچەی قەرە حەسەنە لەلای خوارەوە لە بەرزایەکانی قەرە حەسەن و ژووروی کەرکوکەوە ڕوودەکاتە بەرزایەکانی بابا گوڕگوڕ هەتا لەسەر ئاوایی زێی لە خوارەوەی شارۆچکەی پردێ کۆتایی دێت ئاوایەکانی سەر بە هۆزی شێخ بزێنی شێوەی

هەڵكەوتنی باری جوگرافی ناوچەكەیان بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەست پێدەكات ئەو ئاوایانەی دەكەونە سەر گوێ كەناری ئاوی زێ دووكان بە هەردوو بەری زێیەكەدا بەلای ڕاستدا هەتا دەگاتە شارۆچەكەی (تەق تەق) لەو سنوورە باسمان كرد تەنها دوو ئاوای هەیە سەر بە هۆزی تاڵەبانین ئاوایەكی دیكە ئەویش ئاوایی (گەرمك)ە سەر بە هۆزی شێخ بزێنین ئەو ئاوایانەی دەكەونە دەستی چەپی ڕووبارەكەوە لە ژووروی شارۆچكەی پردێیەوە هەتا ئاوایی ئیبراهیم ئاغای هەنجیرە سەر بە هۆزی شێخ بزێنی یە ئەم هۆزە بە هۆزی نزیك بوونیان لە گوێی ڕووباری (زێی)وە سوودێكی زۆر باش دەبینن بۆ ئاوداشتنی كێڵگەكانیان هەرچەندە بە هۆی هەڵكەوتنی سروشتی ناوچەكەیانەوە زەوییە بەراوەكانیان كەمە جووتیارەكانیان زۆر لێزان و پسپۆرن بۆ بەكارهێنانی زەوییەكانیان و بەدەست هێنانی بەرووبوومەكانیان ئەم هۆزە زۆر ئازاو دلێرن و یەكێتی ناوخۆیان زۆر بە هێزە هەمیشە دڵسۆزی خاك و نیشتمانەكەیان بوونە لە هەموو شۆڕشەكانی كوردستانە بەشدارییان كردووە بە تایبەتی لە شۆڕشەكانی شێخ مەحموودی نەمر ئەم هۆزە بە شانازییەوە توانیویانە چەكی پێویست لە ساڵەكانی ١٩١٥-١٩٢٠دا بۆ

خۆیان دروست بکەن بە تایبەتی تفەنگی (مارتینی)و جۆرە دەمانچەیەك ، لە ساڵەکانی ۱۹٦٢-۱۹٦٦ لە ناوچەی شوان و شێخ بزێنی بە شێوەی پێشمەرگایەتی و بە کادری سیاسی زۆر کارم کردووەوە زۆرگەڕاوم لەبەر ئەم هۆیە کەمێك شارەزایم لە هەڵسوکەوتی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە هەیە بە تایبەتی لە بارەی دڵسۆزییانەوە بۆ گەل و نیشتمانەکەیان بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بنووسمەوە هەرچەندە گەلی کورد بە گشتی دڵسۆزی نیشتمانەکەیانن :

۱-زۆربەی زۆری چەکدارانی دانیشتوانی ناوچەی شوان و شێخ بزێنی بەشدارییان کرد لە یەکەم رۆژی خۆپیشاندانی چەکداری لە (دەربەندی بازیان)و لە (چۆمی شیوە سوور) و لەسەر ڕێگای (ڕێدار) و (تەق تەق )دا لە رۆژی ۱۹٦۱/۹/۱۱ بە شانازییەوە یەکەم شەهیدی کوردستان کە لە دەربەندی بازیان شەهید بوو لە رۆژی ۱۱/ ئەیلوول شێخ (صدیق رەسول رەحیم) لە دایك بووی ۱۹۳٢ لە ۱۹٦۱/۹/۱۱ کاتژمێری ۱٢ نیوەرۆ لە دانیشتوانی ناوچەی شوان بوو ئەو قارەمانە سەنگەرەکەی چۆڵ نەکرد وەك شێر و پڵنگەکانی کوردستان بەرامبەر بە فرۆکە و تانك و تۆپەکانی

عەبدولکەریم قاسم جەنگا هەتاکو گیانی خۆی کرد بە قوربانی کوردو کوردستان ئێستاش گۆڕی پیرۆزی ئەو قارەمانە هەر لەو سەنگەرەدا شەهید کراوە بە (٥٠٠) مەترێك دەکەوێتەوە خوارووی ئاوایی تەکیەی بەردەربەندەوە ، لە ساڵی ١٩٧٢ بەرێوەبەری شارەوانی چەمچەماڵ بووم دەوری گۆڕە پیرۆزەکەیمان دیوار کردووە لەبەر ئەوەی ئەو نیشانە بەرزەی کورد بزر نەبێت زۆر جێگای داخە هەتا ئێستا هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەردا نەهاتووە کاربەدەستانی هەرێم هیچ بیرێکیان لە خزمەت کردنی نەکردووەتەوە لەبەر ئەوەی پلەی یەکەم شەهیدی کوردستان بۆ کاکە (حەمەی تەلانی) دانراوە یادگارییە پیرۆزەکەی شێخی نەمر (بەردەقارەمان) ئەویش هەر وەکو ئەم بێنازو بە بێ خاوەن ماوەتەوە ئاشکرایە ئەم دوو رەمزەی خەباتی پڕ شانازی گەلی کورد بە لای من و بەلای هەموو کوردێکی دڵسۆزەوە زۆر بەرزو بەڕێزو جێگای شانازی گەلەکەمانن دەبا گوێ بگرین لە یەکێك لە شاعرەکانمان بزانین چ دەڵێ (کامەران) :

لەسەر بەردی یادکەژی نە بەردی

به وشەی جوانی پیرۆزی کوردی

کورد نووسیویەتی بە خوێنی دوژمن

یادگاری خەبات شانازی کوردن

***

لە یانزەی ئەیلوول لە دەربەند بازیان

لاوێکی خوێن گەرم لە هۆزی شوان

ناوی (سدیق )بوو بالاّ بەرزو جوان

بە وێنەی (حسین) خۆی کرد بە قوربان

ئەو لە (کەربلا)و بۆ رێگای قورئان

ئەمیش بۆ بەرزی کوردو کوردستان



وێنەیەکی نووسەر لە تەنیشت بەردە قارەمان لە دەربەندی بازیان



وێنەیکی رەمزی شێخ مەحمود لە دەربەند بازیان ، شەڕی ساڵی ١٩١٩ز دژی ئینگلیزەکان.



١-گۆری پیرۆزی یەکەم شەهیدی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن شەهید (سدیق رەسول رەحیم) لە دایکبووی ١٩٣٢/٧/١ لە پاش نیوەڕۆی رۆژی ١١ ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ لە دەربەندی بازیان بە دەستی هێزەکانی عەبدولکەریم قاسم شەهید کرا

گۆڕە پیرۆزەکەی بە (٥٠٠) متر دەکەوێتە خوارووی کۆمەڵگەی (تەکیە)ی بەردەبەندەوە .

٢-شەهید (کوێخا کاکە حەمەی تەلانی)ئەمیش بە یەکەم شەهیدی شۆڕشی ئەیلوول لە قەڵەم دراوە بە چەند مانگێك لە دوای ڕووداوکەی دەربەندی بازیان لە نزیك بەردەقارەمان لە هەڵەمەتێکدا بۆ سەر دوژمن شەهیدکرا ئەو کاتە پارتی خۆی بە خاوەنی شۆڕشی ئەیلوول لە قەڵەم دابوو .

٣-لە سەرەتای بەرپابوونی شۆڕشی کوردستانەوە دوو (بنکە)ی پێشمەرگە لە ناوچەی (شوان و شێخ بزێنی)دا دروست بوون بنکەی یەکەمیان لە ناو گوێ چەم و نشێوەکانی ئاوایی (کارێزە)ی خوارووی چیای خاڵخاڵان بنکەی دووەم لەسەر چۆمی (زێی) لە ژووروی چیای خاڵخاڵانەوە لە ئاوایی (گەڵناغاج) لە رۆژی دامەزراندنی ئەو دوو بنکانەوە هەتا کۆتایی شۆڕشی ئەیلوول بۆ ماوەی (١٥) پانزە ساڵی ڕەبەق هەموو ئەرکەکانی ئەو بنکانە و پێشمەرگەکانی بەسەر شانی جووتیارەکانی (شوان و شێخ بزێنی)یەوە بوون بە چەك و بەکەل و پەل و بە ئازووقەوە بە جۆرێك ئازووقە بە زۆری لە بنکەکان کۆمەڵ دەکرا ئەگەر

ژمارەی پێشمەرگەکانی ئەو کاتە دوو ئەوەندە زیادی بکرادیە بۆ ماوەی یەك ساڵ کۆتایی بە ئازووقە نەدەهات.

٣-چەمی ڕێزان بنکەی سەرەکی هەموو ناوچەکان بوو بەرپرس بوو لە بارەگای بنکەکان ناوچەی شوان و شێخ بزێنی زۆربەی ئەرکەکانیان و پێداویستییەکانیان لە ناوچەی شوانەوە دابین دەکرا بە دەیان جار بە چاوی خۆم دەمبینی ژنانی ئاوایەکانی ناوچەکە مەنجەڵی گەورەیان لێناوە و (ساوەر) دەکوڵێنن بۆ بنکەکانی ناوچەکەیان و بۆ پێشمەرگەکانی بنکەی (چەمی ڕێزان) لە دوای ئامادەکردنی ئازووقەکان کادیرەکانی ناوچەکە بەرپرسیار بوون لە دابەشکردن و گەیاندنی بە بنکەکان و بە چەمی ڕێزان سەرەرای ئەمەیش هەموو مانگێك ژمارەیەك ئاژەڵ لە ئاوایەکان کۆ دەکرایەوە ژمارەیان (١٥-٢٠) سەر ئاژەڵ کەمتر نەدەبوو دیسان دابەش دەکران بەسەر بنکەکاندا ئەوەی شایانی باسە ئەم یارمەتییانەی باسی لێوەکرا هەمووی بە شێوەی (پیتاك) و یارمەتی لە دانیشتوانی ناوچەکە کۆ دەکرایەوە دانیشتوان پێشکەشیان دەکرد بە شۆڕش .

٤-بەشێوەیەکی هەمیشەی دوو سێ پەلی پێشمەرگە بە

ناوچەکەدا دەگەڕان (جەولە)یان دەکرد هەر ماوەی هەفتەی جارێك دەگەڕانەوە بنکەکانیان و پەلێکی دیکە بۆ (جەولە) کردن دەردەچوون ، پێشمەرگەکان بەسەر ماڵەکانی ئاوایەکاندا دابەش دەبوون بە هۆی لێپرسراوی ئاوایەکەوە بەشەودا هەموویان لە (مزگەوت)ەکاندا دەخەوتن بۆ ئاگاداری و چاودێری ئاوایی و ناوچەکە لە پەلاماری دوژمن ئەو پێشمەرگانەی بە ناوچەکانە دەگەڕان لەلایەن دانیشتوانەوە زۆر ڕێزیان لێدەگیرا لە شێوەی کوڕو برای خۆیان خزمەتیانیان دەکرد لە ڕاستییە زۆربەی پێشمەرگەکان کوڕ وبرای جووتیارەکانی ناوچەکە بوون ببوون بە پێشمەرگە بە چەکی خۆیانەوە ، لە بنکەکان خەڵکێکی زۆر بە بێ چەك کۆببونەوە بریتی بوون لەسەربازی هەڵهاتوو ئەو خەڵکانەی لە ناو شارەکانەوە لە ترسی جەندرمەکانی میری دەرچووبوونە دەروە لەم بارودۆخەدا شۆڕش زۆر پێویستی بە چەك هەبوو بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانە چەکدار بکات و بیانکات بە پێشمەرگە ، شۆڕشی کوردستان هێشتا ساوا بوو سەرکردایەتی شۆڕش وەك پێویست نەیتوانی بوو دەنگی شۆڕش بە وڵاتانی دەرەوەو بە خێرخوازان ڕابگەیەنێت هەتا یارمەتی بدرێت و

پێداویستییەكانی جێ بە جێ بكات یارمەتیدەری شۆڕش و پشت و پەناگای تەنها جووتیارە ڕەش و رووتەكانی خۆمان بوون بۆیە سەركردایەتی شۆڕش لەوكاتە بەناچاری داوای چەكی جووتیارەكانی كرد هەتا بتوانێت ئەو كەلێنەی پێ پڕ بكاتەوە سەركردایەتی شۆڕش بڕیاری دەركرد ئاگاداری جووتیارەكان بكرێتەوە داوایان لێبكرێت هەر جووتیارێك چەكی هەیە پێشكەشی بە شۆڕش بكات هەر كوڕێكی جووتیار دەیەوێت بە چەكی خۆیەوە ببێت بە پێشمەرگە ئەو كەسە ڕێزی لەلای شۆڕش بەرزتر دەبێت بە ڕاگەیاندنی ئەم بڕیارەی سەركردایەتی شۆڕش هەموو جووتیارەكانی ناوچە ئازادكراوەكانی كوردستان بە تایبەت ناوچەی شوان و شێخ بزێنی چەكەكانیان بەخشی بە شۆڕش ژمارەیەكی زۆر لە گەنج و لاوەكانی ناوەچەكە خۆی و چەكەكەیشی بە شۆڕشی بەخشی چەكەكەی خۆی هەڵگرتو بوو بە پێشمەرگەی كوردستان ڕوویان كرد لە بەرەكانی جەنگ و شان بە شانی برا پێشمەرگەكانیان دەجەنگان. ئەو بەراوەردەی ئەو كاتە كردم لە كاتی كۆ كردنەوەی چەكی جووتیارەكان لە ٨٠/١٠٠ی جووتیارەكان بە ئەو پەڕی دڵخۆشییەوە چەكەكانیان بە شۆڕش بەخشی ژمارەی ١٥/١٠٠ بە

چەکەکانیانەوە ڕوویان کرد لە بەرەکانی جەنگ و بوون بە پێشمەرگەو لە ١٠٠/٥ بەبڕیار چەکەکانیان لێیان وەرگرت لە دوای جێ بە جێ بوونی بڕیارەکەی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان ژمارەیەکی زۆر چەکی چاك کۆکرایەو ئەو خەڵکە بێ چاکانەی ناوچەکان و بە تایبەتی ئەوانەی لە بنکەکانی پێشمەرگەکان کۆببونەوە هەموویان چەکدارکران و بوون بە پێشمەرگە و ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ کران لەوکاتەدا سەرکردایەتی شۆڕش توانی بە دەیان بەتالیون و لقەکانی پێشمەرگە لە نوێ دروست بکات ژمارەی پێشمەرگە لە چاوی پێشوو دوو چەندانە زۆر بوون ئاشکرایە هۆی سەرەکی جێ بە جێ بوونی بڕیارەکەی شۆڕش دەگەڕایەوە بۆ دڵسۆزی جووتیارەکان کە بە ئەو پەڕی دڵسۆزییەوە بڕیارەکەی شۆڕشیان جێ بە جێ کرد بە بێ ئەوەی ڕێگا بدنە هیچ کەسێك گیروگرفت لە ڕێگای بڕیارەکە دروست بکات ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی دڵسۆزی وپیاوەتی و کەڵە مێردی دانیشتوانی ناوچەکان بوو .

٥-بە گوێرەی تاکتیك وپیلانێکی تایبەتەوە لەو کاتەدا لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە داڕێژرا پەیوەندی کرا بە دەسگاکانی پۆلیس و سەربازی و دائیرەکانی نزیك ناوچە

رزگارکراوەکانی کوردستانەوە بەشێوەیەکی زۆر نهێنی لەوکاتە زۆربەی پۆلیسەکان و کاربەدەستەکانی ناو ئەو دەزگایانەی میری لە دانیشتوانی ناوچەکە بوون وەیان بەشێوەی ڕێکخستنی نهێنی لەگەڵ ریزەکانی پارتییە کاریان دەکرد بە بڕیارێکی سەرکردایەتی شۆڕش داوایان لێکرا خۆیان و دەزگاکانیان بدەن بە دەستی شۆڕشەوە هەر بەچەکی خۆیانەوە هەڵگەڕانەوەی ناو خۆیان ئەنجام بدەن و لەکات و رۆژی دیاری کراودا هێزەکانی پێشمەرگەیش پاڵ پشتییان دەکات بە گوێرەی ئەو پیلانەی بۆیان دانرابوو پۆلیس خانەو دەزگاکانی میری کە نزیك ناوچە رزگارکراوەکان بوون لە رۆژی ١٩٦٢/٧/٢٧ ناحییەی (رێدار) شوان ئازاد کرا مودیر ناحییە و کۆمیسەرەکەی بە دیل گیران هەموویان خۆیاندا بەدەستی شۆڕشەوە بە خۆیان و بە چەکەکانیانەوە هاتنە ناو ریزەکانی پێشمەرگەوە لەم هەنگاوەدا شۆڕش سوودێکی زۆر چاکی لە دەستکەوتەکانی ناو دەسگاکانی میری وەرگرت دەسکەوتەکان بریتی بوون لە چەك و تەقەمەنی و ئامێری پەیوەندی کردن (لاسلکی) بێتەل و کەل و پەلێکی زۆر ئەم هەنگاوە لە هەموو ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان بە ئەو پەڕی سەرکەوتنەوە

ئەنجام درا هەموو ناوچەکان بە تەواوی لە کاربەدەستانی میری پاك کرایەوە لە رۆژی ١٩٦٣/٢/٣ (٣٠٠) چەکداری کورد هێرشیان کردە سەر بنکەی شەمەندەفەری سلێمان بەگ دەستی بەسەراگیرا بە فەرماندەی کەمال موفتی ، ئەوەی شایانی باسە بە هۆی نزیك بوونی دەسگاکانی میری لە ناوچە رزگارکراوەکان میری دەیتوانی کاری سیخوڕی زۆر ئەنجام بدات لە دوای کۆنترۆڵ کردنی هەموو دەسگاکانی میری لە ناوچەکەدا دەستی سیخوڕی بە یەکجاری نەما زۆربەی ئەو خانوو بەرانەی میری بوو بە بارەگای پێشمەرگە ئامێری بێتەل کە لە بنکەکان نەبوو زۆربەی بنکەکان بێتەلیان بە دەست کەوت بۆ پەیوەندی کردن ، هێزی أسعد خۆشەوی چەمی رێزان بنکەی کارێزە و گەڵناغاج ، ئەنجامدان و جێ بە جێ کردنی ئەم هەنگاوە بە ئەو پەڕی سەرکەوتنەوە بە ئەنجام گەیشت رۆژی ١٩٦٢/٩/٢٥ شەپۆلی بێتەل لە شۆڕشدا بەکارهێنرا -١- (اراس) بارەگای بارزانی بارەگای م.س(ماوەت ) ئەمە هۆ سرەکیەکەی دەگەڕایەوە بۆ پاڵپشت کردنی جووتیارە دڵسۆزەکانی ناوچەکەو ڕۆڵە نەبەزەکانیان کە لە ناو ئەو دەسگایانە دابوون .

# زۆر بوونی تاوانەکانی میری دژی گەلی کوردستان لە ١١/ ئەیلول ١٩٦١ـ کۆتای ساڵی ١٩٦٣

لە دژی سەرکەوتنەکانی هێزەکانی پێشمەرگە ، میری هەڵمەتە دڕندانەکانی دژی خەڵکی کوردستان زیاتر کردوو پەرەی پێدا بە تایبەتی دژی دانیشتوانی دەشتی گەرمیان و ناوچەی شوان ، میری بە هێزێکی زۆرەوە کە پێك هاتبوون لە سوپاو لە (چەکداری کورد) دەستی بە هێرش کردن بۆ سەر ئەو ئاوایانەی کە لە پادەشتەکانە بوون و کەوتبوونە ژێر رکێفی هێزەکانیەوە لە هێرشەکانیاندا بۆ سەر ئەو ئاوایانە گەڵێ تاوانی گەورەیان ئەنجامدا لە هەڵمەتەکانیاندا گەمارۆی ئاوایەکەیاندەدا دانیشتوانیان بە زۆری لێدان وئەشکەنجەدان بە پیاو بە ژنەوە لە ئاوایەکە بە زۆر دەردەکرد جەندرمەکانی میری دەکەوتنە تالاّن کردن و دزینی ناو ماڵەکانیان لە دوای تالاّن کردنی ماڵەکان خانووەکانیان دەسووتان بە هیچ جۆرێك نەیان دەهێشت لە ئاوایەکە خانوویەك بمێنێت مزگەوت و تەندوربانەکانیش بە سەلاّمەتی دەر نەدەچوون دەیان گوت ئەمانەیش جێگای خەوتن و خواردنی پێشمەرگەن لە دوای ئەنجامدانی ئەم تاوانەیان تاوانێکی گەلێك لەم تاوانە گەورەتریان ئەنجامدەدا ئەو پیاوانەی

کەوتبوونە ژێر دەستیانەوە لە ئافرەتەکانیان جیایان دەکردەوە یەکە یەکە هەڵیانیان دەواسی بە لولەی تۆپ و تانگەکانیانەوە لە دوای ئەوەی زۆریان لێیان ئەداو ئەشکەنجەیانیان ئەدا بۆ تۆقاندیان هەر بەو شێوەیە تۆپەکانیان ئاگر ئەداو دەیان تەقان بە هۆی دەنگی تۆپەکانەوە زۆربەی هەڵواسراوەکان ئاگایان لە خۆیان نەدەما و خوێن لە گوێ و دەمیانەوە رێی دەکرد لە دوای ئەم هەموو ئازاردانەیان داوای چەکیان لێیان دەکرد هەرچی چەکیان هەیە تەسلیم بەوانی بکەن هەر کەسێ چەکی هەبووایە و تەسلیمی بکردایە بە (پێشمەرگە) دەدرایە قەڵەم ئیتر کوشتنی ئاسایی دەبوو لەلایان هەر کەسێك چەکی نەبوایە لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەدا لەشی ئەنجن ئەنجن دەکراو بۆ گرتووخانە تایبەتییەکانی خۆیان رەوانەیان دەکرد .

# ئەو شانۆیەی کە هیچ کاتێ لە بیر ناچێتەوە

با هەموو ئادەمیزادێك ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات کە خۆیان بە هەڵگری ئاڵای مافی مرۆڤ دەزانن و با ئەوانیش کە تاوانەکانیان ئەنجامداوە سەیرێکی ئەم شانۆگەریە دڵتەزێنە بکەین کە دارودەستەکەی عەبدولکەریم قاسم و بەعسییەکان دروستیان کرد لە ئاوایەکانی کوردستانا !! لە ساڵەکانی ١٩٦١-کۆتایی ١٩٦٣ لە گۆشەیەکی لای خوارووی ئاوایەکەوە هەموو پیاوەکانی ئاوای بە پیرو گەنجەوە کۆمەڵ کراون ئەوەی بەردەستی جەندرمەکان کەوتووە بە دارو بە قامچی جەندرمەکان دەورەیان لێیان داوە دارکاریان دەکەن بە بێ جیاوازی هەموو لەشیان ئەنجن ئەنجن کراوە خوێن لە باڵیان دەتکێ ژمارەیەکیان بە لولەی تانك و تۆپەکان بە (حەبل) هەڵواسراون لە شێوەی بەرخە سەر بڕاوەکانی دەستی قەسابەکان لە قەنارەدراون ، بێ پشوودان جەندرمەکانی میری دارکاریان دەکەن هەروەها لە گۆشەیەکی دیکەی ئاوایەکەوە ژن و مناڵانی ئاوایی لە ترسی حیا و نامۆسیان چوونە بە یەکا و کۆمەڵیان بەستووەو بەتوندی چنگو دەستیان لە یەکتری توندکردووە هەر لە شێوەی (شۆڕەبی) سەرتاپای ئەندامەکانی لەشیان دەلەرزێت لە

ترسی ئەو جەندرمەو سەربازانەی کە چاوگەی ئاگر بەدەستیانەوەیەو هەر جارێك ئاگر لە ماڵێك بەردەدەن ئاوای بە گشتی گڕی گرتووە سەربازە پێست ئەسمەرو پۆستاڵ ڕەشەکان چاودێری ماڵەکان دەکەن ، هەرماڵێك بە چاکی گڕی نەگرتووە پەیتا پەیتا گازو بەنزینی بەسەردا دەکەن ئاگر بڵێسەی دێ کادێنەکانی ئاژەڵەکانیش گڕی گرتووە و دەسووتێت ئاگر لە ئاوای بە گشتی لورەی دێ و دووکەڵی بەرز دەبێتەوە بەرەو ئاسمان بۆ ئەوەی داوا لە یەزدانی مەزن بکات لەم تاوانانەی ئەو دڕندانە رازی نەبێت و تۆڵەی ئەو هەژارو بێ دەسەڵاتانەیان لێبکاتەوە لە دوای ئەنجام دانی ئەم تاوانانەیان (عقید خەلیل) فەرماندەو لێپرسراوی ئەو تاوانبارانە فەرمان دەداتە سەربازەکانیان هەڵواسراوەکان لە لولەی تۆپەکان و زری پۆشەکان بکەنەوە ژمارەییەکیان لەبەر ئازار و ئەشکەنجەو لێدان لە خۆیان چوونەو ژمارەیەکیش بە ئاستەم گیانیان تێداماوە ، سەربازە پێست ئەسمەرەکان بە پەلە دەستو چاویان دەبەستن و لە شێوەی کاوڕی سەر بڕاو سەیارە (زیلە) سەربازیەکانیان لێ پڕ دەکەن لە هەمان کاتدا (عقید خلیل)ی تاوانبار کۆمەڵێك لە گەنجەکان جیا دەکاتەوە فەرمان دەداتە سەربازەکانی گولە بارنیان دەکەن هەر لە

جێگای شەهید بوونیان بە جێیان دەهێڵن ڕوو دەکەنە ئاوایەکی دیکە بۆ ئەنجام دانی چەند تاوانێکی دیکە لەم تاوانانە زیاتر بێت ، لە دوای ڕەوانەوەی تۆزو دووکەڵی زرێپۆش و سەیارەکانی سوپای میری ونەمانیان لە دەوروبەری ئاوایەکە ئافرەت و منداڵەکان جموجوڵیان پێدەکەوێت هەریەکی بە گریان وشین و خۆکوشتنەوە ڕوودەکاتە خانوو ماڵە سووتاوەکەی بە دیارێەوە دەگریٚ و باوکە ڕۆ دەکات ئەم ئافرەتە لێقەوماوانە هێشتا هەواڵی ڕۆڵە گەنجەکانیان نازانن کە لە دەرەوەی ئاواییە (عقید خلیل)ی بێ بەزەی و دڕندە شەهیدیانی کردووە هەموویان بەسەریەکدا کەوتوونە و گولە باران کراون و لە خوێنی خۆیاندا سووربوونە .

پیرەژن و ئافرەت و منداڵە لێو هەڵقرچاوەکانی ژێر باری ترس و ئەشکەنجەو ئازار بە دیار ژیلەمۆ و ئاگرو گڕو پشکۆوە و بە دیار کەلاوە ڕەشەوە بووەکانەوە وەستاون هەموویان تینوو برسی و ماندووی پێش چەند سەعاتێکی دیلی و ئازارن ، منالاٚن داوای نان و ئاو دەکەن لە دایك و داپیرەکانیان خواردنەکانیان هەمووی سووتاوە بووە بە خۆڵەمێش کوونەو مەشکەو کووپەی ئاوەکانیان هەمووی

پارچە پارچە بووە و دڕاوە و شکاوە نە قومێك ئاو دۆ نە پارویەك نان هەیە !! هەتا بیدەنە دەم و دەستی منداڵەکانەوە دەبا هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان سەیرێکی ئەو دیمەنە دڵ تەزێنە بکات کە لە شانۆی خەباتی گەلی کوردە دروست کراوە هێشتا لە مێژوودا نەبیستراوە و نە نووسراوەتەوە نە تاوانبارانی تەتەرو مەغولیەکان و نە ئەوانەی لە پێش ئەونا هاتوونە لە دوای ئەوان ئەم شانۆیەیان لە هیچ وڵاتێکە دروست نەکردووە ئەو ئافرەت و منداڵە لێقەوماوانە دەبێ چ بکەن و ڕوو بکەنە کام لا ؟ کورد گوتەنی (وەکو مەڕی بێ شوان) هەموویان سەرگەردانن !!

لە دوای ئەوەی هەموومان ئەم دیمەنانەمان بینی هەموومان ڕوو بکەینە ئەو کەسەی ئەوانەی دروست کردووە بپرسین ئایە بۆ ئەم کارەساتەیان کرد ؟؟ کام ئاینی یان کام ڕێگەی مرۆڤایەتی ئەم کارەی بەلاوە پەسەندە و ئەمەیان گوتووە ، هەتا ئاینەکانی تایبەتی پێشووی خۆیان کە ئاینی (هومەڵ و عزەو نەسرەیە )[1] ئەم کارەیان قبوڵ نییە دوای ئەوەی ڕۆژ بەرەو ئاوابوون دەچێت ئەو پیاوانەی پێش هاتنی هێزی میری خۆیانیان شاردبووە و ڕوویان کردبووە دۆڵ و

١)ناوی ئەو بتانەیە کە لە سەردەمی نەزانیدا عەرەبەکان دەیان پەرستن.

نشێوەکانی دەوروبەری ئاوایەکان و خۆیان لە چنگی ئەو دڕندانە رزگار کردبوو ڕوودەکەنەوە ئاوایە سووتاوەکەیان بە دوای ئەوانیشدا ژمارەیەك لە پیاوەکانی ئاوایەکانی دەوروپشت دەگەنە ئاوایە سووتاوەکە ئافرەت و مناڵەکان لە مردن رزگار دەکەن دەیانبەن بەرەو ئاوایەکەی خۆیان هەروەها کۆمەڵێك لەو پیاوانە سەرگەرمی لاشەی گەنجە شەهید کراوەکان دەبن هەتا لە ژێر خاکا بیان شارنەوە و لە قەل و داڵ و دڕندەی کێوی بیان پارێزن و لاشەکانیان نەخورێن لەم کاتەدا و لە ناو گەرمی و گوڕی ئەم شانۆیە پرسیارێك زۆر بە زەقی خۆی دەکاتە نێوان جەماوەرداو دەڵێ: ئایە چەکدارە کوردەکان کە ئامادەی ئەم شانۆیە بوون چی دەورێکیان دەبینی؟؟ ئایە ئەکتەر دەرهێنەر تەماشا کەربوون یان ؟ یان ؟ وەڵامی تەواوی ئەم پرسیارە لەلای ئەو پیرەژن و ئافرەت و منالآنەیە کە بە لێوی هەڵقرچاو جگەری سووتاوەوە بەدیار کەلاوە ڕەشەکانیانەوە دەگریان و بەدەم نوزەی گریانەوە دەیان گووت (ڕاستە کورد گووتەیەتی بە زمانی دار بە ڕووەوە ئەگەر کلکی (تێشوو) لە خۆم نەبوایە کەس نەی دەتوانی بمبڕێتەوە) ئەم شانۆیە شانۆیەکی زۆر گەورەیە شانۆی گەلێکی خاوەن خەباتی دوور و درێژی گەلی

کوردە کە بە هەزاران ڕۆڵەی قارەمانی لە ڕێگای ئەشق و ئازادی گەل و نیشتمانەکەی کردووە بە قوربانی و هێشتا لەسەرەتای ڕێگای خەباتی ڕزگاری دایە بۆیە بەم بۆنەیەوە دەڵێم:

وا لە ناو شانۆی دوور و نزیکم

سمکۆ و بەدرخان و قازی دەبینم

دکتور فوئاد و شێخی (شەمدینان)

کە سەرکەوتنە سەر تەختەی شانۆیان

بە دوژمنیان گووت زۆر چاك بزانە

ئێستا پێی ئێمە لە بان سەرتانە

بۆ ئەوەی ئەم ڕاستیانەی لە سەرەوە باسمان کرد بە چاوی خۆمان بیان بینین ڕوودەکەینە دەشتەکانی گەرمیانی بریندار هێزەکانی میری کاتێ هێرشیان بکردایە بۆ سەر هەر ناوچەیەك لە ڕێگە ڕوو بە ڕووی هەر زیندەوەرێك بوایەن دەبوو بیان کوشتایە ، ئەگەر ئادەمیزاد یان ئاژەڵ بوایە لە دوای ئەنجام دانی مەرامە گڵاوەکەیان لە ڕێگای گەڕانەوەیان هەر بە هەمان شێوە رەفتاریان دەکرد ، لاشەی کوژراوەکان هەر لە جێگای خوێدا بە جێیان دەهێشت لە دوای چەند ڕۆژێك دەدۆزرانەوە قەل و داڵ و دڕندەی کێوی بەشێکی

زۆری لە ئەندامەکانی لەشیانی خواردبوو بۆ ڕوون کردنەوەیەك یەکێ لەم جۆرە ڕووداوانە ڕوودەکەینە ئاوایی (فرقان) و (تەپە لو) و (باوە) و (ساڵەیی) و (مامشە) و (نەورۆز) کەسەر بە ناحیەی (قەرەحەسەن) و (قادر کەرەم)ن کەسەر بە شاری کەرکوکی خۆشەویستە لە رۆژی ٦/١٤ لە ساڵی ١٩٦٢ لە کەرکوکەوە هێزێکی دوژمن کە پێك هاتبوون لە سوپاو لە (چەکدارە کوردەکان) ڕوودەکەنە ناوچەی قەرەحەسن ئاوایی ( فرقان ) ئابڵوقەی دەدەن ڕێگا نادەنە کەس دەرچێتە دەرەوە لە دوای پشکنینی ئاوایەکە چواردە پیاو لە ئاوایەکە دەگرن لە دەرەوەی ئاوایەکەدا هەموویان گولە باران دەکەن و شەهیدیان دەکەن بە بێ ئەوەی ئەو پیاوانە چەکیان بە دەستیانەوە گرت بێ ویان ڕوو بە ڕووی هێزەکەی میری ببنەوە چواردە شەهیدەکەی ئاوایی (فرقان) لە خۆر ئاوایی ئاوایەکە ئێستا گۆڕستانیان بۆ کراوە ئەو شەهیدانە تاوانیان هەر ئەوە بوو کورد بوون ، ئاوایی (باوە) لەو سەردەمە نزیکەی (٤٠٠) ماڵ دەبوو دەکەوێتە سەر ڕێگای کەرکوك قادر کەرەمەوە لە رۆژی ١٩٦٣/٦/١٤ سوپای میری ئابڵوقەی ئاوایەکە دەدات ، دانیشتوانی بە گشتی دەکەونە مەترسییەوە لەبەر ئەوەی کورد گوتەنی

(هاوڕێی خۆیان کە ئاوایی (فەرقان) بوو بە گورگان خوارد دیبوو خەڵکی ئاوایی دەڕۆنە لای پێش نوێژو وتاربێژی ئاوایەکەیان کە مامۆستا مەلا شێخ عزەدین تاڵەبانی بوو ئەویش لەگەڵ سێ و چوار پیاوی پیری بە ساڵاچوودا دەڕۆن بۆ لای (عقید خلیل) ناو سەرکردەی سوپاکەی میری بوو هەر یەکێ قورئانێکی پیرۆز دەگرن بە دەستیانەوە بۆ پاڕانەوە داوا لە (عقید خەلیل)ی تاوانبار دەکەن ئازاریان نەدات و زیان بە ئاوایەکەیان نەگەیەنێت بە گەیشتنی نوێنەرانی ئاوایی بۆ لای سوپاکەی میری (عقید خلیل) یەکسەر فەرمان دەدات بە کوشتنیان مەلا شێخ عزەدین تاڵەبانی و هاوەڵەکانی گولە باران دەکەن ئەو قورئانە پیرۆزانەی بە دەستیانەوە بوو بە خوێنی خۆیان سوور بوو بۆ ئەوەی بێتە بەڵگەو شایەتی ئەو شەهیدانە لە هەردوو دونیا لە دوای شەهید کردنی نوێنەرانی ئاوایی سەربازو چەکدارە کوردەکان لە شێوەی گورگی هار دەکەونە ناو ئاوایی ( باوە ) ژمارەییەکی دیکە لە دانیشتوان شەهیدو بریندار دەکەن ژمارەیەکی زۆر لە خانووەکانی ئاوایەکە دەسووتێنن گەلێك ماڵی خەڵك بە تالانی دەبەن زیانێکی زۆر لە خەڵك دەدەن لە دوای ئەنجام دانی تاوانەکانیان لە ئاوایی (باوە) ڕوویان

کردە ئاوایی (ساڵەی)ی کە ماوەی نیو سەعات لە ئاوایی (باوە)وە دوورە هەر بەهەمان شێوە (مەلا رەزا) پێش نوێژی ئاوایی لەگەڵ دوو پیاوی ریش سپیا هەر یەکێ قورئانێکیان هەڵگرت و ڕوویان کرد لە هێزەکەی میری بۆ پاڕانەوە ئازاریان نەدەن و زیان بە ئاوایەکەیان نەگەیەنن هەر بە گەیشتنیان بە نزیك هێزەکەی میری فەرماندە تاوانبارە دەس خوێناویەکەیان (عقید خلیل) فەرمانی گولە باران کردنیانیدا هەر لەو جێگایەدا شەهید کران خوێنی شەهیدان و لاپەڕەکانی قورئانی پیرۆز تێکەڵ بەیەك بوون ئەو شەهیدانە لەو رۆژەدا شەهید کران کە بەرواری ١٩٦٣/٦/١٥بوو لە ئاوایی (ساڵەیی) کە ئەمانە ناویان بوون: شەهید مەلا رەزای ساڵەیی ، شەهید محەمەد فەتاح ، شەهید
فازڵ محەمەد ، شەهید سەید صابیر سەید محەمەد گوڵناز .

لاپەڕەی قورئان بە خوێن سووکرا
ریش سپی بە خوێن خەناوی کرا
گەنج و مامۆستاو ریش سپی و قورئان
هەمووی بە جارێ خەڵتان بە خوێن کران
جوانە ریش سپی و لاپەڕەی قورئان
نیشان کرابێ بە خوێن شەهیدان

گیان بەخشین لە رێی گەلو نیشتمان
بووە بە پیشە بۆ گەلی كوردان
قوڕ بەسەر دوژمن خەیاڵیان خاوە
بەراتی نەجات بە خوێن نووسراوە
گەلێك خاوەنی (پێشمەرگە)ی كورد بێ
تۆڵەی شەهیدان سەد جار سەندراوە

هەر لە ئەو رۆژەدا ئەو كارەساتانە بەسەر ئاوایی (باوە و ساڵەیی)دا هات هەر ئەو دڕندانە كە هێشتا تێر نەبوون لە خوێن رشتنی كورد هێرشیان كردە سەر ئاوایی (مامشە و نەورۆز) هەردوو ئاوایەكەیان بە تەواوی سووتان تەنها لە ئاوایی (مامشە) شەش پیاوایان شەهید كرد یەكەم كەس شەهیدكرا هەڤاڵ عەبدولاّ غەفور بوو كە ئەندامێكی زۆر چالاك و چاو نەترسی پارتی بوو ، دووەم شەهید عەزیز حاج رەسول سێیەم شەهید عەبدولكەریم حاج رەسول چوارەم شەهید بەكر رەحیم محەمەد بوو پێنجەم شەهید محەمەد صالح محیدین شەشەم شەهید ئیبراهیم كەریم رەحمان ئەم شەهیدانەیش لە رۆژی ١٩٦٣/٦/١٥ شەهید كران خوێن ڕێژەكانی كورد هێرشیان كردە سەر ئاوایی (نەورۆز) لەبەر

ئەوەی دەوروبەری کەمێك شاخاوی و سەختە دانیشتوانی ئاوایەکەیان بە جێیان هێشتبوو هەڵهاتبوون بۆ ناو ناوچە سەختەکانی سنووری ئاوەیەکەیان هێزەکەی میریماڵەکانی هەموو تالاّن کردوو لە دواییدا خانووەکانی هەموو سووتان تەنها دوو پیاویان بە دەست کەوت ئەوان (سەید حوسێن سەید هادی ) بوو لە بنەماڵەیەکی پیرۆز ئاینیە لە ڕێگای گەڕانەوەیان شەهیدیان کردوو لاشەکەیان لەسەر شەقامەکە بە جێ هێشت دووەمیان (سەید ڕەشید سەید محەمود چاوکەوە) بوو لە ئەشکەوتێکە لەگەڵ خێزانەکەی خۆی حەشاردابوو جەندرمە جەلادەکان گولە بارنیان کردو زۆر بە سەختی بریندار بوو ئەم تاوانانە لە ساڵی ١٩٦٣ لە ناوچەی گەرمیان بە دەستی پیاوەکانی عەبدولکەریم قاسم و ئەوانەی لە دوای ئەو هاتن ڕوویدا بە نیازی کوژاندنەوەی گڵپەی شۆڕشی ئەیلول ساڵی ١٩٦١ .

مێژووی گەلی کورد بە خوێنی نووسراوە

لاپەڕەی ڕوونە وێنەی هەتاوە

گەلێك مێژووەکەی بە خوێنی نووسرا بێ

ڕۆژی رزگاری سەد جار نووسراوە



لە چەپەوە وێنەی شەهید سەید سابیر مەحمەد گوڵناز ، شەهید سەید نەجم سەید ئەمین ، و هەڤاڵ سەید حوسین سەید رەزا ،ئاوایی ( نەورۆز)



لە چەپەوە سەید حەبیب مەحمەد ئەمین نەورۆزی پێشمەرگەی دێرینی و سەر پەلی ( خۆرنەوەزان) بوو ، و لای ڕاستەوە سەید جەعفەر سەید غەریب مەحمەد نەورۆزی ئەندامی دێرینی پارتی

ئەو جۆرە تاوانانەو بەدەیان کردەوەی دڕندانەی دیکە کە عەبدولکەریم قاسم و بەعسییەکان ئەنجامیاندا لە کوردستان نەیانتوانی تۆزێك کار بکەنە سەر بیرو باوەڕی خەڵکی کوردستان بە پێچەوانەوە گەلی کورد زیاتر ڕق و قینی پەیدا کرد و دڵی ڕەش تر بوو بەرامبەر بە رژێمە بۆگەنەکەی عێراق بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە ئەوە بوو ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی کوردستان بە تایبەتی دەشتی گەرمیان پیش ئەوەی رژێم ماڵەکەی بسووتێنێ و تالانی بکات هەرچەندە ماڵ و دارای هەبوو دەیان فرۆشت و چەکێکی چاکی دەکڕی منداڵەکانی دەگواستەوە بۆ ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان لە یەکێك لە ئاوایەکاندا جێگەیانی دەکردەوە دەبوو بە پێشمەرگە بە چەکەکەی خۆیەوە ڕووی دەکرد لەبەرەکانی جەنگ لەگەڵ گەورە بوون و بەرز بوونەوەی بڵێسەی ئاگری شۆڕشی کوردستان تاوانەکانی عەبدولکەریم قاسم بەرامبەر بە گەلی کورد گەورەتر دەبوون فڕۆکەکانی میری بە توندی دەستیان کرد بە بۆردومان کردنی ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی و زۆر بە خەستی و دڕندانە لە سەرەتای دەست پێکردنیانەوە بە بۆمبای (تی ئێن تی) دەستی پێ کرد درێژی بۆمباکان (١٢)

دوانزه پێ درێژ و قەبارەكەی (٢٥) ئینج زیاتر گەورەبوون لەگەڵ داگرتنی ئەو بۆمبایانەدا ساروخی (ئاسمان– زەوی)یان بە كاردەهێنا ( جو أرض ) كە درێژیەكەی شەش پێ و قەبارەكەی دە ئینج بوو جگە لە بەكارهێنانی چەكی جۆراو جۆر دیكەی مرۆڤ كوژو كاول كەر لە چەشنی بۆمبای (هێشوی) ( القنبله العنقودیه) كە بە یاسای نێو دەوڵەتی لە گێتیا بە كارهێنانی قەدەغەیە ئەو كارە دڕندانانەی عەبدولكەریم قاسم بوون بە هۆی كوشتنی هەزاران منداڵ و ئافرەت و پەكەوتە جگە لە كوشتنی هەزاران سەر ئاژەڵ و سووتاندنی زۆربەی زۆری مەزراو كێڵگەكانی جووتیارەكان سووتاندن و ڕووخانی هەزاران ئاوایی و ماڵی كورد لە دوای ئەم بۆردومانە چڕوپڕانەی فرۆكەكانی میری ، میری هێزێكی زۆر گەورەی كۆ كردەوە كە پێك هاتبوون لە تانك و تۆپ و هێزێكی زۆری سوپا و چەكداری كورد لە دوای ئامادەباشی تەواو هێرشەكەیان دەست پێ كرد بۆ هەموو ناوچە ڕزگاركراوەكانی كوردستان بە نیازی كۆتایی هێنان بە گەلی كوردو شۆڕشەكەی پێش ئەوەی هێزەكانی میری نزیك ببنەوە لە ناوچە رزگاركراوەكان فڕۆكە بۆمبا هەڵگرەكان لە چەشنی (هەنتەر و باجەر) هێرشان دووبارە دەكردەو بۆ سەر

ئاوایەکان و بە تایبەتی بۆ سەر بارەگاکانی پێشمەرگەکان لە دوای فڕۆکە بۆمبا هەڵگرەکانەوە فڕۆکە رووسیەکان لە چەشنی (مێك وسیخۆی) دەستیان دەکرد بەشەر بە ساروخ و بە شەست تیر ناوچەکانیان ئاگر باران دەکرد لەبەر ئەوەی بۆ مێژوو لە بیرمان نەچێتەوە لە کاتی ئەم هێرش کردنانەی رژێمی عەبدولکەریم قاسم بۆ سەر کوردستان ژمارەیەکی زۆر لە تانك و فڕۆکەو تۆپ و تەقەمەنیەکی زۆر پەیتا پەیتا لە یەکێتی سۆڤیەتەوە (روسیا الإتحادیە) دەدرا بە رژێمەکەی عەبدولکەریم قاسم ، بۆ ئەوەی مرۆڤی کورد بکوژن و ماڵی کورد تالاَن و وێران بکەن و شۆڕشەکەی بکوژێننەوە ئەوەی ئاشکرایە یەکێتی سۆڤیەت خۆی بە خاوەنی ئالاَی ئاشتی و ئازادی و مافی مرۆڤ دەزانێ ئەم هەڵوێستەی روسیا کورد پێی دەڵێ (بانێکەو دووهەوا ). هەر بە پێش چاوی خۆیەوە و هەر بە چەکەکانی خۆی عەبدولکەریم قاسم و دارودەستەکانی گەلی کوردیان قڕ دەکرد رۆژێك نەمان بیست نارەزایەك بەرامبەر ئەو خوێن رشتنە دەربڕێت یان چەکو تەقەمەنی نەدات بە رژێمەکەی عەبدولکەریم قاسم بۆ ئەوەی واز لە کورد کوشتن بهێنێت ئەو یارمەتی دانە کە لە لایەن (روسیا)وە پێشکەش بە رژێمەکەی عەبدولکەریم دەکرا هەر

بەردەوام بوو هەتا کودەتاکەی بەعسییەکان کە عەبدولکەریم و رژێمەکەیان رۆخان ، با بگەرێنەوە سەر باسە سەرەکیەکەی خۆمان کە هێرشەکەی هێزەکانی رژێمەکەی عەبدولکەریم قاسمە بۆ سەر کوردستان لە دوای ئەوەی فڕۆکەکان لە بوردومان کردن دەبوونەوە تۆپخانەکان ناوچەکانیان تۆپ باران دەکرد هەموو ماڵەکانی ئاوایەکانیان دەرۆخان و ئاگریان تێیان بەردەدا ، لە دوای ئەم هەموو ئاگر باران کردنە کە هەموو چەکێکیان بەکاردەهێنا لە فڕۆکەو تۆپی قورس ، هێزەکانی میری چەکدارە کوردەکانیان پێش خۆیان دەخست لەبەر ئەوەی ئەوان شارەزای ناوچەکانی خۆیانن هەتا ڕاستەوخۆ ڕوو بە ڕووی پێشمەرگەکان ببنەوە کورد بکوژێت بە دوای چەکدارە کوردکانە زرێپۆش و سوپای میری هێرشیان دەکردە سەر ئاوایەکان وبنکەکانی پێشمەرگە لەو کاتە هێزەکانی پێشمەرگە ڕوو بە ڕووی هێزەکانی میری دەبوونەوە لە شێوەی شێرو پڵنگەکانی کوردستان دەکوتنە جەنگ و گیانبازیەوە لەگەڵیان لە زۆربەی هەڵمەتەکانیاندا هێزی دوژمنیان تێك و پێك دەشکاندو ناچاری هەڵهاتنیان دەکرد بە ڕوو ڕەشیەوە دەگەڕانەوە بۆ مۆڵگاکانیان جاری وا دەبوو بارودۆخی

ناوچەکەو توانای هێزی پێشمەرگە بە پێویستی دەزانی لە دوای ئەوەی زیانێکی زۆریان بە دوژمن دەگەیان هێزەکانی پێشمەرگە پاشە کشێیان دەکرد بۆ ناو چیا سەخت و بەرزەکانی دەوروبەری ناوچەکەیان ئەو کاتە دوژمن دەیتوانی دەستی بگاتە ئاوایەکان و بنکەکانی پێشمەرگە ئەوەی شایانی باسە پێش هێرشکردن هێرش هێنانی میری بۆ سەر ناوچە ڕزگارکراوەکان ئاوایەکان چۆڵ دەکرا زۆربەی دانیشتوانی ئاوایەکان ڕوویان دەکردە ناوچەکانی دەوروبەری خۆیان بە تایبەتی بۆ ناو چیا سەختەکان ئەگەر نووسەر بییەوێت باسێکی تێروتەسەلی قوربانی دان و گیانبازی پێشمەرگەکان و دانیشتوانی ناوچەکە بکات بە چەند کتێبێك تەواو نابێت لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٣ سەرکردایەتی شۆڕش فەرمانی دەرکرد بوو ئاوایەکان چۆڵ بکرێت دانیشتوانی ئاوایەکان بنکەو حەشارگە لە ناو چیاو دۆڵ و نشێوەکانی دەوروبەری ئاوایەکانیان دروست بکەن بۆ ئەوەی کەمتر زیانیان لێبکەوێت دانیشتوانی زۆربەی ئاوایەکانی ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان لەسەر بڕیارەکەی سەرکردایەتی شۆڕش و لە ترسی بۆردومانی بێ بەزەیانەی دوژمی لە ئەشکەوت و لە بنەکەکانی ژێر زەویا

جێگەیان بۆ خۆیان کردبووەوە ئاوایە چۆلکراوەکان کاتێ دەستی میریان پێ بگەیشتایە ئەگەر پیرە پیاوێك یان پیرە ژنێك لە بەر بێدەسەلاتی خۆی لە ئاوایەکەدا بمایەوە جەندرمەکانی میری دەیان کوشت یان هەر بە زیندوی لەگەڵ خانووەکان دەیان سووتان بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیە ئەم ڕووداوەیە کە لە خوارەوە دەینووسم و بە چاوی خۆم بینومەوە کەس بۆی نەگێڕاومەتەوە ، لە رۆژی ١٩٦٣/١١/٢١ هێزێکی میری کە پێك هاتبوو لە سوپا و لە چەکدارەکانی (حسین کوێخا رەجەب) هێرشیان کردە سەر ئاوای (عەلی بەیان) کە دەکەوێتە سەر بەرزایەکانی (سمایل بەگیە)وە لە ناوچەی شوان دانیشتوانی ئاوایەکە لە ترسی هێرشە کوتوپڕەکانی لە دوای یەکتری میری بۆ سەر ناوچەی شوان ئاوایەکەیان چۆڵ کردبوو لە ناو دۆڵ و نشێوەکانی (جۆمی شیوە سوور)دا بنکەو ژێر زەمینیان بۆ خۆیان دروست کردبوو هێزەکەی میری ئاوایەکەیانی بە تەواوی سووتان تەنها مزگەوتەکەیان مابووەوە ئەویش پیاوێکی کەم ئەندام و بە سالاچوی تێدا بوو ناوی (مامە حەمە) بوو باوکی کاك (عەلی) لێپرسراوی ئاوایەکەیان ئەو پیاوە ماوەی ١٠ ساڵ پێش ئەوکاتە لە ڕووداوێکدا هەردوو پێی لە دەست دابوو

بە دار شەق ڕێی دەکرد و خۆی تەرخان کردبوو تەنها بۆ خزمەتی مزگەوتی ئاوایەکەیان سەرکردەی سوپاکەی میری بە سەربازە پێیست ئەسمەرە پۆستاڵ ڕەشە لە خودا نەترسەکان دەڵێت ئەو پیاوە بخەنە ناو ژووری مزگەوتەکەوە دەرگاکەی لەسەر دابخەن ، لە دوای جێ بە جێ کردنی فەرمانەکەی بە دەستی خۆی نەوت و گاز دەکات بەسەر مزگەوتەکەدا و دەیسووتێنێ بەو شێوەیە (مامە حەمە) گیانی پاکی چووە ریزی شەهیدانی کوردو کوردستانەوە لە دوای کشانەوەی هێزەکەی دوژمن لەگەڵ ژمارەیەك لە دانیشتوانی ئاوایەکەدا چووین بۆ سەیرکردنی ماڵە سووتاوەکان لە دوای گەڕانێکی زۆر بە دوای (مامە حەمە) لاشەکەیان بە سووتاوی و برژاوی لە ژێر ئاگرو خۆڵەمیش مزگەوتەکە دەرهێنا تەنها ئێسقانە سووتاوەکانی مابوو کۆمان کردەوە و لە گۆڕستانی ئاوایەکە ناشتیان ، لە دوای ئەم ڕووداوە بە هەفتەیەك لقێکی پێشمەرگەی ناوچەی بادینان بە کاری تایبەت هاتبوون بۆ ناوچەی شوان و شێخ بزێنی لە ئاوایی (ئۆمەر مەندان) بوون رۆیشتم بۆ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ سەر لقەکەیانە دانیشتبووم ڕووداوی سووتانی ئاوایی (عەلی بەیان)و شەهید (مامە حەمە)م بۆیان

گێڕایەوە لێپرسراوەکەیان گوتی لە ناوچەی بادینان گەلێك کردەوەی دڕندانە تریان ئەنجامداوە هەفتەیەك پێش هاتنمان بۆ ئێرە هێزێکی زۆر گەورەی میری هێرشیان کردە سەر ئاوایی (ئەشکەفتە ڕەشە) لە ناوچەی بادینان فڕۆکەکان زۆر بە خەستی بۆردوومانی ئاوایەکەیان کرد دانیشتوانی ئاوایەکە لە ترسی گیانی خۆیان چووبونە ناو ئەو ئەشکەوتەوە کە ئاوایەکەی بە ناوەوەنراوە هێزەکانی میری هێرش دەکەنە سەر ئاوایەکەو دەی سووتێنن ئافرەت و پیرو منداڵەکانی ئاوای لە ناو ئەشکەوتەکەدا دەدۆزنەوە سەربازە بێ بەزەیەکانی میری دەرگای ئەشکەوتەکەیان لێدەگرن بە بۆمبی دەستی و بە ڕەشاش هەموویان دەکوژن لە دواییە گازوو نەوت دەکەنە سەر لاشەکانیانەو هەر لە ناو ئەشکەوتەکەدا دەیان سووتێنن گومانی تێدا نیە سەربازە بێ بەزەیەکانی میری و سەرکردە دڕندەکانیان خودایەك دەپرسن ئەم یەزدانە نیە کە هەموو خاوەن باوەڕانی جیهان بە خوداو بە پەرستیاری خۆیانی دەزانن ، یەزدان و پەرستیاری ئەوان خودای با پیرەکانیانە کە لە پێش ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا دەیان پەرست کە بریتی بوون لە بتەکانی (هۆمەڵ و لات و عزە و نسرە) و ئەوانی دیکەوە لەو باوەڕەدام ئێستا زیاتر

بوونە بە نەوەی (ئیبلیس) و ئەو لە جیاتی یەزدانی مەزن دەپەرستن ئەو جۆرە کەسانە بە هیچ جۆرێك چاوەروانی برایەتی و چاکەو پیاوەتیان لێناکرێت وە پشتیان پێنابەسترێت بە وتەکانیان متمانە ناهێنرێت ئەگەر لە عەبدولکەریم و دار دەستەکانی دەرسمان وەرنەگرت دەبوایە لە بەعسییەکان وعەبدولسەلام براکەی دەرسمان وەربگرتایە لەو رۆژەوە کە دەسەڵات لە کورد سەندرایەوە کە بەرواری ٢٦ کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٣ دەکات لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە و هەتاکو نووسینی ئەم چەند دێڕە بیرەوەریە لە عێراقە لێپرسراوێك نەبووە بە چاوی برایەتی و یەکسانیەوە سەیری گەلی کورد بکات ئاشکرا ئەو لێپرسراوانەی یەك بە دوای یەکە دەسەڵاتی عیراقیان بە دەست گرتووە هەموویان برای عەرەبی عیراقن و لە دەرەوەی وڵاتەوە بە (ئیستیراد) نەهێنراون جگە لە پاشاکان کە لە دەرەوەی عێراق وە هێنایانیان ، مەلیك فەیسەڵی یەکەم بوو و هەر خەڵکی عێراقن هەر ئەوانن بە سەدان بەڵێنی و پەیمانمان دەدەنێ و لە دواییە کە مەرامەکەیان دێتە دی خۆیانی لێ پاشگەز دەکەنەوە ئێمەی هەژارو داماویش لە پێش سەد ساڵ پێش ئێستاوە هەر گۆرانی بە باڵای برایەتی ئەوانە دەڵێن بێ

کەس شاعری نیشتمان پەروەری کورد لە پێش (٨٠) ساڵە دەڵێ:

براپەتی کوردو عەرەب زۆر کۆنە تاریخ شاهیدە

دوژمنی نا حەز لە داخا بایەخەی خۆیدا دڕێ

ئەمە نیشانەی ڕاستی و برایەتی و بە ئەمەکی ئێمەو ئەوەیش دڵسۆزی ئەوان ڕەگی دار خورمایەکی خواروی عێراق یان ڕەگی درەختێکی حوشتر خواری (عەگولّ) دەشتایەکانی ناوە ڕاست و خواروی عێراق نیە نەچەقیبێت لە کەللەسەرو لە مێشکی کوردێکی ئەنفال کراو و بە کۆمەڵ کوژراو ، بە ڕای من ئەگەر بیرێك لە کردەوەکانیان بکەینەوە دەبێ بە هیچ جۆرێك دەستمان نەخەینە نێو دەستیان ، هەتا دوێنێ لەسەر خوانی ئێمە دەیان خواردو لە ماڵی ئێمەدا دەحەوانەوە ئێستا لێمان بوونە بە( مێردەزمە و سواری سەری شانمان بوونە) کورد لە کۆنا گوتویەتی (ریش بووە بە توشمانەوە دەبێ شانەی بۆ هەڵگرین) هەر چەندە شانە کردنیش بە تەواوی خروشتەکانی دەم و چاومان چارەسەر ناکات ، بە ڕای من بە هەر نرخێك لەسەرمان بووەستێت ئەم ریشە بتاشین باشترە کورد گوتویەتی (مردن بە مەردی لە

سەد ژیانی کولە مەرگی باشترە) ، ئەم تاوانە گەورانەی کە باسمان کرد کە دژی گەلی کورد ئەنجامیاندا نەیانتوانی تۆزێك لە ورەی پێشمەرگەکان و دانیشتوانی کوردستان کەم بکەنەوە بە پێچەوانەی کردەوەکانی میری ، چالاکیەکانی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ سەر مۆڵگاو بنکەکانی دوژمن زۆرترو گەلێ گەورەتربوون هەموو هێرشەکانی میریان بە ئەو پەڕی لە خۆ بوردن و گیانی پێشمەرگایەتیەوە وەڵام دەدایەوە هێزەکانی پێشمەرگە هەر بە ئەمە نەوەستان بە چەند پیلانێکی دارێژراو دەسیان کرد بە هێرش کردن بۆ سەر مۆڵگا و بنکەو رەبایەکانی هێزەکانی میری توانیان دەست بگرن بەسەر ژمارەیەکی زۆر لە ڕەبایەکانی هێزەکانی میریدا بە تایبەتی ڕەبایەی (چەکدارە) کوردەکان لە دوای ئەم چالاکییانەی پێشمەرگەکان ، میری بۆ هەر ناوچەیەك هێرشی بکردایە بە زیانێکی زۆرەوە دەگەڕایەوە بۆ مۆڵگاکانی خۆی میری ناچار بوو هێرشەکانی بۆ سەر ناوچە رزگارکراوەکان کەم بکاتەوە لە ئەنجامدا میری لە هێرش کردن کەوت بارودۆخی هێزەکانی گۆڕی بەشێوەی بەرگری (الدفاع) لە مۆڵگا و لە رەبایەکان و شارو شارۆچکەکان هێزەکانی پێشمەرگە بە شەوان بە خەستی هێرشیان دەکردە

سەر شارو شارۆچکەکان و مۆڵگا و ڕەبایەکانی میری زیانێکی زۆریان دەگەیاندە میری و بەدەستکەوتی چاکەوە دەگەڕانەوە لە کاتی هاتووچۆکردنی هێزەکانی میریدا بە ڕۆژدا لە دەشتایەکانی ساڵەی و بیبانی و ڕێگەی پردێ کەرکوك و لە ڕێگەی کەرکوك سلێمانی ڕێگەیان لە هێزەکانی میری دەگرت و زیانێکی چاکیان پێیان دەگەیان میریان ناچار کرد هاتووچۆی ڕێگە سەرەکیەکان بە کاروان ( قافلە ) بکات لە ترسی هێرشەکانی هێزی پێشمەرگە لەو بارودۆخەدا هێزەکانی میری گیانیان زۆر کەوتبووە مەترسییەوە بە تایبەتی (چەکدار)ە کوردەکان بۆیە زۆربەی چەکدارە کوردەکان چەکەکانیان فەڕێدایەوە بۆ سەر میری و لە ماڵی خۆیاندا دانیشتن یان بە خۆیان و چەکەکانیانەوە هاتنە ناو هێزەکانی پێشمەرگەوە لەو گۆڕانکاریەدا هێزەکانی پێشمەرگە چەکو تەقەمەنیەکی زۆریان و چنگ کەوت چ لە ڕەبایەکان و مۆڵگاکانی میری و چ لە چەکدارە کوردەکان لە هێرش کردنی پێشمەرگەکان بۆ سەر مۆڵگا و هێزەکانی میری ژمارەیەکی زۆر لە سەرباز و ئەفسەرەکانی سوپایان بە دیل گرت جگە لە چەکدارە کوردەکان ڕەوانەی (چەمی ڕێزان) و سەرکردایەتی شۆڕش کران زۆربەی

چەكدارە كوردەكان داوای لێبوردنیان كرد لە سەركردایەتی شۆڕش لێبوردنیان بۆ دەرچوو لە لایەن سەركردایەتیەوە جگە لەوانەی دەستیان بە خوێنی كورد سوور بووە زۆربەیان گەڕانەوە ناو ریزەكانی پێشمەرگە ئەم بارودۆخە دەرفەتێكی زۆر باشی دروست كرد بۆ پێشمەرگەكانی (ناوخۆ) لەوكاتەدا چالاكی زۆریان دەنوان ژمارەیەكی زۆر لە سیخورەكانیان بە دیل گرت و یان كوشتیانیان بە تایبەتی ئەو سیخوڕانەی دەستیان بە خوێنی كورد سوور كردبوو هێنایانیان بۆ دەرەوەی شارەكان بە ڕێگەی پیاوانی تایبەتی و بە ڕێگەی نامە نووسینەوە پەیوەندیان كرد بە زۆربەی سەركردەكانی سوپاو لێپرسراوانی میریەوە تێدا داوایان لێیان كرد بوو ئیتر واز لە خراپەكاری و هێرش كردن بۆ سەر كورد و شۆڕشەكەی بهێنن ئیتر فەرمانەكانی عەبدولكەریم قاسم و دەزگاكانی جێ بە جێ نەكەن هێزەكانی پێشمەرگە چ لەناو شارەكانداو چ لە دەرەوەی شارەكان هێزەكانی میریان زۆر تەنگاو كردبوو میری كەوتبووە باری (الدفاع عن النفس)ەوە فەرمانی دەركرد بوو بۆ هەموو هێزەكانی ناوخۆ و دەرەوەی شارەكان تەنها پارێزگاری لە خۆیان بكەن ، باری ئاسایشی ناو شارەكان بە هۆی چالاكی پێشمەرگەكانی ناخۆوە هێرشەكانی

شەوانەی هێزەکانی دەرەوە زۆر ئاڵۆزبوو زۆربەی لێپرسراوانی میری و سەرکردەکانی سوپا بەشەو لە ماڵەکانی خۆیان نەدەخەوتن ئەو بارودۆخە وای لە لێپرسراوانی میری و سەرکردەکانی سوپا کردبوو باوەڕیان بە عەبدولکەریم قاسم و دارودەستەکەی زۆر کزب بوو زۆر چاك دەیانزانی رژێمەکەی بەرەو رووخان و نەمان دەڕوات بۆیە لێرەدا دەتوانم بە ئەو پەڕی باوەڕەوە بڵێم ئەو هۆکارانەی باسم کرد جێگاو شوێنیان زۆر بە چاکی خۆش کرد بۆ بەعسییەکان کە لە کودەتاکەی ١٤ی رەمەزان سەرکەوتن بە دەست بهێنن ، توانیان عەبدولکەریم قاسم بکوژن و خۆیان رژێمی عێراق بە دەست بگرن ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوەی سیاسیان دەکرد لەوکاتەدا ئەو رۆژەیان بە سەرەتای دەست پێکردنی رۆژی ڕەش دەدا بە قەڵەم بۆ گەلی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی .

# کودەتاکەی ١٤ ڕەمەزانی بەعسییەکان لە بەغدا

دوو ڕۆژ پێش کودەتاکەی بەعسییەکان لە بەغدا کە بەرواری ١٨ شوباتی ساڵی ١٩٦٣ دەکات بۆ کاری پێویست بە نهێنی لە شاری کەرکوك بووم شەوی ڕووداوەکە کارەکانم تەواو کردبوو کاتژمێر چواری بەیانی هەڤاڵان ئاگاداریان کردمەوە کە گۆڕان کاریەك ڕووی داوە لە بەغدا هێشتا وەك پێویست نەمان زانیوە چۆنە لە کەرکوك دەرچووم چوومە ئاوای جبلّ بۆر ) ئەم ئاوایە پێنج کیلومەتر لە شاری کەرکوکەوە دوورە لە گەرەکی شۆرجەوە زۆر نزیکە ، دانیشتوانی ئەم ئاوایە وەك دانیشتوانی هەموو کوردستان زۆر دڵسۆزو بە ئەمەك بوون لە یارمەتی دانی شۆڕشی کوردستاندا لە یەکەم ڕۆژی دەست پێکردنی شۆڕشی کوردستان بە گیان و بە ماڵ یارمەتی پارتی و شۆڕشیان دەدا هەر لەبەر دڵسۆزی دانیشتوانی و تێکەڵ بوونیان لەگەڵ پارتی و شۆڕش لە ساڵی ١٩٦٣ بە بڕیارێکی فەرماندە سەربازیەکانی میری ئاوایەکەیان بە شۆفەڵ و بە زرێپۆش رووخان و دانیشتوانەکەیان ئاوارەو دەربەدەر کرد هەر ئەو

ڕۆژە کە چواردەی رەمەزان بوو کاتژمێری ١٠ دەی بەیانی گەیشتمە ئاوای (جلْفە)ی سەر بە ناوچەی شوانی سەر خاسە نزیك بە ناحیەی (قەرە هەنجیر) دانیشتوانی ئاوای کۆببونەوە لە دەوری رادیۆیەکی گەورە بە پاتری وشك کاری دەکرد ئەریاڵێکی بەرزیان بە دارێکی درێژ بۆ دروست کردبوو لە سەربانی خانوویەك دایان بەستبوو گوێیان دەگرد لەو بەیانانەی لە رادیۆیەی بەغداوە بڵاو دەکرایەوە لە کاتژمێری ٨ بەیانیەوە هەتا (١٢)ی نیوەرۆ (٨) بەیانیان بڵاو کردەوە دەرکەوت عەبدولکەریم قاسم و دارودەستەکانی کودەتایان بەسەراکراوە بەدەستی بەعسییەکان ، عەبدولکەریم قاسم کوژراوە داروو دەستەکەی لە ناوبراون لە بەیانی ژمارە (٢)یان عەبدوسەلام عارف یان بەسەرەك کۆمار دیاری کرد لە ١٩٦٣/٢/٢٠ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەیانێك بڵاوکرایەوە تێدا ڕوون کرابووەوە کە بەعسییەکان هاتوونەتە سەر حکم لە عێراقدا رژێمی عەبدولکەریم قاسم رووخێنراو کاربەدەستان و یارمەتی دەرانی رژێم بە تەواوی لە ناوبراون یان لە گرتوخانەکان بەندکراون و یان هەڵهاتوونە ئەوەی شایانی

باسە بەعسییەکان تەنها دەستیان بۆ لە ناوبردنی داروو دەستەکەی عەبدولکەریم قاسم درێژ نەکرد .

زۆربەی زۆری ئەندامانی ( پارتی کۆمەنیستی عێراق ) بەشی لیژنەی مەرکەزی وەك کاربەدەستانی عەبدولکەریم مامەڵەیان لە تەکیانە کرد لەبەر ئەوەی لیژنەی مەرکەزی پارتی کۆمەنیستی عێراق لە ماوەی دەسەلاتی عەبدولکەریم قاسمدا خۆیان بە بەشێك لە رژێمەکەی دەزانی بۆیە بەعسییەکان زۆر بە داخ بوون لێیان ، کاتێ کە هاتنە سەر دەسەلات لە عێراق جیاوازیان نەکرد لە نێوان دارودەستەکەی عەبدولکەریم و کۆمەنیستەکان ژمارەیەکیان کوژران و ژمارەیەکیان بەندکران ئەوانەیان بەردەستی بەعسییەکان نەکەوتن خۆیان حەشارداو هەڵهاتن بۆ دەرەوەی وڵات لەم باروودۆخەدا پارتی کۆمەنیست رێکخستنەکانیان لە عێراق و لە کوردستانە هاتە سەر خاڵی سفر ئەو ئەندامانە یان لە دەرەوە مابوون بیریکیان لە خۆیان کردەوە هەتا بە تەواوی لە ناونەرۆن ئەو ئەندامانەیان هەڵهاتبوون بۆ دەرەوەی وڵات داواکاریەکیان پێشکەش کرد بە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان لە پێشەکی داواکاریەکەیان داوای لێبوردنیان کردبوو لەو هەڵانەی کە لە

کاتی دەسەڵاتی عەبدولکەریم کردبوویان دژی پارتی و شۆڕشی کوردستان وە لە هەمان کاتە داوایان کرد ڕێگەیان بدرێت وەك پەناهەندەیەك بێنەوە لە کوردستان دانیشن ئەم داواکاریەی کۆمەنیستەکان بەرزکرایەوە بۆ سەرۆك بارزانی لە لایەن سەرۆك بارزانیەوە داواکاریەکەیان پەسند کرا ، ژمارەیەکی زۆر لە لێپرسراوانی شۆڕش و جەماوەری کوردستان ئەو پەسند کردنەی سەرۆك بارزانیان بەلاوە چاك نەبوو لەبەر ئەوەی کۆمەنیستەکانی بەشی لیژنەی مەرکەزی ئازارێکی زۆری ئەندامانی پارتی و دانیشتوانی شارەکانیان دابوو لە پاڵ دەسەڵاتە دیکتاتوریەتەکەی عەبدولکەریم قاسمەوە ، لەبەر ئەوەی سەرۆك بەرزانی بە بەرژەوەندی پارتی و شۆڕشی دەزانی پەنایان بدات مەکتەبی سیاسی پارتی بڕیاری لەسەر پەسەند کردنەکەی سەرۆك بارزانی داو کۆمەڵانی خەڵکیش بە دڵخۆشیەوە بڕیارەکەیان وەرگرت لە دوای پەسەند کردنی داواکاریەکەیان لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی پارتی کۆمەنیستی عێراق کە هەڵهاتبوون بۆ دەرەوەی وڵات گەڕانەوە بۆ کوردستان ژمارەیەکی زۆر لەو ئەندامانەیان کە لە ناو شارەکان خۆیانیان شاردبوەوە ڕۆیشتنە دەرەوەی شارەکان

هەموویان لە ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان جێگەیان بۆ دیاری کراو نیشتەجێ بوون هەموو پێداویستیەکی ژیانیان بۆ دابین کرا بە هۆی پارتی وسەرکردایەتی بارزانیەوە لە مردن رزگارکران لەبەر خۆشەویستی پارتی و سەرکردایەتی بارزانی لەلای جەماوەری کوردستان ئەو هەڵە و تاوانانەی پارتی کۆمەنیست کردبوویان دژی گەلی کورد هەمووی لە بیر چوونەوە لە ناو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا رێز و خۆشەویستی وبرایەتی سەوز بوو ، کۆمەنیستەکان لە دوای ئەوەی هاتنەوە سەرخۆ و لە کوردستانە جێگیربوون داواکاریەکی دیکەیان پێشکەش بە سەرکرادیەتی شۆڕش کرد لە داواکاریەکەیانە هەوڵیان دابوو ڕێگەیان پێ بدرێت دەست بکەنەوە بە جموجوڵی سیاسی بۆ دروست کردنەوەی ڕێکخستنەکانیان سەر لە نوێ لە عێراق بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی مەکتەبی سیاسی پارتی بڕیاریدا لەسەر داواکاریەکەیان ، پارتی توانی بە هۆی ڕێکخستنەکانی خۆیەوە لە ناو شارەکان و بە هۆی پێشمەرگەکانی ناوخۆوە دەستیان بگاتە ناو شارەکان بۆ ئەوەی بتوانن ئەندامەکانیان بدۆزنەوە و دەست بکەنەوە بە ڕێکخستن لە کاتی پەسەندکردنی داواکاریەکەیان پارتی

مەرجی ئەوەی بۆیان دانابوو لە هەڵسوکەوتی ڕێکخستن و کارەکانیان نابێ کارێك بکەن ببێتە هۆی نارەزای پارتی و سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان ئەو کارانەی دەیکەن تەنها بۆ ڕێکخستنەوەی ریزەکانی خۆیان دەبێت بە گوێرەی پەیڕەو پرۆگرامی تایبەتی خۆیان کار بکەن ئەگەر لەو قەوارەیە بچنە دەرەوە قەدەغە دەکرێن لە کارەکانیان لە دوای پەسەندکردنی هەردوو داواکاریەکەیان لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە بەیانێکیان دەرکرد و بەناو هەموو جەماوەری کوردستاندا بلاّویان کردەوە لە بەیانەکەدا دانیان نابوو بەرەوای ئەو مافانەدا کە شۆڕشی کوردستان لە پێناویدا دەجەنگی دانیان بەوە دانا کە شۆڕشی کوردستان شۆڕشی داواکاریەکانی گەلی کوردە و پارتی دیموکراتی کوردستان تاکە پێشرەوی گەلی کوردو شۆڕشەکەیەتی و بۆ مافە ڕەواکانی گەلی کورد تێدەکۆشێت ئەم بەیاننامەیەی کۆمەنیستەکان خۆی لە خۆییا گۆڕانکاریەکی تەواوی پیشاندا لە گوێرەی سیاسەت و بیروڕاکانی پێشویان و لە پێشدا ئامادەم بۆی کردووە کۆمەنیستەکانی بەشی لیژنەی مەرکەزی بوون هەتا رووخاندنی رژێمەکەی عەبدولکەریم قاسم بە توندی دژایەتی پارتی و شۆڕشی کوردستانیان

دەكرد ڕۆژنامەی ڕێگەی گەل زمانی بەشی لیژنەی مەركەزی (طريق الشعب) ڕۆژانە داوای لە عەبدولكەریم و دەستگەكانی دەكرد شۆڕشی كوردستان لە ناو بەرێت ، پارتیان بە كرێ گرتەی ئیمپریالیزمەكان دەدایە پێنووس ئەم گۆڕانكاریە نوێیە لە بیرو باوەڕو سیاسەتی كۆمەنیستەكان بوو بە هۆی ئەوەی پارتی و سەركردایەتی شۆڕش زیاتر دەستی یارمەتیان بۆ درێژ بكات لە هەموو لایەنێكەوە ، سەركردایەتی شۆڕش بڕیاریدا لەو جێگەیانەی خۆیان دەیانویست بارەگایان بۆ بكاتەوە ، ئامێری چاپ كردنی بۆیان دابین كرد بۆ ئەوەی خۆیان بتوانن بڵاوكراوەكانیان چاپ بكەن كادرەكانی پارتی كۆمەنیست بڵاوەیان پێكرا بە ناوچە ڕزگاركراوەكانی كوردستان بۆ پەیوەندی كردن بە ئەو كەسانەوە كە خۆیان بە كۆمەنیست دەزانی لە ناوچە ڕزگاركراوەكانی كوردستان كادرەكانیان هەر یەكی دوو پێشمەرگەی چەكداریان كردە هاوەڵ بۆ پارێزگاری كردنیان هەتاكو بتوانن سەر بەخۆ لە ناوچە ڕزگاركراوەكاندا بسوڕێنەوە لە دوای تێپەربوونی دوو سێ مانگ بەسەر ئەم باروودۆخەدا كۆمەنیستەكان داوایان كرد لە سەركردایەتی شۆڕش ژمارەیەك چەك و تەقەمەنیان بداتێ

بۆ پارێزگاری لە خۆیان و لە بنکەو کادرەکانیان ئەم داواکاریەش وەکو ئەوانی پێشوو پەسەند کرا سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاریدا ژمارەیەك چەك و تەقەمەنیان بداتێ بە گوێرەی پێویستیەکانیان توانرا بە هۆی ڕێکخستنەکانی پارتی و پێشمەرگەکانی ناوخۆوە ئەو ئامێری چاپ کردن و چەك و تەقەمەنیەکانی کۆمەنیستەکان کە لە ناو شارەکان شاردبوویانەوە بۆیان بگەیەنە ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان بەم شێوەیەی باسمان کرد کۆمەنیستەکان توانیان جارێکی دیکە جوولانەوەیان دەست پێبکەنەوە ڕێکخستنەکانیان بوژایەوە لە کوردستان و لە هەموو عێراق پارتی هەر بەمە نەوەستا بۆ یارمەتی پارتی کۆمەنیست ئەندامەکانیانی پڕ چەك کردو کردیانی بە پێشمەرگە و لە شۆڕشدا بەشداریانی کرد و بەرەی تایبەتی بۆیان دیاری کرد هەتاکو بتوانن بەرامبەر دوژمن هاوبەش بجەنگێن بەسەرپەرشتی لێپرسراوەکانی خۆیان ئەم هەنگاوە بەرزە پیرۆزەی پارتی و سەرکردایەتی بارزانی کە نواندی بەرامبەر بە پارتی کۆمەنست خۆی لە خۆیدا ناخی پارتی دەرخست بۆ هەموو گەلی عێراق بە گشتی وگەلی کوردستان بە تایبەتی وە بە پێنووسێکی زێڕین لە مێژووی خۆیدا تۆماری کرد کە

هەڵگری ئالآی دیموکراتی وئاشتی و برایەتی و لێبوردنە ، رووخاندنی رژێمی عەبدولکەریم قاسم و ئەو گۆڕانکارییە نوێیە لە عێراق تا ڕادەیەك دڵخۆشی گەلی کوردی تێدا هەبوو هەرچەندە هێشتا ئاشکرا نەبوو ئەو کاربەدەستانەی بە نوێی دەسەڵاتیان بە دەست گرتووە لە بەغدا رایان چۆن دەبێ بەرامبەر بە گەلی کوردو شۆڕشەکەی ئێمەی کورد دەمانزانی دوژمنێکی زۆر گەورە و دڕندەمان لە کۆڵەوەبووە پێش رووخاندنی رژێمەکەی عەبدولکەریم قاسم بە ماوەیەکی کەم نزیك بوونەوەیەك لە نێوان پارتی و بەعسییەکان لە بەغدا دروست بوو لەبەر ئەوەی هەر دوو لا خۆیان بە دوژمنی رژێم دەزانی دوو سێ جار کۆبونەوەی تایبەت لە نێوان هەردوو لایان گرێ درابوو لە دوای ئەو کۆبونەوانە قوتابیانی زانکۆکان کەسەر بە هەردوو لا بوون بە هاوبەشی لە دوو سێ خۆ پیشاندان بە هاوبەشی بەشداریان تێدا کردبوو لە دژی رژێمەکەی عەبدولکەریم وەك یەك بەرە دروشمەکانیان بەرزکردبوەوە لە دوای تێپەربوونی دوو هەفتە بە سەر کودەتاکەیان بەعسییەکان داواکاریەکیان بە ناوی (مجلس قیادة الثورة)وە پێشکەش بە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانیان کرد لە داواکاریەکەیان بانگهێشی نوێنەرانی

شۆڕشی کوردستانیان کردبوو سەردانی بەغدا بکەن بۆ مەبەستی وتوویژکردن لەسەر کێشەی کورد ، وەفدێك بە ناوی سەرکردایەتی شۆڕشەوە بە سەرۆکایەتی (مام جەلال تاڵەبانی) سەردانی بەغدایان کرد گەلی کورد زۆر بە هیواو دڵخۆشیەوە سەیری ئەو باروودۆخەی دەکرد هاتووچۆی نوێنەرانی شۆڕش بۆ بەغدا ماوەی سێ مانگی خایاند بێ ئەوەی بە هیچ ئەنجامێك بگەن لە کاتی گفتوگۆ کردندا بۆ وەفدەکەمان دەرکەوتبوو مەبەستی بەعسییەکان تەنها لە پێناوی ئەوە دابوو جێ پێی خۆیان لە بەغدا بکەنەوە رژێم بە تەواوی بگرنە دەست و سوپاکەیان رێك بخەنەوە ئامادەی بکەن بۆ گیان گەلی کوردو شۆڕشەکەی ئەو هیوایەی عەبدولکەریم قاسمی دوژمنیان هەیبوو هەر بۆ ئەمان بهێننە دی ئەم ڕاستیە لە دوای دوو سێ مانگ هاتووچۆکردنی نوێنەرانی کورد بۆ بەغدا وە دەرکەوت پارتی بە بەیانێك کۆمەلانی خەلکی کوردستانی ئاگادارکردەوە کە بەعسییەکان ئەم داوایانەیان هەیە لە سەرکردایەتی شۆڕش:

١-هێزەکانی پێشمەرگە بە بێ هیچ مەرجێك بە چەکەکانیانەوە خۆیان بدەن بە دەست سوپای عێراق و بەعسییەکانەوە .

٢-سوپای میری بگەڕێتەوە بۆ ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان .

٣-دائرەو دەسگاکانی میری بگەڕێنەوە جێگای خۆیان .

٤-ئیستگەی دەنگی کوردستان و چەکە قورسەکانی هێزەکانی پێشمەرگە بدرێن بە میری .

لە دوای جێ بە جێ کردنی ئەو چوار خاڵە لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە ئەو کاتە میری ئەگەر بە بەرژەوەندی عیراقی زانی دەسەڵاتی لا مەرکەزی دەدات بە کورد ئەوەی شایانی باسە ئەو وتوو وێژانە دەکران لە نێوان وەفدی کوردستان و میری عێراقدا هەمووی سەرزارەکی و سەرپای ئەنجام دەدرا وەك پێویست نە دەخرایە سەرکاغەزو بڕیاری لەسەر بدرێت کاتێك ئەم ڕاستیانە بۆ خەڵکی کوردستان بە تایبەتی خەڵکی شاری کەرکوك ڕوونەوە بوون لە کاتی هاتووچۆی وەفدەکەماندا بۆ بەغدا دانیشتوانی دەرژانە سەر شەقامەکانی شار ئەم دروشمەیان دەخوێندەوە

(مام جەلال پامان تەزی نامانەوێت لا مەرکەزی )

بەعسییەکان هەر لە سەرەتای بەرپابوونی کودەتاکەیانەوە دەستیان کرد بە دروست کردنی چەکداری عەرەب بە ناوی (الحرس القومی) پاسەوانی نەتەوەی عەرەب بە پێی

باروودۆخی ناوچەکان و بە هەڵخەڵەتاندن و بە ترس و تۆقاندنی خەڵك توانیان ژمارەیەك لە میللەتی کوردیش تێکەڵاوی ئەو چینە گلاوە بکەن ، لە دوای سەرنەگرتنی وتوو وێژەکانی وەفدەکەی کوردستان و میری چەکدارە عەرەبەکان هەر بەو ناوەوە پەرەیان سەندو زۆربوون بەعسییەکان بارەگا و ئۆردووگای تایبەتیان بۆیان دروست کرد بۆ راهێنان و مەشقی سەربازی و فێربوونیان لەسەر چەکی سووك ومامناوەندی شەیتانە فێڵ بازەکانی ئەو سەردەمە توانیان ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان لە خشتە بەرن و چەکداریان بەکەن و مەشقی سەربازیان پێبکەن و لە دواتریدا بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بە کاریان بهێنن بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی ئەم ڕاستییە بڕوانە کتێبی (الحرس اللاقومی) لە دوای ڕووخانی رژێمی بەعسییەکان داموودەسگای عەبدلسەلام عارف لە چاپیان داو بڵاویان کردەوە ، بە بەڵگەی ئاشکراو بە وێنەو (وثائق) ئەو ڕاستیانەیان ڕوون کردووەتەوە ، کردەوە دڕندانەکانی بە تەواوی هەڵماڵیوە و بە چاکی پەردەی لەسەریان لاداوە بەعسییەکان ئەو سەرۆك (چەکدارە) کوردانەیان کۆ کردەوە کە لەکاتی عەبدولکەریم قاسم لە دژی شۆڕشی کوردستان

چەکی خیانەتیان هەڵگرتبوو بە تایبەتی ئەوانەی دەستیان بە خوێنی گەلی کورد سوور ببوو هەموویانیان کۆکردەوە سەر لە نویێ ڕێکیانیان خستەوە ژمارەیانیان زۆرتر کرد چەك و تەقەمەنی نوێیان بەسەریاندا دابەش کرد ناویانیان نا (فرسان صلاح الدین الایوبی) بە ناو ئەو چەکدارە کوردانە لێپرسراوی سیاسی و عەسکەری عەرەبیان بلاوکردەوە رۆژانە کۆڕو کۆبونەوەی تایبەتیان دەکرد بۆ سڕینەوەی بیری نەتوایەتی لە گیانیاندا کردنیان بە دوژمنی گەلی کوردو شۆڕشی کوردستان هەموو رۆژێك بەسەدان پرۆپاگەندەیان لە رۆژنامە و گۆڤار و بلاوکراوە تایبەتیەکانیاناندا بلاو دەکردەوە دژ بە گەلی کوردو شۆڕشی کوردستان بەعسییەکان هەوڵێکی زۆریاندا بۆ ئامادەکردن و تەیارکردنی سوپاکەیان لەلایەن پڕ چەك کردن و راهێنان و مەشقی سەربازیەوە ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرەکانی سوپای عێراق نێردرانە دەرەوەی وڵات بۆ فێربوونی شەڕی پارتی زانی و مەشقی سەربازی ، هەروەها سوودیان لە ژمارەیەك پسپۆری سەربازی وەرگرت کە لە دەرەوەی وڵات و دەوڵەتە عەرەبەکانەوە هێنابویان بە تایبەتی لە بارەی بەکارهێنانی فرۆکە و تۆپە قورسەکانەوە لەم بارەیەوە زۆر سوودیان لە

پسپۆڕەکانی یەکێتی سۆڤێت و دەوڵەتی میسر و جزائر و یەمەن و هەندستان و پاکستان و تورکیا و ئێران و سوریا وەرگرت ، بەعسییەکان توانیان پارتەکەیان بە زۆر بسەپێنن بەسەر سوپاکەیاندا بە شێوەیەکی گشتی فەرماندەو ئەفسەرو سەربازەکانیان لە ریزەکانی پارتەکەیاندا ناو نووس کردو ڕێکیانیان خست لە هەموو سەربازگەیەکدا ئەفسەرێکی بەعسییان دانە بە ئەفسەری ڕابەری رامیاری (ضابط التوجيه السياسي) ئەو ئەفسەرەی ئەم پلەیەی پێبدرایە دەسەلاتی بەسەر هەموو سەربازگەکەدا هەبوو ئەگەر پلەی سەربازیشی نزم بوایە بەعسییەکان لەو باروودۆخەیان بە هەزاران بلاوکراوەی سیاسی وپڕوپاگەندەی نالەباریان لە ناو سوپاکەیاندا بلاودەکردەوە دژ بە گەلی کوردو شۆڕشەکەی زۆر هەوڵیان دەدا بۆ ئەوەی دلْ ڕەش و رق وکینە لە ناخیانە دروست بکەن دژ بە گەلی کوردو شۆڕشە رەواکەی ، بە ئەو پەڕی دلْ ڕەشیەوە هەوڵیان دەدا دوژمنایەتی ڕاستەقینە لە نێوان گەلی کوردو عەرەبا دروست بکەن ، بۆ ئەوەی زیاتر ڕێگە خۆش بکەن بۆ خۆیان هەتا بتوانن زیاتر بۆ لەناوبردنی گەلی کورد هەولْ بدەن چونکی بەعسییەکان بڕیاریان دابوو ناوی گەلی کورد وخاکی

کوردستان لەسەر لاپەڕەی مێژوو بسڕنەوە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە ئەم نموونەیە باس دەکەم بەعسییەکان توانیبوویان ژمارەیەك لە پیاوانی ئاینی لە کورد و عەرەب رازی بکەن لە ڕێگەی پلەو پارە پێدان و ترسان وتۆقاندنەوە بۆ ئەوەی فەتوایەك دەربکەن کوشتنی کوردو تالآن کردنی ماڵی کورد بۆ بەعسییەکان و بۆ هەموو کەسێك حەڵاڵ بکەن لەبەر ئەوەی کورد لە ڕێگەی قورئان و ئیسلامیەت دەرچوونەو بە هەڵگەڕاوە لە قەڵەم بدرێن هەموو گەلی کورد قەڵاچۆ بکرێت ، ئەوەی شایانی باسە قاسمیەکان بە هەڵەشەی و سەرە رۆی خۆیان هەوڵی کۆتایی هێنانی گەلی کوردیان دەدا ، بەعسییەکان لەم بارەیەوە زۆر بە رێگایەکی شەیتانانە ترو فێڵبازیەوە بیریان دەکردەوە هەموو هەوڵ و کۆششەکانیان خستبووە گڕ هەتا بتوانن لە ڕێگای ئاین و پیاوە ئاینیەکانەوە دەستی خۆیان بووەشێنن گەلی کوردو شۆڕشەکەی لە ناوبەرن ئەو پیاوە بە ناو ئاینیەکانی کوردستان و عێراق کە بۆیان هەڵخەڵەتابوون ژمارەیەکیان فەتوایەکیان نووسیبووەوە بۆ جێ بە جێ کردنی مەبەستی گەلاوی بەعسییەکان ئیمزاو مۆریان کردبوو بۆ پەسەندکردنی فەتواکەیان سەردانی مەرجەعی ئاینی

گەورەی شیعەکانی عێراقیان کرد ئەو کاتە خوالێخۆشبوو (سەید موحسن الحکیم) بوو لە شاری (نەجف)ی ئەشرەف فەتوەکەیان لە پێش داناو داوایان لێی کرد ئەویش وەك ئەو خاوەن ئیمزاو مۆرانە پەسەندو مۆری بکات وبڕیاری قەڵاچۆکردنی گەلی کورد بدات وەڵامی (سەید موحسن الحکیم) بۆ ئەو پیاوە بە ناو ئاینیانەو بۆ کاربەدەستانی بەعسی بەم شێوەی لای خوارەوە بوو :

بە گوێرەی فەرموودەکانی خوداو ووتەکانی پێغەمبەرو بەگوێرەی پەیڕەوی ئیسلامی پیرۆز گیان و ماڵ و ناموس برای موسڵمان بۆ برای موسڵمان حەرامە گەلی کورد موسڵمانە و برای ئێوەن ئەگەر هەر کەسێ لە ئێوە هێرش بکاتە سەریان بۆ کوشتنیان بۆ ماڵیان بۆ ناموسیان ئەو کەسانەی لە ئەوان دەکوژرێت گیانی دەڕوات بۆ بەهەشت و بە شەهید دەژمێردرێت لە ئاینی ئیسلام لەبەر ئەوەی ئەوان پارێزگاری لە گیان وماڵ و شەرەفی خۆیان دەکەن کوژراوەکانی ئێوەیش گیانیان دەڕوات بۆ (دۆزەخ و جەهەنەم لەبەر ئەوەی ئێوە هێرش دەکەنە سەریان ودەیان کوژن و چاوتان بریوەتە ماڵ و ناموسیان) بەم شێوەیە سەرۆکی پیاوە ئاینیەکانی شیعەکان وەڵامی پیاوە بە ناو

ئاینەکانی عێراق دایەوە دەمی هەمووانی کرد بە (تەڵەی تەقیوو) هەموویانی بە دەستی بە تاڵ و بە ڕووی ڕەشەوە گەڕانەوە بۆ لای سەرکردەکانی بەعس ئەو هەنگاوە بەرزو پیرۆزەی ئەو پیاوە گەورەو خودا پەرستە ڕاستەقینەیە بوو بە هۆی دڵخۆش و جێگای رەزامەندی گەلی کورد لەبەر ئەو هەنگاوە پیرۆزەی (سەید موحسن) هەموو کاتێك سەرۆك بارزانی لە زۆربەی کۆبوونەوەو دانیشتنەکانیدا ئەو هەنگاوە پیرۆزەی زۆر دەنرخاندو دەیگێڕایەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەی فەرموو (ئەم پیاوە گەورە ئاینیە بە ڕاستی ئەمانەتی سەرشانی خۆی بە جێ هێنا لە هەمان کاتدا مێژوویەکی گەورەی بۆ خۆی تۆمارکرد و گەلی کوردی لە خۆی رازی کرد تا بێ مێژووی گەلی کورد ئەو هەنگاوە پیرۆزەی لە بیر بچێتەوە) ئەوە بوو لە دوای تێپەڕبوونی دوو مانگ بەسەر بەیانی (ئازاری پیرۆزدا سەرۆك بارزانی سەردانێکی تایبەتی بنەماڵەی ( ئیمام سەید موحسن الحەکیم)ی کرد سوپاسی گەلی کوردو شۆڕشی کوردستانی بە بنەماڵەکەیان ڕاگەیاند بە بۆنەی ئەو هەڵوێستە مەزنەیانەوە کە بۆ گەلی کورد دەریان بڕی بوو لە هەمان کاتا سەردانی ژمارەیەك لە بنەماڵەی گەورە پیاوانی باشووری

عێراقی کرد وەك بنەماڵەی (شێخ خوام الفرهود) لە قەزای (الرمیثة) پارێزگای (السماوە) هەروەها بنەماڵەی (الشێخ شەعلان بن جۆن) خاوەنی شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠ لە ( رمیثة ) هەر یەکێ لەو بنەماڵانە ژمارەی حەوت تفەنگی بڕنەوی دار شووشەی بە دیاری پێشکەش کرد پێیان لە مێوانخانەکەی (عدنانی کوڕی خوام)دا بڕنەوە یادگاریەکانی سەرۆك بارزانی هەڵواسرابوون بە چاوی خۆم بینیانم لە دوای کۆتایی هاتنی شۆڕشی ئەیلول و دەست بەسەر کردنم لەلایەن میریەوە لە خوارووی عێراقدا ئەو سەردانەی سەرۆك بارزانی لەوکاتەدا بایەخێکی زۆر گرنگی هەبوو بۆ گەلی کوردو شۆڕشی کوردستان .

لە دوای ئەوەی بەعسییەکان دڵنیابوون لە ئەوەی کە ئیتر ناتوانن بە ناوی ئاینی ئیسلامەوە و لە ڕێگای پیاوە لە ئاین دەرچوەکانەوە دژایەتی گەلی کورد بکەن بۆیە بڕیاریان دابو تەنها لە ڕێگای ئاگرو ئاسنەوە مامەڵەی لە تەکدا بکەن بەعسییەکان هەموو هێزو دەسەڵات و دەسگای پڕۆپاگەندەکانیان تەیارو ئامادەکرد بە بیرو باوەڕو گیانێکی ژهراویەوە بۆ هێرشکردنە سەر گەلی کوردو شۆڕشەکەی ئەگەر هەر کەسێك بە چاوێکی ژیرانەوە بیڕوانایە

جموجوڵەکانیان زۆر بە چاکی بۆی دەردەکەوت ئەم بەعسییانە تەنها بۆ (قڕ)کردنی گەلی کورد هاتوونەتە سەر دەسەلات لە عێراقدا وتوو وێژەکانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و بەعسییەکان کە بە نیوە چڵی ئەنجام دەدرا کۆتایی پێهات لە رۆژی ١٩٦٣/٥/٢٨ لقی سلێمانی بە بەیانێك ئینزاری بە میریدا کە هەڵە نەکات هێزەکانی میری لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانەوە لە رۆژی ١٩٦٣/٦/٦دەستیان کرد بە هێرش کردن بۆ سەر ناوچە رزگار کراوەکانی کوردستان بەعسییەکان زۆر بەچاکی گوێی حەڵقە لە گوێیەکانی خۆیانیان ڕاکێشا بوو تەمیەیانیان کردبوو ئەمجارە کارێك بکەن بۆ کوشتن و تالآن کردنی گەلی کورد ئەوەی عەبدولکەریم قاسم و دەسگاکانی کردیان لە چاو ئەمجارەدا (هەنگوێن و شەکەر) بێت گەورەترینی هێرشیان لە ناوچەی کەرکوك کە دەستیان پێکرد لە کەرکوکەوە هێرشیان کرد بۆ ناوچەی شوان و شێخ بزێنی یەکەم ئاوایی کە دەکەوتە سەر ڕێگایان ئاوایی (حەسار وەلی پاشای) و گوندەکانی دەوروبەری بوو ئەم ئاواییانە دەکەونە سەر ڕێگای کەرکوك پردێ دەوروبەری ئاوایەکان ڕاستای و دەشتییە بە هیچ جۆرێك مرۆڤ نا توانێت لەم جێگایەدا بەر بەرەکانی تانگ و

تۆپ و فرۆکە بکات دانیشتوانی ئاوایەکان هەموویان جووتیاری ڕەش و رووتی کورد بوون هێزەکانی میری گەمارۆی ئاواییەکەیانیان دەدا هەموو دانیشتوانی ئاوایەکانیان بە زۆری لێدان و قامچی لە دەرەوەی ئاوایەکەدا کۆدەکردەوە لەناو دانیشتوانی ئاوایەکان ژمارەیەك ڕۆڵەی لاوی جوان و لێهاتوویان لە دانیشتوانەکەیان جیا دەکردەوە لە پێش چاوی خەڵکی ئاوایەکەدا دەست و چاویانیان دەبەستەوە ئامادە دەکران بۆ کوشتن لە پێش چاوی ئەفسەرو فەرماندەکانی سوپاکە ئامادە دەکران زۆربەی سەربازە (پێست ئەسمەرو دڵ ڕەش و پۆستاڵ ڕەشەکان) پۆل پۆل دەچوونە پێش چاوی فەرماندە تاونبارکانیان دوایان لێیان دەکرد کە ڕێگایان بدەن ئەو هەژارو بێ دەسەڵاتانە بکوژن لە پێش فەرماندەکانیان دەوەستان و دەیان گووت (سیدی اني أكدر أقتل سبعة منهم بطلقة واحدة أو برصاصة واحدة) یەکێکی دیکەیان خۆی ئامادە دەکردو چەکەکەی بەرزدەکردەوە دەیگووت (سیدی آنی أنا أكدر أقتل كلهم بصلية واحدة) ئەم هەموو دڵسۆزی دەربڕینەی سەربازەکانی بەعسی کە دەریان دەبڕی لە پێش چاوی سەرکردە تاوانبارەکانیان هەمووی تەنها لە پێناوی بە

دەست هێنانی ئافەرینێك بوو یان بۆ بە دەست هێنانی دوو سێ رۆژ مۆڵەت دابوو ئەو ڕۆڵە کوردە بێ تاوانانە هەر لەبەردەم کەسو کارەکانیاندا درانە بەر شێلگە و لێزمەی گولە باران هەموویان هەر لەو جێگایەدا شەهیدکران ژمارەیان (٢٤) گەنجی خوێن گەرمی کورد بوون تەنها یەك لاوێك بە برینداری مایەوە شەهید نەبو ناوی (محەمەد) بوو گولەیەك بەر ڕانی کەوتبوو لە نێو شەهیدەکاندا مایەوە بە برینداری ، هێزەکەی میری لە دوای ئەنجامدانی ئەو تاوانە گەورەیە ئاوایەکانی بە گشتی سووتان و ماڵەکانیانی بە تاڵان برد دووبارە ڕوویان دەکردە ئاوایەکی تر بۆ ئەنجامدانی تاوانە گەورەکانیان ئەم ڕووداوە ئێستا نووسیمەتەوە (محەمەد) لاوێکی خەڵکی حەسار بۆمی گێڕایەوە کاتێ بە برینداری هێنابوویان بۆ چارەسەرکردنی برینەکەی لە بنکەی (خاڵخاڵان ) لە ئاوایی (کارێزە) ئەو کاتە چاوم پێی کەوت تەمەنی ١٥-١٦ ساڵ دەبوو ئەم ڕووداوانە لە رۆژەکانی سەرەتای مانگی حوزەیران کۆتایی تەموز ساڵی ١٩٦٣ رویانداوەو هەروەکو لە سەرەتاوە ڕوونکراوەتەوە دانیشتوانی ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان زۆربەی زۆریان ئاوایەکانی خۆیانیان چۆڵ کردبوو هەموویان ڕوویان

کردبوو لە ئەشکەوت و چەموو دۆڵو نشێوەکانی دەوروبەری ئاوایەکانی خۆیان لەو جێگایانەدا حەشارگەو ژێر زەوی و بنکەیان بۆ خێزانەکانیان دروست کردبوو بۆ ئەوەی خۆیان لە بۆردوومان کردنی فرۆکەکانی میری بپارێزن ئەو شتەیان لە دەرەوە بۆ ئاژەڵ و شوانەکانیان بوون لە رۆژی ١٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٣ لە ئاوایی (ئۆمەر مەندان) بووم لەلای ئەو خەڵکانەی لە ترسی فرۆکەکانی بەعس لە دەرەوەی ئاوایەکانیان خۆیانیان حەشاردابوو لەو کاتەدا ژمارەیەك فرۆکە هاتنە سەر ئاسمانی ناوچەکە زۆر بەخەستی بۆردوومانی ران و ئاژەڵەکانی ناوچەکەیان کرد لە ئەنجامدا زیانێکی زۆریان گەیاندە ئاژەڵەکانی (حاج عومەر) دانیشتوی ئاوای (ئۆمەرمەندان) ژمارەی (٣٠٠) سەر مەڕیان کوشت و بریندار کرد فرۆکەکان هەر بەمە نەوەستان ئاوایەکانی دەوروبەری بنکەی خاڵخاڵانیان بۆردوومان کرد بە تایبەتی ئاوایی (کلرێزە ترکمان باخ تەرقە دوو شیوان ، ناصر ومصر )وە چەند ئاوایەکی دیکە زیانێکی زۆریاندا لە ماڵ و ئاژەڵی ئاوایەکان ژمارەی (١٥٠٠) سەر ئاژەڵی گەورە و بچووکیان کوشت دووشیوان لە ئاوایی ئۆمەرمەندان ودوو شوان بە سەختی بریندار کرد بە ناوی محەمەد و عەبدوللا

(١٥)ولآخی بەرزەو گوێدرێژ کوژران هەر لەو رۆژەدا ژمارەی (٥٠)بەنجا سەر گاو گۆتاڵیان کوشت ، ژماردنی ئەو زیانانەی کە لە سەرەوە نووسراوە خۆم هەڵساوم بە نووسین و تۆمارکردنیان لەبەر ئەوەی لەوکاتەدا لێپرسراو و کادری ئەم ناوچانە بووم میری بەعسی لە رۆژی ١٩٦٣/١١/١ هێرش دەستپێکرد بۆ چەمی رێزان لە ١٩٦٣/١١/٧ چەم گیرا .

# هەڵوێست و سەرنجێك بۆ ئەو كارەساتانە !!!

مێژوومان شایەتی گەلەکەمانە کە هەمیشە گەلێکی ئاشتی خوازو شەڕ نەویست بووینە بەڵگەمانیش بۆ ئەم ڕاستیانەمان ئەوەیە لە کاتی گەورەترین دەسەڵاتداریماندا خاوەنی (ئەمبراتۆریەتی) میدیا بووین کە لەو کاتەدا کە گەورەترین دەسەڵاتداری بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوە ڕاستا بە هیچ شێوەیەك نەمان ویستووە دەستی داگیرکاری و کاول کاری و کوشتنی ئادەمیزاد بۆ هیچ وڵاتێك درێژ بکەین هەر کاتێك کەوتبینە مەترسییەوە بەرامبەر بە دوژمنی داگیرکەر بۆ پارێزگاری کردن لە شەرەف و کەرامەتی خۆمان دەستمان داوەتە چەك بە نێرو مێوە ، بە هەر نرخێك بێت دوژمنەکانی خۆمانمان بەزاندووە بەڵگەیشمان بۆ ئەم ڕاستیە ڕووخاندنی دەوڵەتە گەورەکەی ئاشووریەکانە لە شاری (نینوی) شاری موسڵی ئێستا لە ساڵی ١١٢ پیش زایینی هۆسەرەکیەکەی ئەم پەلامارەیش دەگەڕایەوە بۆ سزادان و ئەشکەنجەی گەلەکەمان بە دەستی ئاشووریەکان وەك لە زۆر لە نووسراوەکانی خۆیاندا نووسراوە زۆر جار بە سوپاو بە هێزەوە ڕوویان دەکردە وڵاتەکەمان و داگیریان دەکرد ئازارو

ئەشکەنجەی زۆریان بە گەلەکەمان و گەلانی ناوچەکە دەگەیاند لەبەر ئەوە ناچار بووین بۆ رزگارکردنی خۆمان و گەلانی دیکەی ناوچەکەمان بەو کارە پیرۆزە هەڵسین ئەو جەنگە گەورانەی لە سنووری وڵاتەکەمان و لە دەربەندی بازیان و لە جێگا سەرەکیەکانی دیکەی ناوچەکەماندا کە بەرامبەر بێگانە و داگیرکەران ڕوویداوە شایەتی ئەوەن ئێمە بە بێ هۆ پەلاماری هیچ گەلێکمان نەداوە داگیرکەران شەڕیان بە گەل و نیشتیمانەکەمان فرۆشتووە هەر لە کاتی ئاشورییەکانەوە هەتاکو ئەکەدییەکان و تورکەکان و عوسمانیەکان و لە دوای ئەوان ئینگلیزە داگیرکەرەکانی ساڵی ١٩١٩ز لە دوای ئەمانەیش عەبدولکەریم قاسم و بەعسییە خوێن رێژو بە کۆمەڵ کوژەکانی کورد ئەمانە هەمووی شایەتی ئێمەن و بەڵگەی ڕوونن هەمیشە دوژمنان شەڕیان بە کورد فرۆشتووە و هێرشیان کردووەتە سەری گەلی، کوردیش تەنها پارێزگاری لە خۆی و خاك و نیشتمانەکەی کردووە ئەوەی لێرەدا پێویستە ئێستا ئامارەی بۆ بکرێت ئەوەیە لە دوای ئەوەی خاکی کوردستان و گەلەکەی لە لایەن دەوڵەتە داگیرکەرو زل خۆکانی جیهانەوە داگیرکراو دابەشییان کرد بەم شێوەیەی کە ئێستا

دەبینین کە هەر بەشێکیان لکان بەوڵاتێکی دەرهاوسێی گەلەکەمانەوە کردیان بە چوار کەرت و بەچوار بەشەوە بەشی کوردستانی خواروو کە ئێستا پێی دەگووترێت (کوردستانی عێراق) لە دوای وەرگرتنەوەی دەسەڵات لە ئیدارەی شێخ محەمود حەفیید لە بەرواری ٢٦ کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٣ خستیانە سەر عێراق بەم شێوەیە خاکی کوردستان دابەشکرا لە رۆژی داگیرکردن و دابەش کردنی خاکی کوردستانەوە هەتاکو ئەمڕۆ بە هیچ جۆرێك حسابیان بۆ گەلی کورد نەکردووە ، لەو رۆژەوە هەتا ئەمڕۆ ئەوەی کورد داوای دەکات هەر ئەوە بووە بە چاوی مرۆڤایەتیەوە بۆی بڕوانرێت ئەو مافانەی ئادەمیزاد هەیەتی و مافی خۆیەتی داوای بکات کوردیش بێبەش نەبێت سەرەڕای ئەم هەموو ڕاستیانە بە پێش چاوی هەموو جیهانەوە بە پێش چاوی ئەو کەسانەوە کە ئێستایش خۆیان بە خاوەنی گەلان دەزانن و پارێزگاری لە مافی گەلان دەکەن بریتین لە دەسگای (أمم المتحدة و عصبة الأمم)و وڵاتانی ئاشتی خوازو پاڵپشتەکانی مافەکانی مرۆڤ بە هەزاران کورد لە کوردستانە بە زندوویی و بە کۆمەڵ (زندە بە چاڵ)کران بە هەزاران ئافرەت و مناڵی کورد بە هۆی بۆمب

بارانی فرۆکەوە بە بۆمبای ( ناپاڵم ) کە لە گێتیدا قەدەغەکراوە پارچە پارچە کران و سووتێنران بە سەدان هەزار خانوو و ماڵی کورد بەسەر خاوەنەکەیدا سووتاو ڕووخێنرا بە خێزان و بە ماڵەوە بوون بە خۆڵەمێش و زووخاڵ ، بە هیچ جۆرێك کەس بە هاوارمانەوە نەهات کەس لە سەرمان بەوەڵام نەهات نە لە ناوخۆ و نە لە وولاتەکەی خۆماندا و یان لە وڵاتانی دەرەوەدا ئەو مامۆستا بەناو ئاینیانەی کە ئێستا فرمێسکی (تیمساحاوی) دەرێژن بۆ هەندێك جێگا لە ناو خۆو دەرەوەی وڵاتا بۆ ئێمەی ئەشکەنجە دراوی کورد ئەوەیانیش نەکردوو هەر بەیادیاندا نەهات دوور نییە ئێستاو ئەوسا هەر هاودەم و هاوبەشی ئەشکەنجە دەرانی کورد بوونەو هەر لەسەر ئەو ڕێگایە دەرۆن ئەو هەموو شەهیدانەی کوردستان بە پیاو بە ژن و بە منالانی ساواوە کوژران تاوانیان هەر ئەوە بوو کوردن ئەو هەزاران ئاوایی و مالانە بە شۆفەڵ و بلدۆزەر و بە چاوگەی ئاگری دەستی جەندرمەکانی میری ڕووخێنران و سووتان لەبەر ئەوە بوو نیشتمان و ماڵی کورد بوون بە هەزاران سەر ئاژەڵ و بە هەزاران هەکتار کێڵگەو بە بەروبوومی جووتیارانی کوردستانیان سووتان لە پێناوی ئەوەدا کە

ماڵی کوردن و کورد سوودیان لێوەر دەگرێت نازانم دوژمنانی کورد ئەم یاسا گەڵاوەیان لە کوێ بۆ خۆیان دروست کردووە بەم شێوەیە خوێنی کوردو ماڵی کوردیان بۆ خۆیان حەڵاڵ کردووە یاسادانەری ئەوان تەنها شەیتانەو ئەوانیش شوێنی پێی شەیتان کەوتوونە سەرەڕای ئەو هەموو کوشتن و ماڵ وێرانکاریە کە بەسەر کوردیانە هێنا گەلی کورد هەتا ئێستا لە ڕێبازی ڕاستەقینەی خۆی لای نەداوە تەنها داوای ئەو مافانە دەکات کە یەزدان پێی بەخشیوە و ئێستا داگیرکەران زەوتیان کردوە ئەو مافانە ئەوەیە کە کورد لە خاك و نیشتمانەکەی خۆیدا سەربەخۆ بژێت بە زمانی زکماکی خۆی کە یەزدان پێی بەخشیوە مامەڵە لەتەك خەڵکا بکات شان بە شانی مرۆڤانی جیهان وڵاتەکەی خۆی بەرەو پێشکەوتن بەرێت دەستی یارمەتی و پیاوەتی بۆ وڵاتانی لێقەوماوان و هەژاران درێژ بکات .

بیرو باوەڕمان بە هێزەو پتەو

هەر خەبات دەکەین بە رۆژو بەشەو

گشتمان بێ ووچان تێکۆشانمانە

بۆ سەربەرزی کوردو کوردستانمانە

کورد بە هەزاران شەهیدی داوە

ساتێك دای نەنا ئاڵاکەی کاوە

هەتا دەسێنین مافی ڕەوامان

بەرزە دروشم و ئاڵای خەباتمان

هەتایەك کەسێك لە کورد بمێنێ

ئاڵای کوردستان هەر بەرز دەمێنێ

دوژمن دۆڕاوە خەیاڵیان خاوە

ئاڵای سەربەستی بە خوێن نووسراوە

ئەمڕۆ گەلی کورد شێرو پڵنگە

دوژمن لە پێش کوردکەی راوەستاوە

با کلکی ( تێشوو ) لە دارنەبوایە

کەس هەبوو داری بەڕووی بېڕیایە

ئەگەر کەمێك بگەڕێنەوە بۆ لای باروودۆخەکەی کوردستان بۆ سەیرکردنی تاوانەکانی میری کە بەردەوام بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجامیاندەدا میری هەموو ئاوایەکانی ناوچەی شوان و شێخ بزێنی سووتان ئەو ئاوایانەیی کەوتنە ژێر دەستی سەربازو چەکدارە کوردەکانەوە بە چاوگەی ئاگرو بە بەنزین و بە نەوت گڕیان لێیان بەردا ، ئەو ئاوایانەی کەوتبوونە ناوچە رزگارکراوەکانەوە دەستی میریان پێ نەگەیشت بە فرۆکە بە بۆمبای (تی ئین تی) بە بۆمبای

(ناپاڵم) هەموویان سووتێنران و کاولکران زۆربەی ئاوایەکانی ناوچەی گەرمیان کە لە ژێر دەسەڵاتی میریدا بوون ئاوایەکانیان (٧) جار سووتێنران و دیسان لەلایەن دانیشتوانەکانیانەوە ئاوەدان کرانەوە ئەم بارووودۆخە بەردەوام بوو هەتا کاتی (ئەنفال)ە بەد ناوەکەی صەدام حوسێن خوێن مژوو خوێن ڕێژو بە کۆمەڵ کوژ هەموو کوردستانی بە یەکجار وێرانە و کاول کرد ١٨٢ هەزاری بێ سەر وشوێن و ئەنفال کرد نموونەی یەکێك لەو ئاوایانەی دەشتی گەرمیان ئاوای (نەورۆز)ە سەر بە ناحیەی قادر کەرم شاری کەرکوکی خۆشەویست (٧) جار لەلایەن میریەوە سووتێنراوە سەر لە نوێ لەلایەن دانیشتوانەکەیەوە نوێ کراوەتەوە تاوانەکانی کاربەدەستانی یەك لە دوای یەك هاتووی ڕژێمەکانی عێراق هەر چەندە تۆمار بکرێت بەسەدان پەڕاو پەرتووك ناتوانرێت بنووسرێنەوە ، لە ساڵی ١٩٦٣ بەکاری شۆڕش و پارتی سەردانی ئاوایی (دارە قوتە)م کرد لە نزیك چیای (خاڵخاڵان) ئاوایەکە چۆڵ کرابوو دانیشتوانەکانی پەڕەگەندە ببنوونە ناو چەموو باخەکانی ئاوایەکەیان لەبەر بۆردوومانی فڕۆکەکان هەر بە شێوەی ئاوایەکانی دیکەی ناوچەکەیان حەشارگەو بنکەیان بۆ

خێزانەکانیان لە ژێر زەویدا دروست کردبوو فرۆکەکان لەو کاتەدا هاتنە سەر ئاسمانی ئاوایەکە لە چەشنی (هەنتەر و باجەر)بوون بە سەختی دەستیان کرد بە بۆمب باران کردنی ئاوایەکەیان ژمارەیەکی زۆر خانوو ماڵیان رووخاندو ئاگریان تێیان بەردا مەلاو پێش نوێژی مزگەوتی ئاوایەکە مەلا عەبدوڵا ناوێك بوو لە نزیك مزگەوتەکەدا لە ژێر کەلوەزو تاشە بەردێکدا بنکەی بۆ خێزانەکەی دروست کردبوو لە کاتی نوێژەکاندا دەهات بۆ مزگەوتەکە بانگی دەدا ئەگەر دوو سێ پیاوێکی ئاوایەکە بهاتنایە بۆ نوێژکردن پێش نوێژی بۆیان دەکردوو دەگەڕایەوە لای خێزان و منداڵەکانی لە ناو بنکەکەدا لە کاتی دەست پێکردنی بۆردومانی فرۆکەکانا مەلا عەبدوللا و منداڵەکانی بە پەلە خۆیان خزانە ناو ئەشکەوت و بنکەکەیانەوە لەو کاتەدا فرۆکەوانەکە بە دیانی کرد بۆمبێکی چەشنی (تی ئین تی) گەورە لە دەست کردی روس کە درێژێەکەی (١٢)پێیە و ئەستوریەکەی لە (٢٥) انج زیاترە دای بە بەردەمی دەرگای بنکەکەیانە لە ناو ئەشکەوتەکەدا تەقییەوە بە قولی چوار  پێنج مەتر زەویەکەی قووڵ کردوو هەڵیکەند لە جێگای بۆمبکەوە ئاوو دەرچووە بان لە شێوەی چاڵاو ( بیر) دەرگای بنکەی مەلا و

خێزانەکەی بە بەردوو خۆڵ و قوڕ بە یەکجاری داپۆشراو بزربوون بە بەرزایی دوو گەلآبە قوڕ و بەردوو خۆڵی بەسەر بنکەکەیانە کۆمەڵ کرد لەوکاتەدا لەگەڵ پێشمەرگەکانی هاوەڵمە چاومان لەم کارەساتە بوو بە پەلە بانگمان کرد لە خەڵکانی و دانیشتوانی ئاوایەکە نزیك بوون لێمانەوە بێڵ و قوڵنگەیان هێنا لە دوای ماندووبوونێکی زۆر توانیمان مەلاو منداڵەکانی بهێنینە دەرەوە لە ژێر بنکە رووخاوەکەیان مەلا و مناڵەکانی بە کەمی گیانیان تێدا مابوو لەبەر ئەوەی نیو سەعات بە بێ هەناسە لە ژێر زەویا مابوونەوە دەنگی بۆمبکە و ترسەکەی زۆربەیانی لە هۆش خۆی بردبوو هەتا مەلاو خێزانەکەیمان رزگارکرد فرۆکەکان ئاسمانی ئاوایەکەیان بە جێ نەهێشتبوو لە رۆژی ٢٥ی مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ پەلێك لە پێشمەرگەکانی بنکەی خاڵخالآن لە ئاوایی (جەلە مۆرد) بووین دەکەوێتە رۆژهەلآتی چیای (خاڵخالآن)ەوە لەو کاتە دوو فرۆکەی جەنگی لە چەشنی (سیخوی) رووسی هاتنە سەر ئاوایەکە بە بۆمبی (ناپاڵم) ئاوایەکەیان بە خەستی بۆردوومان کرد لە دوای داگرتنی بۆمبەکان بەشەست تیر ئاوایەکەیان گوللەباران دەکرد لەبەر ئەوەی کەس نەتوانێت بۆمبە ناپاڵمە

ئاگراوییەکان بکوژێنێتەوە لە کاتی ئەم بۆردوومان کردنە زۆربەی دانیشتوانی ئاوایەکە لە ماڵ بوون زۆربەی ماڵەکان گڕی گرت لە دوای کۆتایی هاتنی بۆردوومانی فرۆکەکان دانیشتوانی ئاوای و پێشمەرگەکان زۆر هەوڵی کوژانەوەی ئاگرەکانیان دەدا بەڵام هەوڵەکە بێ سوود بوو هەر ماڵێك بۆمبی ناپاڵمی بەر کەوتبور دەسووتاو چارە نە دەکرا خۆشبەختانە ئەم بۆردوومان کردنە زیانی گیانی بە دواوە نەبوو جگە لە ژمارەیەك ئاژەڵ بۆمبیان بەر کەوتبوو سووتان جۆری بۆمبی ناپاڵم لە شێوەی بۆشکەی نەوتی (١٢) تەنەکەیە لە قەبارە و گەورەی و دارشتنی بۆشکەکە پڕە لە مادەیەکی شلی لینج لە چەشنی چڵمی ئادەمیزاد لەهەر جێگایەکدا بتەقێتەوە دەوروبەری خۆی دەسووتێنێ ئەگەر ووشاکیی بێت یان تەڕایی و سەر ئاو یەکێك لە بۆمبەکان کەوتە سەر (حەوز) و ئاوەکەی پێش کارێزەکەی ئاوایی بەسەر ئاوەکەدا تەقییەوە بۆ ماوەی یەك کاتژمێر بە سەر ئاوەکەوە دەسووتا و گڕی بەرز دەبووەوە هەتا مادەکە تەواو بوو مادەی ناپاڵم لەهەر جێگایەك بتەقێتەوە گڕو بڵێسەی بەرزتر دەبێ ئەگەر ئاوی بەسەردا بڕێژی چارەی کوژاندنەوەی ئاگری مادەی ناپاڵم تەنها خۆڵە خۆڵی

بەسەردا بکرێت دەکوژێتەوە یان بە مادەی ئاگر کوژێنەوەی تایبەت دەتوانی بیکوژێنیتەوە ئەو ڕووداوانەو ڕوون کردنەوانەی سەرەوە کە نووسیومە تەنها باسی دڕندەی و کوشتن و لە ناوبردنی بێ بەزەیانەی بەعسییەکان بوو ئەنجامیاندا دژی گەلی کورد ئەگەر سەیرێکی دزی کردن و دەس پیسی و تالان کردنیان بکەین ئەمەیان لە کردەوەکانی پێشوویان کە ئاماژەمان بۆ کرد کەمتر نەبوو ماڵ و ئاژەلی تالانی کوردستان گەیشتە زۆربەی ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق زۆربەی خەلکانی بێ ویژدان و لە خودا نەترس خوارو ناوەڕاستی عێراق ڕوویان کردە کوردستان بۆ ئەوەی ماڵی کورد تالان بکەن بە تایبەت دەراوسێە عرەبەکانی نزیکی خۆمان کە لە سنووری کوردستانەوە نزیکن یان لەگەڵ خۆماندا لە کوردستان دەژین لە بەشی باشوری عێراق ژمارەیەکی زۆر (بزنە مەرەز)م بینی پەروەردەی چیاکانی کوردستانن لە پارێزگای (سماوە) عەرەبەکانی ناوچەی قەزای (الرميثة) بە خاوەنیان دەکرد لە ناوچەی هۆزی (البو حسان) لە کاتی گفتوگرکردنە بە زمانی خۆیان دانیان پێدا دەناو دەیان گووت (ئەم بزنانەمان لە کوردستان بە تالانی هێناوە) لە کاتی گفتوگویان دەریان

دەخست بە ئەو پەڕی باوەڕیانەوە وایان لە قەڵەم دەدا کە بۆ ئەوان حەڵاڵە وەك شیری بەری دایکیان لەبەر ئەوەی خۆیان رۆیشتوونە بۆ کوردستان بە تالآن هێناویانن بە تالآن کردنیان دەگوت (الغنائم) بەو گوێرە چووبێتن بۆ غەزای گاورو ماڵەکەیان بە غەنائم هێنا بێت . ئەم ووشانەم بە زۆری لە دەمی عەرەبەکانی دانیشتوانی ئاوایەکان دەبیست ئەو عەرەبانەی کەمێك ڕووناك بیرو شارستانی بوون دژی ئەو بیرو رایە بوون و کوردیان زۆربە خاوەن ئاین و باوەر دەزانی دەتوانم بڵێم کوردیان خۆش دەویست گومانی تێدا نیە هەر ئەو پیاوە نەفامانە بوون کاتێ ڕوویان دەکردە کوردستان بۆ تالآنی ماڵی کورد بە هەزاران پارچە خشڵیان بە بێ شەرمانە لە گوێی و لە ملی ئافرەتی کورد بە زۆر داڕنی بە سەدان پەنجەو گوێی ئافرەتی کوردیان بە چەقۆ بڕی لەبەر دەرهێنانی خشڵەکانیان نموونەی یەکێك لەو جۆرە پیاوانەم بە کوژراوی بینی لە ناوچەی شوان لە نزیك ئاوایی (چیمەن) سەر خاسە جل و بەرگی (الحرس القومی) لەبەردابوو قوترەو عەگالی لەسەر کردبوو کاتێ شناسنامەکەی باخەڵیمان دەرهێنا لە دانیشتوانی بەغدا (مدینة الثورة) بوو بە تەنیشت لاشەکەیەوە سێ کوچەکەیەکی ئاسن و هێڵەکێکی دڕاو کەوتبوو وادیار بوو درەنگ گەیشتبووە ئاوایەکەو لەوە زیاتر هیچی دیکەی بۆ

نەمابووەوە تالأنی بکات دووعا و نزای پیرەژنی کوردی لیٚگیر بوو گوللەیەك بەر سەری کەوتبوو هەر لەو جیٚگایەدا گیانی لە دەست دابوو هیٚڵەك و سیٚ کوچکەی بۆ نەبوو بە ماڵ لاشە بۆگەنەکەی لە کۆرە شیٚوەیەکە خرایە ژیٚر خۆڵەوە .

# كردەوە دڕندانەكانی حەرەس قەومیەكان لە ناو شارەكانە

كردەوە دڕندانەكانی بەعسییەكان لە ناوشارەكان لە كردەوەكانی دەرەوەی شارەكان گەلێك پیستر بوو ئەشكەنجەو ئازاردانی گەلی كورد بە تایبەتی و نەتەوەكانی دیكە بە گشتی و ژمارەیەك لەو عەرەبانەی كە بە بیرو باوەڕ لەتەكیان نەبوون كوردی دانیشتوی شارەكان دەبوایە لە سێ جۆر بوایە یەكێكیان سیخوڕو خۆفرۆش بۆ بەعسییەكان دووەمیان بەندیخانەو ئەشكەنجە و ئازار سێیەمیان هەڵهاتنی لە دەستی بەعسییەكان و پێشمەرگە و شۆڕش كاری سێیەم بۆ هەموو كەسێك نەدەگونجا لەبەر خێزان و ماڵ و بێ توانای ، كردەوە ناپاكەكانی بەعسییەكان لە شارەكانە گەیشتە ڕادەیەك تەنها كوشتن و لە سێدارەدان و بەندكردن و ماڵ تالان كردن و بەرتیل وەرگرتن نەوەستان زۆربەی لێپرسراوەكانیان دەستیان بۆ ناموسی ژمارەیەك لە ئافرەتان درێژكردو ناموسیانیان برد لەم بارەیەوە لە هەر كەلێن و لە هەرلایەكەوە بۆیان بگونجایە كەم تەرخەمیان نەدەكرد ئەگەر خوێنەر بیەوێت ئەم لایەنەی زیاتر بۆ ڕوون بێتەوە دەتوانێت كتێبی (الحرس اللاقومی) بخوێنێتەوە لە

کاتی خۆیە دەسگاکانی عەبدولسەلام عارف بڵاویان کردووەتەوە لە جێگایەکی دیکەی ئەم کتێبە ئاماژەم بۆ ئەم مەبەستە کردە لە شاری کەرکوك ژمارەی ٢٠-٢٥ هەزار ماڵی کوردیان بە شۆفەڵ و بلدۆزەر رووخان و ماڵەکەیان بە تاڵان بردو خەڵکەکەیان دەربەدەرکرد لاوەکانیان لە گرتوخانەکان بەندو سەرنگوم و بزرکرد .




وێنەی خانووە ڕووخاوەکانی شاری کەرکوك ، گەرەکی (شۆرجە سەرکارێز) لە ساڵی ١٩٦٣ز بە دەستی بەعسییەکان لەم وێنەیەدا (شێرکۆ)ی برازام ئەو منداڵەیە وا دەگریێ وپێی ڕێگە ناگرێت خانووە ڕووخاوەکانی ماڵی خۆمان بە جێ بهێڵێت باوکی هەوڵی لە تەکدا دەدات هەتا رازی بکات و بە ناچاری ڕوو لە جێگەیەکی تر بکەن .



وێنەیەكی(حرس قومی) عەرەبە لە گەرەكی سەركارێز  كەركوك مریشكێك و ژمارەیەك كەل و پەلی تالآنی بەدەستییەویە زۆر بە پەلە و شپرزەیەوە دەڕوات لە ساڵی ١٩٦٣ز ئەم وێنەیە گیراوە .

یەكێك لەو مالآنەی لە شاری كەركوك رووخێنران ماڵی ئیمەو ماڵی خزمەكانمان بوون ئەم كردەوە دڕندانە بەعسییەكان لە ساڵەكانی ١٩٦٣-١٩٦٤ ئەنجامیاندا ئەم سالآنە لە لای كورد بە ساڵی بەعسییەكان بە ناو بانگە ، ئەو كوردانەی لە بەندیخانەكاندا بەند كرابوون لە ژێر ئازار و ئەشكەنجەدا زۆربەیان عەقل و گیانیان لەدەست دابوو یان تووشی نەخۆشییەكی هەمیشەی (مزمن) ببوون یان یەكێك لە ئەندامانی لەشیان لە دەست دابوو خەڵكی زۆر لە گرتووخانەكانی رژێمدا لە ژێر ئەشكەنجەدا گیانیان لە دەستداو یان دران لە سێدارە و كارەبا و لاشەكانیان

بزرکردو نەیان دایەوە خاوەنەکانیان کارە دڕندانەکانی بەعسییەکان و لە خۆبایی بوونیان وای لێیان کرد ئیتر چ دی چاویان بەری پێی خۆیان نەبینێ ئەو کارانەی خۆیان وای کرد رژێمەکەیان بەرەو ڕووخان و لە ناوچوون بەرێت عەبدولسەلام عارف سەرکردەی سوپای بەعسییەکان بوو گەورەترین دوژمنی گەلی کورد بوو بە کودەتایەکی کوت و پڕ هەستا بەسەر بەعسییەکانداو رژێمەکەیانی رووخان بەعسییەکان بەم رۆژەیان دەگووت (ردت تشرين) ساڵی ١٩٦٤ زۆربەی لێپرسراوە بەعسییەکانی کوشت و لە سێدارەیانیدا ئەوانەی کاربەدەستی بەعسییەکان بوون زۆربەیان لە بەندیخانەکانە دەست بەسەرکران ئەو دەسگا گەندەڵەی کە پێی دەگوترا (الحرس القومی) زۆربەی سەرکردەکانیان کوژران و بەندکران ئەندامانیان چەکەکانیاندا بە سوپاو گەڕانەوە ماڵی خۆیان زۆربەی (حرس قومی)یەکان لەبەر ئەو تاوانە زۆرانەی کە ئەنجامیان دابوو دژی گەلی عێراق نەیانتوانی لە مال ُو جێگای خۆیان ئارام بگرن بە ناچاری پەڕەگەندەی شارەکان و هەندەران بوون زۆربەیان بە دەستی ئەو کەسانە کوژران کە زیانیان لێکەوتبوو تۆڵەیان لێیان کردەوە عەبدولسەلام عارف لە

شێوەی سەرکردەکانی پێشووی خۆی ئەمیش داوای وتوو وێژی لە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان دەکرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد وەفدی سەرکردایەتی گەلی کورد دوو سێ جار هاتووچۆی بەغدایان کرد وەفدی میریش دوو سێ جار هاتن بۆ کوردستان بۆ وتوو وێژکردن لەبەر ئەوەی عەبدولسەلام عارف پیاوێکی عەسکەری شۆڤێنی بوو بە هیچ جۆرێك باوەڕی بە مافەکانی کورد و مافی نەتەوایەتی نەبوو ئەو کەسانەی لە دەوری خۆی کۆیانی کردبووە هەر وەك ئەو بیریان دەکردەوە و لە ئەویش زیاتر دوژمنی گەلی کورد بوون لەبەر ئەوە وەفدەکان لە گفتوگۆکانیانە بە هیچ ئامانجێك نەگەیشتن عەبدولسەلام ڕاستەوخۆ داوای لە سەرکردایەتی شۆڕش دەکرد خۆیان بدەن بەدەستەوە پێشمەرگەکان چەك دابنێن خۆیان تەسلیم بە هێزەکانی میری بکەن بە بێ هیچ مەرجێك لە دوای ماوەیەکی زۆر کەم میری دەستی کردەوە بە هێرش کردن بۆ سەر ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان بە گوێرەی وتەکانی عەبدولسەلام وا دەردەکەوت بڕیاریداوە ئەمجارەیان ناوی کوردو کوردستان لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو بسڕێتەوە قەلاچۆی کورد بکات لە کوردستانە لە

ژمارەیەك لە وتارەکانیدا عەبدولسەلام ڕەخنەی لە دەسەڵاتەکانی پێشووی خۆی دەگرت گوایە بە ڕاستی دژایەتی کوردیان نەکردووە شۆڕشی کوردستان و گەلی کورد هەتا ئەو کاتە ماوە لە خیانەتی دەسەڵاتەکانی پێشووی ئەون لەبەر ئەوەی کەم تەرخەمیان کردووە لە کۆتایی پێهێنانی گەلی کورد بە خائنی نەتەوەی عەرەبیانی دەدایە پێنووس لە کاتی خۆ ئامادەکردنی هێزەکانی میری بۆ پەلاماردانی کوردستان عەبدولسەلام عارف بە ئاشکراو بە بێ شەرمانە دەی گووت (دەبێت بۆ ماوەیەکی زۆر کورت کوردو شۆڕشەکەی کۆتایی پێ بهێنم) ڕەگەز پەرستی خۆیان وای لێیان کرد بوو هەموو (ئەخلاق و ئاداب و قییەمێکیان) لە بیرەوە بچێت لە دوای دەست پێکردنی هێرشی هێزەکانی عەبدولسەلام عارف بۆ سەر کوردستان عەبدولسەلام عارف ویستی زیاتر هانی ئەفسەر و سەربازەکانی بدات بۆ کوشتنی گەلی کوردو وێرانکردنی کوردستان ویستی بە چاوی خۆی تاوانەکانە دڕندەکانی ببینێت هەتا کرمە شۆڤێنیەکانی ناو دڵی کەمێ ئارام بێ بە سورای فڕۆکەیەکی هەلیکۆپتەری سەربازی ڕووی کرد لە بەرەکانی جەنگ یەزدانی کورد و پاڵپشتی هەژاران لە جیاتی

دڵشادبوون ودڵ ئارام بوونی ئەو تاوانبارە گەورەیە لە ڕۆژی ١٩٦٦/٤/١٣ یەزدان ئاگری لە خۆی و لە دڵی ولە تەیارەکەی بەرداو هەر بە ئاسمانەوە ئاگری تێبەر بوو سووتا هەر لەو جێگایەدا گیانی ناپاکی بە دۆزەخ شادبوو عەبدولسەلام نەیتوانی بڕیارەکەی جێ بە جێ بکات وکۆتایی بە گەلی کورد بهێنێت لەبەر ئەوەی خودای گەورە پشتوو پەنای کورد بووە و هەمیشە هەر ئەو پشتو پەنایەتی بۆیە لە تەنگاوەدا هەمیشە بە هانایەوە دێت .

کورد دەڵێ:

هەر کەس بیەوێت کورد بفەوتێنێ

بە دەست خۆی گورێس لە مل دەنێ

ئێمە باوەڕمان بە خودا بە تینە

دڵمانیش پاکە وێنەی ئاوێنە

هەر کەس خیانەت بە خاکمان بکات

زوو ڕوو ڕەش دەبێت لەسەر ڕووی وڵات

کوردستان دایکە پیرۆزە لامان

بۆ سەر بەرزی ئەو دەبین بە قوربان

# دەسەڵات وەرگرتنی رژێمی عێراق لە لایەن عەبدولرەحمان عارفەوە لە ١٩٦٦/٥/٢ز

عەبدولرەحمان عارف برا گەورەی عەبدولسەلام عارف بوو ئەفسەرێکی پلەو پایەدار بوو لە سوپای عێراق ، بە بڕیاری کاربەدەستانی ئەو سەردەمە هەلبژێردرا بە سەرۆك کۆماری عێراق لە جێگای عەبدولسەلام عارفی برای ، ئەمیش هەر وەکو سەرەك کۆمارەکانی پێشووی خۆی داوای وتوو وێژی لە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان کرد سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان وەفدی نارد بۆ بەغدا لەگەڵ وەفدەکەی میریدا دەستیان بە گفتوگۆ کرد وەفدەکان زۆر هاتووچۆی یەکیان کردوو دانشتنی زۆر گرێ درا لە نێوانیاندا ئەو وتوو وێژانە زۆر درێژخایان بوون بۆ ماوەی چوار ساڵ ئەو وتوو وێژانە نەبڕایەوە گرنگ ترین وتوو وێژ لە ناوچەی رەواندوز لە (جندیان) دەستی پێکرد لە نێوان وەفدێك بە سەروکایەتی سەرۆك بارزانی و وەفدێك بە سەرۆکایەتی سەرۆك کۆماری عێراق عەبدولرەحمان عارف دانیشتوانی کوردستان بە تایبەتی و عێراق بە گشتی زۆر بە چاوی گرنگیەوە بۆ ئەو دانیشتنەیان دەڕوانی ، هیوایان زۆر پێ ی هەبوو سەر

ئەنجام ئەو وتوو ویژەیش وەك ئەوانی دیکە هەر بە بێ ئەنجام مایەوە لە دوای ئەو وتوو ویژەی نێوان سەرۆك بارزانی و عەبدولرەحمان وتوو ویژ چووە قاڵبی (الهدنه)ەوە تەنها شەڕ وەستان بوو لە نێوان سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە ئەم (هدنه)یە سەرکردایەتی شۆڕش زۆر پێویستی پێ هەبوو لەبەر ئەم خالانەی لای خوارەوە :

١-سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان پێویستی هەبوو بە ماوەیەکی دوور و درێژی بێ شەڕو ئاژاوە بۆ ئەوەی ماوەی بە دەست بکەوێت ژمارەیەك لە لێپرسراوانی سەرکردایەتی شۆڕش بنێرێت بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ڕاگەیاندنی دەنگی شۆڕشی کوردستان بە دۆستانی کورد لە وولاتانی دەرەوە لە پێناوی بەدەست هێنانی ژمارەیەك چەك و تەقەمەنی و ئازووقە و ئامێری تەندروستی و دەرمان بۆ پێشمەرگەو دانیشتوانی کوردستان .

٢-ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەسەر شێوازێکی نوێ ئەوەیش بە کردنەوەی سەربازگە بۆ پێشمەرگەکان بۆ ڕاهێنانی هێزەکانی پێشمەرگە لەسەر جەنگی پارتی زانی (علمی) زانیاری هەروەها کردنەوەی خولی تایبەتی بۆ

سەرکردەکانیان بۆ بەرز بوونەوەی ئاستی زانیاری سەربازی و کەلتووری و ئیداری .

٣-ڕێکخستنەوەی ریزەکانی پارتی لە ناو کۆمەلانی خەڵکداو بە تایبەتی لە ناو ریزەکانی هێزەکانی پێشمەرگە دەست گەیاندن بە ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەلاتی میریە بۆ دروست کردنەوەی ریزەکانی پارتی لەو جێگایانەدا .

٤-هەوڵدان بۆ قەلاچۆکردنی پیاو خراپانی کورد کە میری دروستیانی کردبوو لە ناوچەکانی ژێر دەستی خۆیدا ئەوەی بتوانرێت بە دڵدانەوەیان و دڵنیا کردنیان بۆ گەڕانەوەیان بۆ ناو ریزەکانی شۆڕش و بۆ ناوچە رزگارکراوەکان سەرۆک بارزانی بەم بۆنەیەوە فەرمانێکی لێبوردنی دەرکرد بۆ هەموو ئەو کوردانەی چەکی خیانەتیان لە دژی شۆڕشی کوردستان هەڵگرتووە داوای لێیان کرد هەر کەسێك بگەڕێتەوە ناو ریزەکانی پێشمەرگە یان لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان دانشێت لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە بە بەشداربووانی شۆڕش دەژمێردرین کەس ناتوانێت و بۆی نیە پرسینەوەیان لەگەڵدا بکات ئەم بڕیارەی سەرۆك بارزانی لەلایەن ژمارەیەك لە لێپرسراوان و دانیشتوانی کوردستانەوە رەخنەی لێگیرا سەرۆك بارزانی بە چەند ووشەیەکی

حەکیمانە وەڵامیانی دایەوە بوو بە دەرسێك بۆمان فەرمووی ( ئەگەر پیاو چاکەکانی گەلی کورد میری بیان کوژێت و ئێمەیش پیاوە خراپەکان بکوژین ئیتر گەلی کورد لە کوێ دەمێنێ) بەم بۆنەیەوە زۆربەی سەرۆك چەکدارە کوردەکان نامەو نووسراوی سەرۆك بارزانی و مەکتەبی سیاسیان پێگەیشت دەربارەی لێبوردنیان و گەڕانەوەیان بۆ ماڵی خۆیان و بۆ ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان ئەو هەنگاوەی سەرکردایەتی شۆڕش سوودێکی زۆری هەبوو بۆ شۆڕشی کوردستان ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی چەکی خیانەتیان هەڵگرتبوو چەکەکانیان گەڕانەوە بۆ میری و لە ماڵی خۆیان دانیشتن یان پەیوەندیان کرد بە هێزەکانی پێشمەرگەوە بوون بە پێشمەرگە .

٥-ماوەیەکی زۆر بوو شەڕو پێکدادان لە کوردستان بەردەوام بوو گەلی کورد زۆر ماندوو بوو بە تایبەتی چینی جووتیاران و هێزەکانی پێشمەرگە لەو کاتەدا زۆر پێویستیان بە پشوودان و حەوانەوەیەك هەبوو ماوەی چوار ساڵ (هدنە) کە جووتیارەکان توانیان خانووە سووتاوەکانیان نوێ بکەنەوە لە ماوەی ئەو چوار ساڵە یەزدانی گەورە رەحمەت و بارانێکی زۆری باران بەسەر

هەموو ناوچەکانی کوردستانە ئەگەر لە گەرمیان و یان لە کوێستان ، ئەو چوار ساڵە لە کوردستاندا هەموو ساڵێك هەر هات بوو هەر وەکو ئەوەی یەزدان بە خەڵکی کوردستان بڵێ بفەرمێ (ئەم هاتە لە تۆڵەی ئەو کشتوکاڵە سووتاوانەیە کە دوژمنەکانتان سووتانیان) ، هێزەکانی پێشمەرگەکان دابەش کران بەسەر ناوچەکانی کوردستانە لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی شۆڕش بە شێوەی گەلە هەرەوەزی کردن بۆ دروونەو کۆکردنەوەی بەروبوومی کشتوکاڵەکان شان بە شانی برا جووتیارەکانیان بەم شێوەیە گیانی کوڕو باوکایەتی نێوان پێشمەرگەکان و جووتیارانی کوردستان نوێ کرایەوە پێشمەرگەکان سەلماندیان کە بەڕاستی ڕۆڵەی جووتیار و گەلی کوردن لە کاتی جەنگدا سنگیان قەڵغانی پاراستنی کوردستانە و لە کاتی ئاشتی دا بەرهەم هێنەر و بنیات نەری کوردستانن ئەو هەنگاوانەی سەرکردایەتی شۆڕش هەموویان بە ئەو پەڕی سەرکەوتنەوە جێ بە جێ کران .

**بەشێك لەو هەڵبەست و گۆرانیانەی منداڵەکانی کوردستان بۆ برا پێشمەرگەکانیان دەگووت ئەوەم لە یاد مابێت ئەمانە بوون :**

هۆ کاکەی پێشمەرگە تفەنگ لەسەر شان
مەچەك پۆڵاین پر هۆش و ئیمان
بە مۆڵەت دەڕۆی ڕوو بەرەو گەرمیان
ئاگادارتان بێت فریشتەی ئاسمان
ئێمەی منالان چیاو کوێستانین
بۆ هاتنەوەتان گشت چاوەروانین
کاتێ هاتنەوە رزگاری وڵات
بە دیاری بێنن پێمان کەن خەڵات .

رژێمەکەی عەبدولرەحمان عارف سیاسەتێکی زۆر ساردوو ساوێلکانەی هەبوو رژێمێکی زۆر شلوق و بێ دەسەڵات بوو لەبەر لاوازی و کزی دبلوماسی دەرەوەو سیاسەتی نە گونجاوی ناوخۆی زۆربەی ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوەی سیاسیان دەکرد بەدەسەڵاتەکەی عەبدولرەحمان عارف دەیان گووت (الرجل المریض او السلطة المریضة) پیاوە

نەخۆشەکە یان ڕژێمە نەخۆشەکە هەر وەکو زانراوە لە مێژوودا ئەو وشانە .. لە کاتی خۆیدا بە دەوڵەتی عوسمانیان دەگووت بە تایبەتی لە کاتی تێکشکان و رووخانیدا رژێمەکەی عەبدولرەحمان عارف ماوەی چوار ساڵ دەسەڵاتی لە عێراق بە دەست گرت ئەو ماوەیە بە هیچ جۆرێك نەیتوانی هەنگاوێك بەرەو پێشکەوتنی بنێت بۆ پێشخستنی گەل و نیشتمانەکەی نەیتوانی بەرنامەیەك دابنێ بۆ جێ بە جێ کردنی کێشەی گەلی کورد گرفت و گرێ کوێرەکانی ناوەوەی عێراق تەنها مەبەستی ئەوە بوو ئەو بارودۆخەی کە تێدابوو وەك خۆی بۆی بمێنێت ئاشکرا بوو لە لای هەموو کەسێك بەو شێوەیە بۆی نەدەچووەسەر جگە لەوەی باسمان کرد دەسەڵاتەکەی لەلایەن وڵاتانی دراوسێی عێراق ودەوڵەتەکانی دەرەوەیش پشتگیری لێ نەدەکرا بە تایبەتی دەوڵەتە زل خۆکانی جیهان لەبەر ئەوەی ڕژێمەکەی سیاسەتێکی ڕاستەوخۆی ڕوون و ئاشکرای نەبوو بەرامبەریان دەسەڵاتی ئێران حەزی لە ڕژێمەکەی عەبدولرەحمان نەدەکرد بە هۆی بیرو ڕاو بۆچوونی مەزهەبیەوە ئەوان شێعەو ئەمانیش سونی دەوڵەتی سوریاش خۆیان بە نە یاریان دەزانی و ڕژێمەکەیان ڕژێمی

بەعس بوو کاربەدەستانی سوریا یارمەتی بەعسییەکانی عێراقیان زۆر دەدا بەشێوەیەکی نهێنی بۆ ئەوەی بتوانن جارێکی دیکە بگەرێنەوە سەر حوکم لە عێراق لێپرساوە بەعسییەکانی عێراق کە لە دەست عەبدولسەلام عارف رزگاریان بوو هەموویان لە سوریا کۆبوونەوە ژمارەیەکیان بە یارمەتی رژێمی سوریا دووبارە دزەیان کردبووەوە بۆ ناو عێراق هەولی رێکخستنەوەی پارتەکەیان دەدا بۆ ماوەیەکی کورت بەعسییەکان توانیان سەر لە نوێ شانەکانیان رێك بخەنەوە بە تایبەتی لە ناو سوپای عێراق هەروەها بە هۆی یارمەتی رژێمەکەی سوریا و چەك و تەقەمەنیەکی زۆریان هێنایە عێراقەوە لە جێگا تایبەتەکانی خۆیاندا شاردیانەوە بۆ کاتی پێویستیان بۆ ئەوەی ناوی پارتی بەعس عێراق ، ناویان بزر نە بێت و خەڵك باسیان بکات ، رژێمی سوریا ئێستگەیەکی رادویەیان لە سوریا بۆیان کردەوە بۆ بلاوکردنەوەی پڕۆپاگەندەکانی خۆیان و بلاوکردنەوەی بەیاننامەکانیان کە لە سوریا چاپ دەکران و لە عێراقدا بلاودەکرانەوە لە دوای ئەوەی بەعسییەکان خۆیان بەتەواوی ئامادەکرد پیلانی کودەتایەکی نوێیان لە عێراق دارێژا بە سەرپەرشتی و دانانی سەدام حوسێن لە رۆژی ١٧ تەمووزی

ساڵی ١٩٦٧ کودەتاکەیان ئەنجامداو هەڵیان کوتایە سەر کۆشکی کۆماری ، بەعسییەکان زۆر بە ئاسانی دەستیان گرت بەسەر رژێمەکەی عەبدولرەحماندا ژمارەیەکی زۆرکەم لە پاسەوانەکانی کوژران و بریندار بوون عەبدولرەحمان زۆر بە زوویی خۆی دابە دەستی هێرش بەرانی بەعسەوە بە هیچ جۆرێك نەیتوانی پارێزگاری لە خۆی و لە رژێمەکەی بکات لە دوای دەست گیرکردنی عەبدولرەحمان بەعسییەکان سواری فرۆکەیەکی نەفەر هەڵگریان کرد ژمارەیەك پارەیان لە خەزینە دەرکرد ودایان پیّ ی ناردیانە دەرەوەی عێراق ژمارەیەك لە دارودەستەکانی رژێمەکەیان بەندکرد هەندێکیان هەڵهاتن بۆ دەرەوەی عێراق بەو شێوەیە بەعسییەکان توانیان رژێمەکەی عەبدولرەحمان عارف بە سووك و ئاسان کۆتایی بهێنن خۆیان رژێمی عێراق دووبارە دەست بەسەردا بگرن ، کاربەدەستانی رژێمەکەی (عارف)یەکان ئەمانیش وەك ئەوانی پێشوویان چوونە نێو زبڵدانی مێژووەوە .

# کودەتای ١٧-٣٠ تەمووزی ساڵی ١٩٦٧ بەعسییەکان لە بەغدا

کودەتای دووەمی بەعسییەکان لە ١٧ تەمووزی ساڵی ١٩٦٧ لە بەغدا دەستی پێکرد لە ڕۆژی ٣٠ تەمووز توانیان بە تەواوی لە عێراقە دەسەڵات بگرنەوە دەست لە ڕۆژی ٣٠ تەمووز سەدام حوسێن عەبدولرەحمان داود و هاوەڵەکانیان لە کۆبوونەوەیەکدا کوشت لەبەر ئەوەی عەبدولرەحمان داود لە بیرو ڕادا جیاوازی هەبوو لەگەڵ بەعسییەکانە ، بەعسییەکان لەبەر بەیانی ١٧ تەمووزا یەکەم بەیانی سەرکردایەتی کودەتاکەیان بلاوکردەوە لە ئێستگەو تەلەفزیونی بەغداوە بە ناوی (مجلس قيادة الثورة)وە لە زۆربەی زۆری بەیان و ڕاپۆرتە سیاسیەکانیادا ناوی کێشەی کوردیان دەهێنا ڕەوای مافەکانی گەلی کوردیان بە گوێی گەلی کوردو جەماوەرا ئەدا ، ئامادەی خۆیان دەردەبڕی بۆ جێ بە جێ کردنی کێشەی گەلی کورد بە شێوەیەکی ئاشتی خوازانە ئەگەر بە گوێرەی بلاوکراوەکانیان بوایە ئادەمیزاد دەیگووت ئەمانە بەعسییەکانی ساڵی ١٩٦٣نین کە بە هەزاران تاوانی گەورەیان ئەنجامدا دژی گەلی کورد ، هەروەك کورد دەڵێت (هەر ئەو پیاوەیەو جلەکەی گۆڕاوە ) هەر لە سەرەتای

جموجوڵەکانیانەوە دیار بوو ئەو وشانەی کە بەو شێوەیە بە کاریان دەهێنن و بەرازاوەیی دەیخەنە پێش چاوی جەماوەر تەنها بۆ چاو بەست کردنی گەلی کوردە ئەگەر بۆیان بگونجێ بە شێوەیەکی ئاشتی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان رازی بکەن کۆتایی بە شۆڕشی کورد بهێنن بۆ بەدی هێنانی ئەو مەبەستەیان پڕۆپاگەندەی زۆریان دەکرد بۆ چاوبەستنی رای گشتی ناوخۆ و دەرەوەی عێراق لەگەڵ بەردەوام بوونی ئەم پڕۆپاگەندەیەدا هێزەکانیان هێرشی لە ناکاوی کوتوپڕیان دەکردە سەر ناوچەکانی نزیك بە ژێر دەستی خۆیان ئەم هێرشانەیان لە پێناوی دەرخستنی بازویان بوو هەتا بەو شێوەیە خۆیان دەربخەن لە پێش چاوی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان کە هێشتا هێزەکانیان بە توانایەو دەتوانن لە کوردستانە دژی کورد بجەنگێن لە دوای تێپەڕ بوونی دوو مانگ بەسەر کودەتاکەیانە بەعسییەکان کەوتنە وتوو وێژ کردن لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش بە شێوەیەکی رەسمی وەفدەکەی کورد دوو سێ سەردانی بەغدایان کرد گفتوگۆیان کرد لەگەڵ لێپرسراوانی نوێ بەغدا وەفدی میریش دوو سێ جار سەردانی کوردستانیان کرد زۆر ئامادەی خۆیان دەردەبڕی بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك

بۆ کێشەی کورد بەشێوەی ئاشتیانە لەم کاتەدا کە میری دڵپاکی خۆی دەردەبڕی بەرامبەر بە کێشەی گەلی کورد رای زۆربەی زۆری دانیشتوانی کوردستان و ژمارەیەك لە دەوڵەتەکانی دەرەوە دەیان گووت ئەم هاشو هۆشەی بەعسییەکان دەیکەن تەنها بۆ ئەوەیە جێ پێی خۆیان بە چاکی لە عێراق بکەنەوە ماوەیان بۆ فراوان بێت بۆ بەدەست هێنانی چەك و تەقەمەنی و ئامێر جەنگ سوپاکەیان ئامادەو تەیار بکەن بۆ شەڕێکی نوێ وتوندتر لە جارەکانی پێشوویان زیاتر لە دژی گەلی کورد ، رای زۆربەی دانیشتوانی کوردستان ئەوە بوو دەیانگووت (سەری مار بەبانی بەردەوەیە وا چاکە بە بەردێکی دیکە بدەی بەبانی سەریداو پانیەوەبکەیت) رای زۆربەی ئەو کەسانەی لێکۆلێنەوەی سیاسیان دەکرد دەیان گووت بەعسییەکان بە دەستی (عارفی)یەکان زیانی زۆریان لێکەوتووە سوپای عێراق زۆر ماندوو بووە پێویستی زۆری بە پشوودان هەیە هەروەها پێویستی بە چەکی نوێ و راهێنانی نوێ هەیە پێویستە بەعسییەکان ئەو پێداویستا نەیان بۆ ئامادە بکەن ئەو هۆ سەرەکیانەیە بەعسییەکان خۆیان لە کورد نزیك دەکەونەوە ترسی ئەوەیان هەیە شۆڕشی کوردستان بە

هەڵمەتی کوتوپڕو دەست بە یەخە و قوڕگیان بگرێت و بیان خنکێنێ بە هۆی دووبارەوە بوونی جەنگ لە کورستانە ببێتە هۆی دووبارە لە ناوچوونیان ، بەعسییەکان ئازاریان زۆر چێشتبوو بە دەستی (عارف)یەکان ئێستاش ئەم هەلەیان بۆ هەڵکەوتووە هاتوونەتەوە سەر دەسەڵات بە هەر نرخێك بێت نایانەوێت لەکیسەی خۆیانی بدەن ، بەعسییەکان بە ئەوە پەڕی توانایانەوە هەوڵیان دەدا سەرکردایەتی کورد رازی بکەن لەگەڵیانە بگەنە ئەنجامێك هەتا خۆیان بە تەواوی کۆدەکەنەوە و خۆیان تەیار دەکەن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە پەلاماری کورد بدەن ئەو وتوو وێژانە بۆ ماوەی دوو ساڵ زیاتر درێژەی کێشا لە ئەنجامیدا بەیانی ١١ ئازاری لێ دروست بوو .

# بەیانی ١١ ئازاری پیرۆز ساڵی ١٩٧٠

لە دوای وتووویژو هاتووچۆیەكی زۆر لە نێوان سەركردایەتی شۆڕشی كوردستان و سەركردایەتی بەعسییەكان بەسەرۆكایەتی سەدام حوسێن هەردوو لا گەیشتنە ئەنجامی مۆركردنی بەیانی یانزەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ لەو رۆژەدا سەدام حوسێن بە سەرۆكایەتی وەفدێكی گەورە كە پێك هاتبوو لە ژمارەیەك لە لێپرسراوانی بەعس ، سەردانی شارۆچكەی (گەلاڵە)یان كرد كە ئەو كاتە بارەگای گشتی سەركردایەتی شۆڕشی كوردستان بوو ئەو كاتە سەدام جێگری سەرۆك كۆماری عێراق بوو ئەوەی شایانی باسە لەو بارودۆخەدا سەدام دەستێكی زۆر باڵای هەبوو لە بەڕێوەبردنی رژێمی عێراق و پارتی بەعسدا (ئەحمەد حەسن بەكر) هەر چەندە بەناو سەرەك كۆمار بوو هەر كارێكی گرنگ لە عێراقدا دروست بوایە بە پەنجەی سەدام هەڵ دەسورێنرا لە دوای وتووویژێكی زۆر چڕوپڕ لە نێوان سەرۆك بارزانی هەردوو لا گەیشتنە ئەنجامی مۆركردنی بەیانی ئازاری پیرۆز ئەو بەیانە گرنگە لە ئیستگەی تەلەفزیۆنی عێراق و ئیستگەی دەنگی كوردستانەوە لە یەك كاتدا بڵاوكرایەوە سەركردایەتی شۆڕش بڕیاری تەقە وەستانی بە شێوەیەكی

گشتی لە هەموو کوردستاندا ڕاگەیاند لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بەیاننەکەدا سەرتا سەری عێراق و کوردستان دەست کرا بە شادی و ئاهەنگ ، شادی و خۆشی گەلی کورد بە تایبەتی و گەلی عێراق بە گشتی هێشتا لە مێژووی ئەم وڵاتەدا رۆژی وا خۆش ڕووی نەداوە ئەم بەیاننە بوو بە هۆی رازی بوون و دڵخۆشی گەلی عێراق و کوردستان بە تایبەتی لە لایەن زۆربەی جەماوەری عێراقەوە بە کوردو عەرەب و کەمە نەتوایەتیەکانەوە دەست کرا بە ناردنی بروسکەی پیرۆزبایی و دەربڕینی رەزامەندی بۆ هەردوو سەرکردایەتی ، سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان و سەرکردایەتی بەعسییەکان ئەو ئاهەنگ گێران و شادییە بەردەوام بوو بۆ ماوەی یەك هەفتە لە عێراق و لە کوردستانە رۆژی یانزەی ئازار لە لایەن رژێمی عێراقەوە بە رۆژی پشوودانی گشتی هەمیشەیی بریاری لە سەردرا چووە پاڵ رۆژانی پشوودانی گشتی عێراقەوە بارەگاکانی پارتی لە هەموو شارەکانی کوردستان و لە شاری بەغدا کرانەوە رۆژنامەی (خەبات) ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئاشکرا دەستی بە دەرچوون کرد رۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان دیسان کەوتنە بازارەوە بەندە سیاسیەکان کە بەناوی کوردایەتیەوە

گیرابوون هەموویان ئازدکران هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە ناو چیا سەرگەشەکانی کوردستان هاتنە خوارەوە لە نزیك شارو شارۆچەکەکان بارەگا و ئۆردووگایان بۆ دامەزرێنرا پێشمەرگەکان بە جلی خۆیانەوە بە تفەنگەکانی دەستیانەوە بە مۆڵەت دەهاتنەوە ناو شارەکان دیمەنیان زۆر سەرنج ڕاکێشی و جوان بوو بەلای کۆمەڵانی خەڵکی شارەکانەوە بە چاوی پاڵەوانی رزگاری و هیواو ئاوات ناویانیان دەهێنا منالآن لە کۆلآن و بازارەکان چاویان پێیان بکەوتایە دەستیان و لولەی تفەنگەکانیانی ماچ دەکرد بەواتای بە هێزی بازوو بە هێزی لولەی تفەنگەکانیان ئازادییان بۆمان هێناوە یەکێك لە بەندەکانی بەیانی یانزەی ئازار ئەوە بوو هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان ناوی پاسەوانی سنووریان لێبنرێت (حرس حدود) ناوی هێزو بەتالیونەکان گۆڕا بەشێوەی ڕێکخستنی سەربازی (فوج ، سریە) جل و بەرگی پێشمەرگەکان گۆڕا بە جل و بەرگی سەربازی فەرماندەکانی خۆیان سەرپەرشتی و راهێنانی سەربازیان پێیان دەرکرد هەر بەچەکەکانی پێشوویانەوە کە لە پێشمەرگایەتی بەدەستیانەوە بوو هەر کاتێك بە جل و بەرگە تازەکانیانەوە ڕوویان بکردایە لە لادێ و شارەکان

دانیشتوانی زۆر شانازییان پێیانەوە دەکرد وەك سەربازێکی کورد وەك پێشمەرگەیەکی خاوەن خەبات و تێکۆشان ڕێزیان لێیان دەگرت لەم بارووودۆخەدا ئاسایش و ئازادی و شادی باڵی کێشابوو بەسەر هەموو کوردستان و عێراق ئەگەر مرۆڤ بییەوێت لە بارەی ئاسایش و ئارامی و خۆشی ئەو کاتەوە شتێك بنووسێت نووسەر بەڕاستی خۆی و پێنووسەکەی بۆ ئەو ڕۆژە پیرۆزە کڕنوش دەبات نازانێ بە چ زمانێك و بە چ شێوەیەك ئەو بارووودۆخە هەلسەنگێنێ و باسی تێرو تەسەڵی لێوەبکات ئەوەندە دەڵێم و دەینووسمەوە ( لە ژیانی خۆما



پێشمەرگەکانی گەرمیان ناوچەی قەرە حەسەن ئاوایی (خاڵە بازیانی ، ئۆمەرگەدە ) ئاهەنگ دەگێرن بە هۆی بەیانی ١١/ ئازاری ساڵی ١٩٧٠ ، لە چەپەوە ١- ڕەحیم جۆڵا سەرپەل ،٣- عەلی مەلا محەمەد ،٣- ڕەحیم گوێرەش دانیشتوانی ( ئۆمەرەگەدە .



**پێشمەرگەکانی گەرمیان لە (ئاوایی خاڵە بازیانی ) بە بۆنەی یادی نەورۆزی ساڵی١٩٧٠ز یەوە نمایشی سەربازی دەکەن دانیشتوان چەپڵەیان بۆ لێدەدەن و گولبارانیان دەکەن .**





**بەشێك لە ئاهەنگەکەی ١١ئازاری ساڵی ١٩٧٠ لە ئاوای ئۆمەرەگەدەو خاڵو بازیانی**



فوجی (٥) پاسەوانی سنوور لە (سەنگاو) ڕاهێنانی سەربازی دەکەن لە ساڵی ١٩٧١ز

ڕۆژی سەربەستیم نەدیبوو بە ڕاستی ئەو ڕۆژانە ڕۆژی سەربەستی و ئازادی بوو کە بەچاوی خۆم بینیم) ئەو یادگارییەی کە هەتا هەتایە لە بیرم ناچێتەوە ڕۆژی ١٩٧١/١/٢٥ بوو (دکتور محمود عوسمان) نوێنەری سەرۆک بارزانی بوو ئەندامی کارگێری مەکتبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە بەرنامەی کارەکانیە سەردانی

شارۆچکەی چەمچەماڵی کرد لە بارەگای لیژنەی ناوچە چەمچەماڵ میوان بوو ئەوکاتە من لێپرسراوی لیژنەی ناوچە بووم بەرێزیان داوایان کرد سەردانی تیپی پێشمەرگەکانی ناوچەی قەراخ بکات فەوجی (٥) حرس حدود فەرماندەکەیان (شەوکەت ئیسماعیل) بوو کە ئۆردووگاکەیان لە دەرەوەی شارۆچکەی (سەنگاو) بوو لە نزیك ئاوایی (قەڵا) لەو کاتەدا تیپەکە سەرگەرمی مەشقی سەربازی بوون لە ڕێگا بێتەلەوە ئاگاداری فەرماندەکانیانم کردەوە کە نوێنەری سەرۆك بارزانی دەیەوێت سەردانیان بکات لە دوای ئاگادار کردنەوەیان بە سێ سەعات گەیشتینە لایان بە گەیشتنمان بۆ لای تیپەکە هەموویان لە شێوە و ریزو ڕێکخستنی سەربازی ئامادە کرابوون تیپەکە ژمارەیان زۆر بوو بە ژمارە بە گوێرەی لیوایەکی سەربازی دەبوون هەموو تیپەکە بە جل و بەرگی سەربازیەوە وەستابوون چەکەکانی کاتی پێشمەرگایەتیان بەشانەوە بوو لێرەدا ناچارم بنووسم کاتی پێشمەرگایەتی لەبەر ئەوەی ناوەکانیان و بەرگەکانیان گۆڕابوو دەتوانم بڵێم لە ئەوکاتەی لە بن تاشە بەردوو سەرچیاکانی کوردستان بوون ئێستا لەو کاتانە گەلێك دڵسۆزو بە ئەمەکتربوون بۆ پارێزگاری لە گەلی کوردو

نیشتمانەکەی ژمارەی (١٠٠ دانە پێشمەرگە بە جلی سەربازیەوە بە تفەنگی بڕنەوەی دڕێژەوە لە پێشەوەی هێزەکەوە لە گۆڕەپانەکەدا وەستابوون بە ناوی (حرس الشرف) ، ئالأی پارتی و ئالأی عێراق لە پێشیاندا هەڵکرابوو بەگەیشتنمان بە گۆڕەپانەکە دکتور محەموود بەناوی سەرۆك بارزانیەوە دەستی کرد بە پشکنینی سەربازەکان من و هەڤاڵەکانم لە تەنیشتیەوە دەڕۆیشتین هەتاکو پشکینینەکە کۆتایی پێهات ئەو دیمەنە پیرۆزەی پێشمەرگەکان و ئەندامانی حەرەس شەرەفەکان بەلامەوە یادگاریەکە هەتا هەتا لە یادم ناچێت کە سەربازی کورد سەرکردەیەکی کورد لە پلەی سەرۆك دەوڵەتێکدا دەیان پشکنێ چوونکە زۆر لە ماوەێکی دوورەوە گەلی کورد چاوەروانی رۆژێکی بەو شێوەیە بوون ئاشکرایە ئەو دیمەنە پیرۆزە گەلی کورد قوربانی زۆری لە پێناودا داوە بۆ یەکەم جار بوو لە دوای تێپەڕبوونی پەنجا ساڵ بەسەر حکومەتی شێخی نەمردا ئەم رۆژە دەبینین لەبەر ئەوە بەلای من و هەڤاڵەکانمەوە ئەو دیمەنە گرنگیەکی زۆری هەبوو هەر بۆیەش من و هەڤاڵەکانم فرمێسکی شادیمان دەرژان هەتاکو پشکنینەکە کۆتایی هات ، لەم بارووەدۆخەدا هەموو دانیشتوانی کوردستان وعێراق ،

چاویان له پشوودان و ماندووی دەرکردنی سالأنی رابوردووی پڕ لە ژیانی تاڵ و سوێر بوون پیاو خراپانی ولأت ئاژاوه گێڕان خۆیان خزاندبووه جێگا تەنگ و تاریکەکانیانەوە نەیادەتوانی چ دی هەوڵی پیاو خراپی بدەن لەبەر ئەوەی هەموو کۆمەلأنی خەڵکی عێراق و کوردستان هیوایان پارێزگاری کردنی ئەو بارودۆخه بوو کە پڕبوو له هێمنی و ئاسایش له مانگی تەموزی ٧/١٠ ساڵی ١٩٧٢ به کارێکی تایبەت رۆیشتم بۆ (گەلألە) ئەو جێگایانەی له هاوینه هەوارەکانه بۆ سەیران و حەوانەوەی ئەو مێوانانه ئامادەکرابوو کە لە کاتی هاویندا دەهاتن بۆ گەشت و سەیران ئەو جیگایانه هەموویان پڕبوون له ماڵ و خێزانی عەرەب کە لە شارەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراقەوە هاتبوون لەبەر زۆری میوانەکان خاوەنی چێشتخانەو میوانخانەکان بە تەنیشت خۆیانەوە بە حەسیر کەپریان دروست کردبوو بۆ ئەو میوانانەی ڕوویان کردبووه هاوینه هەوارەکان وجێگای پشوودانیان له میوانخانەکان نەمابوو به ناچاری لەبەر قەرەباڵغی هاوینه هەوارەکان لەو کەپرانەدا دەحەوانەوە ژمارەیەکی دیکەم بینی لەو میوانانه ئەو کەپرانەیانیش بەدەست نەکەوتبوو لەسەر شەقام وگوێ

ڕووبارەکان جێگایان ڕاخستبوو لەگەڵ خێزانەکانیان ئەم دیمەنانەیش یەکێك بوو لەو دیمەنانەی کە ماوەیەکی زۆر بوو گەلی عێراق بە کوردو عەرەبەوە چاوەڕوانی بوون بە هۆی جەنگی بەسەردا سەپاوی کوردستانەوە کە رژێمی عێراق دروستی کردبوو لێیان قەدەغە کرابوو هاوینەهەوارەکانی کوردستان ببوون بە مۆڵگاو جێگای سوپای میری و گۆڕەپانی شەڕو وپێکدادان دانیشتوانی بێ بەش کرابوون لەو خۆشیە لە رۆژی بڵاوبونەوەی بەیانی یانزەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ بە کاتێکی ئاڵتونی دادەنرێت لە مێژووی عێراقدا ، لە یەکێك لە بەندەکانی یانزەی ئازاردا هاتبوو دەبێت ئەو بەیاننە بۆ ماوەی چوار ساڵ جێ بە جێ بکرێت ئەم بڕگەیە لە بەیاننەکەدا زۆر بە زەقی خۆی نیشاندەدا بۆ پووچەڵ کردنەوەی هەموو بەندەکانی ڕێککەوتنکە دانراوە وەکو بۆمبێکی کات دیاری کراو (توقیت) لەبەر ئەوەی بەیانی یانزەی ئازار زۆر بە گورجی ئاسانکاری جێ بە جێ کردنی بۆ هاتەکایەوە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان زۆر بە پەلە ئاسانکاری بۆ دروست کردوو هەنگاوی زۆری نا لەم بارەیەوە گرنگترین هۆکاری ئاسان کاری جێ بە جێ کردنی باری (هێمنی و

ئاسایشی) ناوچەی کوردستان بوو کە لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە زۆر هەوڵی بۆ دەدرا و سەقامگیر بوو هێزەکانی پێشمەرگە کە میری بە کۆسپێکی گەورەی دەزانی و زۆر لێی دەترسا بە زوویی سەرکردایەتی شۆڕش لکانی بە سوپای عێراقەوە بوون بە بەشێك لە سوپای عێراق بە ناوی پاسەوانی سنوور هەموو ئیدارەکانی کوردستان لە شارۆچکە رزگار کراوەکان گەڕانەوە جێگاکانی خۆیان و دەست بە کاربوون وهیچ گیروگرفتێك لە ڕێگایاندا نەماو فەرمانەکانیان لە رژێمی عێراقەوە وەردەگرد سەرکردایەتی شۆڕش فەرمانی دابوو ئەو کەسانەی ناوی سەربازیان دێت ڕووبکەنە (تەجنید)ەکانیان و بچنە ریزی سوپای عێراقەوە ئەم خاڵەیش لەلایەن دانیشتوانی کوردستانەوە جێ بە جێ کرا گەنجەکان ڕوویان کرد لە (تەجنید)ەکانیان و بەرگی سەربازیان لەبەر کردوو چوونە ریزەکانی سوپای عێراقەوە ئەم خاڵە سەرەکیانە کە میری زۆر پێویستی بوو ، سەرکردایەتی شۆڕش بۆ ماوەی شەش مانگ هەموویانی جێ بە جێ کرد جگە لەم خاڵانەی سەرەوە سەرکردایەتی شۆڕش لە سەرەتای ڕێککەوتنەکەوە بڕیاری ئازادکرنی بەندکراوەکانی سەر بە میریدا بە بێ جیاوازی کردن لە

نێوانیان هەموویان ئازادکران و گەڕانەوە ماڵی خۆیان دەنگە زوڵاڵەکەی ئیستگەی رادیوێ کوردستان کپ کرایەوە و لە بڵاوکردنەوە وەستا ژمارەیەکی زۆر چەکی قورس لە دەست کەوەتەکانی پێشمەرگەکانی کوردستان کە لە میرییان گرتبوو درایەوە دەستی رژێم ئەو فرۆکەو تانکانەی لە کوردستان خرا بوونە خوارەوە وە سووتێنرابوون بەدەستی هێزەکانی پێشمەرگە میری زۆر بە پەرۆشەوە داوایانی دەکرد هەموویان درانەوە دەستی رژێم سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان لە هەموو بارێکەوە بە پەلە ڕێگا و شوێنی دروست دەکرد بۆ ئاسانکاری جێ بە جێ کردنی بەندەکانی بەیاننامەکەی ئازار ئەوەی شایانی باسە درێژ کردنەوەی ماوەی جێ بە جێ کردنی بەیاننامەکە و دواخستنی بەلای میریەوە زۆر گرنگ بوو زۆریش کاری بۆ دەکرد کەو دوا بخرێت لەبەر ئەوەی میری پێویستی بە ماوەیەکی درێژ هەبوو لەو بارەوە لەبەر ئەم خالأنەی لای خوارەوە :

١-لەبەر ئەوەی میری پێویستی بە ماوەیەکی درێژ تر هەبوو بۆ ئەوەی بتوانێت چەك و تەقەمەنی زۆر لە وڵاتانی دەرەوە کۆ بکاتەوە بۆ ئامادەکردن و تەیارکردنی سوپاکەی لەسەر شێوەیەکی تازە .

٢-میری هەوڵی زۆری دەدا بەهۆی باڵوێزەكان و دبلوماسیەكانیەوە لە دەرەوەی وڵات ئەو وەفدانەی پەیتا پەیتا دەیانی نارده دەرەوەی وڵات بە ڕای گشتی جیهان رابگەیەنێت گوایە كێشەی كورد لە كوردستانی عێراق تەواو بووە هیچ گیروگرفتێك لە كێشەكەدا نەماوە گەلی كورد بە هەموو مافەكانی خۆی گەیشتووە دانیشتوانی كوردستان شان بە شانی گەلی عەرەب كاردەكەن بۆ بنیات نانەوەی عێراق ئەو شتەی كە لە پێشدا بە جولانەوە و شۆڕشی كوردستان ناو دەبرا كۆتایی هات و تووایەوە لەم بارەیەوە میری پڕوپاگەندەیەكی زۆری دەكرد لە ناوەوە و لە دەرەوەی عێراق بە تایبەتی لەبەر ئەوەی میری نیازی نەبوو هیچ مافی بە نەتەوەی كورد بدات و بەیاننامەی یانزەی ئازار جێ بە جێ بكات لەو كاتەدا پێویستی زۆری هەبوو ئەو پڕۆپاگەندانە بە خەستی بلاو بكاتەوە لەبەر ئەوەی بتوانێ پەردەیەكی ڕەش ئەستور بەسەر كێشەی گەلی كورددا بدات و لە بیری خەڵكی بباتەوە ئیتر كەس باسی گەلی كوردو شۆڕشەكەی نەكات جگە لەم كارانە میری هەوڵێكی زۆر بە هێزی دەدا لە ڕێگای پیاوە دڵسۆزەكانی خۆیەوە بە شێوەیەكی زۆر نهێنی بۆ دەست خستنە ناو هێزەكانی

پێشمەرگەوە بە تایبەتی لە ڕێگا دەرکردنی سەرکردەکانیان لە ڕێبازی شۆڕش بە مەبەستی دوورخستنەوەیان لە شۆڕش و لە پارتی ، ئەویش بە هۆی پارە پێدانی زۆر بەڵێنی پلە پێدانیان لە ناو دەستگاکانی میریە بە هەر نرخێك بتوانێ لە خشتەیان بەرێت فەرماندە و لێپرسراوانی شۆڕش بە هەر کارێك ڕێگایان بکەوتایە شارەکان و بە تایبەتی بۆ بەغدا کاربەدەستانی میری لە دەسگاکانی سیخوری بە پەلە پێشوازیان لێیان دەکرد و بانگهێشتنیان دەکرد بۆ جێگای رابواردن و پیشەی نا پەسەند و خراپ لێپرسراوانی دەستگاکانی ئەمن و مەخابەرات و لێپرسراوانی پارتی بەعس هەوڵیان دەدا بە پارەو بە پێدانی پلەی بەرز لە ناو ریزەکانی رژێمدا لە شۆڕش و لە سەرکردایەتی پارتی ڕوویان وەرگەڕێنن بۆ لای خۆیان ئەو کارانەیان بۆ سەرۆك هۆزەکانی کوردیش بەکارهێنا بە هەمان شێوەو بۆ هەمان مەبەست پیاوی باوەڕ پێکراوی خۆیان دەنارده لایان و پەیوەندی تایبەتیان لە تەکیاندا ئەنجام دەدا ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی بەعسییەکان هەمووی لە پێناو ئەوەدا بوو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە شۆڕش و لە پارتی دوور بخەنەوە هەوڵەکانی کاربەدەستانی میری ئەگەر لەگەڵ یەکێك

لە لێپرسراوانی شۆڕش و سەرەك هۆزەکانە سەری بگرتایە و بتوانن لە خشتەی بەرن ئەوەیش دەگەڕایەوە بۆ بۆچوون و باوەڕی ڕاستەقینەی ئەو کەسایەتیە بە گەڵ و نیشتمانەکەی و ئیتر خۆی دەیزانی بە چ جۆرێك مامەڵە لەگەڵ باروودۆخەکەدا دەکات ئەگەر خاوەنی باوەڕی ڕاستەقینە بووایە بە سەرکردایەتیەکەی و بە گەل و نیشتمانەکەی بەڵێنەکانی میری و پلەو پایەی خیانەتکاری وەرنەدەگرت لێیان و دەیگەڕانەوە لە دوای سەرزەنشت کردنیان سەرکردایەتی شۆڕش لێیان ئاگادار دەکردەوە بە چ شێوەیەك دەیانەوێت پیلان دابنێن بۆ لێدانی شۆڕشی کوردستان و بە تەمای جێ بە جێ کردنی بەندەکانی بەیاننەکەی یانزەی ئازار نین ئەو هەڵسوکەوتە دوو ڕووانەی میری زۆر بە چاکی ناخی بەعسییەکانی دەردەخست ، کە بە هیچ جۆرێك بە تەمانین بەیاننی یانزەی ئازار بۆ گەلی کورد جێ بە جێ بکەن سستی کردن و کەمتەرخەمی و درێژەدانی ماوەی جێ بە جێ کردنی خاڵەکانی بەیاننەکە لەلایەن بەعسییەکانەوە بە دەستی ئەنقەست ، خۆی لە خۆیدا بوو بە هۆی دروست بوونی ، ژمارەیەك ئاژاوەو کاری تێکدەرانە ، لە نێوان میری و سەرکردایەتی شۆڕشدا میری دەستی کرد بە

هاندانی ژمارەیەك لە رۆژنامەو گۆڤارەکان لە دژی گەلی کورد و شۆڕشەکەی بنووسن ، ئەم کارەیش بوو بە هۆی دروست بوونی هەندێك لە گیروگرفت لە نێوان هەردوو لا لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ و سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ میری هانی کاربەدەستانی موخابەرات و ئیستخباراتی دەدا بە شەوان تەقەیان لە بارەگاکانی پارتی دەکرد لە ناو شارەکاندا بە تایبەتی لە شارەکانی بەغداو موصل و خانقین بە رۆژانە مەفرەزە تایبەتیەکانیان کە پێك هاتبوون لە ئەمن و ئیستخبارات ولە موخابەراتەکانیان خاڵی پشکنینیان لە سەر شەقام و بازارەکان دروست دەکرد بۆ گرتنی و شاردنەوەی ئەو پێشمەرگەو لێپرسراوانە بە مۆڵەت و کاری تایبەت ڕوویان دەکرد لە شارەکان ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتیەکانی ناو شارەکانیان دەگرت و دەیان شاردەوەو لەو جێگا تایبەتیانەی بۆ ئەم مەبەستە دروستیان کردبوو لەبەر ئەوەی ئەو کەسانە دۆستی کورد بوون ولایەنگیری شۆڕشی کوردستانیان دەکرد میری دەستی کرد بە هێنانی ماڵ و خێزانی عەرەب بۆ تەعریب کردنی خاکی کوردستان ئەو ماڵ و خێزانە عەرەبانەی لە باشورو ناوەڕاستی عێراقەوە بۆ شاری کەرکوك و موصل و خانەقین و کفری و

خورماتوو و چەند جێگایەکی دیکە ، زەوی و کێڵگەی جووتیارە کوردەکانیان بە زۆر دابەشی کرد بە سەریاندا کۆمەڵگایان دروست کرد بۆیان یارمەتیەکی زۆریانیاندا بە پارەو بە ماڵ و بە سەیارەو هەموو پێداویستیەکی جووتیاری وەك تۆ و تراکتۆر و کیمیاوی ، عەرەبە هاوردەکانیان چەکدار کرد بە شێوەیەکی چاك ، عەرەبە هاوردەکان کەوتنە گیان ئەو جووتیارە کوردانەی لە ناوچەکەیاندا مابوون بە بەکارهێنانی چەك و بەترس و تۆقاندن هەموویانیان دەرپەڕان هەر چەندێك زەوی و کێڵگەی ناوچەکەیان هەبوو خستیانە ژێر دەستی خۆیانەوە و کوردەکانیان بێ بەش کرد لە زەویەکانی باوك و باپیریان پیاوەکانی موخابەراتی بەعسییەکان دەستیان کرد بە دانانی بۆمب و تەقینەوە لە ناو بارەگاکانی پێشمەرگەو بارەگاکانی پارتی لە چەند جێگایەکی گشتی وەك لە بازاری شاری (هەولێر و رەواندووز و گەلاڵە و چۆمان و حاج عومەران ) لە سەرەوەی هەموویانەوە لە رۆژی ١٩٧١/٩/٢٩ دەست درێژ کردنیان بۆ سەر گیانی سەرۆك بارزانی ، ئەویش بە هۆی ناردنی ژمارەیەك لە پیاوانی موخابەراتی عێراق بە جل و بەرگ و شێوەی مەلایەتیەوە مەلا مینرێژکراوەکان هەموویان

پشتێنی (تی ئین تی)یان بەستبووە پشتیان گیرفان و باخەڵەکانیان پڕ کردبوو لە بۆمبی دەستی و تەقینەوە ئەو سەیارەیەی پێ ی هاتبوون پڕیان کردبوو لە ساروخ و مادەی تەقینەوە لە کاتی دانشتنیان لە خزمەتی سەرۆك بارزانیدا لە دوای دە دەقیقە هەموویان بە جارێك خۆیانیان تەقاندەوە ئەو کارەیان کرد تەنها لە پێناوی کوشتنی سەرۆك بارزانیدا بوو خۆش بەختانە سەرۆك بە سووکی بریندار بوو یەزدانی گەورە پارستی بۆ گەلی کوردو شۆڕشەکەی ئەوەی شایانی باسە لەم ڕووداوەدا یەکێك لە هاوەڵەکانی سەرۆك بارزانی کە ناوی (سەلیم) بوو لە پێش تەقینەوەکەدا هەستی کرد بوو بە پیلانەکەیان بە پەلە خۆی دەدا بەسەر سەرۆکداو شەهید بوو گیانی خۆی کرد بە قوربانی کوردو کوردستان و سەرۆکەکەی لەبەر ئەوەی ناوی ئەو شەهیدە سەربەرزە هەمیشە لە پێش چاو بێت ، ناوی یەکێك لە شەقامە سەرەکیەکانی شاری چەمچەماڵ بە ناوی ئەو شەهیدەوە نووسراوە هەتاکو نووسینی ئەم پەڕتووکە ئەو شەقامە هەر بەناوی ئەو شەهیدەوە دەناسرێت ئەو کاتەی توانیم ئەو کارە بکەم سەرۆکی شارەوانی چەمچەماڵ بووم ئەو شەقامە لە پێش نەخۆشخانەی گشتی چەمچەماڵەوە دەست پێدەکات

تا دەگاتە سەری پردە ئاسنەکە ئەو هەموو کردەوە نالەبارانەی میری کە ئەنجامیانیدا لە دژی گەلی کورد سەدان کردەوەی بێشەرمانەی دیکە هیچیان بۆ جەماوەری کوردستان نەهێشتەوە کە باوەڕیان بمێنێت بەوەی جارێکی دیکە میری بەندەکانی یانزەی ئازار جێ بە جێ بکات بۆ گەلی کورد لەبەر دەرکەوتنی ئەو ڕاستیە بۆ گەلی کورد هەموو کوردێك هاتە سەر ئەو باوەڕە دەبێ جارێکی دیکە ڕوو بکەنەوە ناو چیاو ئەشکەوتەکانی کوردستان بۆ پارێزگاری لە شەرەف و کەرامەتی خۆمان جارێکی دیکە بەرامبەر بە ناحەزان و دوژمنانی کورد چەك هەڵگرین چیا سەختەکانی کوردستان بکەینەوە بەلانکەو بە قەڵغان و سپەر بۆ بەرگری کردن لە خۆمان و خێزانەکانمان تەنها چیا سەرکەشەکانی کوردستان هەمیشە پشت و پەناو حەشارگەی گەلی کورد بوونە لە کاتی هێرشە یەك لە دوای یەکەکانی دوژمنەکانمانە چیای (پیرە مەگرون و هەڵگورد و قەندیل و زۆرەك و کوڕە کاژاو زمناکۆ و بەمۆ) هەموو دەستە خۆشکەکانی دیکەیان بوون بەلانکە ئەم گەلە و بە توندی وەك دایکێکی خۆشەویست لە باوشیان گرت و پاراستیان لە دەستی دوژمنانی ، زۆر شتێکی سروشتیە ئەگەر ساوای

هەر دایکێك ئازارێکی پێبگات لە پێش هەموو کەسێکدا هانا و هاوار هەر بۆ دایکی خۆی دەبات) دایك باشترین پارێزگارە بۆ رۆڵەکەی خۆی ، ئەگەر خەڵك دەست بگرێت دایك لە کۆشور باوەشی خۆی دای دەنێت هەر بەم بۆنەیەوە مامۆستای کورد مامۆستا قانع ڕوو دەکاتە چیای هەورامان دەفەرمێت .

شاخی هەورامان هەر چەند رەنجە رۆم
زۆر چاك بزانە من مەمنونی تۆم
چونکە پاراستت تۆ ئەم زمانە
تێکەڵت نەکرد لەگەڵ بێگانە
نە رووم نە عەجەم نە تورکی تاتار
نە رووس نە ژاپۆن نە دەس ئیستعمار
نەهاتنە ناوت سەر بەخۆ ژییای
بۆ لاوەکانت تۆ پشت و پەنای

ئەو پیلان دانان و تەڵەکەبازی و هەنگاوە نا بەجێ‌کانی میری بە تەواوی شیرازەی وتوو وێژکردنی نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و بەعسییەکانی بڕی لەبەر ئەوەی هیچ هیوایەك نەمابوو بە ئەنجامێك بگەن بۆ دوا چاوپێکەوتنیان لەلایەن

سەرکردایەتی شۆڕشەوە وەفدێکیان نارد بۆ بەغدا بە سەرۆکایەتی شەهید (ئیدریس بارزانی) ئەم بۆ ئەوەی کێشەکە یەك لایی بکرێتەوە لەگەڵ کاربەدەستانی میریدا یان بەندەکانی بەیاننی یانزەی ئازار بە پەلە جێ بە جێ بکەن یان شەڕ لە کوردستاندا دووبارە دەکرێتەوە لە دانیشتنەکانیاندا لە بەغدا دەرکەوت بۆ وەفدەکەی کورد بەعسییەکان نیازیان چاك نیە نایانەوێت لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان ڕێك بکەون ، بەعسییەکان ئەیانەوێت شەڕ لە کوردستان دووبارە بکەنەوە ،بەعسییەکان بەو ئامانجە گەیشتبوون کە لە سەرەتای مۆرکردنی بەیانەکەدا مەبەستیان بو ماوەی چوار ساڵەکە کە دانرا بوو بۆ جێ بە جێ کردنی بەیاننەکە هاتبووە کۆتایی لەو ماوە درێژەدا هەرچیەکیان دانە بوو لە بەرنامەکەیاندا زۆربەیان بە گوێرەی ویستەکانی خۆیان جێ بە جێ کردبوو بە تایبەتی کۆکردنەوەی چەك و تەقەمەنی نوێ و راهێنانی سوپاکەبان لەسەر شێوازیەکی نوێ و دڕندانەتر لە جیاتی پیاوانی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان ژمارەیەك خەڵکی سەر بە خۆیان و هەڵخەڵەتاویان ئامادەکردبوو لە کوردستان بەرێوەبەرایەتیەکی ئۆتۆنۆمیان لە شێوەی کارتۆنی بۆ

دروست بکەن هەتاکو ڕای گشتی ئاگادار بکەنەوە کە گوایە بەیاننەکەی یانزەی ئازاریان جێ بە جێ کردووەو مافەکانی گەلی کورد دابین کراوە ، دانیشتنەکانی وەفدی کورد بە سەرۆکایەتی شەهید (ئیدریس بارزانی نەمر) لەگەڵ کاربەدەستانی میریدا کۆتایی پێهات ، ئیدریس بارزانی و هاوەڵەکانی ، بە فڕۆکەیەکی هەلی کۆپتەری سەربازی گەیشتنەوە ( گەلاڵە) هەر ئەو رۆژە هەموو بارەگاکانی پارتی لە شارەکان لەلایەن میریەوە داخران رۆژنامە کوردیەکان لە دەرچوون کەوتن بارەگاکانی تیپەکانی پاسەوانانی سنوور داخران و بلاوەیان پێیان کرد ئەندامە ناسراوەکانی پارتی لە ناو شارەکانە دەرچوونە دەرەوەی شارەکان پەنایان بردەوە (بنکە) کۆنەکانی سالانی خەباتی پێشوویان خەڵکیٚ زۆر لە لە شارەکانەوە بە ماڵ و خێزانەوە ئاوارەی ئاوایەکانی کوردستان بوون بارودۆخەکە بە تەواوی ئاڵۆزا لە ناوشارەکاندا جەندرمەکانی بەعس دەستیان کرد بە راونان و گرتنی دانیشتوانی شارەکان خەڵکی زۆریان لەگەڵی کورد گرت و خرانە زندانەکانیانەوە ، هێزەکانی میری و مەفرەزە تایبەتەکانی ئەمن و ئیستخبارات دەستیان کرد بە هێرشی بچووك بۆ سەر ئەو ئاوایانەی کە نزیك بوون لە شارەکانەوە

به بیانوی پشکنین ژمارەیەك پیاوی کوردیان گرت و خستیانە بەندیخانەکانیانەوە ئاوایە عەرەبەکان و عەرەبەکانی ناو شارەکان پڕ چەك کران ئاگاداری سەرۆك (چەکدار)ە کوردەکانیان کردەوە ئەوەی جێگای باوەڕیان بوو چەکیان بە سەریاندا دابەش کرد پەیوەندی ئەو سەرەك (چەکدار)ە کوردانەیان گرێدا بە لیوایەك یان تیپێکی سەربازیەوە لە ژێر دەسەڵاتی فەرماندەی لیواکەیان فەرماندەی تیپەکەدا کاریان دەکرد .

# بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق پۆختەی بەیانی ١١ ئازار ( ئۆتۆنۆمی کوردستان)

(١)زمانی کوردی : زمانێکی رەسمی ئەبێت شان بە شانی زمانی عەرەبی لەو ناوچانەدا کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن ، زمانی کوردی زمانی فێرکردن ئەبێت لەم ناوچانەدا دەرسی عەرەبیش ئەوترێتەوە لە هەموو ئەو قوتابخانانەدا خوێندن تیایاندا بە کوردیە هەروەها زمانی کوردی ئەخوێندرێ لەسەرانسەری عێراقدا وەك زمانێکی دووەم لەو سنوورەدا کە یاسا دای ئەنێت.

(٢) هاوبەش کردنی برا کوردەکان لە حوکم و جیاوازی نەکردن لە بەینی کوردو کەسانی تردا لە وەرگرتنی وەزیفەی گرنگ و ناسکەکانی وەزیفە دەوڵەتیشەوە وەك وەزارەتی سوپایی جێگەی تریش ئەم شتانە هەمیشە لەو مەبەستە گرنگانە بوو کە حکومەتی شۆڕش هەوڵی جێ بە جێ کردنی داوە وە لە کاتێکدا حکومەت ئەم مەبدئە بڕیار ئەدات ئەوە ئەچەسپێنێ کە ئەبێت ئیش بۆ جێ بە جێ کردنی بکرێت بە نسبەتێکی عادیلانە لەگەڵ رچاوکردنی مەبدەئی بە توانای

وە نسبەتی دانیشتوانن ئەو بێبەشیەی برا کوردەکانمان دووچاری بوون لە رابوردوودا .

(٣) لەبەر ئەو دواکەوتوویی یەی تووشی نەتەوەی کورد هاتووە لە مەو پێش لە ڕووی سەقافی و پەروەردەکردنەوە نەخشەیەك دا ئەنرێت بۆ چارەسەر کردنی ئەم دواکەوتنە ئەویش لە ڕێگای ئەم خاڵانەوە :

أ–پەلەکردن لە جێ بە جێ کردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەربارەی زمان و مافە سەقافیەکانی گەلی کورد بەستنی ئامادەکردن و ئاراستە کردنی ئەو پڕوگرامانەی کە پەیوەندیان بە مەسەلەی نەتەوایەتی کوردەوە هەیە لە ئیستگەو تەلەفزیون بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەقافەتی کوردی .

ب–گێڕانەوەی ئەو قوتابیانەی دەرکراون یان ناچار بوون خوێندن بە جێ بهێڵن بە هۆی زروفی شەڕی ناوچەکەوە ، بۆ قوتابخانەکانیان وە چاوپۆشی کردن لە تەمەنیان وە یان دۆزینەوەی چارێکی بە جێ بۆ گیروگرفتەکانیان .

ج–زیاد کردنی ژمارەی قوتابخانەکان لە ناوچەی کوردەواریکاندا وە بەرزکردنەوەی رادەی پەرەوەردە فێرکردن و وەرگرتنی قوتابیانی کورد لە دانیشگاکان و

کولیەی عەسکەری و ناردنیان بۆ دەرەوەی وڵات بۆ خوێندن ( بعثات و زمالات ) بە نسبەتی عادیلانە .

(٤)فەرمانبەرایەتی بەڕێوەبەرایەتیەکان هەموو کورد ئەبن لەوناچانەدا کە زۆربەی کوردن وەیان لەو کەسانە ئەبن کە کوردی باش ئەزانن هەتا لە توانادا بێت لێپرسراوە سەرەکیەکان (محافظ ، قائمقام ، بەڕێوەبەری پۆلیس و ئەمن و ئەم جۆرە وەزیفانە) لە ئێستەوە دیاری ئەکرێن وە دەس بە جێ دەس دەکەن بە ئیش و کاریان و بەگەشە پێ کردنی دەزگاکانی دەوڵەت لە ناوچەکە داو لە دوای راوێژکردن لەگەڵ (لیژنەی بەرزی) سەرپەرشتی کردن جێ بە جێ کردنی ئەم بەیاننە بە شێوەیەك کە جێ بە جێ کردنی مسۆگەر بکات وە یەکێتیی نیشتمانی بە هێز بکات وە هێمنی بە چەسپێنێ لە ناوچەکەدا .

(٥)میری دان بە مافی گەلی کوردا بنێت لە دروست کردنی ڕێکخراوەکانی تایبەتی بۆ قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و مامۆستایان وە ئەم ڕێکخراوانە ئەندام ئەبن لە ڕێکخراوە نشتیمانیە عێراقیەکان.

(٦)درێژە ئەدرێت بە کارکردن بە بەندی (١-٢) لە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە لە رۆژی ١٩٦٨/٨/٥

دەرچووە هەتاکو بەرواری دەرکردنی ئەم بەیاننەوە ئەمەیش هەموو ئەو کەسانە ئەگرێتەوە کە هاوبەشیان کردووە لەسەرو ڕووداوەکانی ناوچەی کوردیدا .

(٧)کرێکاران و فەرمانبەران و مستەخدەمەکان چ مەدەنی چ عەسکەری ئەگەرێتەوە سەرکارو باری خۆیان وە ئەمەش ئەکرێت بە بێ خۆبەستنەوە بە میلاك و سوود لە مەدەنییەکان ئەبینرێت لە سنووری پێویستیەکانی ناوچەی کوریدا.

أ-دروست کردنی کۆمیتەیەك لە کەسانی شارەزا و پەیوەندیدار بە مەسلەکەوە بۆ بەرەو پێشەوە بردنی ناوچەی کوردی لە هەموو ڕوویەکەوە بەو پەڕی خێرایی لەو سالآنەی دوای بە دواوە ، تەرخان کردنی میزانیەیەك تەواو بۆ جێ بە جێ کردنی ئەمە ئەم کۆمیتەیە ئەبەسترێت بە وزارەتی کاروباری ژوورەوە .

ب-ئا مادەکردنی نەخ شەیەك ئابووری بە شێوەیەك گە شەکردنی وە کو یەك (متکافئ) مسۆگەر بکات بۆ هەموو ناو چەکانی ع ێراق لە گەڵ ڕە چاوکردنی باری دوا کەوتویی ناوچەی کوردیدا .

ج– تەرخان کرد نی موو چەی تەقاع یدی بۆ خێزا نەکانی ئەو کەسانەی کە شەهید کراون لە کاتی شەڕەکانی نا ڕاست لەو کەسانەی کە بەشداری بزوتنەوەی چەکدارانەی کوردی بوون . جگە لە مانەش بۆ ئەوانەی کە پەککەوتە بوون بە هۆی ئەو بارە نا لە بارەوە بە پێی یا سایەکی تایبەتی گو نجا ولەگەڵ ئەو یاسانەی کە ئێستا کاری پێدەکرێت .

د–کارکردن بۆ یار مەتی دا نی زرەرمە ندو ئەوا نەی پێویستە یار مەتی بدرێن لە رێ گەی جێ بە جێ کرد نی پرۆژەی خانوو بەرەو دۆزی نەوەی ئیش بۆ بێ کارە کان پێ شکەش کردنی یارمەتی عەینی و نەقدی گو نجاو بژاردنێکی پە سەند بۆ زەرەرمەندەکان و ئەوانەی کە پێویستیان بە یار مەتی دان هە یە ، ئە مە بە لیژ نەی بەرز ئە سپێنرێ ئە مە ئەوا نە ناگرێتەوە کە لە بەندەکانی سەرەوە باسکراون .

٨–گەراند نەوەی دانی شتوانی دێ هاتی عەرەبی و کوردی بۆ شوێنەکانی پێشوویان بەڵام دانیشتوانی ئەو دێهاتا نەی کە نابێ بوو جێ نشین و حکومەت ئیستملاکیان دە کات ، بۆ بە بەرژەوە ندی گ شتی بە پێی یا سا ، لەو ناو چانەی نز یك ناو چەکانی خۆیا ندا ئەژێن بژاردنێکی پە سەندیان ئەدرێتێ لە جیاتی ئەو زەرەرەی ئەیکەن .

٩-خێرا یی کردن لە جێ بە جێ کرد نی یا سای ئیسلاحی زراعی لە ناوچە کوردیەکاندا و دەسکاری کردنی بە شێوەیەك کە دە ستە بەری نەهێ شتنی پەیوەند یەکانی دەرەبەگا یەتی بکات جووتیارە کان پار چەی گو نجاوی زەوییان دە ستکەوێ لە باجی زراعی عەفوبکرێن کە لە ساڵەکانی شەڕی نا خۆ شدا کۆ بونەتەوە .

١٠-پ یێك هاتن لە سەردە ست کاری دە ستوری کاتی بەم شێوەیە :

أ- گەلی ع یێراق لە دوو نە تەوەی سەرەکی پێك هاتووە کە نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کورد ، ئەم دەستورە دان بە ما فە نەتەوایەتی یەکانی میل لەتی کوردا ئەنێ و مافی کە مە نەتەوایەتی یەکانیش لە چوار چێوەی یەکێتی عێراق .

ب-ز یادکردنی ئەم بە ندە لە مادەی چوارەمی دە ستوردا (زمانی کوردی ئەبێ بە زمانی رە سمی لەگەڵ زمانی عەرەبی لە هەرێمی کوردی) .

ج-چەسپاندنی ئەمەی سەرەوە لە دەستور .

١١-گەراندنەوەی ئیستگەو چەکی قورس بۆ میری و جێ بە جێ کرد نی ئەم بە ندە بە جێ بە جێ کرد نی قۆنا غەکانی کۆتا یی ڕێکەوتنەکە .

١٢–یەکێ لە جێگرەکانی سەرۆك کۆمار کورد بێت .

١٣–یا سای موحا فەزات دە ستکاری ئەکرێن بە شێوەیەك گونجا و لەگەڵ ناوەرۆکی ئەم بەیاننامەیە .

١٤–ئیش کردنی پێویست پاش بڵاوکرد نەوەی بەیاننەکە بە مشورەتی لیژنەی بەرزی سەرپەرشتی جێ بە جێ کردن بۆ یەکخ ستنی موحا فەزات وەوە حداتی ئ یداری کە زۆر بەی کوردن ، بە پێی سەر ژمارە کانی رە سمی کە ئەکرێ و دەوڵەت هەوڵ ئەدات بۆ پێشخ ستنی ئەم و حدە ئیدار یە و قوڵ کردن و فراوانکردنی ڕەوا بینین میللەتی کورد بۆ هەموو ما فە نەتەوایەتێ یەکان بۆ ئەوەی ببێ تە دە ستە بەری بۆ حوکمی ( ئۆتۆنۆمی) وە تاکو ئەم یەکێتی ئیدارییە دێتە دی کارو باری نەتەوا یەتی بەرێوە ئەبرێ لە ر ییێ ی کۆبو نەوەی دەوری ن ێوان لیژنەی بەرزی موحا فەزەکانی هەرێمی ژوورو وە لە بەر ئەوەی ( ئۆتۆ نۆمی ) لە چوار چێوەی کۆ ماری عێرا قدا دائە مەزرێ بۆ بەکارهێنانی سامانە سرو شتیەکانی ناوچەکە لە ئیختصاص دەسەڵات کانی ئەم کۆمارە ئەبێ .

١٥–میللەتی کورد بەشداری دەسەڵاتی تەشریعی ئەکات بە نسبەتی دانیشتوانی خۆی بەرامبەر دانیشتوانی عێراق .

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

# بە یاسابوونی بەیاننی ١١ ئازاری ساڵی ١٩٧٠ لە لایەن میریەوە

لە رۆژی ١٩٧٤/٣/١١ میری بەیاننا مەی ١١ ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کرد بە یا سا (مجـ لس ق یادة الـ ثورة) بەرزترین دەسەڵاتی بەعسییەکان بوو لە مێژووی سەرەوەدا بڕیاری بە یا سابوونی ئەو بەیان نامەیە یدا لە ئێستگەو تە لەفزیونی بە غداوە بڵاوکرا یەوە گوا یە میری هە ستاوە بە جێ بە جێ کردنی هەموو بەندەکانی بەیان نامەکە ژمارە یەك کەسایەتی لە سەرەك هۆزو ڕ یاوانی سەر بەخۆی دا نا بە شێوەی (التزکیە) بۆ بەڕێوەبردنی (المجلس التنفیذي) بۆ جێ بە جێ کرد نی بە ندەکانی بەیان نامەکە بۆ ناو چەی (الحکم ا لذاتي کورد ستان) دوا بە دوای بەیان نا مەو بە یا سابوونی بەیانی یانزەی ئازار لەلا یەن میر یەوە سەرکرادیەتی شۆڕ شی کورد ستان بەیان نامە یەکی بڵاو کردەوە بە دە نگ و بەناوی سەرۆك بارزاذ یەوە ئەم بەیان نامە یە بڵاوکرا یەوە بە شێوەیەکی ڕ نەڕەتی بەیان نامە کەی میری ڕەت کردەوە و دا یە دواوە ، بەیان نامە کەی سەرۆك بارزانی لە ئێستگەی دەنگی کوردستانەوە بڵاوکرایەوە بۆ یەکەم جار لە بەر ئەوەی

ئەم ئیستگەیە ماوەی چوار ساڵ بوو لە کارکردن وەستا بوو بە گوێرەی رێککەوتنە کەی بە یان نا مەی یانزەی ئازار کرد نەوەی ئێستگەی دەنگی کورد ستان و بەبڵاوکرد نەوەی بەیان نامە کەی سەرۆك بارزانی لەوکا تەدا ، لەوکا تەوە بە بڕ یاری دوو بارە بوو نەوەی جەنگ ژم ێردرا لە کاتی بڵاوبوو نەوەی بەیاننە کەی سەرۆك بارزانی بارە گای ناوچەمان لە شارۆچکەی چەمچەماڵ بووین مەرکەزی پۆلیس و دەسگاکانی میریمان هەمووی داخست میری دەسەڵاتی لە شارۆ چکەی چەم چەماڵدا نەما دە ست گیرا بە سەر هەموو دەستگاکانی میریدا زۆربەی کاربەدەستانی میری پەیوە ندیان کرد بە ناو چەی چەمچەماڵەوە (عەقید حوسێن) پیاوێك کە بەرە گەز (تورک مان) بوو بەرێوە بەری لیێپر سراوی پۆلیسی چەم چەماڵ بوو بە رێک کەوتنێکی نهێنی ذێوان خۆ مان بۆ سوودی دوا رۆژ لە خاڵی پشکنینەکەی چەمچەماڵ بە ڕێمان کرد بۆ لای میری دوو سێ تە قەمان کردە بان سەیارەکەیدا بەو ناوەی لە دە ستمان هەڵهاتووە بۆ لای میری ژمارە یەك پۆلیس و کاربەدە ستانی (تورک مان و عەرەب) هەبوون لە چەمچەماڵ لە دوای دە ست بە سەراگرتنی دە سگاکانی میری بە رێزەوە ناردیانما نەوە بۆ کەرکوك هیچ کە سێك لە گوڵی

کاڵتری پێ یان نه گوت ) لێپر سراوانی شۆڕش و زۆر بەی
دانیشتوانی چەمچەماڵ لە ترسی هێرشی میری کۆچیان کرد
بۆ ئاوا یەکانی ناو چەی هەمەوە ندو شوان ، ماڵی ئێ مە و
براکانم چووینە ئاوایی ( زەنان ) لە ماڵی خەلیفە (شەریف)دا
جێگای خۆمانمان کردەوە ژمارەیەك لە لێپرسراوەکان ماڵ و
منداڵەکانیان ڕەوا نەی شارەکان کرد لە ماڵی خزم و کەسی
خۆیا ندا حە شاریانیاندا ژمارەیەکی شی ڕەوا نەی ناو چە
رزگارکراوە کانی سەرەوەیان کرد وە کو شاری (پێنجوین)
شاری ( قەڵادزێ) ژمارە یەکیان هەر بە مەوە نەوە ستان ماڵ و
مندا ڵەکانیان ڕەوا نەی ( ئ ێران) کرد لە شارەکانی
کوردستانی ئێراندا جێ نشینیان کرد ، لە دوای گۆڕانکاری
بارودۆخی کورد ستان لە دوای هەفتە یەك هێزە کانی میری
دەستیان کرد بە هێرش کردن بۆ سەر ناوچە نزیکەکانی ژێر
دەستی خۆی وەکو شارۆچکەی ( قەرە هەنجیر و چەمچەماڵ)
لەو ڕۆژەوە جەنگ دە ستی پێ کرد لە رۆژی ١٩٧٤/٤/٢٦
میری دە ستی بە هـ ێرش کردن کرد لە ن ێوان هێزە کانی
پێشمەرگەو سوپا و جا شەکانی میریدا گۆڕانکاریەکی زۆری
بە خۆ یەوە دە بینی لە چاو جەنە گەکانی پێش
رێککەوتنەکەی یانزەی ئازار لەبەر ئەوەی هەردوو لا بوون بە

خاوەنی چەك و تەقەمەنی نویٚ زۆربەی جەنگەكانی شێوەو قاڵبی بەرەی (الجبهه)ی بە خۆیەوە دەبینی چەكی سووك تەنها بۆ جەنگی دەست بە یەخەو تێك رژان بە كاردەهێنران یەكەم رۆژ كە جەنگ لە نێوان شۆڕش و بەعسییەكاندا دەستی پێكردەوە بە تۆپی وتەیارەشكێن و دۆشكە دەستی پێكرد لەلایەن میریشەوە بە تۆپی قورس و فرۆكەی جەنگی و زرێپۆشەوە هێرشیان هێنا بۆ كوردستان هەر لە شێوەی دوو میری پڕ چەك بەرامبەر بە یەك بجەنگێن لە دوای دەست پێكرد نەوەی جەنگ شۆڕشی كوردستان توانی ژمارەیەكی چاك چەكی گەورە بەدەست بهێنێت لە دەرەوەی وڵات و بیگەیەنێتە كوردستان رۆژ لە دوای رۆژ ئاگرو بڵێسەی جەنگ لە نێوان پێشمەرگەوە سوپای بەعسدا بەرزتر دەبووەوە هەر دوو لا بە هیوای ئەوە بوون ئەو لایەكەی دیكە كۆتایی پێبهێنن تو ندبوونی جەنگی بەرەی (الجبهه)ی هەر دوو لایەین گەیشتنە ڕادیەك سەربازەكانیان بە زۆرو بە لیژنەی لە سێدارەدان ڕەوانەی بەرەكانی جەنگ دەكرد لەوكاتەدا ژمارەیەكی زۆر لە سەربازەكانی میری بەتایبەتی ئەو سەربازانەی بە بیرو باروەڕ لەگەڵ بەعسییەكاندا نەبوون بۆ ڕزگاركردنی گیانی خۆیان لە مردن خۆیادنان گەیاندە

ریزه كانی پێ شمەرگەو گ یانی خۆیاذ یان رز گار كردو خۆیانیان دا بەدەستی هێزەكانی پێشمەرگەی كورد ستانەوە به گ یانێكی برایەتی یەوه پێ شوازیان لێ كرا لەو كا تەدا ئیستگەی دەذگی كورد ستان به زمانی عەرەبی پەیتا پەیتا داوای له ه ێزو پ یاوانی سوپاو چەكداره كورده كان ده كرد ڕوو ب كەن له ناو چه رزگاركراوه كانی كورد ستان و خۆ یان بدەن به ده ستی هێزه كانی پێ شمەرگەوه گیاذ یان پارێزراو دەبێت و رێزی برایەتی و هاونیشتمانیان بۆ دادەنرێت ، بەو بۆنەیەوه ژماره یەكی زۆر له سەربازه عەره بەكان خۆیاذیان دا بەدەست هێزەكانی پێشمەرگەوه .

# چۆڵکردنی دەشتی گەرمیان وداگیرکردنی لەلایەن سوپای میریەوە لە ساڵی ١٩٧٤

لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا کە دانرابوو بۆ جێ بە جێ کردنی بەیاننە کەی یانزەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ لەلا یەن کاربەدە ستانی میر یەوە کۆش شێکی زۆر کرا بوو بۆ هەڵخەڵتا ندن و لە خ شتەبردنی لێپر سراوانی پارتی و هێزەکانی پێشمەرگە ، هەر وەکو لە سەرەتایی بڕگەی با سی بەیاننەکەی یانزەی ئازاردا ئا ماژەم بۆ کرد ، کاربەدە ستانی میری لە ماوەی ناوبراودا ، بە هەر جۆرێك بوو بێت توانی بووی چەند کەسانێك بۆ لای خۆی رابکێشێت و لە خشتەیان بەرێت ، ئەو کە سانەی کە هەر لە پێ شدا بە دڵ سۆزی و بەڕاستیەوە بۆ خزمەتی گەل و نیشتمانەکەیان نەهاتبوون بۆ ناو شۆڕشی کوردستان ، تەنها بۆ مەبە ستی تایبەتی خۆیان هاتبوو نە ناو ریزە کانی پێ شمەرگەوە ئەم کارەیش بەلای منەوە شتێکی زۆر ئاساییە ، ئەو جۆرە کەسانە لەناو هەموو گەل و کۆمەڵگەدا هەر درو ست دە بێ ئەو جۆرە کە سانەیش لە ناو شۆڕشی کوردستانە لە پە نجەکانی دە ست کەمتربوون کورد دە ڵێ: ( چەم بێ چەقەڵ نابێ) ئەوەی شایانی با سە ئێ مەی کورد وە کو هەموو گەلانی ڕووی ئەم زەوی یە ژیان

وپلەو پارەمان خۆش دەوێت ، کورد دەڵێ: ( هەموو کەسێك نانی خۆش دەوێت ،گاوان لە هەموو کەسێك زیاتر ) ئەگەر خوێ نەری بەرێز لێم زو یر نەبێت دە لێم ئێ مەی کورد لە نێوانماندا جۆرە پیاوانێك دەست دەکەوێت زوو بە پلەو پارە لە خ شتە دە برێن م ێژووی ڕابوردوو مان ئەم ڕا ستیەی لە لا پەڕەکانی تۆمارکردووە لە هەمان کا تدا دە توانم بڵێم گەلی کورد ئەوە ندە پ یاوی ئازاو ز یرەك و دڵ سۆزی هە یە کە بە گ یان و بە ما ڵەوە خۆ یان دە کەن بە قوڕ بانی گەل و نیشتمانەکەیان لە ناو هەموو گەلانی جیها ندا وێنەیان ذیە هەر دڵسۆزی زۆربەی زۆری ڕۆڵەکانی ئەم گەلە بووە بە هۆی ئەوەی کردەوە کانی پ یاوانی نا لەبارو دوو ڕوو بە هیچ جۆرێك کار نەکەنە سەر بنەما سەرەکیەکانی و ئاما نجەکانی ئەم گەلە قارەمانە هەر لەبەر ئەو هەڵسوکەوت و بۆچوونانەیە دوژم نەکانمان بەو شێوەیە مامە ڵەمان لە تە کدا دە کەن لە ساڵی ١٩٧٤ هێزەکانی میری دە ستیان کرد بە هێرش کردن بۆ سەر ناو چەکانی گەرمیان بە تای بەتی بۆ ناو چەی هەمەوە ند جەباری قەرەحە سەن شێخان ، زەنگ نە ، گل ، جاف ، ناوچەی شوان و شێخ بزێنێ ، هێرشی یەکەمی میری بۆ سەر ناو چەکانی گەرمیان هێڕ شێکی زۆر گەورە و

بەرفراوان بوو لە پێش ئەوەی میری هێرش بە سوپاکەی بکات فرۆکەکانی میری هاتنە سەر ئاسمانی ناوچەکان ئەو جێگایانەی بۆ یان دیاری کرابوو زۆر بەخەستی بۆردومانیان کرد لە ئاوایی و لە بنکەو جێگا تایبەتیەکان کە هێزەکانی پێشمەرگە کرد بوو یان بە جێگای حەشارگەی چەك و تەقەمەنی و ئازووقەکانیان فرۆکەکان زیانێی زۆر یان لە دانیشتوانی ئاوایەکاندا بەکوشتن و برینداركردنی دانیشتوان و رووخاندن و سووتانی خانوومالەکانیان زۆربەی خەرمان و کێڵگەی جووتیارەکان زیانیان بەرکەوت و سووتان دوا بەدوای بۆردوومانی فرۆکەکانی میری هێزەکانیان هێرشەکانیان دەست پێکرد بەتانك و تۆپی قورس و بە سوپا و (جاشە)وە ڕوو یان کرد لە ناوچەکان سەرۆك چەكدارە کوردەکان لەگەڵ هێزەکانیاندا لە پێشەوەی سوپاکەی میریەوە بوون دەستی بەعسییەکانیان ڕادەکێشا بۆ سەر گیان و ماڵ و ناموسی گەلەکەی خۆیان ناوچەکان بە گشتی هێزەکانی میری دەمیان تێژەنی بوو لە ترسی هێرشی میری خێزانەکەم و خێزانی براکانم لەئاوایی (زنانە)وە گواستەوە بۆئاوایی (ژالە)ی (محەمەد خەسرەو) لە ناوچەی زەنگنەبەو نیازەی ناوچەکە کەمێك سەختە دەستی میریان

ناگاتێ ژمارەیەك لە دانیشتوانی ئاوایەکە خزم وکەس مانن ئێمە وەك ئەو کەسانەمان پێنە دەکرا کە ماڵ و خێزانەکانیان گەیاندبووە شارەکانی ئێران و ئۆردووگا تایبەتیەکان ئەگەر سەر و ماڵمانیش بڕۆیشتایە لەوە زیاتر لە تواناماندا نەبوو زۆر بەی زۆری پێ شمەرگەکان پا شە رۆژی خۆ یان و خێزانەکانیان هەروەك ئێمە بوو ، هەموومان خێزانەکانمان بە سەر خزم و کەس وکارمانەوە بە جێ هێشت لە ژێر رەحمەتی ئاگر بارانی تۆپ و فڕۆکەکانی میریدا و خۆمانیش ڕوو مان کرد لە بەرەکانی جەنگ لە رۆژی ١٩٧٤/٥/٢٠ ئاوایی (ژاڵەی محەمەد خەسرەو) بۆردومان کرا ژمارەی (٦) کەس کوژران و برینندار بوون لە رۆژی ١٩٧٤/٥/١ هێرشی یەکەمی میری لە شارۆچکەی چەمچەماڵەوە بەرەو (سەنگاو) هات پێشمەرگەکانی ناوچەی هەمەوەندو زەنگنە لە چەمی (شیوە سوو) پێشیان لە هێزەکەی دوژمن گرت بە شێوەی جەنگی بەرەی پێشمەرگەکان سپێریان هەڵکەندبوو ژمارەیەك چەکی ناوەندیان دا بە ستبوو وەکو دۆشکەو تۆپی فڕۆکە شکێن و تۆپی هاوەن کرێ سێ لە یەکەم جەو لەی جەنگین لەگەڵ هێزەکانی میریدا هێزەکانی بەعس زیانێکی چاکیان بەرکەوت ژمارەیەکی زۆر کوژراویان بە جێ هێشت و

لە دوای دووكات ژمێر گەڕانەوە و باشەكشێیان كرد بۆ سەر گردی (مەنیلە)و بە رزا یەكانی دەورو بەری لەو جێگا یەدا مۆڵگا یان درو ست كرد فرۆ كەكانی دوژ من زۆر بەخە ستی كەوتنە بۆردوومان كردنی سەنگەرەكانی پێشمەرگە لە دوای بۆردوو مانی فڕۆ كەكان تۆ پە گرا نەكانی دوژ من و زرێپۆ شەكان سەنگەرەكان و ناو چەكەیان ئاگر باران دە كرد دۆ شكەكانی بەرەی پێشمەرگەكان زۆر بە چاونەترسانە بەر بەرەكانی فڕۆكە جەنگیەكانیان دەركرد، خۆشبەختانە تەنها یەك پێشمەرگە بە ناوی ( كاك رە حیم ) بە سووكی بریندار بوو لە پیێشمەرگەكانی ناوچەی هەمەوەند بوو لەو كا تەدا كە پێ شمەرگەكان بەر بەرەكانی فڕۆ كە جەنگ یەكانی میر یان دە كرد. بە دۆ شكەو فڕۆكە شكینەكانیان د یاردە یەكم بە چاوی خۆم بینی ، وەك (ئاما نەتێك) بۆ مێژوو بۆ گەلە كەم دەینوو سمەوە ئەوەیش ئازایی و چاو نەتر سی دوو ك یژە كوردی دانیشتوی ئاوایی ( كوڕە داوی) بوو ئەو دوو كچە كوردە هەر یەكێ چارۆكەیەك پڕ لە نان و كونە یەكی پڕ لە ئاویان بەستبووە پشتیان بە جل و بەرگی ڕەنگا مە و ئاڵ و زەردی كوردانەوە بەبێ هیچ جۆرە ترس و سڵمانەوەیەك لە هێزی دوژمن و لە بۆردوومانی فڕۆكەكانی بەسەر سەنگەری

پێشمەرگەکاندا دەگەڕان و نان و ئاویان بەسەریاندا دابەش دەکرد ئەو دیاردە بەلای منەوە زۆر پیرۆزو جێگای شانازیە بۆ گەلی کوردو بەتایبەتی بۆ ئافرەتانی کوردستان پێشمەرگەکان بۆم یان دەگێڕا یەوە زۆر دیاردەی وەك ئەم دیاردە یان لە بەرەکانی جەنگدا لە ژنانی کورد دیوە بە شێوەی ئەو دوو کچە کوردەشان بە شانی پێشمەرگەکان فیشەك دان و بڕنەویان لە مل کردووەو لە بەرەکانی جەنگدا دوژمنیان بەزاندوە بۆیە کورد گوتویەتی: (شێر لەلان دەرچێ فەرقی نیە چ نێر چ مێ) لە دوای ئەوەی ماوەی دووکاتژمێر هێزەکانی دوژمن خۆیان دوو بارە کۆکردەوە دوو بارە هێرشیان دەست پێکردەوە جەنگێکی زۆر قورس دەستی پێکرد بۆ ماوەی دووکاتژمێر بەردەوام بوو میری لە تەقە و هێرش وەستاو کەمێك پاشەکشێی کرد ئەو جارەیش لە جاری یەکەم زیانی زۆرتر بەرکەوت ژمارەیەك لە زرێپۆش و سەیارەکانیان سووتان ژمارەیەك سەربازو چەکدار کوژران پێشمەرگەکان زۆر بەیان لە سەنگەرەکانیان دەرچوون بە هیوای هێرش کردنی لە ناکاو بۆ سەر دوژمن (الهجوم المعاکس) بە پەلە بروسکەیەك لە هێزی قەرەداغەوە گەیشت بە پێشمەرگەکانیان ئاگاداریانی کردەوە سەنگەرەکانیان

چۆڵ بکەن و خۆیان دوور بخەنەوە لە هێزەکانی دوژمن لەو هەموو جەنگە قورسەدا تەنها دوو پێشمەرگە بریندار بوون برینی یەکێکیان کەمێك قۆرس بوو ، فەرمانی هێزی قەراخ جێ بە جێ کراو کشانەوە بەرەو ناوچەی زەنگەنە هێزەکانی میری جێگا کانی پێشمەرگەکانیان دا گیر کردوو بە ڕێگای ( شیوە سوور سەنگاو)دا ڕوو یان کردە شارۆ چکەی (سەنگاو)بە بێ ئەوەی ئیتر یەك تەقەیەکی لێبکرێت گەیشتە شارۆ چکەی سەنگاو لە ڕێگاکەیا ندا هەر چی ئاوا یەکی بەر کەوت هەموویانی سووتان و ڕوو خان ئاگری لە شارۆچکەی سەنگاو بەرداو و سەربازەکان ماڵەکانیان تالان کردو ئەو ئاواییانەی دەورو پشتی سەنگاو بە تۆپی قۆرس سووتان و کاول یان کرد ز یانێکی گەیا ندە دانیشتوانی ناو چەکە هێزە کانی میری لە سەر گردی (مەنیلە)ی شیوە سوور سەربازگای دانا و کردی بە ڕەبا یەی سەرەکی هەموو گردو بەرزایەکانی سەر ڕێگەی (سەنگاو)ی کرد بە رەبا یەی چەکدارو سەربازەکانی ڕیگا کەی زۆر بە چاکی تەنی بە سەربازو کوردە کان بەرەی قاردر کەرەم کەرکوك جەنگی تێدا نەکرا لەلایەن پێشمەرگەوە چۆڵ کرابوو لە ڕێگای (قەرە وە یس جەباری )وە هێزێکی زۆر بە زرێ پۆش ژمارە یەکی

زۆر لە چەکدارەکانی (سەید تاهیر جەباری) هێرشیان کرد بۆ ئاوایی قەرەوەیس ، بۆ ناوچەی جەباری و چیای (سەڵواتی) ئەو هێزەیش پێش چۆڵ کرا بوو جەنگی لە تەکدا نەکرا بە بێ جەنگ گەیـ شتە شارۆ چکەی قادر کەرم ئەو زرێ پۆش وتۆپا نەی سەرکەوتبوونە سەر چیای ( سەڵواتی) زۆر بە سەختی ناو چەی زەنگە نەیان بۆردوو مان دە کرد هێزێ کی گەورەی میری لە ڕێگای خورماتوو  قادرکەرەم ڕوو یان کرد لە ناوچەی گل و قادر کەرەم و زەنگەنە ئەم هێزەو هێزە کەی جەباری سەر چیای (سەڵواتی) لە شارۆچکەی قادر کەرەم لە رۆژی ١٩٧٤/٥/٣ یەکیان گرد ئەوەی شایانی با سە هەر ئاواییەك کەو تە سەر ڕێگەیان تالآذیان کردوو سووتانیان و هیچ هێزێکی پ.م بەڕەنگاریا نەوە نەبوو لە هێرشەکەیاندا ، دوو رۆژی پێش گرتـ نی ناو چەی سەنگاو وا تە رۆژی ١٩٧٥/٤/٣٠ بارە گای لـ قی٣ پارتی لە گەڵ لیێپر سراو ئە ندامانی کارگێردا خۆیاذ یان گەیا ندبووە ( قۆپی قەراخ) لەگەڵ بارەگای هێزی قەراخ بارەگایان کرد بوو بە یەك ، لقی٣ بە هیچ جۆر ێك ئا گاداری ناو چەکانی ڕێکخـ ستن و کادرەکاذ یان نەکردبووە وە لە هەڵکـ شانیان بۆ قەراخ و جێهێـ شتنی ناو چەی خۆ یان هەروەها هـ ێزی قەراخ

برو سکەیان نەکردبوو بۆ بە تالوێن و لـ قەکانی پێشمەرگەکانیان لە دەشتی گەرمیان بکشێنەوە بەرەو قەراخ لە بەر ئەوە ژمار یەکی زۆر لە کادرە کانی پارتی کە لە پادە شتەکانی ناو چەی گەرمیا ندا کاریان دە کرد بە دە ستی سوپاو وجا شەکانی بەعس بە د یل گیران و شەهیدکران پێ شمەرگەکانی دە شتی گەرمیان لە دوای ئەوەی ناو چەی سەنگاو گیرا لە ذ ێوان ڕەبا یەکانی دوژمـ نەوە بارە گاو پێـ شەرگەکانیان دەر باز کرد و گەیـ شتنە ناو چەی قەراخ .
ژمارە یەك لە پێ شمەرگەکانی گەرمیان لە بەر ئەوەی هەواڵی هێر شەکانی میر یان نەبوو یان کەوتبوو نە ئاوا یەکانی خوارووی ناو چەی گەرمیا نەوە بە د یل گیران بە دە ستی دوژمن و شەهیدکران .

# دیاردەیەکی خەبات و گیانبازی پ.م گەرمیان

دیاردە یەکی پا ڵەوانی دیاردە یەکی خەبات و گ یان بازی دیاردە یەکی پا ڵەوانانی ڕۆ ڵە به ئە مەك و بەجەر گەکانی به تالوێنی پێنجی گەرمیان بوو ئەو هێزە دڵسۆزە و قارەما نەی دە شتی گەرمیان لە رۆژی یە کەمی دە ست پێکرد نەوەی هێرشەکانی میری بۆ سەر ناوچە رزگارکراوەکانی کورد ستان لە بەرواری ١٩٧٤/٥/١ شەڕ بەردەوام بوو لە نێوان بەتالوێنی (٥)و دوژ من ئەو ه ێزە دلێرا نە خۆ یان گەیا ندە ناو چە پادەشتەکانی گەرمیان بۆ تۆڵە سەندنەوەی خوێنی شەهیدە بە کۆ مەڵ کوژراوە کانی ئاوا یەکانی گەرمیان ئاوا یەکانی فەرقان ، باوە ، ساڵەیی ، مامشەو نەورۆز ئەو هێزە پاڵەوا نە لە سەرە ڕێ گای (مام شەو نەورۆز) لە نز یك چەمی ( پەڵك) بۆسەیان بۆ هێزەکانی میری دانابوو وەك شێرو پڵنگ خۆیان بۆ یان ئا مادەکرد بوو بەگەیشتنی هێزە کانی میری بۆ ناو بۆ سەکانی پێشمەرگەکان هەڵمەتی شێرانەی پێشمەرگەکان دەستی پێکرد هێزەکانی میری بە فڕۆکەو بە زرێپۆش پشت گیر یان لێدەکرا هێزە کانی پێ شمەرگەیش بە پ شتیوانی یەزدانی گەورەو باوەری ڕا ستەقینەیان بە ما فە ڕەوا زەوت

کراوەکانی گەلی کوردو بە خاك و نیشتمانەکەیان جەنگێکی زۆر قۆرس دەستی پێکرد لە یەکەم هەڵمەتی پێشمەرگەکاندا توانیان زیانێکی گەورە لە هێزەکانی میری بدەن ژمارەی (٧) حەوت سەیارە و (٢) تانکیان لە کار خست و سووتاندیان ژمارە یەکی زۆر لە سوپا و لە چەکدار کوژران و بریندار بوون پێشمەرگەکان زیانی گیانی دوژمنیان بە (٢٥) کوژراو (١٥٠) بریندار دەدا یە پێنووس دە ست کەو تەکانی هێزی پێشمەرگە (٤٥) دانە چەکی بچووك و ناوەندی بوون لە گەڵ ژمارە یەکی زۆر لە تەقە مەنی ، هێزە کەی میری پاشەکشێیان کرد بۆ نزیك ئاوایی (مامشە) لە بەرزا یەکانی ( قەڵا جـ نان و سویل دز) مۆڵگا یان بە ست ، رۆژی دووەم هێزە کانی میری خۆ یان کۆکردەوە هێرشیان کرد بۆ سەر چەمی ( قەر قە چا) و بەرزا یەکانی (ئیبراهیم پا شا) و دۆڵ و نشێوەکانی چەمی ( پەڵك) شێرەکانی کورد ستان خۆ یان ئا مادەکردبوو بۆ لێدانیان لە نا کاو دە ست بە یە خەی دوژمنەکانیا نەوە بوون ، جەنگێکی زۆر قۆرس ڕوو یدا هەتاکو دوای نو ێژی نیوەڕۆ و بەردەوام بوو دوژ من لەو هێرشەیدا لە هێرشی جاری پێشووی زیانی زۆرتری لێکەوت هێزەکانی میری نا چارکران بگەرێنەوە مۆڵگا یانی خۆیان لە

کاتی ک شانەوەیاندا هێزە کانی پێ شمەرگە کۆڵ یان نەداو کەوتنە دوایان لە شێوەی شایی و زەماوە ند هەڵسوکەوتیان لە گەڵ هێزە کانی میر یدا دە کرد پێشمەرگەکان لە گەڵ یە کدا مەرجیان دە کرد لە سەر سووتاندن و دە ست گیر کرد نی زرێ پۆش و سەیارەکانی میری بەتالوێنی (٥) گەرمیان تواذ یان ئەو دا ستانە مێژوو یە بۆ گەل و نیـ شتمانەکەیان تۆ مار بـ کەن ، ئێ ستاش دانیـ شتوانی ئاوا یەکانی ( نەورۆز و تاوێر بەرز و مام شە) لە شێوەی چیرۆك و دا ستان ئەم بەسەرهاتە دەگێڕنەوە بۆ نەوەکانیان ئەم بە تالوێنە قارەما نە ئاگادار نەکرایەوە لە چۆڵ کردنی دەشتی گەرمیان نە لەلایەن هـ ێزی قەرا خەوە و نە لەلا یەن لـ قی ٣ پارتـ یەوە جووتـ یارە دڵسۆزەکانی ناوچەکە ڕا ستی هەواڵی کشانەوەی هێزە کانی پێ شمەرگەیان پێ یان ڕاگەیا ند کە دە شتی گەرمیان هـ ێزی پێ شمەرگەی تـ ێدا نەماوە ماوەی سێ رۆژە چۆڵ کراوە هێزە کانی میری دە ستیان بە سەردا گر تووە پێشمەرگەکانی بەتالوێنی گەرمیان لە دوای زانینی ئەم هەواڵە نا چاربوون لە نـ ێوان هێزە کانی میر یەوە ڕوو یان کردە ناو چەی شوان لە ڕێ گای دەربازبونیا ندا چەند جار ێك رواو ڕووی هێزە کانی میری ببوونەوە کەمینەکانیان شکاند بوو ، خۆیانیان گەیاندە

ناوچە رزگار کراوە کانی کورد ستان لێرەدا چەند پرسیارێك ڕوو بە ڕووی ئادەمیزاد دەبێتەوە بەرامبەر ئەو هەڵسوکەوت و گۆڕانکارییە لە ناوچەکەدا کە ڕوویدا .

١-بۆ چ لێپرسراوانی عەسکەری و سیاسی ناوچەکە لە پێش هاتنی هێرشی میریدا بە دوو رۆژ خۆیان و بنەو بارەگا یان گوێزرایەوە بۆ قۆپی قەراخ ؟

٢-ئەگەر دەیانزانی وا بە سووك و ئاسان ناوچەی گەرمیان و ناو چەی سەنگاو دەکەو نە دە ست هێزە کانی میری بۆ چ ئا گاداری کادرو پێ شمەرگەکانی دە شتی گەرمیانیان نەکردەوە، ئەوانیش پاشەکشێ بکەن بۆ قەراخ؟؟ .

٣-پێ شمەرگە دوژ من بەرێ نەکانی ناو چەی هەمەوە ندو زەنگە نە کە لە چەمی شیوە سوور ڕێگای سەنگاویان لە دوژ من بڕی بوو لە دوای سێ کا تژمێر جەنگ بۆ چی پاشەکشێیان پێیان کردو سەنگەرەکانیان پێیان چۆڵ کرد؟؟

٤- بەتالوێنی پێنجی گەرمیان لە دوای چوار رۆژ لە هێرشەکەی میری بۆ سەر ناوچەکان هێشتا لە پادە شتەکانی گەرمیاندا لە ڕا ستایەکانی ئاوا یەکانی گەرمیا ندا دە جەنگان بۆچی ئاگادار نەکرانەوە لە چۆڵ کردنی دەشتی گەرمیان ؟؟

# چیای قەراخ □ سەگرمە □باجگە




وێنەی دەسکردی (چیای قەراخ □ سەگرمە- کانی باجگە) یە ، لەم وێنەیەدا ڕێگا دێرینەکەی (بەغدا □ کفری □ سلێمانی) بە ڕوونی و دیاردەکەوێت کە دەکشێت بەرەو (کانی باجگە-چیای سەگرمە).

وەلا می ئەم پرسیارانە بەجێ دەهێڵم بۆ خوێنەری بەڕێز وەڵامەکانیان بداتەوە هەر ئەو ڕۆژەی هێزی میری ناوچەی سەنگاویان گرت لە ١٩٧٤/٥/٣ بە هۆی دانیە شتوانی ناوچەکەوە هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی بەرگری میللی

ئا گاردار کرا نەوە زۆر بەیان هەڵک شان بەرەو قەراخ پەیوە ندییان کرد بە ل قی٣ و ه ێزی قەرا خەوە- رۆژی چوارەمی هێرشی میری بۆسەر ناوچەکان هێزە کانی میری لە سێ لاوە ڕووی هێرشیان کرد لە ناو چەی قەراخ هێزە کانی میری لەسەنگاوە هێڕشیان هێنا بەرەو سەگرمە بەرایە کەیان گەیشتە سەر (کانی باجگە) لەسەر سنگی چیای (سەگرمە) هێرشی دووەمیان لە چیای ( هەنجیرە ودەربە ند با سەڕەوە دەس پێ کرد بەرەو ئاوایی (د یێ ل ێژە) و بەرەو ناو چەی قەراخ چیای سەگرمە هێزێکی کەم لەپێشمەرگەکانی قەراخ پێش ئەو هێرشەیان گرتوو لە سەرەوەی ئاوایی دێ لێژە هێزەکانی میری ژمارەی ٢٠٠-٣٠٠ کەس چەکداری هەرکێ و سورچیان خستە پێش خۆیان توانیان لە ١٩٧٤/٥/٥ بگە نە ئاوایی دێ لێژە پێشمەرگەکانی قەراخ کشانەوە بۆ چیای سەگرمە لەلا یەن بەرەی سلێمانی و ناو چەی بازیانیشەوە هێرشیکی زۆر کرا بەرەو قەراخ لەلا یەن سلێمانیەوە هێزی میری گەیشتبووە نز یك ئاوایی (زر گوێز) لەناو چەی بازیا نەوە هێزە کانی میری گەیشتبوونە نزیك ( تەنگی سەر) ئەو رۆژە لە هەر سێ لاوە جەنگی زۆر بەتین دە ستی پێکرد هەتاکو ئێوارە بەردەوام بوو دوژ من نەیانتوانی بەرەو

پێ شەوە بڕوات بە شەودا ژمارە یەك لە پێ شمەرگەکانی بەرەکان لە بەر بر سییەتی و کەمی تەقە مەنی خۆیاذ یان گەیاندە بارەگای هێز داوای خواردە مەنی و تەقەمەنیان کرد کەمێك خواردنی و تەقە مەنیان لە گەڵ خۆیا ندا برد بۆ بەرەکانی جەنگ بەس ستی و کەم تەر خەمی لێپر سراوانی هێزی قەراخ و لقی٣ کەرکوك دەرئەکەوت بە تەمای بەرگری نەبون لە ناوچەی قەراخ لە رۆژی دووەمی هێرشی میری بۆ سەر قۆپی قەراخ هێزەکانی میری هەموو چیاکانی هەنجیرەو دەربەندی با سەرەو دێ لێژەو بە شێك لە چیای سەگرمەی داگیر کرد لە بەرەی سەنگاوەوە هێزی میری سەرکەوتنە سەر چیای ( سەگرمە)و بە تەواوی چیای سەگرمەیان دا گیر کرد بەبێ ئەوەی پێشمەرگە شەڕیان لەگەڵدا بکات لە بەرەی زڕگوێزو بازیانەوە جەنگ زۆر گەرم بوو پێشمەرگەکانی ئەو بەرەیە زۆر بە دلێرانە دە جەنگان بەهێچ جۆرێك رێگا یان بۆ دوژمن چۆڵ نەدەکرد بگەنە ناوچەی قەراخ لە بەر بەرگری بە هێزی پێ شمەرگەکان دژی دوژمنان و هێرش بەران فڕۆکەکانی میری هەمیشە بەخەستی بەرەی زڕ گوێزو بازیاذیان بۆردوومان دەکرد ئەو خەڵکانەی لە قۆپی قەراخ خۆیانیان حەشار دابوو لە ترسی هێرشی فڕۆکەکانی میرییە

زۆر بەیان ڕوو یان کردە ناح یەی (زرد یاوە) خەڵکە کە خۆاردن یان نەبوو بێ خۆن زۆر بر سی بوون نان و خواردن بەدە ست نە دە کەوت تەنها یەك نانەواخانە یەك هەبوو لە قۆپی قەراخ ئەویش تەنها بۆ پێشمەرگەکانی بارە گای هێزی قەراخ و لقی٣ کەرکوك نانیان دەکرد جگە لە خۆیان نانیان بە کەس نەدەدا دەنگی تە قەو پێکدادان لە بەرەی سەنگاو دێ لێژەوە زۆر زۆر کز بوو پێ شمەرگەکانی بەرەی زڕ گوێز وباز یان زۆر بە ئازایا نە دە جەنگان ئە گەر ئەو جەنگە دلێرانەی ئەولایەنە بوا یە ناوچەی قەراخ زۆر بە ئا سانی بە دەستی دوژمن دەگیرا بە سەدان پێشمەرگە وچەکداری هێزی میللی دەکوژران وبەدیل دەگیران بەدەستی هێزە کانی دوژمن , ڕۆژی سێیەمی جەنگی قەراخ لەلا یەن لێپر سرانەوە وئا گادار کراینەوە دەبێت بۆ شەو قەراخ چۆڵ بکر ێت هێزەکان وپێشمەرگەو چەکدارەکانی هێزی بەرگری بپەڕنەوە بۆ بەری سلێمانی بۆ پ شت چیای ئەز مەڕ پێوێ ست بوو هێزەکان بەسەر ڕێگای دەربەندیخان و سلێمانیدا تێپەر بن ، سەر ئەو ڕێگا یەش لەلا یەن میر یەوە دا گیر کرا بوو هەموویان کرد بوو بە ڕەبا یە و کەمینی سەربازی و چەکدارە کوردە کان نزیکی خۆر ئاوا بوون چووینە ئاوایی (ولیان) لەوێ یەوە

چووینە سەر چیای ( نەوتی) هێزە کانی پێ شمەرگە وهێزە کانی بەرگری و چەکدارانی لـ ـقی ٣ هەمووی لە سەر چیای (نەوتی) کۆبووینەوە خۆمان ئا مادە کرد بۆ پەڕینەوە بۆ چیای ئەزمەڕ لەو باروودۆخە نا سکەدا ڕیاوانی خائنانی کورد پڕووپاگەندە کەیان بە ناو خەڵـکدا بلاو کردەوە گوا یە هێزێ کی زۆری سوپای میری و چەکداری کورد لە سەر ڕێگاکەماندا بۆسەیان داناوە ژمارەیەك زرێپوش پشت گیر یان دە کات بڕیار یان وا یە نەهێڵن کە سێك بەز ندوویی لە قەراخ دەر چێت هەمووی بـ کوژن ئە گەر خۆ یان ندەن بە دە ستی هێزی میریەوە ، ئەم پڕوپاگەندەیان بۆیە بلاو کردەوە ئەگەر هێزەکا نمان ڕوو بە ڕووی بۆ سەو وهێزە کانی دوژ من ببن و کەس تەقە نەکات و بە کوو توپڕی خۆی بدات بەدە ستی هێزە کانی میری یەوە بەم شێوەیە دە یان وی ست ورەی خەڵك نەهێڵن وخۆ یان بدەن بەدە ستەوە لە سەر چیای ( نەوتی) ژمار یەك تۆپی فڕۆکە شکێن ودۆ شکە دانرا بوون بۆ بەر بەرەکانی کرد نی فڕۆ کەکانی میری پێ شمەرگەکانی سەر ئەو چەکانە لە چیای (نەوتی) تەیارە شکێن ودۆ شکەکانیان هاوی شتبوو ناو چەمەکانەوە لە چیاکە کردبوویا نە خوارەوە وبە جێیان هێشتبوو ئەم دیمەنەش خۆی لە خۆیدا نیشانەی

شکان ونەهامەتیمان بوو ئەو چەکە قورسە چاکانە هەمووی دەستی دوژمن کەوت هەر یەزدانی گەورە دەزانێت هەتاکو لە دەستی دوژمن گیراون خوێنی چەندێك پێشمەرگەی دلێری لە سەر ڕژاوە لەوکا تەدا بارە گای هێزی قەراخ ولقی ٣ کەرکووك چۆڵ کرا چوومە سەر بارەگا کە بە سەدان سەندووقی فیشەك و چەکی جۆراو جۆر وتەقە مەنی و سجلاتی ناوی پێشمەرگە وئەندامانی پارتی لەناو بارەگاکاندا بە جێ مابوون بە دەستی خۆم وهاوڵەکانم هەموو سجلاتەکانم سووتاند بۆ ئەوەی دەستی میری نەکەون و سوودیان لێوەر نەگیرێت ژمارە یەکی زۆر چەکی قورس وناوەندی وئەلغام وگوللە هاوەن وگوللە قازیفە لە بنکەکەدا بە جێ مابوون ئازووقە یەکی زۆر لە بنکە یەکی جیاوازدا کۆ مەڵ کرا بوو کە بریتی بوون لە ئاردو ڕۆن و برنج وپێداویستی دیکە , بەشی سالێك پێشمەرگەی هێزی قەراخی دەکرد ئەگەر بەکاربهێنرایە ژمارەی ئەوخەڵکانەی خۆیان ئامادە کرد بوو بۆ پەڕینەوە لە بەری قەراخەوە بۆ پشتی چیای ئەزمەر ژمارەیان لە (١٠٠٠– تا١٥٠٠) کەس دەبوو لە کاتی کۆبونەوەی هەموو ئەو خەڵکەدا لە سەر چیای ( نەوتی) ( مەلا قادرە سور جەباری ) و تارێکی بۆ

ئەوخەڵ کە خوێ ندەوە- بەناوی ل قی٣ کەرکو کەوە بۆ بەرزکرد نەوەی ورە یان لەکاتی پەڕینەوەما ندا لە شەقامەکە کەوتیـ نە ڕێ بەرەو دە شتی شارەزوور لەنزیك شەقامەکەدا هێزەکاذیان وە ستان داوا یان کرد لەو خەڵکە کێ ئە یەوێت خۆی بەخت بکات و هێرش بکا تە سەر شەقامەکە با جیاوە ب ێت تەنها ژ مارەی (٥٠) پەنجا کەس خۆ مان ئا مادەکرد بەبڵاوی هێر شمان کردە سەر شەقامەکەو دەورو بەری شەقامەکەمان داگیر کرد خۆش بەختا نە توو شمان نەبوو بە توو شی بۆ سەو رەبا یەکانی میر یەوە بە پە لە دوو پێ شمەرگەمان نارد بۆ لای هێزە کە پیاذ یان راگەیا ند کە شتێك ذ یە لە سەر شەقامەکەدا ، لەوکا تەدا فرۆ کە کۆپتەرەکانی میری هەستابوون بۆمبی رو ناکی (تەنویر) یان بەردەدا یە خوارەوە دەورو بەری شەقامەکەی وەك رۆژی نیوەرۆو رووناك کردبووەوە هەر بۆمبێك ماوەی دە دەقیقە بە ئاسمانەوە دەگەڕا فڕۆ کەکان بەهیچ جۆرێك دە ست درێژیان نەدەکردە سەر ئەو خەڵکە هەر دەتگووت بەرێمان دە خەن ئەگەر ببیان ویستایە دە یانتوانی زۆرمان لێبکوژن چوونکی دە شتی شارەزوور را ستاییەو روو ناك کەرەوەکانیش ئەو دە شتەیان کرد بوو بە رۆژی روو ناك تۆ پەکانی رەبا یەکانی

نزیك شەقامەکە لە ترسی خۆیان کوێرا نە دەورو بەری خۆیان تۆپ باران دە کرد زۆر بەئا سانی لە شەقامەکە پەڕیما نەوە گەیـ شتینە ئاوایی ( کۆزە رە قە) کە لە سەر شەقامەکەدایە لەدوای کەمێك پشودان و ئاو خواردنەوە ترسی زرێپۆش و بۆسەی دوژمنان لە دڵما ندا نەما کەوتینە ڕێگا بەرەو چیای ( ئەزمڕ) بۆ سەر ئاوی (سییێ کاذیان) کە دەکەوێتە پشتی شاری سلێمانیەوە ئەو کانی و سەرئاوە لە شەقامەکەی سلێمانی دەربەندیخا نەوە شەش کات ژمێر دوورە رێگا کەی زۆر سەخت و شاخاوی نا هەموارە پ یادە رێ یەو ڕێ گای سەیارەی ذ یە ڕێگا کە بە هۆی چیای ئەزمرەوە سەرەو ژوورەیە ماوەی ئەو شەش کا تژمێرە ڕێگا یەکانی و ئاو ذیە لە سەر رێگا کەدا خەڵکە کە زۆر بەپە لە رێیان دە بڕی هەتاکو پێش روو ناك بو نەوەی ناو چەکە خۆ یان لە پێش چاوی دوژمن بزر بکەن وبگە نە ناو چیاکان هەر کە سێك بما یەوە رۆژ لە دەشتی شارەزوور تۆپ و فڕۆکەی دوژمن دەی کوشت لە بەر دووری وو شکی ڕێگا کە دوو کەس لە تینوو یەتی دا گیاذ یان لە دە ستداو شەهید بوون یەکێکیان پۆلێ سێکی هەڵهاتوویی بە تە مەن بوو بەناوی مام (حسین) ناوی ئەو شەهیدەکەم لەیاد نەماوە مێرد مناڵێکی ١٦-١٧ ساڵان بو

زۆر لاوازو نەخۆش بوو لە بەر ئەوەی ئێ مە لە پێ شەوەی خەڵکە کەوە بووین کەمێك زوو تر گەیـ شتینە سەرکانی و ئاوە کەی ( سییێ کاذ یان) ئەو جێگا یە بارەگا یەکی پەلی پێشمەرگەی هێزی سلێمانی لێ بوو ئەو کا تە ئێمە گەیشتین پێ شمەرگەکانیان لە بارەگا کە دا نە بوون بەکاری تایـ بەتی خۆ یان دەر چوو بوون ، دووری ڕێگا کەو بێ ئاوی زۆر ما ندوومانی کرد بوو زۆر مان تیـ نوو بوو ئە گەر ماوەی دووکاتژمێر دیکە ڕێگامان بکردایە زۆربەمان لەبەر تینو یەتی دەخذ کاین لەدوای گەیـ شتنی ئێ مە بۆ سەر ئاوە کە پێشمەرگەیەك بە سواری هێ سترێك گەیـشتە لا مان هەبگە یەك لە بان هێ سترەکەی بوو داوام لێ کرد چوار تەنە کە ئاو پڕ دەکەم بگەڕێرەوە بۆ بەرەو پیری هێزەکان ئێستا خەڵکی زۆر هە یە تینویا نە بە هەر کە سێك گەیـ شتی زۆر تیـ نووی بوو کاسەیەك ئاوی بدەرێ پێشمەرگەکە بە قسەمی کرد لەبارەگا چۆڵەکەدا تەنە کەی ئاو زۆر هەبوو چوار تەنە کەم لە ئاو پڕ کرد پێ شمەرگەکە بەرەو هێزە کە گەڕا یەوە هەر بەم شێوەیە پێ شمەرگەکە دووەم کاروان ئاوی پڕ کردوو گەیاند یە هێزە کان ئیتر هێزە کان گەیـ شتنە سەر ئاوە کە و ئاو یان خواردەوە تازە هەتاو هەڵهاتبوو گەیـ شتینە سەر ئاوە کە

لەسەر کانی و ئاوەکە ژمارەیەکی زۆر داربەرووی بەرزی لێیە رێبوارەکان لە سێبەرەکانیاندا ماندووی خۆیان دەردەکەن ئەو خەڵکە زۆر ماندوو بوو ژمارەیەکی زۆر لە ژێر سێبەری دارەکاندا نووستن ئێمەیش هەروەکو ئەوان لە جێگایەکدا نووستین .

هەرکاتێك ناوی (سیێ کانیان) دێتە گوێم بیرەوەریکی زۆر گرنگ بەبیرما دێت ئەو رۆژانەی لە قۆپی قەراخ بووین ژمارەیەك نانم لە نانەواخانەکەی بارەگای هێز وەرگرت بە لایەك زۆر بە لایەك رەزا لەبەر ئەوەی نانەواخانەکە لە لایەن فەرماندەی هێزەوە ئاگادار کرابوونەوە نان بە کەس نەدەن جگە لەو کەسانەی سەر بە بارەگاکەی خۆیانە هاورێ کانم کە (عبداللە و عوسمان وکاك مستەفا)بوون لە دوای ئەوەی نان خواردنمان تەواو کرد هەر یەکێ دوو نانم دا بەدەستیان پێیانم گووت ئەم دوو نانە لە ناو پشتێنەکانتان هەڵبگرن بۆ کاتی زۆر تەنگا نەو پێویست دوور نیە لە لایەن هێزی میریەوە ئابلۆقە بدرێن و خواردنمان چەند رۆژێك بە دەست نەکەوێت هەر کاتێك کەوتینە تەنگانەوە ئەو کاتە بیخۆین ئەو نانەرەقانە بۆ ماوەی (٥)رۆژ لە ناو پشتێنەکانماندا هەڵمانگرت هەرچەندە کاتی وەها دەبوو زۆر برسی دەبووین

نەمان دە خوارد هەتاکو چارە سەرێکی خۆ مان دە کرد بە هاوڕێکانم گووت ئیتر ترسی دوژمنی بەعس و برسییەتی نەما نا نەکانتان لەپ شتێنەکانتان دەربێ کەن بێ خۆین لە بەر ئەوەی زۆر برسیمان بوو ماوەی دوو شەوو دوو رۆژ نا نمان نە خواردبوو جگە لە کەمێك (تەڕەتووی) لە دارە توویەکەی سەر گۆڕە کەی ( شێخ سمایلی ولیانی) لە بەر ئەوەی زۆر برسیمان بوو بۆتە بەرکێشی ئێترمان لێی خوارد بوو ماوەی دوو رۆژ ودوو شەو لەو تەڕە توو یە ز یاتر هیچ جۆرە خواردنێک مان نە خوارد بوو ئەو نا نە رە قەمان بە ئاوی کانیەکەوە خوارد بە ڕای من هەر جۆرە خواردنێکی نا یاب لە چاکترین جێ شتخانەدا درو ست بکر ێت لە نا نە رەقە کەی (سیێ کانیان)خۆشتر و بە تامتر نابێت کورد دە ڵێ: (ئەگەر برسییتە پێخورت ناوی  ئەگەر خەوت دێت سەرینت ناوی)

لە دوای نان خواردن رۆێ شتینە بنی دارە بەڕوەکان چەکەکانمان کرد بە سەرین و خەوتین لە دوای ئەوەی خەو چووە چاوم بە ذ یو سەعات سەیرم کرد لەبان شارە مێرولە یەك خەوتوو مە بە سەدان مێروو لە لە گ یانم ئاڵاوە هەردوو پێو هەر دوو دە ستم وەك بە ئاگر سووتا بێ بەو جۆرە دە گەڕا بە پە لە خۆم گەیا ندە ئاوە کە مێروولەکانم لە

گیانم کردەوە دەست و پێم شۆڕی کەمێك ئازارەکانی کەمەوە بوو لە دڵی خۆمدا گووتم سەد رە حمەت لە گۆڕی باپیرا نمان کە مە تەڵێکیان بە شارە مێروو لەدا گوو توە زۆر ڕا ستیان فەرمووە کە دە ڵێن ( شارێکم هە یە تەذ گەو تار یك پڕە لە عارەبی مل باریك) ئێمە لەترسی بەعس و لە ترسی عەرەب ولا تی خۆ مان بە جێهێ شتووە ئێ ستا ل ێرەیش عەرەب دۆزیمانیەوە و ئازارمان دەدات!! .

لە دوای دووکا تژمێر بە سەر پ شوودانەکەماندا تێ پەری ، هاورێ کانم بە خە بەر هێ نا دێ سانەوە کەوتیـ نە ڕێ گا بەرەو ئاوایی گردە(عازە بان) ئەو ئاوایـ یە جێگا یەکی پیرۆزە .. جێگای لە دا یك بوونی کەڵ شاعیری کورد شێخ سەلامی گردە عازەباذ یە بە یادی شێخ سەلام و هەڵبە ستەکانیەوە ڕوو مان کرد لە ئاوایە کەیان ڕۆیـ شتین بۆ مزگەوتە کەیان لە دوای دەست نوێژ شۆرینی بە نیو سەعات بانگی عە سری دا لەبەر ئەوەی مەلای ئاوایی ئامادە نەبوو خۆمان بەرنو یێژیمان کرد لە یەزدانی گەورە پاڕاینەوە ولاتە کەمان لە ژێر دە ستی بەعسییەکان ئازاد بکات ئەم گەلی کوردە لە دەربەدەری و ماڵ وێرا نی رزگار بکات ، ماوەی پێنج شەش ڕۆژ بوو چایمان نەخوارد بوو هاورێکانم داوایان لیٚ کردم بچینە ماڵێك چایەك

بخوێنەوە داوای هاورێکانم نەدا بە دواوە ڕۆیشتینە ماڵێك کوڕێکی گەنج زۆر ڕێك وپێك و جوان پێشوازی لێکردین بە ڕوو یەکی زۆر خۆشەوە بە خێرهاتنمانی کرد زۆر ڕێزیان لێمان گرت خزمەتێکی زۆر چاکمانیان کرد ئێمە تەنها داوای چای خواردنمان لێیان کرد ئەوان چای و نانی تیری گەرم و پەنێرو کەرەی تازەی ساردی پێشکەشمان کرد لەبەر ئەوەی زۆر برسیمان بوو نانێکی چاکمان خوارد لە کاتی گفتوگوکردنماندا بۆمان دەرکەوت لە خزموکەسەکانی شێخ سەلامی شاعیر بوون لە دوای نان و چای خواردن ماڵ ئاواییمان کرد کوڕە گەنجێك لەگەڵما ندا هات هەتاکو لە ئاواییەکەیان دەر چووین خستمانیە سەر ڕێگای ئاوایی (کوڕە کاژاو) خۆی گەڕایەوە بۆ ماڵ کەوتینە ڕێگا بەرەو ئاوایی (کوڕە کاژاو) لەگەڵ بانگی خۆر ئاوادا گەیشتینە مزگەوتی ئاوایی ، دەس نوێژمان شۆری نوێژمان بە جەماعەت کرد لە دوای تەواو بوونی نوێژ پیاوێك فەرمووی لێمان کرد ئەو شەوە لە ماڵ ئەو پیاوە میوان بووین ناوی مام (حەسەن) بوو ، خزمەتێکی زۆری کردین ئاوایی (کوڕە کاژاو) ئاوایەکی زۆر جوان و دڵگیرە دانیشتوانەکانی زۆر ڕووگەش و بەڕێزن زۆر ڕێز لە نامۆ غەریبان دەگرن زۆر

بەیان خوێندەوارن ، ئەو ئاواییە مزگەوتێکی خنجیلانەو پاك و خاوێنی جوانیان هە یە . لە حەوشەی مزگەوتەکەدا گۆماو ( حەوز)ێك هە یە بۆ دەس نوێژو خۆشۆرین درو ست کراوە ئاوی حەوزەکە ئاوی کانیە لە چیاکەی پیشتیانەوە دێتە دەرەوە لە ناو حەوزو کانیەکەدا ژمارەیەك ماسی گەورە هە یە هەر دانە یەکی چوار پێنج کیلو گۆ شتی هە یە د یمەنی ماسیەکانی ئاوی حەوزو کانیەکەی قەشەنگ کردووە ئەو ئاوەی لە حەوزو کانیەکەوە دەردەچێت دە ئێنج ئاو دەبێت دانیشتوانی ئاوایی کوڕە کاژاو لە پێش ئەو ئاوەدا سەوزە و میوە یان کردووە ئاوەکە زۆر سازگارو ساردە ئەو ئاوایە قەشەنگەی کورد ستان هەر بە ناوی چیا سەرکەشەکەی (کوڕە کاژاوە)وە نراوە لەبەر ئەوەی ئەو ئاوایە لە دامێنی ئەو چیا سەرکەشەی کوردستاندا دروست کراوە پرسیم لەو خاوەن ماڵەی کە لێی میوان بووین بۆ چ ئەم ماسیانەی هە تاکو ئێستا کەس دەستیان بۆ نابات بەو شێوەیە ماونەتەوە و گەورە بوونە ؟

مام حەسەن گووتی پیاوێکی پیرۆز لە ئاوایەکەماندا پێش نوێژو تار بێژی مزگەوتەکەمان بوو ئەو پیاوە پیرۆزە لە خودا ترسە ئەم ماسیانەی بە بچووکی هێناوە خستیانیە

ناو حەوزەکەوە لە ڕۆژی هەیذیدا لە وتارەکەیدا ئا گاداری دانشتوانی ئاوایەکەی کردەوە پێیانی ڕاگەیاند ئەم ماسییانە بوونە بە بەشێك لە ماڵی مزگەوتەکەمان هەرکەسێك زیاذیان پێ بگەیەنێت یەزدانی گەورە تۆڵەی لێدەکا تەوەو زیانی پێ دەگەیەنێت ، لە بەر ئەوەی بوو نە بە ماڵی یەزدانی گەورە لە بەر فەرموودەی ئەو پ یاو چاکە هەتاکو ئێستا کەس نەیتوانیوە دەستیان بۆ بەرێت هەرکەسێك دەستیان بۆ بەرێت تووشی زیانێکی گەورە دەبێت ، ئەوەی شایانی باسە ئەم جۆرە باوەڕا نە لە کورد ستاندا زۆر باوە هەتاکو ئێستایش هەر لە بڕودا یە بۆ نموو نە هەر پ یاوێکی پیرۆز ناودار لە جێگایەکدا دابنشتایە بۆ ئەنجامدانی کارێکی چاك لە شێوەی ( صلح ) ڕێکخ ستنەوەی دوو لا یەن یان ئەنجا مدانی ز کرو خوا پەر ستییەکی زۆر بە بۆنەیە کەوە (منا سبات) لە دوای هە ستانی ئەو پ یاوە پیرۆزە و تەواوکردنی کارەکەی ، لە جێگای دانیشتەکەیدا دیوارێکی بازنەیان درو ست دەکرد بە گەورەی ژوورێك شەش حەوت مەترێك ئەو جێگایە ناوی لێدەنرا (نەزەرگای شێخ) ناوی چ بووبێت بەو ناوەوە ناوی لێدەنرا ، ئەو دانیشتنە دەبوو لە دەرەوەی ماڵاندا ئەنجام بدرایە ، جاری وا دەبوو ئەو پیاوە

پیرۆزە لە بن دارێکدا دادەنیشت یان لە جێگا یەکی بەرزدا ئەو کارەی ئەنجا مدەدا هەر بە هەمان شێوە ئەو جۆرە دیوارانە بە دەوری دارەکەدا درو ست دە کرا ژمارە یەك پار چە پەڕۆی سەوزیان دەبە ستە چڵەکانی دراە کەوە ئیتر ناوی (نزەرگا)ی لێدەنرا ئەو دارو د یوارە لە دوای ئەو ڕووداوە بە پیرۆز لە قە ڵەم دەدرا دانیشتوانی ئاوایـیەکان دە چوون بۆ سەردانی (زیارە)ی زۆربەی ئەو جێگایانە دەبوون بە جێگای سەردانی ناو چەکە بە تایـبەتی لە جەژنەکا ندا ئە گەر دەورو بەری ئەو نەزەرگا یە ئاو یژە و دار ستان بوا یە لەبەهار ندا بەرخ و گیـسکیان لە گەڵ خۆیا ندا دە برد لەو جێگایەدا سەریان دەبڕی و دەیان کرد بە خۆشی و سەیران کورد دە ڵێ: ( هەم ز یارەت و هەم تیـ جارەت ) ز یارەتی نەزەرگایان دەکردو بە نیازی ئەوەی خێرو فەڕیان وە دە ست کەوێت و نیازە کانی دڵ یان لەلای یەزدان پە سەند بـ ێت ، سەیران و هەڵپەڕکێ و خۆشیان بۆ د ڵی خۆیان دە کرد ئەو نەزەرگا یەو ئەو دارە پارێزگاری لێدەکراو کەس لە توانا یدا نە دە بوو دە ستیان لێ بدات هەر بەو جۆرە لە دەوری گۆڕ ستانەکانی زۆر بەی ئاوایـ یەکانی کورد ستان دار بەڕووەکان بە کۆمەڵ و بە بەرزی و جوانی ماون تە مەنی ئەو

دارانە کەس نازانێت بۆ چ ساڵێك دەگەڕێتەوە لەبەر ئەوەی بە پیرۆزیان دەزانی کەس ناتوانێت چڵێکیان لێبکاتەوە زۆربەی ئەو دارانە پارچە پەڕۆی سەوزیان بەستووە بە چڵەکانیانەوە ئەو پەڕۆیا نە نیشانەی پیرۆزی و ڕێز لێگرتنە ، ئەو دارا نە ئەگەر وشکەوە بن ئیتر کەس ناتوانی بیان با تەوە بۆ ماڵ و بیان سووتێنێ لەبەر ئەوەی لە سەرەتاوە بە پیرۆزی هاتوو نە بە گوێرەی ئەو داب و نەریتەی دا نراوە ئەو دارا نەی ناوی نەزەرگایان لێ نراوە لە دوای و شك بوون یان دەتوانرێت لە جێگا کەی خۆ یدا لە ناو نەزەرگا کەدا چای و چێشتی پێ درو ست بکرێت ئیتر ئەو دارا نە هەر بە سەر بەرزی دەمێنێتەوە کەس ناتوانێت بیان بڕێ منیش لێرەدا دەڵێم: ( خۆزگایە لە پێش ئێستا بە چەند سەد ساڵێك خێر خوازێك هەبوایە هەموو دار بەڕوو مازوو دارەبەنەکانی کورد ستانیان بەم پار چە پەڕۆ سەوزانە د یاری بکردا یە هەتاکو کەس نەیتوانایە دارستانەکانی کوردستان بڕن هەتا هەتایە هەر بە جوانی و سەربەرزی و سەرکە شی بمەنا یەوە هەتا دیمە نەکانی کورد ستانی ز یاتر برازانا یەوە ) بەیانی لە گەڵ رۆژ دەرچووندا ماڵ ئاواییمان کرد لە ماڵی مام حەسەن و لە کوڕە کاژاو دەرچووین بە ڕێ کەوتین بەرەو



وێنەی بەشێك لە ئاوایی (کوڕە کاژاو) ناوچەی بەرزنجە



وێنەی بەشێك لە باخەکانی ئاویی ( بەرزنجە)دامێنی چیای(کوڕە کاژاو)

ئاوایی (بەرز نجە) لە ذ یْوان ئاوایی کوڕە کاژاو و ئاوایی بەرزنجە یەك کا تژمێرە بە پێ ، ئاوایی بەرزنجە ئاوا یەکی گەورە یە بە گوێرەی ئاوا یەکانی دەورو بەری لە بەر ئەوە ئێ ستا کراوە بە شارە دێ (ناحـ یە) ژ مارەی ما ڵەکانی ئاواییە کە ١٥٠-٢٠٠ خ یْزان دەب یْت ئێ ستا دوور ذ یە دوو چەندانە زیادی کرد بێت لە بەر ئەوەی بووە بە ناحیە ، ئەو ئاوا یە زۆر ئاوا یەکی بە ناوباذ گە لە ناو چەکەدا زۆر لە مێژدا دروست کراوە ، مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ ساڵەکانی سەدەی شە شەم و حەو تەمی کۆ چی ، ئەم ئاوا یە لە کورد ستانە بە جێگا یەکی پیرۆز لە پێ نووس دراوە لە بەر ئەوەی دوو پ یاوی پیرۆز درو ستیان کردووە و گۆڕە پیرۆزەکانیان لەو ئاوایەدا یە ئەوانیش (شێخ عیسی و شێخ مو سی)ی برا یەتی ئەو پ یاوە پیرۆزا نە بەڕە گەز دە چننەوە سەر پ یاو چاکی بەناوبانگ لە کورد ستاندا کە ( پیر خدری شاهۆ ) یە ئەو پ یاوە پیرۆزە لە کورد ستاندا بەو ناوەوە بەناوبانگە ناوی تەواوی ئەو پ یاوە لە کتێبە ئاینیەکا ندا بە ( شێخ محە مەد الزا هد) نا سراوە زۆر بەی شێخەکانی دانیشتووی کوردستان کە بە ( السادات البرزنجـ یە) نا سراون خۆیان بە نەوەی ئەو پ یاوە چاکە دەزا نن گۆڕە پیرۆزە کانی

(شێخ عیسی و شێخ موسی ) به تەنیشت یەکترەوە نێژراون خانوو گو مەتیان لە سەر درو ست نەکراوە هەموو ساڵێك خەڵکی زۆر لە دانیشتوانی عێراق و کورد ستان دە چوون بۆ سەردان ( زیارەت یان ) ، لە ژمارە یەك پ یاوە پیرە کانی بەرزنجەم پرسی بە تایبەتی بنەماڵەی شێخەکان لەبەر چ ئەم گۆڕە پیرۆزا نە هەتاکو ئێ ستا خانوو گو مەتیان لە سەر درو ست نەکراوە وەڵا می هەموویان هەر ئەوە بوو دە یان گووت لە تە مەنی با پیر مان و لە تە مەنی ئێمەدا سێ جار خانوومان لەسەریان درو ست کردووە لە دوای تەواو بوونی خانووەکە بۆ بەیانی دەمان بینی روو خاوە هەر بەردێکی بۆ لایەك هاوێژراوە لەگەڵ هاوڵەکانمە رۆیشتین بۆ زیارەتی ئەو دوو پیاو چاکانە سوورەتی ( الفا تحە)مان لە سەر گۆڕە کەیان خوێند ئەو بەردا نەی لە کاتی خۆیدا کرا بوون بە خانوو لە سەر گۆڕەکا ن یان ڕوو خابوون هێ شتا لەو دەورو بەرەدا بە کۆ مەڵ کراوی مابوو ئەم دیاردە یە با سمان کرد ئەوە دەگەیەنێت لەفەرموودەکانی پێغەمبەرو لە شەرعی ئیسلامدا هاتووە لەسەر گۆڕ خانوو درو ست کردن وکاری گەچ کاری حەرامە لەبەر ئەوە ئەم دوو پیاو چاکە بەو خانوو گومەتا نە قایل نابن لەسەر گۆڕەکانیان دروست بکرێت لە دانیشتوانی

ئاواییە کەم پر سی بە تاێ بەتی لەو کە سانەی رۆ شنبیرو خوێ ندەوارن ئەم ئاواێ یە بۆ چی ناوی بەرزنجە یە ؟؟ لە وەڵامدا گووتیان لە پێش دروست بوونی ئەم ئاواییەدا (شێخ عیسی و شێخ موسی) لە سەرەوەی ئەم ئاواێیە ژووریێکی بچووکیان درو ست کردووە بە چڵەدارو پووش و خۆڵ لە ج یاتی د یوار زەویە کەیان هەڵکە ندوە سەریان گر تووە کردوویا نە بە جێ گای ( خەڵوە) بۆ یەزدان پەر ستی ونوێژکردن و تەقوا بەو جێگا یەیان گوو توە (زنج) ، زنجە کە لەدوا یدا ئەم مزگەو تەو ئاواییەکەیان لێرە درو ست کردووە ئاوایەکە بە بەرزنجە ناوی دەرکردووە ، دانیشتوانی ئاوایی بەرز نجە زۆر بەیان خوێ ندەوارن زۆر ڕوو خۆش و دەم بە پێ کەنینن پ یاوی رۆ شنبیریان زۆرە ژمارە یەکی زۆر پ یاوی بەناوبانگ و زا نای ئاینی و شێخی (ئیر شاد)یان لیێ پە یدا بووە ئافرە تانی ئەم ئاواێ یە وەك زۆر بەی ئافرە تانی ئاوا یەکانی کورد ستان ئازادو ڕوو خۆش و بەڕێزن زۆر بە ڕ یزەوە زۆر ڕ یز لە م یوان دە گرن ئا شکرایە ڕ یز لیێ گرتنی م یوان و بە پیرەوە چوونی غەریب لە هەموو ئاوا یەکانی کورد ستانە چ لە لادێ و چ لە شارەکانیش ئەگەرێ تەوە بۆ جێ بە جێ کرد نی فەرماێ شتەکانی پێغەم بەری مەزن و

شەریعەتی ئیسلام جگە لەمەیش دابوونەریتی کوردەواری لە ناو کۆمەڵگاکەمان لە کۆنەوە ئەو ڕەوشتە جوانەیان پەیڕەو کردووە ئاوایی بەرز نجە مزگەوتێکی زۆر پاك و جوان و خۆشی تێدایە ، دروست کردنی ئەو مزگەوتە یەکەم جار بە دەستی پیرۆزی ( شێخ عیسی و شێخ موسی ) لە سەدەی حەو تەمی کۆ چیە درو ست کراوە دانیشتوانی بەرز نجە دەگێڕ نەوە ئەو مزگەو تە لە دوای درو ست کرد نی جاری یەکەمی سێ جار یان چوار جاری دیکە لە لا یەن خێرخوازان و دانیشتوانی ئاوایە کەو بە یار مەتی ئاوا یەکانی دەورو پشتی نوێ کراوە تەوە ژووری مزگەوت ( حەرەم ا لجامع) لە ڕووبەری پانی و درێژییەکەی هیچ گۆڕان کاری تێدا نەکراوە هەر لە سەر شێوەی جاری یە کەم بە چی جۆر ێك درو ست کرا بوو سەر لە نوێ هەر بەو شێوەیە درو ست کراوە تەوە شێوە دیرینە کەی پ یوە د یارە لەبەر هەیوان و حەو شەی مزگەوتەکەدا گۆرانکاری زۆر بەدی دەکرێت ئەوەی شایانی باسە بەردێکی ڕەش لە دیواری مزگەوتەکەدا دا نراوە لە بەری ئەو لا یەوە کە ڕوو لە ( قبلە) دەکر یت بەردێکی ڕەش زۆر لووسە لە شێوەی بەردە( هەستان ) واتە بەردی تیغ تیژکردن ، ڕووبەری ئەو بەردە ڕەشە بەم شێوەیە بە پانیەکەی ١٥ سم

و درێژیەکەی ٢٠ سم دەبێت هەر کاتێك ئەو مزگەوتە نوێ کراوەتەوە چاودێری ئەوە کراوە ئەو بەردە هەر لە جێگای پێشووی خۆیدا لە ذێو دیوارەکەدا دانراوەتەوە شێخەکانی دانیشتووی بەرزنجە دەڵێن ئەو بەردە ڕەشە لە کاتی خۆیدا (شێخ عیسی) رۆیشتووە بۆ حەج بۆ (مەکە)ی پیرۆزی ماڵی خودا لە گەڵ خۆ یدا لە چیاکانی مە کەوە هێناو یەتی بۆ بەرزنجە لە بەر پیرۆزی جێگای هاتنی بەردەکە لە دیواری مزگەوتەکەدا دای ناوە لەبەر ئەم مەبەستە ئەو بەردە هەتاکو ئێستا پارێزراوە ، ئاوایی بەرزجە لە جێگا یەکی زۆر بەرزو خۆشدا دروست کراوە دەکەوێتە دامێنی چیای سەر بەرزی (کوڕە کاژاوە)وە ئەو گردو ڵکەو بەرزایا نەی ، لە دەورو بەری ئاوایە کەدا هەڵ کەوتوون ، هەموویان لەلا یەن دانیشتوانی بەرزنجەوە کراون بەرەزە (مێوو داری چوالە و ترشو هەرمێ ) ئەم دارو باخا نەی دەورووبەری ئاوایە کە دیمەنە کەی زۆر دڵگیر و قەشەنگ کردووە ئەو ئاوایە وەك زۆربەی ئاوا یەکانی دیکەی کوردستان زۆر لە باروو گونجاوە بۆ گەڕان و گەشت و گوزار ئە گەر لە لا یەن لێپر سراوانی دەوڵە تەوە دە ستی خز مەت گوزار یان بِ گاتێ زۆر بەی دانیشتوانی عێراق سەردانی دە کەن لە هەمان کا تدا دانیشتوانی ئەو ئاوا یە

دەس هات و دەرا مەتیان بۆ گوزرانی ژ یان زۆر چاکە جووتیارەکان لە دامێنی چیاکان دانەوێڵەو نیسك و نۆك بە زۆری دە چێنن نۆکی ئاوایی بەرز نجە لە عێرا قدا زۆر بە ناوبانگە و هەموو ناوچەیەکی کوردستان خۆش و دڵ ڕفێنن سەیری هەر ناو چەیەکی کورد ستان بکەیت یەك لە یەکتری دڵ ڕفێنترە بە تایبەتی لادێ و سەر چیا و دۆ ڵو مێر گەکانی بەلای من و زۆربی دانیشتوانی کوردستانەوە ، کوردستان بە بە شێك لە بەهە شت دەزا نین ئا شکرایە بەهە شت لە هیچ شتێکی کەم نیە بۆ یە کورد ستانیش یەزدان بەکانی ز ێرو گەوهەر دروستی کردووە و لە هیچ شتێکی کەم نیە هەموو ئادەمیزاد ێك وڵات و خ ێزان و ماڵی خۆی خۆش دەو ێت ئەگەر کەلاوەیەکی ڕەشەوە بووی ڕوو خاو بێت یان کۆشکی حەوت نهۆم هەر ئەم هە ستە سرو شتییە پاڵ بە ئێ مەی کوردەوە دە نات خۆ مان لە سەر خاك و نی شتمانەکەمان بە کو شت بدەین و هەروەها دەزا نین خەڵات کراوین مافی خۆما نە ئە گەر بەم جۆرە بین بە پێش چاوی خۆما نەوە دەب ینین با ڵدەکانیش لە سەر هێلا نە پوو شەکانی خۆ یان دەدەن بە کو شت و بە جێ یان نا هێڵن بۆ ئەوەی ب توانن ب چووکەکانیان گەورە ب کەن و ژ یانێکی خۆ شترو پا شە

ڕۆژێکی ئارام تر بۆ خۆیان و نەوەکانیان دابین بکەن ، لەگەڵ هاوڵەکا نمە لە پێش مزگەوتە کەی ئاوایی بەرز نجە دانیشتبووین خوڕ لە نزیك ئاوابوون بوو سەیرم کرد لقێ لە پێشمەرگەکانی دەشتی گەرمیان بەرەو ئاوایی بەرزنجە دێن دیمەنی پۆڵە پێشمەرگەکانی وڵاتەکەم لە هەموو کاتێك بەلای منەوە جوان بوون بە تایبەتی ئەو کا تەی پۆل پۆل بەریز چەکەکانیان دەکەنە شانیان ، بە ڕێگاو رچکەکانی قەد چیاو لا پالو دۆ ڵەکان دەڕۆن بەرەو بذ کەو بەرەو ئاوا یەکانی کورد ستان لەلای من ئەوەی ز یاتر ئەو لقە پێشمەرگەی خۆشەویست و بەڕێز تر دە کرد لە دڵ و دەروونم ئەوە بوو ئەو کۆمەڵە پیاوە کە زۆربەیان گەنجن هێشتا تاموو بەری ژیاذ یان نەکردووە ، گ یانی پیرۆزی خۆ یان هەمیشە خستووەتە سەر لەپی دەستیان بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستیە بیبەخشن بە گەل و نیشتمانەکەیان ، بە بێ ئەوەی چاوەروانی کەمێك ئا فەرین و پادا شت لەکە سێك بکەن بەرامبەر ئەو گ یان باز یەی دەیکەن بۆ نیشتمانەکەیان ، د یمەنی ئەم جارەیان بەلای منەوە جیاواز یەکی هەبوو لەگەڵ ئەو دیمەنانەیان کە لە پادەشتەکانی گەرمیا نە دە یانم بینی ، ئەو جیاوازیەش ئەوە نەبوو ، خودا نەکردە لە ریزو

خۆشەویستیان لە دڵم کەم بکاتەوە بە پێچەوانەوە هەر کە لە دوورەوە بیذیانم تەزوو شادیەك بە یەکەوە لە لەشم هات ، دڵم لە شێوەی کۆترە ئازدەکانی چیاکانی کوردستان فڕی بۆ لایان ڕێزو خۆشەویستیان لە جاران بەرزتر بوو لە لام لەبەر ئەوەی ناو چەکانی خۆ یان و بەرەکانیان دوژ من دە ستی بەسەردا گرتبوو ، بارودۆخی بەرەکانی جەنگ وای پێویست کرد بوو ناوچەکانی خۆیان ومالّ و خێزانەکنیان لە ژێر ئاگر بارانی تۆپ و فڕۆ کەکانی میر یدا بە جێ هێ شتبوو ئەم جارەیان بە کردەوە نەك بە گووتن هەموو شتێکیان بەخشی بوو بە کوردو کورد ستان وشۆڕ شە ڕەوا کەی لە سەر ڕێ بازە ڕا ستەقینەکەی خۆ یان سوور بوون کە رز گاری نی شتمانەکەیانە ، لە گەڵ هاو ڵەکانم بە پە ڵە چووم بۆ پێشوازیان ، لە دامێنی ئاوایەکەدا گەیشتم پێیان زۆربەیان دۆ ست و برادەری خۆشەوی ستم بوون ، یە کە یە کە ری شەکانیانم ماچ کرد ، بە زە قی نی شانەی ما ندووی و دڵ تەنگیان بەدەم و چاویانەوە دیار بوو ، ئەگەر سەیرێکی جل و بەر گە خاک یە تۆزاو یەکانیان و جاما نە چڵکن و دەم و چاوی تەراش نەکراویانت بکردایە ڕاستەوخۆ دیمەنەکەیان ، ناخی دڵو دەروونیانی دەردەخست کە چەندە دڵ تەنگ و نا

ئارامن گڕی تورەی توندوو بڵێسەی سۆزو ئاهی دەروونیان ، لە دەم و چاویاندا دەتخوێندەوە کە چەندە ئامادەن بۆ پێشکەش کردنی گیانی خۆیان لە پێناوی گەل و نیشتمانەکەیان و خەبات کردن لە دژی دوژمنی داگیرکەری وڵاتەکەمان هاورێتیانم کرد هەتاکو گەیشتینە مزگەوتەکە لە کاتی ڕێ کردنمان دڵی ئەوان و خۆمیش بەم ووشانە خۆش دەکرد دەم گووت: ( براکانم ئێمە پێشمەرگەی پارتی زانین دوێنێ لە جەوەڵ ناسازو دەشتایەکانی ساڵەیی و خورماتوو و کفری و کەلار بەرامبەر بە دوژمن دە جەنگاین ئێستایش تاکتیکی جەنگ و بەر بەرەکانی دوژمنەکانمان و پێویست دەکات لە جێگایەکی دیکەدا بجەنگێنین پشت بە یەزدانی گەورە و دڵسۆزی ئێوە بە گەلێ و نیشتمانەکەیان بە لێێتان دەدەمێ لە دوای ماوەیکی زۆر کەم دەگەڕێنەوە ناو چەی گەرمیان و ڕزگاری دەکەینەوە لە دەستی دوژمنەکانمان بەسەر بەرزی دەگەڕێنەوە بۆ لای خێزان و کەسەکانمان) .

پێشمەرگە دەڵێ :

دوژمن باسەد جار دەربەدەرم کات

له وڵاتی خۆم بە زۆر دوورم خات

خانوو ماڵ و هێلانەی دێرین

بە ئاگرو ئاسن هەمووی باتێکدات

بەندی جگەرو رۆڵەی شیرینم

یاری خۆشەویست پڕ لە ئەوینم

با هەمووی بکوژێت دوژمنی ناپاك

نەمرم تۆڵەیان زۆر چاك دەسێنم

سوێندم خواردوە بە خاکی کوردستان

هەتا لە لەشم مابێ تۆزی گیان

نەسرەوتن ، خەبات ، بۆ هیوای دوورم

هەتا رزگاری هەموو کوردستان

من و هاوەڵەکانم لە سەر بڕیاری لقی ٣ کەرکوك هاتبووینە ئاوایی بەرزنجە چاوەروانی فەرمان و بروسکەی ئەوانمان دەکرد کە ئاگادارمان بکەنەوە چی بکەین و ڕوو لە کام لا بکەین ، ئێمە ماوەی چوار رۆژ لە بەرزنجە ماینەوە ، بە بروسکەیەی تایبەت لە لایەن لقی ٣ کەرکوکەوە ئا گادار کراینەوە ، بڕۆین بۆ شارۆچکەی ( پێنجوین ) لەبەر ئەوەی بارەگای لقی ٣ گەیشتبووە ئەو شارۆچکەیە لە بەرزنجەوە بەڕێ کەوتین لە پێش خۆر ئاوابووندا گەیشتینە ئاوایی (ناڵ پارێز) ئاوایی ناڵ پارێز ژمارەی ٣٥-٤٥ ماڵ دەبێت ، ئەو رۆژە ئێمە گەیشتین بە ناڵ پارێز ، ئاوایەکە کەس تێدا نەبوو لە ترسی بۆردوومانی فڕۆکەکانی میری دانیشتوانی ئاوایەکە کۆچیان کرد بوو بۆ ناو چۆم و باخ و رەزە مێوەکانی دەورو پشتی ئاوایەکەی خۆیان ئێستا ئاوایی ناڵ پارێز لە لایەن میریەوە کراوە بە ( ناحیە ) سەر بە قەزای ( پێنجوین )ە لە سەرەوەی ئاوایە کە دەستەیەك پێشمەرگەی هێزی سلێمانی بارەگا یەکی بچووکیان هەبوو ئەوان نانەوای نانەواخانەی پێشمەرگەکانی ناوچەکەیان بوون ئێوارەمان بە سەرداهات ڕوومان کرد لە بارەگاکەیان شەو لە لای ئەوان بخەوین ، ئەو پێشمەرگانە بە هیچ جۆرێك ڕێزیان لێمان

نەگرت و دەرماذ یان کرد له بارەگا کەیان ئێ مەیش نا چار بووین به ناخۆ شی وەڵاّم یان بدەیـ نەوه داوای نا نمان کرد نەیان داپێمان بەلایەك زۆر ولایەك رەزا بەش خواردنی شامی ئێوارەمان لێیان وەرگرت کورد له پێشدا گووتویەتی: (ئەگەر م یوان و خاوەن ماڵ بو به ناخۆ شیان چارەی م یوان رۆیـ شتنه) ، ئەو بەناو پێـ شمەرگانەی ه ێزی سلێمانی که ئا ماژەم بۆ یان کرد به جۆر ێك هەڵ سوکەوتیان له تەکمان دەکرد له شێوەی داگیر کەرێك بوبێتین بۆ ئەوەی وڵاتەکەیان داگیر بکەین لەگەڵ ئەوەدا که ڕێزیان لێمان نەگرد وو شەی ووشك و بێ تامیانیش له دەم دەردەهات به نا چاری ڕوو مان کرد له ئاوا یه چۆڵەکه ژوورێکمان به دەستکەوت که تێدا بخەوین ، ئەو شەوه هەتاکو بەیانی کەسمان نەمانتوانی بخەوین له بەر ئەوەی ژووره که (کێچی) زۆر بوو ئەتگووت ئەمانیش هەر وەکو ئەو پێشمەرگانەی نانەواخانەکە ئێمەیان به داگیر کەر دەزا نی بۆ یه هەتاکو بەیانی نەیانهێشت ئ نۆز بـ کەین له پێش بانگی بەیانی بەڕێ کەوتین بەرەو شارۆ چکەی پێنـ جوین له دوای ڕێ کرد نی چوار کا تژمێر گەیـ شتینه جێ گای مەبه ست ، شارۆ چکەی پێنـ جوین له دامێـ نی چیای (ئا سناوا)دا هەڵکەوتووه له سێ لاوه چیاو

بەرزایەکانی ئاسناوا دیواریان بۆ کردووەو لە باوشیان ناوە ، ئەو چیاو بەرزایا نەی دەورو بەری پێذ جوین پڕن لە دار ستان و داری بەری و م یوە و خواردنی نا یاب دیمە نە جوا نەکانی ئەو دار ستانە شارۆ چکەی پێذ جوینی قە شەنگ ترو جوانتر کردووە دەروازەی شار بە دۆڵ و مێرگ یەکی جوان دە ست پ ێدەکات ڕوودەکا تە دە شتاییەکی پڕ لە کشتوکاڵ و بەروبوومێکی زۆرو پڕ لە خێرو بەرە کەت هەتا لە گەڵ دۆ ڵی ( شلێو ناوخوان)دا دەب ێت بە یەك و ئیتر بەو ناوەوە نا سرێت لەلا یەن دانیڎ شتوان و جووتیارە کانی ناو چەکەوە بەر هەمێ زۆری ت ێدا بە دە ست دەه ێنن کە بریتیڎ یە لە دانەوێ ڵەو شیناى و نۆك و نیڎ سك ، گە نمە (قەویڎ لە)ی دە شتی شلێر بە ناوباذ گە بۆ دۆیڎ نەو ساوەرو گەنمە کوتاو بەکاری دەهێنن ، شارۆچکەی پێنجوین چواردە مزگەوتی تێدایە زۆربەی مزگەوتەکان کانیاوگۆ ماو ( حەوز)ی تایبەتی خۆی هەیە و لولە کێشیانیش بۆ کراوە ، ئەو شارە جوا نەی کورد ستان جێ گای خوێ ندن و فێر بوونی زاذ یاری بووە لەبەر ئەوە لە زۆربەی مزگەوتەکاندا ( حجرە)ی خوێندن هەبووە هەتاکو ئێستایش جێگاکاذیان هەر ماون ئەو شارە گەلێك پیاوی زانای ئایینی و کە ڵە شاعیری بە ناو بانگی لێ

پە یدا بووە وە کو زا نای بەناوبانگ (مڤ تی) پێذ جوین ، دانیشتوانی پێشینی ئەم شارە گەلێك لەو دانیشتوانە زۆر ترن کە بەم نزیکانە هاتوونەتە ناو شارو جێ نشین بوو نە ئەم دانیشتوانە تازە هاتوونەتە ناو شاری پێذجوین ژمارە یەکیان لە شاری مەریوان و لە شارەکانی کورد ستانەوە هاتوو نە ( سنە و سەردە شت و با نە ) ژمارە یەکی دێ کەیان لە جووتیارە کانی دەورو بەری شاری پێذ جوینن لە بەر ئەوە دانیشتوانی ئەم شارە بە شێوەی ناحیەی بەرزنجە ڕوا ڵەت و هەڵسوکەوتیان یەك جۆرو یەك سان نیە ئەمەیش دەگەڕێتەوە بە تێکەڵ بوونی خەڵکی دانیشتوانی پێشووی ئەم شارە لەگەڵ خەڵکێکی جوراو جۆردا ئەو ناوەی بۆیان دانراوە پڕ بە پێستێتی نەك تەنها پێنج وێنەن دوور نیە دەجۆرە خەڵك و دە وێنە بن بازاری شارەکە کەمێك تە سکو درێژە لە بەر ئەوەی کەوتوەتە نێوان بەرزایی و چیای ئا سناوا وە ماوەی گەورەوە بوونی نیە میری جێگای کۆمەڵگا یەکی گەورەی لە خوارەوەی دەروازەی شارەکەدا دە ست نیشان کرد بوو کەمێك کاریان تێدا کرد بوو بۆ ئەوەی بتوانێ شارەکە بەرو دە شتایەکە بگوازرێتەوە میری هەر چەندە بەو نیازەی بۆ خزمەت کردنی دانیشتوانی ئەم کارەی دەکرد بەڵام زۆرتری

بۆ مەبەستی کاری سەربازی کرد بووی لەو کاتەدا شارەکە تەنها سێ چایخانەو یەك گەرماوی تێدا هەبوو لەگەڵ ژمارەی ۱۰۰-۱۵۰ دو کان ، قوتابخا نەی سەرەتایی وناوەندی و دواناوەندی تێدا هەبوو لە گەڵ نەخۆشخانەیەکی بچووك لەلایەن شارەوانی و خزمەت گوزاریەوە وەك هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان دیمەنی ئاگری جەنگ و رەگەز پەرستی بەعسییەکانی پێوە دیار بوو بە هیچ جۆرێك خزمەت بە شارەکەیان نەکرا بوو ئەگەر لێپرسراوانی دڵسۆزی وڵاتەکەی خۆمان بارودۆخەیان بۆ بگونجێت دەتوانن ئەم شارە بکەن بە جێگای سەیرانگاو هاوینە هەوار هەموو دانیشتوانی عێراق و کوردستان سەردانی ئەم جێگا خۆشە دەکەن ، بەرهەمێکی زۆر گەورەی بۆ میری و دانیشتوانی ناوچەك دەبێت و زۆریش ماوەی پێشکەوتنی هەیە چیای ئاسناوا چیایەکی زۆر گەورەو سەختە بەشێکی دەکەوێتە سنووری ئێرانەوە بەشکەی دیکەی بەشی لای شاری پێنجوینە ئەو چیایە خۆی بە ناوی خۆیەوە ناوبراوە بە گوێرەی ئەو لێکۆڵینەوانە کراوە لە ۱۰۰/۸۵ بەردی ئەو چیا گەورە بە نرخە مادەی ئاسنە ئەو خەزینە پڕ بەهایە ، کوردستان ئەگەر کارگە یەکی ئاسن توانەوەی تێدا

دابمەزرێنن بەش هەموو عێراق و هەموو کوردستان دەکات و ژمارە یەکی زۆر لەو کە سانەی بێ کارن دەتوانر یٚت تێ یٚدا دا بمەزرێن و کار بـ کەن ، بە درو ست بوونی ئەو کارگە یە راژەی بیٚ کاری لە کوردستان زۆر کەم دەکا تەوە بە گوێرەی وتەی ئەو زانیارانەی لە بارەی ئەو چیایەوە نوو سیویانە ئەو راژە بەرزەی لە مادەی ئاسن لە ناو بەردی ئەم چیایەدا هەییە لە زۆر بەی زۆری ولاٚ تانی جیها ندا ذ یە هەر کە گەیـ شتینە شارۆچکەی پیٚنجوین ڕاستەوخۆ رووومان کرد لە میوانخانەکە ( ئۆوتـ یٚل ) هەر شتیٚکمان پیٚ بوو سپاردمان بە خاوەن میوانخانەکە لە بەر چڵکنی جل و بەرگەکانمان و موی دەم و چاومان کورد گوو تەنی: ( کەڵکی رووی ولاٚ تمان پـ یٚوە نەمابوو) هەمووومان رۆیـ شتین بۆ گەرماو ( حمام) خۆ مان و جـ لەکانمان شۆری و ریـ شەکانمان تا شی گەڕایـ نەوە میوانخانە کە لە دوای دوو رۆژ پـ شوودانمان رۆیـ شتین بۆ بارەگای لقی ٣ کەرکوك لە خۆرئاوای شاری پیٚنجوینەوە لە بنـ کە کۆنیٚکی زۆر نا هەموار خۆ یان حە شاردا بوو جـ گە لە خۆ یان و چەکەکانیان هیچ شتیٚکیان نەبوو لە خودا یان دەویـ ست کەس بەلایان نەڕوات نە وەك داوای پیٚداویستیەکیان لیٚ بکات لەبەر ئەوەی بەرپرس بوون لیٚمان

ناچار بوون بە خێرهاتنمان بکەن ئەگەر وا نەبوایە ئەمانیش هەر وەکو پێشمەرگەکانی نانەوخانەکەی (نالێ پارێز) رێزیان بۆمان دادەنا داوای فەرمان وکارمان کرد کارێکمان بۆ دیاری بکەن لێپرسراوی لقی ٣ ( مەلا قادرە سور جەباری) بوو نامەیەکی بۆمان نووسی و لە کۆڵی خۆیمانی کردەوە بۆ لای بەرێوە بەری بەرێوەبەرایەتی شارەوانەکانی سلێمانی بارەگاکەیان لە یەکێك لە قوتابخانەکانی شاری پێنجوین بەرێوە بەر ( ئەنوەر ) ناو ێك بوو لە دانیشتوانی شاری سلێمانی بوو ناوبراو پیاوێکی لە خۆبای و خاوەن کەشو فشێکی زۆر بوو ، نامە کەمان دا بەدەستی ناو مانی لە دەفتەرێك لەلای خۆی تۆمارکرد ڕاستەوخۆ پێمانی گووت بڕۆن !! لەو کاتە ئێمە داخشتبووین دوو کەسی دیکە بە شێوەی ئێمە نامەیان لە لقی سلێمانیەوە هێنا بوو خەڵکی سلێمانی بوون نامەکەیانی خوێندەوە زۆر ڕێزی لێیان گرت و بانگی یەکێکی کرد چایان بۆ لێ بنێ پێیانی ڕاگەیاند ئێوارە لە لای ئەو میوانن لەو کاتەدا وتەیەکی باپیرانمانم بە یاددا هات کە دەفەرمێت ( بەرد لە جێی خۆی سەنگینە ) لە ئەو رۆژەوە زۆر بە چاکی هەستم کرد لێپرسراوانی خەڵکی سلێمانی جیاوازیەکی زۆر نیشان دەدەن لە نێوان خۆیان و

ئێمەی خەڵکی کەرکوك و گەرمیان بە یەك چاو سەیری ئێمە و پێشمەرگەکانی خۆیان ناکەن .

ئەم هەڵبە ستەم ئەو کا تە نوو سیوە کە شۆڕشی کورد ستان توایەوە (ئەم هەڵبەستە هەڵبەستێکی شاعیرێکی کوردە )

داخەکەم دوو دڵی ونیفاق و دەردی کورد نەبڕایەوە

بەستەڵەکی من منو تۆ تۆی گەلی کورد نەتوایەوە

خەڵکی وا فڕین بۆ بان مانگ و ئەستێرەکان

چرری هیواو ئاواتی گەلی کورد کز بوو وا کوژایەوە

شارۆ چکەکانی ناو چە رز گار کراوە کانی کورد ستان ئ یدارەکانیان هەر وەك خۆی مابوون دادگا کان و قەزاو ناحیەکان لە ژێر چاودێری و فەرما نەکانی شۆڕشدا کاریان دە کرد ئەو خەڵکا نە لە شارەکانی ژ ێر دە ستی میر یدا فەرمانبەر بوون و هاتبوو نە ناو ریزە کانی شۆڕشەوە ئە گەر توانای بەرەی جەنگ وپێشمەرگەیاتیان نەبوا یە یان خۆیان نەیان وی ستایە ببن بە پێ شمەرگە لە ئەو ئیدارا نەی لە سەرەوە ناویا نمان هێ نا ناونووس دە کران پەیوە ندیانیان گرێ ئەدا بەو ئیدارا نەوە ئە مەیش تەنها لە پێناوی ئەوەدا بوو شیرازەی ڕێکخ ستنیان بە شۆڕشەوە ببە سرێتەوە جگە

لەوەی باسمان کرد هیچ جۆرە کارێك نەبوو ئەو فەرمانبەرانە پێی هەڵسن ، هەر یەکێك لە جێگایەکەدا بژێو دەکرد هەر دوو سێ مانگ جارێك یارمەتی یەك لە سەرکردایەتی شۆڕشەوە دەهات دابەش دەکرا بەسەر ئەوان و ئاوارەکانی هەڵهاتوانی ژێردەستی میری کە پەنایان هێنا بوو بۆ شۆڕش لە بەر ئەوەی ژمارەی ئەو یارمەتیانە لە سەرکردایەتیەوە دەهات بۆ ئەو خەڵکە دیاری کراوە نەبوو لە شێوەی مووچەی ڕەسمی لەبەر ئەو هۆیە ئەو یارمەتیانە بە تەواوی بەدەستی ئەو خەڵکە نە دەگەیشت بۆ نموونە ڕۆژێك ڕۆیشتم بۆ سەرکردایەتی پرسیاری بڕی ئەو یارمەتیانەم کرد کە دەنێردرێت بۆ فەرمانبەران و ئاوارەکان پێم یان ڕاگەیاند هەموو لێپرسراوێکی شارەوانی ( مدیر بەلدیە ) هەموو مانگێك پەنجا دینارە ئەو یارمەتیانەی لە پێنجوین من وەرم دەگرت وەك بەڕێوەبەری شارەوانی تەنها بڕی ١٥-٢٠دینار بوو بە واتای لە نیوە کەمتریان بۆمان سەرف دەکرد لە بەر قەلرە بالغی ناوەوەی شاری پێنجوین و مەترسی بۆردوومان کردنی فڕۆکەکانی میری ، لە جێگایەکی تایبەت لە نزیك ئاوایی ( بە ناوە سووتە ) شوێنی حەوانەوە و بژێویمان بۆ خۆمان چاك کردبوو کەپرو خانوومان دروست

کرد هاتو چۆی ئاوای ( با یەوە ) مان دە کرد کە سەر بە
سنووری کورد ستانی ڕۆژ هەڵات بوو بۆ کڕی نی
پێداوی ستیەکانی ژیا نمان ئاوایی ( با یەوە ) بازارێکی زۆر
جوان و قە شەنگ و خنجیلا نەی تێدا یە لە جێگای نابراودا
ماوەیەك پشوومان داو حەساینەوە جگە لەوەی گویٚ ڕا یەڵی
فەرمانەکانی پارتی و شۆڕش بووین کەوتبووینە سەر ڕێگای
کوردا یەتی و شۆڕ شی کورد ستان هیچ جۆرە سوودێکی
مادیمان بە شۆڕش نەدەگەیان بە پێچەوانەوە ئەرکێك بووین
بە سەر سەرکردایەتی شۆڕشەوە ماوەی ۳۰-۳۵ ڕۆژ ڕا بورد
بوو بە سەر چۆڵکردنی دە شتی گەرمیان سەردانێکی لقی ۳
کەرکوکم کرد داوام لێیان کرد دەمەوێت مەفرەزیەکی بچووك
بنێرم بۆ گەرمیان بۆ زانی نی هەواڵی ناو چەکەو
چاوپێکەوتنی ماڵ و خێزا نەکانمان ، پ سوولەی تای بەتیان
بۆ یان کرد کە لە ڕێ گای ڕۆی شتن و گەڕا نەویان هێزە کانی
پێشمەرگە ڕێگا یان لیٚ نەگرن و یارمەتیان بدن هەر چەندە
ئەو کاتەیش ناوچەی گەرمیان پڕ بوو لە هێزەکانی دوژمن بە
سوپاو بە جا شەوە دە ستیان گرتبوو بە سەر ناو چەکان ،
میری زۆربەی ئاوایەکانی چەکدار کردبوو زۆر بە نا ڕە حەتی
هاتوو چۆی ناو چەکە دە کرا عە بدوڵای برام و کاك م ستەفا

لەگەڵ هاوڵەکانیان بەڕێ کەوتن هەر چەندە رۆیشتنەکەیان مەترسی هێزەکانی میری تێدا هەبوو پشتیان بە یەزادنی گەورە بەست و لەسەر باوەڕی ڕاستەقینەی خۆیان رۆیشتن لە ڕێگای رۆیشتنیان سێ جار تووشیان ببوو بە تووشی بۆسەو کەمینەکانی سوپاو چەکدارەکانی میریەوە بە ماوەی دوو رۆژ و دوو شەو دەگەنە ئاوایی (ژاڵەی محەمەد خەسرەو) لە ناو چەی زەنگەنە لە ڕێگای رۆیشتنیاندا چاویان دەکەوێت بە ئەو کەسانەی بۆیان دیاری کرابوو لە ئاوایەکان بە شێوەیەکی زۆر نهێنی بۆ وەرگرتنی زانیاری دەر بارەی هێزەکانی دوژمن ، لە ئاوایی (ژاڵە محەمەد خسرەو) زۆر بە نهێنی خۆیان دەکەن بە ماڵداودەیان شارنەوە لە بەر ئەوەی ئاوایە کە ژمارە یەك لە چەکدارە کوردەکانی لێ بوو بە شەو و بە رۆژ چەکدارەکان چاودێری ئاوایەکەیان دەکرد جگە لەو چەکدارانەیش ناوچەکە پڕ ببوو لە سیخوڕەکانی بەعس ژمارە یەك لە دراوسێکان هەستیان کردبوو بە هاتنەوەیان پرسیاریان کرد بوو بۆ ئەو ژوورەتان دا خراوە وەڵام یان دا بوەوە بار شمان تێدا هەڵخستوە بەو گوێرەیە ماڵ و مندا ڵەکانمان هەمیشە لە ژێر چاودێری سیخوڕەکانی میریەبووە لە کاتی گەڕانەوەیان کە

را سپاردەکانیان جێ بە جێ کرد بوو لە نزیك یەکێك لە ڕەبایەکانی چەکدارەکان چەکدارێك بە دیل دەگرن و بە دیلی هێنایان بۆ بارەگای لقی۳ی کەرکوك لە پێنجوین تفەنگێکی بڕنەوی درێژو پەنجا فیشەکی پێ بوو چوونە مەفرەزەکە و بەدیل گرتنی ئەو چەکدارە کوردە کرا بە چالاکی و بە بروسکە لە ئیستگەی دەنگی کورد ستانەوە خوێندرا یەوە سوپاسنامەی تایبەتی لەلایەن لقی۳ی کەرکوکەوە ئاراستەی مەفرەزکە کرا بۆ ئەنجا مدنی کارەکانیان لە دوای ئەوەی هاورێکانم لە گەرمیان بە سەلامەتی گەڕانەوە سەردانێکی بارەگای لقی ۳ی کەرکوکم کرد داوام کرد نوو سراوێکم بدەنێ بۆ سەردانی مەکتەبی عەسکەری و مەکتەبی سیاسی پارتی نووسراویان بۆم کرد بۆ هەردوو مەکتەب لە گەڵ هاوڵەکانمە بەڕێ کەوتین بۆ سەردانی سەرکردایەتی شۆڕش لە پێشا رۆیشتینە مەکتەبی سیاسی و لە دوایە مەکتەبی عەسکەری زۆر بە گەرمی پێشوازیان لێمان کردو زۆر رێزمانیان گرت جێگایان بۆمان دیاری کرد دوو رۆژو دوو شەو میوان بووین و خزمەتمانیان کرد لە دوای دوو رۆژ بانگ کراین بۆ چاوپێکەوتن چاومان بە ژمارە یەك لە ئەندامانی هەردوو مەکتەب کەوت لە سەرەوەیان هەڤاڵ کاك

(مە سعوود بارزانی) پریاریا ندا ژمارە یەك چەكی نوێ مان بدەنێ برِ یێك پارە یانیش داپێ مان بە شێوەی یار مەتی ، مەكتەبی عەسكەری نووسراوی بۆمان كرد بۆ جەبەخا نەی( قە سرۆك) خۆماذ یان سەربە ست كرد بوو بۆ هەڵ بژاردنی چەكەكان نوو سراوەكەمان دا بە دە ستی لێپر سراوی جەباخا نەوە زۆر ڕ ێزی لێ مان گرت گووتی ئ یێوە خۆ تان سەربە ست كراون بۆ هەڵ بژاردنی چەكەكانتان ب فەرموون خۆ تان برۆ نە ناو جەباخانە كەوە هەر چەكێك بە چاكی دەزا نن هەڵی بژێرن تەنها لە سەر ئێمە ئەوەند یە ژمارە كەی دەنووسین و تەقە مەنیتان دەدەینێ جەبەخا نەی قە سرۆك لە ژ یر زەو یدا درو ست كرا بوو زۆر گەورە بوو هەموو جۆرە چەكێكی تێدا هەبوو زۆربەیان چەكی نوێ بوون هەر جۆرە چەكێك كۆ مەڵی خۆی بە ج یا دانرا بوون بە گوێرەی د ڵی خۆ مان چەكی چاكمان هەڵ بژارد هەر لە قە سرۆكەوە هێسترمان بە كرێ گرد لە شێوەی دار دە ست و قامیشی چەكەكانمان لە هێسترەكان بار كرد بەڕێ كەوتین بۆ ( پێنجوین ) لە بەر ئەوەی ڕێگا كە زۆر سەخت و دوورە زۆر ماندوو بووین بە ماوەی سێ رۆژ گەیشتینەوە پێنجوین لە دوای پشوودانمان بە دوو رۆژ سەردانی لقی٣ی مان كرد بە

ڕاپۆرتێك سوپا سیانم کرد و شێوەی ڕۆیشتن و هاتنەوەم بۆ یان ئاشکرا کرد ئامادەی خۆم و هاوڵەکانم دەربڕی بۆ هەموو فەرمانەکانی پارتی و سەرکردایەتی شۆڕش ، دوو بروسکەی سوپاس نامە و ئامادە دەربڕێن خۆم و هاوڵەکانم بۆ مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی عسکەری نارد تێدا ڕوونم کردەوە کە ئامادەین بۆ هەموو فەرمانێکیان پێمان بسپێرن ، سەرکردایەتی هەر بەو شێوەیە خەڵاتمانی کرد و یاداگاریەکی زۆر پیرۆزی لە ناخو دەروونمان تۆمار کرد لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتەکەمان سەر بەرزمانی کرد ئەو خەڵات کردنە بوو بە هۆی ئەوەی زیاتر دڵمان بە شۆڕش و سەرکردایەتیەکەی خۆش بکات ، باوەڕی زیاترمان پێ یان هەبێت لە بەر ئەوەی ئێمە بۆ کاری سیاسی و ئیداری دانرا بووین لە سەربڕ یاری سەرکردایەتی شۆڕش بۆ بەرەکانی جەنگ نە دەرۆیشتین لەبەر ئەوەی ماڵ و خێزانمان لە گەرمیان لە ژێر دەستی دوژمندا بە جێ مابوون هەموو کاتێك بیرمان لە ئەوە دەکردەوە بە چ جۆرێك ڕێگا چارەیان بۆ بدۆزینەوە بۆ رزگار کردنیان لە ژێر دەستی میری هەتاکو پاشە رۆژیان لەگەڵ خۆمان بکەین بەیەك لە بازاڕی پێنجوین چاوم کەوت بە کاك مستەفا لیپر سراوی ئاوایی ( کانی

م ستەفا ) لە ناو چەی هەمەوە ند لە دوای پر سینی هەواڵی ناو چەی گەرمیان پر سیارم لیٚ ی کرد بە چ جۆر یك هاتن گووتی یەکەم کاروانە ئەمجارە هاتوومە لە دوای ئەوەی میری دە ستی گر تووە بە سەر ناو چەکەمان ناوبراو کاروانی قا چاخی دە کرد لە گەڵ سێ پ یاوی دی کەی خەڵکی ئاوایە کەیان گووتی رەبا یەکان لە چاو جاران کەمترە بە شەودا دەتوانین لە نیٚوان رەبایەکا نەوە خۆمان دەرباز بکەین ، سێ پ یاوی لای خۆ مانم هێ ناوە بۆ چاوپیٚکەوتنی پیٚشمەرگەکانی کەس و کار و خزمیان گووتم مەفرەزە یەکی ب چووکت لەگە ڵدا دەن یٚرم بۆ گەرمیان دە توانی خ یٚزان و منداڵەکانم لە ژیٚر دەستی میری رزگار بکەیٚت بیان گەیەنیتە پیٚنجوین !! هەر چەندە پارەت دەویٚت دەت دەمێ زۆر بە ڕوو گەشیەوە وەڵامی دایەوە بەسەر چاوم سەرم لە ڕیٚگای هەموو کوردیٚکی بەشەرەفدایە ) سێ چەکدارو لە گەڵ عو سمان برام و کاك م ستەفای هاوریٚ مان لە گەڵ کاروانە کە رۆی شتن بۆ گەرمیان لەلا یەن ل قی ٣ی کەرکو کەوە هەواڵم زانی بوو دوو مەفرەزەی پارتی زا نی دا بەزی بوون بۆ دە شتی گەرمیان ناو چەکە کەمیٚك هیٚمن ب بووەوە هیٚزە کانی میری کەمیٚك پاشەک شیٚیان کرد بوو تەنها رەبا یەکانی سەر شەقامەکان

میری بە هێزیانی کرد بوو لەگەڵ دوو سێ مۆڵگایان کاک مستەفای کارواذچی لە گەڵ مەفرەزەی چووکەکەی خۆی ژمارەیەك ولاخ دەبەن بۆ نزیك ئاوایی (ژاڵە) بە نهێنی خێزان و منا ڵەکانمان لە ئاوایی دەردەکەن بە سواری ولا خەکان دەیان گەیەنن بە ئاوایی (کانی مستەفا) بە ماوەی سێ شەو و سێ رۆژ بە سواری ولاخ گەیشتبوونە پێنجوین ڕێگاکەیان زۆر سەخت و تر سناك بوو لە ڕێ گای هاتنیان دوو جار کەوتبوو نە بۆ سەی هێزە کانی میر یەوە جارێکیش فڕۆکە بۆردوومانیانی کردبوو خۆشبەختانە لە هەموو ڕووداوەکان بە سەلامەتی دەرچوبوون و گەیشتنە لامان و لە ژێر دەستی میری رزگاریان بو پاشە رۆژمان یەکی گرتەوە بڕێك پارەم دا بە کاك مستەفای کارواذچی لە کرێی ماندوو بوونی لە هێنانی خێزان و منداڵەکانم بۆمی گەڕانەوە و گووتی (سەرو ماڵم قور بانی کورد و شۆڕشەکەیەتی من بە پارە کار بۆ شۆڕش نا کەم) زۆر بەی زۆری هەژارانی کورد بە تایبەتی چینی جووتیارانی کورد ستان بە ڕاستی ( سەرو ماڵ و خێزانیان قوربانی کورد و کوردستان و شۆڕشەکەی کردووە و هەموویان لەسەر خۆ رەوشتی بەرزی کاك مستەفا دەرۆن خۆزگا یە هەموو کەسێکی دانیشتوی ئەم نیشتمانە لە ئەو

ڕوانگەوە سەیری گەل و نیشتمانەکەی خۆیانیان بکردا یە بە شێوەی کاك مستەفا و هاوڵەکانی دڵسۆزی و لە خۆ بووردنی ، چینی هەژارانی ئەم گەلە کارێکی وەها یان کردووە ئەگەر ژمارە یەکی کەم لە دانیشتوی ولاتەکەمان کردەوەی دژ بە کوردو شۆڕشەکەی بکەن چاکەی هەژارانی کورد خرا پەی ئەوانی پۆشیووە خۆشبەختی ئەمرۆی کورد لەوەدا یە ئەمڕۆ کورد سەرکردایەتیەکی زیرەك و خاوەن تەجرو بەی دوورو درێژی هە یە بوونە تە جێگای متما نەی گەلەکەیان زۆرینەی دانیشتوانی کوردستان بە فەرما نەکانی ئەوان هەڵسوکەوت لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆدا دەکەن خێزان و منا ڵەکانمان لە شارۆچکەی پێنجوین جێ‌ نشین کرد ئازوو قەی زستانمان کۆکردەوە بۆ دابین کردنی ژیانی خۆمان و خێزانەکانمان کورد گووتو یەتی: ( ئەگەر یەزدان دەرگا یەك دا بخات لە ئادەمیزاد سێ دەرگای دیکەی بۆ دەکا تەوە) ئەگەر بە گوێرەی زۆری و قەرەبالغی ئەو خەڵکە زۆرە بوا یە کە لە شاری پێنجوین و دەوروبەرەکەی کۆببوونەوە بە هۆی راونان و دەربەدەرکردنی دەستی رەشی بەعسییەکانەوە دەبوا یە گرانیەکی زۆر گەورەو بەرفراوان ناوچەکەی بگرتا یەوە ، بە پێچەوانەوە ئەو ساڵە ساڵێکی زۆر هات و پڕ لە خێرو

بەرە کەت بوو بەروبوومێکی زۆر بۆ ناو چەکە هاتبوو بە شی دانیز شتوانەکەی و ئەو خەڵ کە ئاوارا نەی ز یاتر دە کرد دانیشتوانی ناوچەکە دە یان گووت ماوەی حەوت ساڵە ئەم ناوچەیە ئەم هەموو بەروبوومە زۆرەی بەخۆیەوە نەبینیوە بە هۆی ئەم خەڵکەوە یە یەزدانی گەورە ئەم هەموو بەروبووما نەی بەخ شیوە پێ مان ئە گەر ئەم ئاوارا نە نەبوا یە بەش ئێمە هەروەك سالانی پێشوو دەبوو .

# ئۆردووگاکانی ئێران و ئاوارەکانی کوردستانی خواروو

لەلایەن کاربەدەستانی ئێران و وڵاتانی خێرخوازی بیاذیەوە لە ئ ێران ئۆردووگا یەکی زۆر بۆ ئاوارە کانی کورد ستانی خواروو کرا بووە بۆ جیّذ شین کردذ یان و دا بین کرد نی پێوی ستیەکانی ژیاذ یان ژمارە یەکی زۆر لە ئاوارەو لە دانیشتوانی کورد ستانی خواروو ڕوو یان کرد بووە ئەو ئۆردووگایا نە و جیّذ شین کرا بوون لەلا یەن لیپر سراوانی شۆڕ شەوە وە پڕووپاگە ندەی زۆری بۆ دە کرا بۆ ناردنی ئاوارەکان بۆ ئەو ئۆردووگایا نە . خەڵکی زۆر لە ئاوارەو لە دانیشتوانی ناو چە رزگارکراوە کان کۆ چیان دە کرد بۆ ئەو ئۆردووگایا نە ئەو کارە بوو بە چاو لێ کەری وەك ڕوون و ئا شکرایە خەڵکی کورد زۆر با یەخ دەدەن بە هەڵ سوکەوتی چاولێکەری ئەگەر درهاو سێیەکی کارێکی ئەنجا مدا ئەمیش دەبێت وەك ئەو بکات ئێمەیش وەك ئەو خەڵکە کەل کەلەی بارکردن و رۆیشتن بۆ ئۆردووگا کان کەو تە بیرو هۆشما نەوە لە کاك ( جەلال محە مەد سەعید باوەی ) رۆی شتین بۆ ئۆردووگای ( ئەنزل ) لە نزیك شارۆ چکەی ( سەرپێل زە هاو)

دروست کرابوو ئەو کاتە لێپرسراوی ئەو ئۆردووگایە (عەزیز محەمەد بەگ سیامەنسووری) بوو لەبەر ئەوەی ناوبراو دۆستو هاوڵمان بوو ئەو کاتەی ئێمە گەیشتین بە ئۆردووگاکە ژمارەی (٤٥) چل و پێنج هەزار کەسیان نووسی بوو جێنشین کرا بوون و پێداویستیەکانی ژیانیان بۆ یان دیاری و دابین کردبوو لە دوای ناو نووسین کردن خۆمان و ژمارەی خێزانەکانمان پسوولەی تایبەتیان بۆمان کرد بۆ گواستنەوەی خێزان و منداڵەکانمان بۆ ئۆردووگا کە بە ناچاری ئەو ماڵ و ئازووقانەی دابین کرد بوو و کڕی بوو بۆ زستانمان هەموویانمان بە نیوە نرخی کڕینەکەی فرۆشتەوە سەیارەیەکی تایبەتیمان بە کرێ گرت بۆگواستنەوەی خێزان و ماڵەکەمان (ماڵمانیش هەر ئەوەندە بوو بە کۆڵمانەوە) لە شارۆچکەی (پێنجوین) بە ڕێ کەوتین بەرەو شارۆچکەی (مەریوان) کات کاتی سەرەتای زستان بوو کڕێوەی بەفروو باران لە کوردستان دەستی پێکرد بوو خاوەنی ئەو خانووەی لە (پێنجوین) بە کرێمان گرتبوو ناوی (حاجی کەریم ڕەنگێنەیی) بوو بۆ بە ڕێ خستنمان بە دیارمانەوە وەستابوو ئەو کاتە تەمەنی (٧٥-٨٠) ساڵێك دەبوو پیاوێکی زۆر ئاین پەروەرو لە خودا ترس و ڕوو

خۆش بوو زۆر بەڕێز و خۆشەویست بوو لا مان ناوبراو زۆر
دە ستی دەڕو یی و دەوڵەمە ند بوو خاوەنی دوو ژن بوو
یەزدانی گەورە بێبە شی کرد بوو لە م نالێ بە نا چاری
(عوسمان) برازای کردبوو بە کوڕی خۆی بە شێوەی (التبنی)
رۆیشتم بۆ لای گەردن ئازادی و خودا حافیزی لێ بکەم !!
سەیرم کرد خۆی داوە تە بان گۆچانە ( بەلاّلوکە)کە یدا و بۆ
حاڵ و گوزەرانی ئێمە دەگرێت و بۆ ئەو لێقەوما نەی بە سەر
گەلی کوردو دە شتی گەرمیا نە هاتووە دە ستم گرت و ریشە
سپییە جوانەکەیم ماچ کرد داوام لێکرد لە یەزدان بپارێتەوە
گەلی کورد لەم دەر بە دەریە رزگار بکات و خۆشی وهێمنی
بگەڕێتەوە بۆ کوردستان ئێمەیش بێبەش نەبین لەو خۆشیە
لە وەلاّ مدا فەرمووی ( پاڕا نەوەم لە یەزدانی گەورە ئەو
پاڕانەوەیە ئیبراهیمی پێغەمبەری کورد کردی بۆ نەوە کەی و
ئیسماعیلی کوڕی یەعقوب کردی بۆ یوسف وەسیەتیشم بۆ
ئێوە هەر ئەو وە سیەتانەیە کە (لوقمان)کردی بۆ کوڕە کەی
داواکارم لە یەزادنیش ڕێگاتان بۆ ئا سان بکات ) ئەوە پیاوە
بەڕێزە هەر چەندە نەخوێندەوار بوو بەلاّم زۆر بەی تە مەنی
خۆی لە خزمەتی زانایانی ئایندا برد بووە سەر شارۆچکەی
( مەریوان ) لە سەر سنووری بە زۆر درو ست کراوی ئێوان

کورد ستانی ع ێراق و کورد ستانی ئ ێران ن ێوانی مەریوان و پێن جوین به پێ رۆی شتین یەك کات ژم ێره ، مەریوان شارۆچکەیەکی خنجیلا نەی جوان و قه شەنگه دەورو پشتی به سێ چیای مام ناوه ندی گیراوه له دۆڵێکی خنجیلا نەدا ڕوو بەرەو گۆمی ( زڕێ بار) هەڵ کەوتووه گۆمی زڕێ بارو چیاکانی دەوروبەری د یمەنی ناو چەکەو شارەکەیش جوانتر و قه شەنگتر کردووه شێوه ز مانی دانیشتوانی شارەکەیان سۆرانیه هیچ جیاوازیەکی له گەڵ شێوه زمانی شارۆچکەی پێنجوین ندا نیه ئەو شاره خنجیلا نەی کورد ستان شارێکی م ێژووی به ناوبانگه به شانازیەوه مێژوه کەی ژماره یەك ڕووداوی گەورەی بۆ ئەم شاره و دەوروبەره کەی تۆ مار کردووه . ئەم شاره ماوه یەکی زۆر پای تەختی ئیمارەتی باباڼ یەکان و با با ئەردەڵاڼ یەکان بووه جوانترین ڕووداوه گرنگەکانی ئەو شاره که له م ێژووی وڵا تی خۆ مان و ژمارەیەك له مێژووی بێگانەدا تۆمارکراوه ڕووداوی داستانی ( دوا نزه سوارەی مەریوا نه) به سەرکردایەتی ما مه یارەی قاره مان تواڼ یان سوپای ئ ێران بشکێنن و پارێزگاری له سەربەخۆی گەل و وڵاته کەیان بکەن ئەو شاره له سەردەمی ئیماره ته کوردیەکا نه و ماوه یەکیش له دوای ئەو جێگای

زاذیاری و خوێندن و قوتابخا نە ئایذیەکان بووە ژمارە یەکی زۆر کەڵە شاعیرو زانای بە ناوبانگ تێدا دروست بووە یەکێك لەو شاعیرانە قانع بووە بۆ یە بەم شێوەی لای خوارەوە ناوچەی مەریوانی لاواندوەتەوە دەفەرمێ :

مەریوانەمەکانی مەهروخانە
مەریوانە وەکو باخی جنانە
مەریوانە بەهەشتی رووی زەمینە
مەریوانەکە نایابی جیهانە
سەر چەشمەکانی وەك سەلسەبیلە
بەعەینی خاکەکەی فەردی زەمانە
لە ناو ئەو دەشتەدا گوڵی زرێبار
نموونەی چاوی لەیلی عاشقانە
هەوای موعتەدل کوێستانی پڕگوڵ
بە ملی باقی وڵاتا ئاسمانە
بەهەشتە ئاو و خاك و باوو ئەرزی
کچانی حورو کوڕ غیلمانیانە
ئەمە زۆر فەخرە بۆ خاکی مەریوان
موریخان ئەڵێت جێی ئەردەڵانە
ئەمیر حەمزەو هەڵۆخان و قوباد بەگ

یەکایەك جێگەی دەستیان تیا نیشانە
جەنابی ناری فەرمووی خاکی ئێمە
قەدیم تا ئێستا جێگای شاعیرانە
خەیاڵی و شێخ سەعیدو خاتوو خورشید
مەلا ئابی کە شعری چەن جوانە
فەریق و ناری هەردوو بەحری علمن
لە گشت لایە هونەر هایان عەیانە
بە فارسی وعەرەبی و کوردی و تورکی
بە چوار زوانە ئەدەبیاتیان بەیانە
لە قەڕنی پێشووا کاری مەریوان
موحەقەق خارجی شەرح و بەیانە
زەمان کوا قوەتی شرەحی ئەدا کا
قەڵەم کەی قابلی ئەو داستانە !!
بە هیچ ( قانع ) هەموو وەسفو سەناکات
کە ئێتا مەنزڵی بێگانەکانە

لە شارۆچکە جوانەکەی مەریوان بەڕێ کەوتین بەرەو شاری (کورد ستان سنە) لە بەر ئەوەی بەفروو بارانێکی زۆر باری بوو هاتوو چۆی ڕێگای ( مەریوان  سنە) زۆر زە حمەت بوو خۆی لە خۆیدا ڕێگا یەکی شاخاوی و سەختە بە ستەڵەك و بەفرەکانی سەر چیاکان سەخت تریان کرد بوو بە نا چاری

ما شێنەكانمان زنجير يان بە ستبووە تايەكانيا نەوە بەو شێوەيە دە يان توانی ڕێ بـ كەن لە ڕێ گا دوو جار سەيارەكەمان لە شەقامەكەدا خزا زۆر بە سەر سورمان رزگارمان بوو لە ترسی خۆمان و خێزان ومناڵ لە ما شينەكان دا بەزيمان ماوە يەكی زۆر منا ڵەكانمان بە باوش هەڵگرتوو ڕێگا مان لە ناو بەفرو بە ستەڵەكدا بڕی زۆر بە ڕەزا لەت گەيشتينە شاری ( كوردستان سنە  سەنەندەج ) خۆر نزيك ئاوا بوون بو جانتە و كەل و پە لەكانمان لە ژوورێكە دانا لە گەراجە كەی ( كورد ستان كرما شان ) خۆ مان رۆيـ شتين بۆ ميوانخانە ( ئۆتێل) شاری كوردستان ئەو ناوەی بۆی دانراوە كورد گووتەنی: ( پڕ بە پێستيەتی ) بە ڕا ستی كورد ستانەو پارچەيەكە لە بەهەشت ، شارێكی زۆر كۆنی ميللەتی كوردە و كورد دروستی كردووە مێژووی دروست كرد نی ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ ٤٥٠ ساڵ پێش لە دايك بوونی عيسی ، ناوە مێژويە كەی ( سنەندج )ە بە ز مانی سا سانی ناونراوە بە واتای ( سەنەن ساسانيەكان ) (د ج ) بە قەڵای پتەو بە هێز دەگووترێت ، لە سەر چياكەی پشتەوەی شارەكە قەڵا يەكی زۆر گەورە و بە هێز يان درو ست كردووە ناوباذ گە بە قەڵا پتەو بە هێزە كەی سا سانيەكان دە كردوە لە دوای درو ست

کردنی قەڵاکە شارەکە دروست بووە ئەو شارە لە لا پەڕەکانی مێژووی کوردستان و ئێران ڕووداوی زۆری بۆ تۆمار کراوە زۆر بەی ئەو ڕووداوا نە بە بەرژەوە ندی و سەرکەوتنی دانیشتوەکانی تەواو بوو نە ئەو شارە لە مێژدا جێگای زانیاری و زانستیە لە زۆر بەی شارەکانی کورد ستانەوە ڕۆڵەکانی گەلی کورد ڕوو یان کردووەتە ئەم شارە پیرۆزە بۆ فێربوونی زانیاری و زانستەکانی ئاینی و زانیاریەکانی دیکە لەو شارەدا ژمارە یەکی زۆر لە زانا یان و پیاوانی ئاینی و شاعیرانی بە ناو بانگی لێ پە یداو بووە ئەو شارە زۆر بە شانازیەوە زۆر بەی کا تەکانی مێژووی رابوردوو مان پایتەختی ئیمارەتێك لە دوای یەکاکانی ئەردەلانیەکان بووە ، زۆر بەی کاتی دە سەلاتەکانیان بە ئازادی و سەربەخۆی تەواو ئەنجام داوە دانیشتوانی ئەو شارە هەمیشە شۆڕش گێڕو دڵ سۆزی خاك و نیشتمانەکەیان بوو نە لە هەرگیز سەریان بۆ داگیرکەران شۆڕ نەکردووە ئەتوانم بڵێم لانکەی درو ست بوونی بیری ئازادی و سەربەخۆیی لەو شارەوە بەناو کوردستان بلاوەی کردووە لە ڕێگای خەباتی رزگاری کوردستان ژمارەیەکی زۆریان گیانی خۆیان کردووە بە



لەم وێنەیەدا (٧) قارەمانی کوردی شاری (مهاباد) گوللەباران دەکرێن ، جەلادەکەی (حمە رەزای شا) لە دوای گوللەباران کردنیان گوللەی بەزەی(طلقةالرحمة) دەنا بەسەریانەوە



لەم وێنەیەدا سێ قارەمانی خەڵکی شاری (سنە)ی کوردستان گوللەباران دەکرێن



لەم وێنەیەدا دەردەکەوێت جەلادەکانی (حمە رەزا شای) ئێران ، ژمارەی (٧) رۆ ڵەی قارە مانی کوردی کورد ستانی رۆژ هەڵاتیان لە سێدارە داوە گول لەبارانیان کردە ، لە دانیشوانی شاری مها باد ساڵی ١٩٤٧ لە دوای کۆتایی و رۆ خانی کۆ ماری د یموکراتی (مها باد) هەروەها ژمارە یەکی تر بە دە ستو پا بە ستراوی ئا مادەکراون بۆ گول لەباران کردن ، ئەم وێنا نە لە رۆژنامەی ئاسۆی رۆژهەڵات ژمارە(٦) ساڵی ١٣٨٥ھ وەرگیراوە.

قوربانی خاکی کوردستان و شەهید بوو نە لە هەموو خول و سورِانەکانی م ێژوودا لە کاتی سەفەوێکانەوە هەتاکو ئەمرِۆی رژێ می ئیـ سلامی ئ ێران لا پەرِەکانی م ێژووی کورد ستانیان بە خوێنی خۆ یان نەخ شاندوە لە کاتی دە سەلاتە بۆگەنە کەی حە مە رەزای شای ئ ێران و لە کاتی دە سەلاتی باوکی ژمارە یەکی زۆر خەڵکی ئەو شارەیان

شەهید کردوو لا شەکانیان لە گۆڕەپا نەکانی شەقامەکانە هەڵوا سی بە تایبەتی لە دوای ڕوو خانی حکو مەتی دیموکراتی مەهاباد زۆربەی زۆری دانیشتوانی شاری (سنە) ڕوو ناك بیرو خوێندەوارن . لەلا یەن دەس بڵاو یی و( سەخاوەت )ەوە وێنەیان کە مە ئێمە کوردی کورد ستانی ع یراق هەتا هەتا یە رۆژا نی پارەوە کەی ساڵی ١٩٩١ز دانیشتوانی ناو چەکەمان و هەموو کورد ستان لە یاد مان نا چێت کا تێ ڕوو مان کردە کورد ستانی ئێران بە تایبەتی ناو چەکانی ( پاوە ، مەریوان ، کورد ستان ) بە ئەو پەڕی هە ستی برا یەتی و خۆشەویستیەوە دانشتوانی ئەو شارو شارۆ چکانەی کورد ستانی ئێران پێشوازیان لێ مان کرد ئێمەیان لە باوشی خۆیان گرت و کردمانیان بە براو کوڕو کە سی خۆ یان برین ندار و نەخۆ شەکانمانیان چارە سەر دە کردوو ما ندوەکانمانیان حەوا نەوە لە پێویستیەکانی خۆمان زیاتر خزمەتمانیان کرد بۆ ئەوەی شایەتێکی ڕاستەو خۆم لە مبارەیەوە لەلایە ، لە بارەی سەخاوەتی دانیشتوانی شاری (کوردستان )ی خۆشەویستەوە دەمەوێت باسی بکەم ئەو رۆژە گەیشتینە ( کورد ستان ) لە ڕێگای رۆیشتنمان بۆ ئۆردووگا بەیانی لە دوای نوێژ لە میوانخانەیەك دا بەزیم بۆ

كڕینی خواردن بۆ منا ڵەكان ڕووم كرد له كەبابخانه یەك داوای چوار نەفەر كەبابم كرد لەوكاتەدا پیاوێكی دانیشتوی شارەكه ها ته ژوورەوه سەڵاوی له هەمووان كرد به م نی گووت ئا غا كوردی ئەو دیوی گووتم بەڵێ دووباره به خێر هاتنمی كرد رۆیشت بۆ لای كەبابچیەكه پێی ڕاگەیا ند بوو ئەو كوردە خەڵكی ئەو دیوه میوانه هەرچی پێویستە لەسەر م نه پاره كەی ، به په له نه فەرێك كەبابی بردوو رۆیشت كەبابچیەكه چوار نەفەره كەی م نی هێناو ( گووتی ئا غا بفەرموون پارەم دەركرد وەری نەگرت گووتی ئەو پیاوەی سەڵاوی لێت كرد پارەكەی داوه بۆیه وا به پەلەش دەرچوو نەوەك تۆ رازی نەبیت ئیتر هەستام و ماڵ ئاوای هەموو كوردێكی دانیشتوی شاری كوردستانم كرد بۆ سەخاوەتو پیاوەتیان له دوای قاوەڵتی رۆیشتین بۆ گەراج سەیارەمان گرت بۆ ئۆردووگای ( ئەنزلێ ) پێش نیوەرۆ گەیشتینه ئۆردووگا كه له پێش دەرگا خۆمان و كەل و پەلەكانیان پشكنی و نووسراوەكەیان لێمان وەرگرت چووینه ژوورەوه هەر ماڵێك له ئیمه كه پڕێكمان به حەسیر دروست كرد لەبەر ئەوەی خێوەت ( چادر) نەمابوو بما ندەنێ له دوای بەسەر چوونی مانگێك خێوەت هات بۆ ئۆردووگا كه خێوەتیان

داپێمان هەموو ماڵەکانیان ژمارد بە گوێرەی ژمارەی سەری خێزا نەکان ئازوو قە و خواردنی زۆر یان بە سەرمانە دا بەش کرد ، هەموو رۆژێك نانی گەرم و گۆشتی (بیانی) یان دا بەش دە کرد بە سەر ماڵەکا نە لە ئۆردووگا کە ئاوی خوارد نەوە و خۆشۆرین کەم بوو تەنها یەك کانی و یەك حەوزێك هەبوون بۆ ئاوی خوارد نەوە و خۆ شۆرین بەکاردهێنران کانیە کە بۆ خوراد نەوە و حەوزە کەیش بۆ جل و خۆ شۆرین ئاوی حەزە کە رەذ گی لە ئاو یەوە گۆرا بوو بۆ رەذ گی شین لە بەر پیِ سی خەڵکە کەیش لە بەر نا چاریان بەکاریان دەهێ نا ئەو دوو ئاوە بوون بە هۆی بڵاوبوو نەوەی نەخۆ شیەکی زۆر لە ئۆردووگا کە ناو چەی ( سەرپێڵ) ناو چەیەکی گەرمیا نە دەکەوێتە بەرامبەر گەرمیانی خۆما نەوە تینی گەرما زۆر بە ه یزە لە ناو چکە هەر لە سەرەتای بەهارا هێر شی گەرما دەستی پێکرد خێوەتەکان وەکو ئاگر سورەوە دە بوون ژیان لە ناو خێوەتەکا نە زۆر ڕەزا لەت بوو بە هۆی گەرماو ئاوی پیس و بێ خزمەتی ئۆردووگا کەوە نەخۆشیەکی زۆر کەو تە ناو دانیشتوانی ئۆردوگاکە بە تایبەتی منالانی ساوا تووشی سك چوون بوون ژمارەیەکی زۆر لە منالان و بە ساڵا چوان ، بەو نەخۆشیەوە مردن هەتاکو ئێمە لەو ئۆردووگا یەدا بووین

ژمارەی منالە مردووەکان گەیشتبووە (٥٤٥) منالْ بەشەو بە رۆژ بە شێوەیەکی هەمیشەیی گۆڕستانەکە خەڵکی لیْ بوو گۆر یان هەڵدەکەند بۆ مردووەکان مردوو ناشتن دبووە بە سرە لە ناو خەڵکەکەدا ئێمەش لەو مردنانە بێبەش نەبووین کوڕێکی تەمەن دوو ساڵی عەبدولڵای برام ناوی ( یوسف ) بوو گیانی پاکی بوو بە قوربانی کوردستان لە بەرواری ١٩٧٥/٤/١٥ کچێکی عوسمان برام تەمەنی سیْ سالْ بوو ناوی ( سهیلە ) بوو تووشی ئەو نەخۆشیە ترسناکە بوو لە دەرەوەی ئۆردووگایش هەوڵی چارە سەرکردنیماندا ، سوودی نەبوو لە رۆژی ١٩٧٥/٥/٢٥ لە ئۆردووگای (رەواز سەر ) گیانی پاکی چووە پالْ قوربانیانی کوردستانەوە مردنی ئەو دوو پەپوولەیەو کۆمەڵە پەپولەکانی ئۆردووگای ( ئەنزلْ ) داخێکی زۆری کردە دلْ و دەروونمانەوە هەتا هەتایە وێنەکانیان لە بیر ناچێتەوە لە گۆڕنانی ئەو جوانە مەرگانەیش هەر لە شێوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی ئێستایە ، بەڵام ئەو بە شێوەیەکی دیکەو ئەمەیش بەو شێوەیە ئەوەی شایانی نیگەرانی زیاتر بوو ئەوە یە ژمارەی (٥٥) هەزار مرۆڤ ، ئادەمیزادی کوردی لێقەوماو لەو ئۆردووگایە کۆ بووەوە ئەو هەموو نەخۆشیە









**چەند وێنە یەکی ئاوارە کانی ئۆردوو گای ( ئەنزەل) لە ئ ێران که دەکەوێ تە رۆژ هەلاّتی چیا و کەلی (داوود)ەوە لە ژووروی شارو چکەی ( سەربیل زەهاو)ەوە لە ساڵی ١٩٧٥ز.**

پیسانە بلاو بوونەوە لە ناویانە و ئەو هەموو مردنە ڕووی کرد بوو لێیان ڕۆژێك نەمان بینی لێپرسراوێك سەردانی ئۆردووگاكە بكات لە خۆمان و مردووەكانمان بپرسنەوە و هەوڵێكی چارە سەركردنی ئازارو ژانەكانمان بدەن، لێپرسراوی ئۆردووگاكە سەر بە خۆمان بوو لە ژێر دەست و فەرمانی (سازمان)ەكانی ئێرانە كاری دەكرد ڕەفتاری ئەو پیاوەیش لەگەڵ ئەو خەڵكەدا بە شێوەیەك بوو دوژمن هەر بەو شێوەیە ڕەفتار لەگەڵ بەرامبەرەكەیدا دەكات ئەگەر لە كاتی جەنگدا دەس بە سەریان بكات، بەو بۆنەیەوە بێزاریەكی زۆر كەوتبووە ناو دانیشتوانی ئۆردووگاكەوە خەڵكی ئۆردووگاكە هەوڵێكی زۆریاندا لەو باروودۆخە ڕزگاریان ببێت دوو سێ جار وەفدێك بەناو دانیشتوانی ئۆردووگاكەوە سەردانی لێپرسراوانمان كرد بۆ چارەسەركردنی ئەو باروودۆخە هیچ سوودێكمان نەبینی و كەسیش لێمانی نەپرسییەوە، بەهەر جۆرێك بوو توانیمان موافەقەی گوا ستنەوەی (١٠) دەخێزان وەربگرین لە ئۆردووگای ئەنزلەوە بۆ ئۆردووگای ڕەواذسەر لە ڕۆژی ١٩٧٥/٥/١٥ ماڵ و خێزانی براكانم و ژمارەیەك لە خزمەكان بارمان كرد بۆ ئۆردووگای ڕەواذسەر لە ژێردەستی و

نەخۆ شی و پیـ سی ئۆردوو گای ئەنزلێ رز گار کرد ، ئۆردوو گای ( رەواذ سەر ) ژمارە یەك خانووی نویێ درو ست کرا بوون بۆ هاوینە هەوار و گە شت و گوزار لە سەر شێوەی خۆر ئاوای دارێژرابوون بە تایبەتی بۆ جێگای حەوا نەوەی لێپر سراوان تەرخان کرا بوون لە دوای دامەزرا ندنی ئۆردووگا کانی گ شتی ئەو جێگا یە کرا بە ئۆردوو گای خێزا نی لێپر سراوانی شۆڕش بە ئۆردوو گای نمرە یەك دەدرا یە پێ نووس لە دوای ئەوەی شۆڕ شی کورد ستان توایەوە ماڵ و خێزانی لێپرسراوان بڵاوەیان لێکرد ئەو کا تە ئێ مەی هەژاری کورد توانی مان ئەو جێگا یە چاکەمان بە دە ست کەوێت بۆ ماوە یەکی کەم خۆ مان و خێزا نەکانمان تێدا ژییان، لە دوای ئەوەی زیانێکی زۆری گیانی و ماڵمان لیێ کەوت ئەوەی ئا شکرایە هەر چینی هەژاران هەمیـ شە هەڵگری باری گران و ئە شکنجەو ئازار بوو نە دوورە پەرێزانیش کورد گوو تەنی ( هەمیـ شە هەر لە ناوو خواردویانەو لە دەشت خەوتوونە) .

# كۆتایی هاتنی شۆڕشی كوردستان لە ساڵی ١٩٧٥

لە سەرەتایی دەست پێكردنەوەی جەنگ لە نێوان هێزەكانی میری بەعس و هێزەكانی پێشمەرگە لە مانگی چواری ساڵی ١٩٧٤ جەنگ لە هەموو ساڵەكانی ڕا بوردووی شۆڕ شی كوردستان گەلێك بە هێزو توندتر بوو لەبەر ئەوەی ژمارەی هێزە كانی پێ شمەرگە دوو چەندانەی ژ مارەی ساڵەكانی پێ شوو زۆر تر بوون چەكێكی زۆر بە یار مەتی لە دەرەوەی وڵا تەوە گەیـ شتبووە كورد ستان وە كو دەو ڵەتی ( چین و ئیتاڵیا ، ئێران ، چیك ) و ژمارە یەكی دیكە لە دەوڵەتەكانی دۆ ستی كورد بە گوێرەی ڕاپۆر تەكانی شۆڕش و و تەی ژمارە یەك لە لیپر سراوەكانی سەركردایەتی ژ مارەی پێ شمەرگەی چەكداری بەرەی گەیـ شتوەتە پەنجا هەزار پێ شمەرگە پەنجا هەزاریش ئیحتا یت لە زۆر بەی بەرەكانی جەنـ گدا شێوەی بەر بەرەكانی لە جەنگی پارتی زانـ یەوە بـ بوون بە جەنگی بەرە(جبـ هە)ی هەروەها رژێـ می بەعیـ سش چەكو تەقەمەنیـ یەكی زۆری بە دە ست هێـ نا بوو لە ماوەی ڕاوە ستانی جەنگ لە دوای بەیانی یانزەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ كە ماوەی چوار ساڵی رە بەق بوو ئەو ماوە یە میری

هێزە کانی خۆی زۆر به چاکی ڕاهێنا بوو بە تایبەتی بۆ جەنگی ناو چیا (معر که الج بال ) سەرەرای دڕ ندەی هێزە کانی میری و بە ه ێزی چەکەکانیان ورەو باوەری هێزە کانی پێ شمەرگە بە سەرکەوتن بەرزتر دە بوون بۆ یە ژ مارەی شەهیدەکانیش رۆژا نە زیاتر دە بوون لە بەرامبەردا زیا نەکانی میر یش زۆر و گەورەتر دە بوون بەڵ گەم بۆ ئەم ڕا ستیە ئەوە یە سەرۆك كۆ ماری ع ێراق لە یەکێك لە وتارەکاذ یدا دا نی نا بە فرە بوونی زیا نەکانیان گووتی ( هەتاکو ئێ ستا ژ مارەی شانزە هەزار کوژراو مان هە یە لە سوپای ع ێراق و سوارەکانی سەلاح ا لدین ) وا تە چەکدارە کوردە کان لە گەڵ ژمارە یەکی زۆر برێ ندارو بە د یل گرتـ نی ژمارەیەك لە هێزەکانمان هەروەها تێکشکانی ژمارە یەکی زۆر لە زرێ پۆش و سەیارەو فڕۆ کە ) ئەو بارووداۆ خە کارێکی زۆری کردە سەر هێزەکانی میری ، میری نا چارکرد بە چۆکا بـ ێت و داوای و توو و ێژ لە سەرکردایەتی شۆڕش بـ کات سەرکردایەتی شۆڕش بە هیچ جۆرێك وەڵامی میری نەدا یەوە هێزە کانی پێ شمەرگە ز یاتر خۆ یان کۆکردەوە و ئا مادەتر بوون بۆ جەنگ بەرامبەر بە دوژمن هێرشەکانیان زۆر تر کرد بۆ سەر ئەو ناو چانەی میری داگیر یانی کرد بوو تواذ یان

زۆر بەی ئەو ناو چانە رز گار بکە نەوە و بیان خە نەوە سەر ناو چە رز گار کراوە کانی کورد ستان چەکدارە کوردە کان زۆر بەیان خۆیا ندا بە دە ستی هێزە کانی پێشمەرگەوە بە تایبەتی لە ناو چەی گەرمیان ، ژمارە یەکیان هەڵهاتن بۆ ناو شارەکان ، شارۆچکە بچووکە گەمارۆدران لەلا یەن هێزە کانی پێشمەرگەوە ژمارە یەکیان ئازادکران لە دە ستی هێزە کانی میری هێزی میری زۆر شپرزەکران میری دوو بارە داوای کرد لە سەرکردایەتی شۆڕش و توو وێژ بکرێت میری پێشەکی بەڵێنی یدا جێ گە لە بە ندەکانی بەیانی یانزەی ئازار سەرکردایەتی شۆڕشی کورد ستان هەر جۆرە داواکاری یەکی هەبێت جێ بە جێ دە کات ، لاواز بوونی هێزە کانی میری لە بەرەکانی جەنگداو سەرکەوتنەیەك لە دوای یە کەکانی هێزەکانی پێشمەرگە بە سەر هێزە کانی دوژمندا وای کرد لە سەرکردایەتی شۆڕش توو شی لە خۆبای بوونی سەرکەوتن ببێت ( نشوه النصر ) کاربەدە ستانی شۆڕش لوتیان زۆر بەرز ببووە بە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە ئەمە لە لا یەك و لە لایەکی دیکەوە دە ستێکی نهێنی لە دەرەوەی وڵاتەوە کاری دەکرد بۆ ئەوەی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد ستان جارێکی دیکە لە گەڵ رژێمی عیرا قە و توو وێژ نەکات ئەم هۆ کارە

سەرەکیانە وەهای کرد لە سەرکردایەتی شۆڕش دروشمی ڕووخاندنی رژێمی عێراقی بەرز کردەوە لە ئیستگەی دەنگی کورد ستان و بڵاوکراوە کانی پارتی و سەربازیدا بە هیچ جۆرێك باس لە بەیانی یانزەی ئازارو ما فەکانی گەلی کورد نەدەکرا هەموو دروشمەکانی شۆڕش تەنها بۆ ڕوو خانی رژێ می بەعس بەرز دەکرا یەوە زۆر بەی لێپر سراوانی سەرکردایەتی شۆڕش دەیان گووت ئێمە ئیتر لەگەڵ رژێمی بەعسە بە هیچ جۆرێ وتوو وێژ نا کەین تەنها هەوڵی لە ناو برد نی ئەم رژێ مە دەدە ین ئە گەر بـ توانین ببین بە هۆی ڕوو خانی رژێ می بەعس لە عێرا قدا دەوڵە تەکانی دەرەوەی وڵات بەڵێنیان داوە پێ مان لە دوای ڕوو خانی بەعس دەسەڵاتێکی سەربەخۆمان بۆ دروست دەکەن لە کورد ستاندا ئەو باروودۆ خەی ئەو کا تە وای کرد لە سەرکردایەتی شۆڕش ئیتر گوێ نەدات بە کاری ئاشتی خوازانە بەرای خۆم گوێ شل نەکردنی سەرکردایەتی شۆڕش لەوکاتەدا بۆ کاری ئا شتی خوازا نە بۆ چارەکردنی کێ شەی کورد هەڵە یەکی گەورە بوو سەرکردایەتی شۆڕش لەوکا تەدا کەو تە ناو یەوە دەبوایە لێپرسراوانی شۆڕش لە کزبوون و بێ هـێزی دوژمن کەڵکیان وەربگرتا یە دەبوا یە وتوو وێژ لەگەڵ میری ئەنجام

بدرا یە و جەنگیش بەردەوام بوا یە لەو بارووبدۆخە كەڵكیان وەربگرتایە و دەستیان بەسەر زۆربەی شاروو شارۆچكەكانە بگرتایە هێزەكانی میریان بە شێوەی شەڕو ئا شتی لێ ی ەوە دەر بنایەو رزگاریان بكردایە هەر چەندە دوور نەبوو بێت بە هۆی ناڕەحەتی و تێكدانی ئاسایشی دانیشتوانی شارەكان هەر بەرژەوەندی كوردی تێدا هەبوو یان وتوو وێژیان لەگەڵ میر یدا دوو بارە بكردا یەوە جەنگ لە بەرەكانی خۆ یدا بۆەستایە ماوەیەكی كورتیان دیاری بكردا یە بۆ جێ بە جێ كردنی خاڵەكانی یانزەی ئازار و ئەو خا ڵە نوێ یا نەی میری ئەیەوێت بیخاتە سەر بەیانەكەی یانزەی ئازار ئەو كا تەیش رزگاركردنی شارەكان زۆر ئا سان دەبوو بە ذیوە شەڕ ذیوە ئا شتی دە توانرا دوژ من لێ پاك بكرێ تەوە سەركردایەتی شۆڕش دەیـ توانی بۆ دا بین كرد نی داواكار یەكانی خۆی مەرجی پێ شەكی و سەرەكی داب نێ بۆ میری پێش دەس پێكرد نی وتوو وێژ بە شێوەیەكی رە سمی بۆ دڵذ یاكردنی سەركردایەتی شۆڕش دان بذ یێت بە ما نەوەی پێ شمەرگەدا وەك هێزێ كی پاڕێز گاری كورد ستان یان دان بذ یێت بە سنووری دە سەڵاتی هەرێمی كورد ستانە ، د یاری كرد نی بە شێوەیەكی رەسمی و گەلێ شتی دیكە كە لەم بابە تەوە هە یە

ئەو کاتە میری لە بەر تەنگاوی خۆی زیاتر بە چۆکا دەهات ئەگەر لە بەر چاوی کاڵی کوردیش نەبوا یە لە بەر ما نەوەی خۆی لە عێرا قە نا چار دە بوو لە گەڵ سەرکردایەتی شۆڕشدا بە ئەنجام بگات ، ئەم چەند دێڕا نەی سەرەوە ڕای خۆ مو گەلێك لە دانیشتواتی کورد ستانە دوور یش ذ یە من و ئەوا نەی ڕا یان وەك من وا یە بە هە ڵە چوو بێتین سەرکردایەتی شۆڕش لە ئێمە زیاتر شارەزای بارووودۆخە کە هەن چاکتر سەریان لە نهێنیەکانی ناوەوەو دەرەوە یش دەردەچێت ئەو هۆکارانەی سەرەوە بوو بە هۆی ئەوەی میری بە تەواوی هیوا بڕاو بێت لە باری ئا شتی و توو وێژکردن ناچار بوو ڕێگا چارەیەك بۆ خۆی بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی خۆی لە مردن رزگار بکات کۆنگرەی بێ لایە نەکانی وڵا تانی دەرەوە لە٦/٣ ساڵی ١٩٧٥ لە ( ا لجزائیر ) بە سترا سەدام حسین بە سەرۆکایەتی وە فدێك بە ناوی رژێمی عێرا قەوە بەشداری تێدا کرد بە گەیشتنی بە جەزائیر لەگەڵ سەرۆك کۆماری ئەو وڵا تە کۆبوەوە داوای لە سەرۆکی جەزائیر کرد کار ێك بکات لە گەڵ ( مح مەد رەزا شا )ی ئێرا نە بیان گەیەنێتە یەك ( هەواری بو مدیان ) سەرۆکی جەزائیر دەستی سەدام حوسین و محەمەد رەزا شای ئێرانی نا بە ناو دەستی

یەك بە یەكتر ئاشتیانی کردەوە لە دانشتنێکی سێ قۆڵیدا لە نێوان سەدام حوسێن و محەمەد رەزا شا و هەواری بومیدیانا لە دوای گفتوگۆیەکی زۆر گەیشتنە ئەنجامی ( پرۆتۆکۆل)ێك کە لە لا یەن هەردوو لایانەوە ئیمزا کرا لە ژێر چاودێری سەرۆکی جەزائر پرۆتۆکۆلە کە بریتی بوو لەوەی محەمەد رەزا شای ئێران بتوانێت شۆڕشی کورد لە کوردستانی عێراق کۆتایی پێ بێنێ لە تۆڵەی ئەو کارەدا سەدام حوسێن ( شط العرب ) کە بە ( الخلیج الفارسی ) دەنا سرێت بداتەوە بە ئێران ئەم رێکەوتنە لەلایەن هەر سێ لایەنەکەوە مۆرکرا بۆ جێ بە جێ کردنی پرۆتۆکولەکەیان محەمەد رەزا شاری ئێران بانگهێشتی سەرۆك بەرزانیان کرد بۆ ( تاران ) هەر لەوێدا دەست بەسەریان کرد بە زۆر بروسکەی شەڕوەستان و کۆتایی هاتنی شۆڕشیان پێ ئیمزا کرد دوژمنانی کورد توانیان خوێنی هەزاران شەهیدی کورد بە فیڕۆ بدەن سەدام حوسێن خوێن مژی کورد توانی بە جولاندنی یەك بەردێکی ( شەترەنج) شای کورد بکوژێت و خۆیش لە هەڵدێری مردن رزگار بکات بۆ جارێکی دیکەیش مافەکانی گەلی کورد پێ شێل بکات حەمە رەزا شا زۆر شادمان بوو بەو رێککەوتنە لە وتارەکەیدا بەو بۆنەیەوە بە سەرکەوتنی گەورەی دایە قەڵەم

بۆ نه تەوەی ئ ێران و بۆ رژێمە کەی لە ڕا ستیدا ئەو ڕێککەوتـ نەی جەزائیر سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ شای ئێران ئەویش لەبەر ئەم خالانەی خوارەوە .

١حەمە رەزا شای ئێران یارمەتی شۆڕشی کوردستانی ئەدا یارمەتیە کەی تەنها لە بەر ئەوە نەبوو کورد گو تەنی: ( لەبەرچاوی کاڵی کورد) لەبەر ئەو هیوایا نە بوو کە ئەو رۆژە بۆی ها تە دی کە برێ تی بوون لە دە سکەوتی ( خ لیج الفار سی) ماو یەکی زۆر بوو رەزا شایی باوکی و خۆی خەباتیان لە پێناو یدا دەکرد بە توا نەوەی شۆڕشی رزگاری کوردستان ئەو هیوایەیان بۆ هاتە دی .

٢-بزوتنەوەی کوردایەتی لە کوردستانی رۆژ هەلات بە هۆی شۆڕ شی کورد ستانی خوارووەوە بەرەو پەرە سەندن و پێ شەوە دە چوو گ یانێکی کوردا یەتی و شۆڕ شگێڕی نوێ کەوتبووە ن ێو د ڵی خەڵکی کورد ستانی رۆژ هەلات ، جوولانەوەی (حزبی د یموکراتی کورد ستانی ئێران ) زۆر بە چاکی لەگەشە کرد نە بوو لە لا یەن کاربەدە ستانی عێرا قەوە هاو کاری دە کران لە دژی رژێ می حە مە ڕەزا شا وە بەشێوەیەکی زۆر نهێنی و چاك لەلایەن شۆڕشی کورد ستانی خوارووەوە هەر یارمەتی دەکران بە هۆی ئەم دوو لایە نە دژ

بە یەكتریەوە ئەوان سوودیان وەردەگرت و لە ناوەوەی ئێران و لە دەرەوەیش جوولانەوەیان هەبوو پێشمەرگەكانیان لەناو ئێرا نە بە هۆی هەردوو لایەنە كەوە دە یانتوانی چالاكی سەربازی ئەنجام بدەن لە چیای شاهۆ و دەورو بەری ، حزبی د یموكراتی كورد ستان بە سەرۆكایەتی شەهید ( دكـتور عبدالرحمن قاسم لو ) لە دەرەوەی ئێران و عـێراق خۆیان بە ولاتانی دەرەوەیش ناسان هەولی ئەوەیان دەدا كێشەی گەلی كوردی كورد ستانی رۆژ هەلات بە هەموو ولا تانی دەرەوە رابگە یەنن لە ناوبردنی جوولا نەوەی گ یانی كوردا یەتی لە ئێرا نە هـیوای دووە می حە مە رەزا شا بوو لە ژێر سێبەری ئەو پیلانە گەلاوەی جەزائیرە ئەم هیوایەیانیش ها تە دی لەو باروودۆ خە درو ست كراوەدا دوژمـنانی گەلی كورد توانـیان یەكتری بـ گرن و بەرژەوەند یەكانیان یەكی گر تەوە لە سەر حـسابی كورد و لا شەی كورد ستان دە ست كەو تەكانیان بۆ هاتە دی كورد دەلێت: ( دۆ ستی دۆ ستم دۆ ستمە دوورژمـنی دوورژمنم دۆستمە ) لەبەر بەرژەوەندیەكانی خۆیان دوژمـنانی كورد ئەم هە لەیان بە پە لە قۆ ستەوە ( بە یەك بەردێك دوو چۆلەكەیان كوشت ) دوژمـنانی گەلی كورد توانـیان شۆرشی رزگاری كوردستانی خواروو بكوژێننەوە بزوتنەوەی رزگاری

گەلی کورد لە کورد ستانی رۆژ هەڵات سەرکوت بکەن شای ئێران هیوا و ئاواتی دێرینی خۆی و باوکی بۆ هاتەدی خەلیجی فارسی بە دەست کەوت سەدام حوسینی خوێن رێژ جێگای خۆی قایم کرد لە ڕوو خان و نەمان خۆی رزگار کرد دووژمنانی گەلی کورد لە پێناوی بەرژەوەندیەکانی خویا نە ئەم تاوانەیان ئەنجامدا ئایە توانیان ناوی کورد و کورد ستان لە نێو دڵی گەلی کوردا بسڕنەوە ؟؟ ئا یە تواذ یان بە تاوانەکانیان خوێنی شەهیدانمان لە بیر بەرنەوە یان تواذیان بیری رز گاری و شەی (کورد ستان یان نەمان) لە دڵی منالەکانی کوردستان و لەسەر زاریا نە بسڕنەوە هەموو گەلی کورد دەڵێ نەخێر ، کورد خاوەنی کورد ستانەو هەر کوردیش بە خاوەنی کورد ستان دەمیێنێتەوە بە دەیان شۆڕ شی رز گاری بەر پا کردووەو بۆ نەوەکانی دا هاتوی مێژووی پڕ خەباتی لە بن نە هاتۆی خۆی کردووە بە ( پەیڕەو پڕوگرا ممان ) نەوەی داهاتوو مانیش جێ بە جێ دەکات ، هەتاکو هەموو کورد ستانی گەورە یەك دەگەرێتەوە و لە ژێر یەك ئالایەکە بانگی رزگاری بۆ گەلی کورد دەدرێت دایکی کوردستانیش رۆڵەی بە ئەمەکی زۆر هێناوەتە کا یەوە رۆڵەیەکی بەوەفاو دڵسۆز دەبێت لەسەر ڕێگاکەی ( بدرخان )

بڕوات و ببێت بە سرکردەمان و گەلی کورد بگەیەنێتە ریزی گەلانی پێشکەوتووی جیهان پەیمانی پیرۆزیش مۆر بکات .

# رای تایبەتی خۆم

بە ڕای من نە دە بوو باوەڕ مان بە حە مە رەزا شای ئ ێران بکردا یە بەو شێوەیە ئەو ژ مارە زۆرە لە خ ێزان و پ یاوی کوردمان نە ناردایە ئۆردووگان و دیلیا نمان نەکردا یە لە ژێر دەستی رژێمی ئێراندا ئێمە وهەموو خەڵکی جیهان زۆر چاك دە مان زا نی حە مە رەزا شای و رژێمە کەی دوژم نی گەلی کوردن و ئەو یارمەتیانەی دەیدان بە شۆڕشی کورد ستان بۆ مەبە ستی تای بەتی خۆ یەتی هەر وە کو بە چاوی خۆ مان بینیمان وەکو مارو سەگی هار گەستمانی :

١- بە ڕای من گەورەترین هۆ کاری خۆ بەدە ستەوەدانی سەرکردایەتی شۆڕ شی کورد ستان و ئی مزا کرد نی سەرۆك بەرزانی بۆ تووا نەوەی شۆڕ شی کورد ستان دەگەڕا یەوە بۆ بوونی ئەو هەموو خێزا نە کوردا نە کە لە ژێر دە ستی حە مە رەزای شای ئێرانە لە ئۆردووگاکا نە د یل کراوون باوەڕم زۆر بە تیدنە بە سەرکردایەتی بارزانی بە کە سایەتی بارزانی بە

تایبەتی ئیمزاکردنی برو سکەکەی تووا نەوەی شۆڕش لەلایەن سەرۆك بارزانیەوە تەنها بۆ رزگارکردنی گیانی خۆی و ئەندامانی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان نەبوو ئەگەر بە گیانی ئەوان کارەکە تەواو بوایە سەرۆك بارزانی لە شێوەی ( قازی محەمەد)ی براو هەڤاڵی خۆی بە دەستی خۆی پەتی قەنارەی لە ملی خۆی دەنا چوونکی بارزانی بە کردەوە سەلماندویەتی تەمەنی خۆی لە سەرەتای ژیانیەوە بەخشیویەتی بە گەلی کوردو خاکەکەی .

٢-رازی بوونی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان بۆ درێژە دان بە جێ بە جێ کردنی بەیانی یانزەی ئازار بۆ ماوەی چوار ساڵ ئەم کارەیش خۆی لە خۆیدا هەڵخەڵەتاندنێك بوو بەعسییەکان پێمانیان کردوو بە سەرمانە تێپەڕی کرد ئەو ماوە درێژە بۆ هەڵوشاندنەوەی خاڵەکانی بەیانەکە دانرا بوو بە هیچ جۆرێك پێویستی بەو ماوە درێژەیە نەدەکرد کات و زەمینە بە زوو یی درو ست بوو بۆ جێ بە جێ کردنی خاڵەکانی بەیانەکە بە تایبەتی چارەسەرکردنی پێشمەرگەو گەڕانەوەی ئیدارەکان بۆ کوردستان .

٣-رژێمی بەعس بە ئاشکرا بە چۆکا هات بۆ شۆڕشی کوردستان بەرامبەر بە چالاکیەکانی پێشمەرگەو دانی نا بە

شکستەی هێزەکانیا نە لەکوردستان لە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان داوای نویٚ کردنەوەی وتوو وێژەکانی کرد بۆ چارە سەرکردنی کێشەکە بە ڕێگا یەکی ئاشتی خوازانە ئامادەی خۆی دەر بڕی بۆ ز یاد کرد نی چەند خالێکی دیکە لەسەر بەیانی یانزەی ئازار لەم بارووودۆخەدا کە ئێمە هەلەمان بە خوێنی شەهیدان بە دەست هێنا بوو دەبووا یە سەرکردایەتی بە شێوەیەکی راماریاری و بە بۆچوونیەکی تایبەتەوە وەلاٚمی میری بدا یەوەو ئەو هەلەمان ، بە هەلە لە دەست نەچوایە ئەوکاتەیش یان میری رازی دەبوو بە پێدانی مافەکانمان یان دەبووین بە هۆی لە ناودانی میری و رووخانی .

٤- هەڵگرتنی دروشمی ڕووخاندنی میری بە تەنها و بەلاوە خستنی باس و داواکاریەکانمان و بە تایبەتی بەیانی یانزەی ئازار کە خۆمان پابەند بووین پێی و ئیمزامان کرد بوو بە رای من هەڵگردنی دروشمی بە تەنها ڕووخاندنی رژێم دەبووا یە کاتێك بەرز بکریا یەوە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا کە پێمانیان دەگووت ئەم دروشمە بەرز بکەنەوە پرۆتۆکۆڵێکمان بۆ دوا رۆژ لەگەڵیانە مۆر بکردا یە لە دوای ڕووخاندنی بەعسییەکان ئەوانە چیمان بۆ دەکەن ، ئەگەر ئەمەیش نە

گونجایە با پێشەکی کێشەی کورد یان بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بگەیانایە وەك کێشەیەکی مرۆڤایەتی و داوای یارمەتیان بۆمان بکردایە لە دەوڵەتەکانیان و ئێدانەی کارە رەگەز پەرستەکانی بەعسییەکانیان بکردایە لە دژی کورد .

٥-گوی گرتنمان تەنها لە ئەو کەسانەی ئەو دیوی سنوور دڵ ئارام بوونمان بە وتەکانیان جێ بە جێ کردنی فەرمانەکانیان و ئامۆژگار یەکانیان بە بێ ئەوەی بگەرێینەوە بۆ لای کۆمەلانی خەلکی کوردستان و پرسو را یان وەربگرین و لە گۆرانکاریەکانی هەلوێستەکانی شۆرش ئاگاداریان بکەینەوە و رایانی لەسەر وەربگرن ئەمانەو ژمارەیەکی کاری بەم جۆرە کە هەموویان لە رێبازی نیشتمان پەروەری دەر چوونەو زۆریش بۆنی خۆ فرۆش و بێگانە پەرستی لیدەردەکەوێت ئەمانەیش هۆیەکی سەرەکی بوونی پالیان پێمانەوە نا بەرەو هەلدێری نەمانمان بەرێت !! باپیرانمان بۆیە گوتویانە: ( ئەگەر بکەی بێگانە پەرستی ئاخری دێنی نوشوستی) .

وەکو کوردێکی ئەم کوردستانە مافی خۆمە ئەم بیروراپانەی خۆم دەر برم و بیخەمە پێش چاوی گەلەکەمان و لە مێژووەکەیدا تۆماری بکەم لەبەر ئەوەی هەر ئەوان چاودێر و ناوبژی کەرن بۆ ئەم مەبەستە و با هەر خۆیانیش بریاری

لە سەر بدەن خاوەنی بڕیار هەرگە لە لە دوای ئەوەی جەماوەری کورد ستان باوەڕ یان بە تەواوی هێنا کە شۆڕ شەکەیان تووا یەوە و کۆ تای پێ هات . سەرکردەکان کورد ستانیان بە جێ هێشت و ڕوو یان کرد لە ئێران و دەرەوەی وڵات ئیتر هیچ هیوا یەك نەما ڕووی لێبکەین ، بە ناچاری هێزەکانی پێشمەرگە چەکەکانیان فەڕێ داو خۆیان و خێزانەکانیان ملیان بۆ بەعسییەکان شۆڕکردو خۆیا ندا بە دەستەوە ، بە ناچاری خۆیاندا بە دەست ئەو دوژمنەوە کە بە دە یەها ساڵە ڕوو بە ڕووی دە جەنگان بە گوێرەی ڕێککەوتەنەکەی جەزائیر میری فەرمانی لێبوردنی دەرکرد بۆ ئەو کە سانەی پەیوە ندیان بە شۆڕ شی کورد ستانەوە هە یە زۆربەی زۆری خەڵك بە خۆیان و خێزانەکانیانەوە خۆیاندا بە دەستی میریەوە ، میری هەموویانی راگوێز کرد بۆ باکووری عێراق دابەشیانیان کرد بەسەر ئاوایی و شارۆچکەکانە میری بە حەسیر کەپری بۆیان دروست کردبوو بۆ ئەوەی تێدا بژین ، ئێمە و ژمارەیەك لە خزمەکانمان ، لەگەڵ دە ستەی یەکە مە خۆ مان نەدا بەدە ستەوە لە ئێرا نە ماینەوە ، لە دوای تێ پەرکردنی سێ مانگ بە سەر فەرمانی لێ بوردنی بەعسییەکانە ، جارێکی دیکە فەرمانێکی نهێنی یان دەر کرد

تەنها له رۆژنامەکا نه بلاوکرا یەوه بۆ گەڕا نەوەی ئەو خەڵکا نەی هێ شتا له ئێرا نه ماونه تەوه رۆژ یك لێپر سراوی ئۆردوو گای ( رەواز سەر ) که پ یاوێکی فار سی بوو هەموو دانیشتوانی ئۆردووگا کەی کۆکردەوه بەناو رژێمی ئێرا نەوه پێمانی ڕاگەیا ند فەرمانی لێبوردن لەلا یەن رژێمی عێرا قەوه دووباره دەرچووه خۆتان ئاماده بکەن سبەینی سەیارەتان بۆ د ێت دەب ێت بگەرێ نەوه بۆ ولا تی خۆ تان به ناوی خۆی و رژێ می ئێرا نەوه خودا حافیزی لێمان کردوو به یەکجاری ئیزنمانیدا (ئەگەر خانه خۆی میوانی دەرکرد چارەی میوان هەر رۆی شتنه) زۆر بەی زۆری دانی شتوانی ئۆردووگا که بڕیاری گەڕانەوەمان بۆ عێراقدا.

# خۆ بە دەستەوەدان و گەڕانەوەمان بۆ عێراق

گەڕا نەوەمان بۆ ء یراق لە رۆژی ١٩٧٥/١٠/١٧ لە سەر سنووری عێراق و ئێرانە لە شارۆچکەی (المنذرية) دامانیا نە دە ستی لیپرسراوانی سەربازی عێرا قەوە مامەڵەی سەربازە عێراق یەکان لە شیوەی د یل و کوێ لە بوو لەگەڵما نە ، مامە لەیان لە تەکمان دە کرد بە هیچ جۆر یك بە مرۆڤ و ئادەمیزادمانیان لە قەڵەم نە ئەدا ژمارەیەك لۆری نەقلْ بەڕیان هێنا بوو بە پاڵەپە ستۆ سواری لۆر یەکانمانیان کرد بەڕێ کەوتین بەرەو خانەقین .

لە دوای ئەوەی لە خانەقین دەرچووین بەرەو بە غدا ژمارە یەك زۆر پیاو و ژن ومناڵی عەرەبەکانی خواروی خا نەقین لە سەر رێگاکەما نە وە ستابوون بە هەر دوو لای شەقامەکەدا چاوەڕوانی ئێ مە بوون کا تێ نز یك بووین نەوە لێ یان لۆر یەکانیان وە ستان و پێشیانیان لێیان گرت ژمارە یەك لە ئێمە چاوەڕوانی ئەوە بوون پێشوازیمان بکەن و خواردن و خوارد نەوەمان پێشکەش بکەن هەر بە گەیشتمان بەو ناو کۆمەڵە کەیان بە سەدان بەرد و پێ سی و ئاگرو ة سەی نا شیرنیان بە سەرمانە دا بەش کرد ، ژمارە یەکی زۆر لە سەر نشینەکانی لۆریەکان لە ژن و مناڵ و پیاواذیان سەرو دەم و

چاوشکاندو بریندارکرد ئەو شەوە هەتاکو گەیشتینە بەغدا ئەو دیاردە جوانەمان دوو سێ جار لەلایەن برا عەرەبەکانەوە بە چاوبینی و برای عەرەبمان بەو شێوەیە بەخێر هاتنەوەمانیان کرد لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوڵەکانە بەو کارەو ئەو دیاردەیە هیچ دڵگیر نەبوین لەبەر ئەوەی ئێمە باوەڕمان وابوو کاری گەلێ نالەبار ترمان لە تەکدا دەکەن لە شێوەی کو شتنی گ شتی و سووتاندنی لۆر یەکان بە سەر نشینەکانیانەوە ئەگەر بەم جۆرەیش رەفتاریان لە تەکمانە بکردایە کەس نەبوو دەستیان بگرێ و لێیان بپرسێتەوە دووریش نەبوو خەڵاتیش بکرین لەلایەن رژێمەوە ، ئەو شەو و رۆژە بەرێوەبووین رۆژی ١٨/١٠/١٩٧٥ سەر لە بەیانی کا تژمێر حەوت گەیشتینە قەزای (الرمیثة) کە سەر بە پارێزگای ( السماوە )یە لە باکووری عێراق لە قوتابخانەیەك دامان یان بەزان لە لۆر یەکان ، دەرگا یان لێمان داخستپا سەوانیان بۆ مان دانە لە هەر چوار لای قوتابخانە کەدا ماوەی دوو رۆژو دوو شەو بە دەس بەسەری لە قوتابخانەکە ماینەوە بە بێ ئەوەی خواردن و خواردنەوەمان بدەنێ یان رێگامان بدەن لە بازار خواردن بۆ خۆمان پەیدا بکەین ، لە رێگای هاتنەوەمان لە خانەقینەوە بۆ رمیثة ماوەی ١٧ هەقدە

سەعات نەمانتوانی لە لۆر یەکان دا بەزین هەمووی هەر لە ڕێکرد نە بووین ژمارە یەکی زۆر لە پ یاوی پیرو م نالاْن خۆیانیان پیس کرد بوو لە بەر ئەوەی لە رێگە جەندرمەکانی بەعس نەیان دەهێ شت کەس دا بەزێت دیاردە یەك لە لۆریە کەی ئێ مەدا ڕوو یدا لە هەموو شتێك بەلاما نەوە ناخۆشتر بوو ئەویش ئافرەتێکی (حاملە) لە ناو لۆریە کەی ئێ مە ژان گر تی و م نالێکی کوڕی بوو سەر ن شینەکانی لۆریە کەی ئێ مەیش لە ١٠٠ کەس ز یاتر دە بووین زۆر بە زەحمەتی دەمانتوانی بە پاوە بووەستین ڕێگای دانیشتن هەر نەبوو زۆربەی دانیشتوانی سەرنشینی سەیارەکە لە شەرمان و لەبەر دڵتەنگی و نیگەرانی خۆمان ئەگەر مرد نمان بە پارە دە ست بکەوتا یە لەو کا تەدا دە مان کڕی پێ شنانمان هەزار ڕە حمەتیان لیٚ بـ ێت گەلی کورد یان زۆر چاك نا سیووە کە چەند سەر رەقە بەرامبەر دوژمنەکانیان فەرمەرمویا نە (کورد چاوی قا یمە) باوکی ئەو منا ڵە لە ناو سەیارەکەدا لە دا یك بوو ناوی کاك عەلی بوو خەڵکی هەولێر بوو لە دوای ئەوەی مناڵە کەیان بوو بە ن یو سەعات بە خەڵکە کەی ڕاگەیا ند کوڕە کەم ناوی ( نامرین)ە گووتی ئێ مەی کورد یەزدان لە پشتمانە لەبەر ئەوەی خاوەن باوەڕین هەتاکو یەزدان نەمان

مرێنێت کەس ناتوانێت بمانمرێنێت من بۆیە ناوی کوڕەکەم لەم رۆژە ڕەشەدا ناوە (نامرین) و هیوام زۆر بە تینە بە پاشە رۆژی کورد رۆژێك دەبێت ( نامرین)و براکانی پەنجەیان بۆ چاو دوژمنەکانیان درێژ بکەن و کوردستان رزگار بکەن و پێیان بڵێن ( ئێمە نامرین ، نامرین ، نامرین ) لە دوای ئەوەی دوو رۆژ بە دەس بەسەری لە قوتابخانەکان بە بێ نان و بە بێ ئاو بەندمانیان کرد دەستیان کرد بە دابەش کرد نمان بە سەر ئاوایەکانی ناو چەی (الرميثة) لە هەر ئاوایە کە دوو کەپریان دروست کرد بوو هەر کەپرێك ماڵێکیان لە ناودیە جێنشین کرد ماوەی هەفتەیەك ئەو خەڵکە لەو ئاوایە دوورە شارانە بە بێ نان و ئاو مانەوە هیچ کەسێك پرسیاری لێمان نەکرد دانیشتوانی ئاوایەکان خواردن و خورادنەوەیان بۆمان دەهێنا ئەگەر دانیشتوانی ئاوایەکان نەبوایە هەموو ئەو خەڵکە لە بەر برسێتی و لە بەر تینوێتی دە مردن هەرچەندە مردن لە دیلی و ژێر دەستی دوژمن چاکترە من بەش بە حاڵی خۆم چاوەروانی ئازاردانی زۆرتربووم بە دەستی دوژمن زۆر جار باوەرم دەهاتە سەر ئەوە دەم گووت دوور نیە بە خۆمان و خێزانەکەما نەوە بەعسییەکان ( زندە چاڵمان بکەن ) بۆ چوونکەمیش ڕاست دەرچوو دەرکەوت چەند ماڵ و خێزانی

کوردیان بە زیندوویی خستە ژێر خاکەوە و ئێستا گۆڕە بە کۆمەڵەکانیان دەدۆزرێتەوە لە دوای تێپەڕ بوونی هەفتەیەك بەسەرمانە جەندرمەکانی بەعسییەکان کە پێك هاتبوون لە ئەمن و ئیستخباراتی عەسکەری و لێپرسراوانی بەعسییەکان هەموو رۆژێك دووجار لە ئاوایەکانە بەسەرمانیان دەکردەوەو دەمانیان ژمارد هەتاکو بزانن کەسمان رای کردووە یان بە شێوەیەکی هەمیشەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵما نە دەکرد دەبووایە یەك بە یەك لە سەرەتای ژیانمانەوە هەتاکو ئەو رۆژەی کەوتینە ژێر دەستیانەوەبە شیکراوەی بۆیانمان باس بکردایە و ئەوانیش تۆماریان دەکرد بۆ ماوەی یەك مانگ قەدغە کراین نەدەبو هاتوو چۆی شارەکانمان بکرادیە یان سەردانی خزم و کسەکانمان لە ئاوایەکانە بکردای درهاوسێە عەرەبەکانمان ڕادە سپارد پێویستیەکانیان بۆ مان دەهێنا لێپرا سروانی ئاوا یەکان بە شێوەی ڕەسمی بەرپرسیار کرابوون چاودێری هەڵسوکەوتمان بکەن ئەگەر یەکێك بروایە بۆ شارەکان قەدەغەیان دەکردوو دەیان گێرا یەوە توو ندو تیژی بەعسییەکان لە دوای تێپەڕبوونی مانگێك بەسەرمانە کەمەوە بوو دانیشتوانی ناو چەکە بە پێ چەوانەی بەعسییەکانەوە زۆر ڕێز یان لێ مان دەگرت لە دوای

تێ پەڕبوونی دوو سێ مانگ بە سەر ئەو باروودۆ خەدا بۆم ڕوو نەوە بوو ئەو یار مەتی دان و ڕێز لێگرتنەمان لە لا یەن عەرە بەکانی ناو چەکەوە بە فەرمانی سەرەك هۆزە کانی ناو چەکەوە بووە لەو ماوە زۆرەی کە لە باکووری عێراق ما مەوە نەم بینی و نەم بیست لەلا یەن دانیشتوانی ناو (الرمیثة)وە ئازاری کوردێك بدەن بە پێچەوانەوە بینیم چەند جارێك کوردە کان لە رمیثة و لە سەماوە هەڵەی گەورەیان ئەنجام دەدا بەرامبەر بە عەرەبەکانی ناوچەکە سەر ئەنجام لێیان دە بوردن و هەوڵی تۆڵە سەندنەوەیان نە ئەدا ئەگەر بیان ویستایە بە هەموو جۆرێك تۆڵەی خۆیانیان دە کردەوە بە گوێرەی وتەی لێپرسراوانی میری ئەو ماڵە کوردانەی لە باشووری عێراقدا دا بەش کرا بوون بە سەر ئاوایەکا نە ژمارەیان گەیشتبووە (٢٥٠) دوو سەدو پەنجا هەزار خێزان لە دوای تێپەرکردنی سێ مانگ بەسەر ئەو نەهامەتیە میری داوای لێمان کرد فەرمانبەرەکان پێشوو هەموویان بگەڕێنەوە سەرکارکانیان و ئەو کە سەیش دە یەوێت دا بمەزرێت بە گوێرەی بەڵگەنا مەو (شەهادە) لە ئیدارەکانی میر یە دا یان دەمزرێنن ئەم بڕیارەیش لە پێناو ئەوە دابوو ئەو خەڵکە جێ نشینی بکرین بە شێوەیەکی هەمیشەی لە باکووری عێراق بە

گوێرەی نا سنامەی ئەو خەڵکا نەو دەڤ تەری خد مەی عەسکەری هەموو تۆمارکان لە کورد ستانەوە گوێزرا نەوە بۆ باکووری عێراق هەر بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوە بەو بۆنە یەوە کارو فەرمانمان بۆ دا بین کراو موو چەمان دە ست کەوت کەمێك ژیای نەوە ، بە هۆی فەرمانەکانما نەوە لە شارەکانە توانیـ مان خێزا نەکانمان لە ئاوا یەکان رز گار بـ کەین و لە خۆماذیان نزیك بکەیـنەوە لە هەموو شتێك نا خۆشتر ئەوە بوو هەر کەسێك فەرمانی دامەزرا ندنی بۆ دەر بـچوایە لەگەڵ نوو سینی دەس بە کاربووذ یا دەبووا یە فۆرمێکی پڕ بکرادیەوە بۆ پەیوەندی کردن بە ریزەکانی رێکخـستنەکانی بەعـسەوە (استمارة الانتـماء) دەبوا یە ئەم کارە بکریا یە بە شێوەی زۆر لێکردن (الاجباری) جگە لەم کارە نا پەسەندەیان هەوڵێکی زۆریان ئەدا کوردەکان جل و بەرگی عەرەبی لەبەر بـکەن بۆ ئەوەی بە تەواوی شێوەیان بـگۆڕن ئەم کارە یان سەری نەگرت بۆ یان ئەو فەرمانبەرا نەی لە دائرەکا نە دا مەزرابوون بە پانتۆڵ و چاکەتەوە دەوام یان دە کرد ئێوارنیش بە جل و بەرگی کورد یەوە ئەهاتنە بازارەکان ئەو کاتە فەرمانەکەم لە ناحیەی ( النجمی ) بوو کە سەر بە قەزای ( الرمیثة )یە لە ناو ناحیەکەدا ژمارەی (١٥) پانزە ماڵی کورد

هەبوون له کەپرەکا نه جێ ذ شین کرا بوون هەموویان له دانیشتوانی قەزای ( رانیه ) بوون دەم سپیان پیاوێکی تەمەن ٦٠ –٦٥ ساڵی بوو به ناوی ( حاجی ئه حمەد ) خەڵکی ( چوار قوڕ نه)ی قەزای راذ یه بوو بەڕێوه بەری ناد یه و لێپر سراوی بەعس له ناد یەی ( النجـ می ) بانگی حاجی ئەحمەدیان کرد بۆ لای خۆیان ئاگاداریان کردەوه ئیتر نا بێ جل و بەرگی کوردی له بەر بکەن !! دەبێت به جل و بەرگی عەرەبیەوه بگەڕێن و هاتووچۆی بازارو دائرەکانی میری بکەن پێ یان ڕاگەیا ند هەر که سێك له خز مەکانت جل و بەرگی عەرەبی له بەر بکەن حزبی بەعس بڕیاری داوه بڕێك پارەی بداتێ به شێوەی مانگا نه بەرێوه بەری ناد یه قاتێك جل و بەرگی عەرەبی و قوترەو عەگاڵیکیان ئاماده کردبوو ویستیان بیکه نه بەر حاجی ئه حمەد له بەر ئەوه ئه گەر حاجی جلی عەرەبی لەبەر بکات ئەو خەڵکانەی هان لەگەڵیا ئەوانیش جل و بەرگی عەرەبی له بەر ده کەن کاتێك حاجی ئەم هەڵسوکەوتەی له بەعسییەکان بینی کورد گوو تەنی ( چاوی پەر یه بان سەری) جلەکانی له ده ستی بەرێوه بەری ناد یه وەر گرت هەتاکو هێزی تێدا بوو هاوێشتیانی بۆ دەرەوەی ژوورەکـه بـه زمـانـی کـوردی گـەلـێك وشـەی ناشـرین و



ئەم وێنە یە لە حەوشی ئەو قوتابخانە یەدا گیراوە کە بۆ یەکەم جار لە پارێزگای ( سماوە) قەزای (الرمیثة) تێیدا دا بەزیمان لە کا تژمێری (٧) بەیانی رۆژی ١٩٧٥/١٠/١٨ لەم وێنە یەدا لەلای ڕا ستەوە لیێپر سراوی جووت یاران و یاری دەدەرە کەی ١- سەید مەنسور ٢-جێ گری قائمم قام ئەبو نەبأ ٣-لیێپر سراوی رێکخراوی بەعس ئەبو زێدان ٤- شکور عەتیە لیێپر سراوی جووت یاران ناحیەی(النجمی)



لەم وێنەیەدا لە چەپەوە بەرپرسی قوتابخانە١- سەید عبدولا ٢-جێگری قائممقام مدیری ناحیەی( النجمی) ئەبو نەبأ ٣-بەرپرسی ڕێکخراوی بەعس دوان لە گەڵ هاوڵەکانی.



منالآنی شاری (الرمیثة) چەپڵە ڕێزان و ئاهەنگ دەگێڕن بە هۆی خۆ بەدەستەوەدانمان بە میری عێراق

سوکایەتی پێ یان گووت دە ستی برد بۆ ج لەکانی خۆی و پێیانی گووت ( یەزدانی گەورە ئێمەی بەم شێوەیە درو ست کردووە ئ ێوە چۆن دە توانن کاری یەزدان بگۆڕن ؟؟ ئێ مەی کورد هەتاکو ک فن مان بۆ ئا مادە نەکرێت ئەم جلا نە کەس لەبەرمانی دا ناکەنێت ( یان جلی کوردی یان مردن و ک فن ) ئەم دوو ج لە بەرگی ئێمە یە قەت بە سێ نا بێت )!! ئەو هەڵوێ ستە مەردا نە و کوردا نەی حاجی وە های لە لێپر سراوانی بەعس کرد لە ناحیە کەدا بە ئا شکرا دان بە هە ڵەی خۆیا نە بنێن لە بەر ئەوە بوو دە ستیان کردە م لی

حاجی بۆ ئەوەی ئا شتی بکە نەوە حاجی بە هیچ جۆر ێك حسابی بۆیان نەکرد و گووتی ( مردن مرد نە لە قەفرکێی بۆ چیە)و رۆی و ڕووی کرد لە کەپرەکانیان پیاوەکانی هاوریێ و خز مانی کۆکردەوە ڕوو داوە کەی بۆ یان گێڕا یەوە پێ یانی گووت کوڕینە ئەما نە ئەیا نەوێت بە زۆر بمانکەن بە عەرەب مەنیش ئەم کارە نا کەم ئەگەر لە سێدارەمیان داوە چوونکە عەرە بەکان خۆیان دە ڵێن (من أذكر أصله فهو ذغل) بەواتای هەر کە سێك واز لە گەل و میللەتە کەی خۆی بهێنێت ئەو کە سە زۆ ڵە ئا یە ئێوە ئەم ر سوا بوو نە قبول دە کەن ؟ ئەم هەڵوێستەی حاجی ئەحمەد هەتا هەتا یە لە بیر نا چێتەوە دەبووایە هونەرمەندانمان بیان کردایە بە چیرۆك لەسەر شانۆ و تەلەفزێونەکا نە بلاو یان بکردا یەوە هەروەها م ێژوو نوو سەکانمان لا پەڕەکانی م ێژوویان پێ برازانا یەوە دا خی گرانم بە هەزاران هەڵوێ ستی وەك ئەم هەڵوێ ستە لەلا یەن گەورە پ یاوانی کوردەوە وەك ( چقڵ) کراوە بە چاوی دوژمنانە بە هیچ جۆرێك لە بیری کەسدا نەماون نە پیاوانی ڕوو ناك بیران و نە هونەرمە ندان و نە م ێژوو نوو سان نە گەڕاون بە دوایا نە و بیرێک یان لێبکە نەوە وەك لە شێوەی وانەیەکدا بۆ نەوەی دوا رۆژمان بیان نووسنەوە و سوودیان

لێ وەربگرێت بەعسییەکان هەوڵی زۆریا ندا بۆ ئەوەی مەرا مە گلاّوە کەیان بۆ یان بەدی بـ یێت و بە ذ یازی ئەوەی کوردی کوردستانی بکەن بە عەرەبە بەعسییەکان ژمارە یەکی زۆر لەم جۆرە هەڵویستانەی ( حاجی ) ئە حمەد و گەلێکی دیکە یان بە گوێی خۆ یان و بە چاوی خۆ یان بینی نا چار بوون لە دوای ساڵێك بەندی و دیلی کردنمان ڕیگایاندا بە ئەو خەڵکە هەر کەسێك دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ کورد ستان بە ڕای خۆی با بگەرێ تەوە کاربەدە ستانی بەعس زۆر بە چاکی هە ستیان کرد هەر چەندە توانیوایا نە شۆڕ شی کورد ستان بکوژێذنەوە ناتواذ یێت هە ستی نەتەوا یەتی لە ناو د ڵی گەلی کورد ستان دامرکێنێ تەوە بۆ یە بە نا چاری کەوت نە سیا سەتی نەرمی لەگەڵ خەڵکە هەتا بەو شێوەیە بتوانن کورد لە هەست و بیری شۆڕش گ یێڕی و کوردا یەتی دوور بخە نەوە بۆ یە ئەو خەڵکانەی هێنا بوویان بۆ باشووری عێراق بە ذیازی ئەوەی بیان کەن بە عەرەب گەڕانیا نەوە بۆ کورد ستان لە پاڕێزگای (الـ سماوە) تەنها ڕێ گای شەش خێزاذ یان نەدا لە گەڵ ئەو خەڵکەدا بگەڕێنەوە بۆ کوردستان یەکێك لەو شەش کەسە کە لەلا یەن میر یەوە بە لێپر سراوی سیا سی درابوێ نە قە ڵەم و نەیان هێ شت بگەڕێ نەوە من بووم بەو ذ یازە ئە گەر ئێ مە

بگەرێنەوە بۆ کورد ستان دوو بارە کێشە بۆ میری درو ست دەکەین لە دوای تێپەڕبوونی شەش ساڵ بە سەرمانەوەم لە باشووری عێراق توانیم ڕێگا چارەیەك بۆ خۆم بدۆزمەوە بۆ گەڕانەوەم بۆ کوردستان بە هۆی کارتێکردنی ( عدنان کوڕی شێخ خوام ) کە ئەندامی ( ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق ) سەرۆك هۆزی ( بەنی زریج) توانیم داوا لە وەزیری مالیە بکەم بمگوازێتەوە بۆ کوردستان بۆ شارۆچکەی (خورماتوو) لە رۆژی ١٩٨١/٤/٥ لەسەر فەرمانی وەزارەتی مالیەی عێراق ژمارە ٥١٧٤٥ /٧١٢ گەڕامەوە کوردستان .

# بۆچوون و هەڵسوکەوتی دانیشتوان و ڕۆڵی بەعسییەکان لە پارێزگای السماوە

زۆر بەی دانیشتوانی ناو چەکانی با شووری عێراق هەڵسوکەوت و بۆ چووونەکانیان لە شێوەی یە کە شێوە زمانەکانیان یەك جۆرە زۆر بە کەمی هەست بە گۆڕانکاری لە نێوانیا ندا دەکرێت زۆر بەی ناو چەکانی با شوور بە شێوە ز مانی (جلە فی و کۆ چەری )( بەدو) دەدو ێن ج گە لە دانیشتوانی شارو شارۆ چکەکان کەمێك گۆڕانکار یان تێدا هە یە بە هۆی خوێ ندەواری وفێر بوونی زاندیاری و شارستانیەوە ناوچەکانی قەزایی رمیثة و سماوە ناو چەیەکی هۆزا یەتی عەرەبی یە هەر لە سەر خۆ و رەو شتی کۆنی هۆزا یەتی خۆ یان دەڕۆن خۆ رەو شتەکانی پێ شوویان زۆر باوی هەبوو زۆر یش پیرۆز بوو بەلایا نەوە ئەو ناو چانە بە زۆری سەرگەرمی بەخێوکردنی ئاژەڵن و کە شتوکاڵ زۆر بەکەمی دەکەن هەر جووتیارێك ژمارەیەکی کەم گەنم و جۆ و زوڕات تۆ دە کەن زۆرە بەی زۆری زەو یەکانیان بە کەڵکی کشتوکاڵ نایەت لەبەر ئەوەی بوونە بە شۆرەکات (صبخە) لە دوای ساڵەکانی هەفتاکا نەوە میری زۆر هەوڵی چاك کردنەوەی زەویەکانیانی ئەدا لە ڕێگەی ( البزل)ەوە کێڵگە و

زەوی زۆری دابەش کرد بەسەر جووتیارەکانە میری بە شێکی زۆری لە زەویەکانی قەزای رمیثة چاك کردەوە لە شۆرەکات پاکیانی کردەوە بە تایبەتی زەو یەکانی ناحیەی النجمی ، الهلال ، الورکا میری هەستا بە دا بەش کرد نی سەیارە و تراك تۆرو کیم یاوی و تۆری دەر مان کراو بە سەر جووتیارە کانی ناو چەکەدا بە شیوەیەکی گشتی بۆ ئەوەی جووتیارەکان بە چاکی بەروبوو مەکانیان بە دەست بهێنن و فێری بە کارهێنانی هەڵسوکەوتی جووتیاری نوێ بن ژمارەیەکی زۆر کادری کشتوکاڵیان (الناظر التعاوني) بەسەر ئاوایەکانەدا بەش کرد لە زۆر بەی ئاوایەکانەدا ئرە وخانوو یان بۆ یان درو ست کرد بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی هەمیشەی لەلای جووتیارەکان بمێننەوەو ڕێنماییان بکەن بۆ فێر بوونی شێوەی بەکارهێنانی کشتوکاڵەکانیان لە سەر شێوازی نوێ کادرە کشتوکاڵیەکان جووتیارەکانیان فێری کشتوکاڵی داپۆشراو کرد (المغطی) لەم بارەیەوە جووتیارەکانیان سوودیان زۆربینی لە پێش چەند ساڵێك جووتیارەکانی ئەو ناوچەیە کشتوکاڵیان زۆر بە کەمی دەکرد لەدوای ئەم گۆڕانکارییە لە ناوەڕاستی هەفتاکانە ( شووتی ) داپۆشراو لە هەموو عێراقدا بۆ یەکەم جار لەو ناوچەیەوە

ڕەوا نەی شارەکانی حـلە و بـغداد کرا بەواتای بەروبوومی سەوزە و مێوە یان لە سەرەتای مانگی مایسەوە پێدەگەیی بازار ئەم هەوڵە بێ و چانەی میری لە پێناوی ئەوەدا بوو پیاوانی ناوچەی با شوور بکەونە کارکردن و بەرهەم هێنان ئەوەی شایانی باسە پیاوانی خوارووی عێراق زۆر بە کەمی کارایان دەکرد بەرهەم هێنەرو بنیات نەران تەنها ئافرەت بوو ئە مە بە پێ چەوانەی وڵا تی خۆما نەوە ، دانیشتوانی ئاوایەکانی ناوچەی رمیثة و دەورو بەرەکەی هەر لەسەر خۆ رەوشتی پێشینانیان ماون زۆر حەزیان لە ئاژەڵ داریە هەر وەك لە سەرەتاوە باسم کردووە خاوەن ئاژەڵەکان لە سەرەتای مانگی شوباتەوە دەست دەکەن بە کۆچ کردن بۆ دەشتایەکانی (نوگرە سەلمان) ئەم ناوچەیە لەگەڵ سنووری پاشایەتی ( سعوودیە ) هاو سنوورن ناحیەی نوگرە سەلمان سەر بە پارێزگای سەماوەیە دەشتایەکی زۆر پان و بەرین و فراوانە لەسەرتای مانگی شوباتەوە رووەکی لێ شین دەبێت بۆ ئاژەڵەکانیان ئەم دەشتایە هەر بە لەوڕگای ئاژەڵی کۆچەرە عەرە بەکان بەناوبانگە لە زۆر بەی ئاوا یەکانی پارێز گای سەماوە و دیوانیەوە خاوەن ئاژەڵەکان بە تایبەتی کۆچەرە عەرەبەکان ڕووی تێدەکەن کۆچەرە عەرەبەکان جگە لە ئاژەڵ



وێنەیەکی نووسەر لەگەڵ یەکێك لە سەرەك هۆزەکانی عەرەبی ، هۆزی (الجبور) لە ناحیەی النجمی .

لەوڕان لە بەهاردا ( دۆمەڵان ) کۆ دەکەنەوە هەرساڵێك پایزە بارانی هەبێت ئەو ساڵە دۆ مەڵانی زۆر لیّ پە یدا دەبێت ، کۆ چەریەکان کۆی دەکە نەوە دەێنێرنە بازارە کانی دیواذیەو بە غدا بۆ فرۆشتن لەم دە سهاتە بێ مایە یە سوودێکی چاك بەدە ست دەهێنن عەرە بە کۆ چەریەکان جۆرە حو شتریەکیان هە یە تایبەتی بۆ سواریی لە بەر ئەوەی زۆر تیژرەون ، بە هۆی ئەو حوشترانەوە لەسەر سنووری (سعودیە)ەوە کوتاڵ و ماڵی قاچاخ بەدەست دەهێنن و دەیان گەیەنن بە بارزارە کانی سەماوە و دیواذیە و بە غدا ئەم کارە یان هۆیەکی دیکە یە بۆ بەدە ست هێنانی دەرا مەتی ژیاذ یان دە شتایەکانی ( نوگرە

سەلمان) ئاوی خورادنەوەی تێدا نیە جگە لەو چالاو ( بیر)ە دێرینانەی لەسەر ڕێگاکەیدا دروست کراوە مێژووی دروست کردنیان نازانرێت قوڵی ئەو بیرانە ١٥-٢٠ مەتر قولْ کراوە زۆر بەیان لە بەردی ( سمانی ) شین هەڵکە ندراون بۆ یە ناڕووخێن و تەبخ نا بێ ژمارەیکی کەم لەو بیرانە بە کەڵکی ئاوی خواردنەوەی ئادەمیزاد دێت زۆر بەیان ئاوەکانیان (تالْ و سوێرە ) لەم چەند ساڵەی دوایی یە لە سەر داوای کۆچەریەکان میری ژمارە یەك بیری ( ارتوازی ) هەلْ کە ندوە ئاوەکاذ یان زۆر تا لە تەنها بۆ ئاودانی ئاژە لەکانی کۆچەریەکان بەکار دێت ژمارەی بیرە کۆنەکان بە گشتی بە گوێرەی و تەی کۆ چەریەکان دەگا تە دە (١٠) دا نە بیر هەموویان لەسەر ئەو ڕێگایەدا دروست کراون کە دەشتایەکە دەبڕی و دەگاتە سنووری ( سعودیە ) ژمارەی بیرەکانی میری لە سەر شێوەی نوێ دروست کراون تەنها سێ بیرە ذێوانی هەر یەکێك لەو بیرا نەی میری ١٠-١٥ کم دەبێت لە کاتی هاتۆ چووی ما لە کۆ چەریەکان بۆ لەوەڕگاکانی ( سلمان ) دیمەنی شێوەی کۆچو بارەکانیان زۆر هەست سەرنجمیان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشا لە بەر ئەوەی زۆر بەی دیمە نەکانیان لە دیمەنەکانی کۆچەریەکانی کورد ستان دە چوون لەو کاتا نەدا

کۆچیان دە کرد بۆ گەرمیان و بۆ کوێستان تەنها د یمەنی حو شترە نا شرینەکانیان لە گەڵ ئاژەڵی ولا تی خۆما نە جیاوازیان هەبوو شێوەیان زۆر نا شرین بوو لە کاتی کۆچ کردنیا نە بە شێوەی کاروان ( القافلە ) ڕێ یان دە کرد لە پێشەوەی کۆچو بارەکانەوە دوو سێ ماین و ئەسپ سوار بە چەکەوە دەڕۆیشتن بە دوای ئەوا نە ژمارە یەك هێ سترو گوێدرێژ بە بارو بارخانەی پێداویستی ماڵەوە وەکو پێخەف و ئازووقە و پێداویستیەکانی ژیانەوە بە دواییا نە دەرۆیشتن بە دوای ئەوا نە ڕەشما ڵەکانیان بارکرد بوو دوو گەنجی عەرەب سواری دوو حو شتری تێزڕەوبوون کۆچ و بارو حوشترەکانیان لێدە خوڕی بە دوای هەموویا نەوە مێگەلەکان و شوانەکانیان و سەگەلەکانیان بوون شوانەکانیان زۆربەیان ئافرەت بوون بە دوای ئاژەڵەکا نە دەرۆیشتن لە ناو پەیڕەوکردنی ئەو کۆ چەریانە د یمەنێکی زۆر جوان سەرنجمی زۆر بۆ لای خۆی ڕاکێشا بە شێوەیەك لە مێشکما وێنەی گیراوە هەتا لە ژیا نە بمێنم لە یادم نا چێتەوە ئەو دیمەنە کچە کۆچەریەکی عەرەب بوو لەتەمەنی ١٨-٢٠ ساڵ دە بوو سواری ماینێکی ڕە نگ خور مای ( شیێ) بوو دوو فیشەك دا نی پڕ لە فیشەکی بەستبووە پشتی تفەنگی

بڕ نەوەی در ێژی لە بەر دە ست خۆی دا نابوو لە پێ شەوەی پێ شەنگی کاروانی کۆ چەرەکانەوە ر یێ دە کرد جل و بەرگێکی نویٚ کۆ چەریانەی شێوەی عەرەبی لە بەر بوو بە نازوو لە خۆبای بوونێکی زۆرەوە جڵەوی مایینە کەی گرتبوو مایینە کە لە شێوەی ئا سکەکانی دە شتی گەرمیان سرگو رازاوە و رە سەن بوو کورد گوو تەنی: ( هەر ئەو کلاّوە گەو هەرە شایانی ئەو سەرەیە ) بە گ یانێکی لە خۆ بای بوونەوە کەمە کەمە ( ئاو زەنگی ئەدا لە پەرا سوی مایینە کەی لە دوورەوە بیـ نیم شێوە جوانە کەی کێ شامی بۆ لای خۆی نا چار خۆم زۆر لە سەر ڕێگاکە یە نز یك بکە مەوە بۆ ئەوەی دیمەن وشێوەی جوانیەکەی لە نزیکەوە ببینم بە نا چاری لە سەر ڕێگاکە یە راوە ستام لە شێوەی ئەو پەیکەرا نەی لە گۆڕەپانەکان و لەسەر شەقامە گشتیەکانە دادەنرێت گەیشتە لام جوانی دەم و چاوی لە شێوەی مانگی چواردە دەدرەو شایەوە چاوە جوا نەکانی لە شێوەی ئە ستێرەی (لیلی)ی عامری دەگەشایەوە دوریش نەبوو لە رە گەزی (زر قا الیما مە)ی ولاّ تی یە مەن بوو بـ یٚت گەیـ شتە نزیکم هەڵوێستێکی بە مایینە کەی کردو بەلا چاوێکی پڕ لە نازوو عشقەوە سەیرێکی مـنی کردو گوتی ( الله بالخیر ) بە بزەی

خەندە یەکی له خۆ بای بوو نەوە ئاو زەنگ یەکی دوو بارە کردەوە بۆ لای پەرا سووی مایینە کەی و رۆی من تەنها بە ئاواتی ئەوەوە بووم جوانیە کەی بد ینم یەزدانی گەورە بیستنی دەنگە نا سکەکەی بۆم هێنا یە دی بیٚ گو مان سۆزو ئاوازی دەنگی بە شێوەی جوانیەکەی بێ هاوتا و ناسك و پڕ لە ئاوازی خۆش بوو تەزووی بە لە شی ئادەمیزادە دەهێنا ئەو دیمە نە جوا نە هەر لە شێوەی ئەو کچە کۆچەرە کوردە بوو لە دەربەن رەواندوز لە نزیك ( جندیان ) چاوم پێی کەوت لە ساڵی ١٩٧١ کا تێ دەرۆ یم بۆ ( گەلا ڵە) د ینم ما ڵە کۆچەریەکان بەرەو کوێستان دەرۆن بە شێوەی کۆچەریانە بە کۆچ و بارو بە ئاژەڵەکانیا نەوە لە پێش کۆچ و بارو ئاژەڵەکانیانەوە کچە کورد ێك کۆچەری لە هۆزی (هەرکی) و بە جل و بەرگی کۆچەریانەوە لە هەمان شێوەی کچە کۆچەرە عەرەبە کە فی شەك دانێ کی (پە ستەکی) سوری بە ستبووە پشتی تفەنگی برنەوی ناوەنجی (وەسەت)ی کرد بووە شانی کەمێك جـ لە جوا نە رازاوە کەی گورج کرد بوەوە لە شێوەی کەوە نەخـ شینەکانی قەد پا ڵەکانی چیاکانی کورد ستان لە پێشەوەی کۆچ و بارەکانیا نەوە ڕەو تی دە کرد ئەو دوو وێنە جوانە وێنەی کچە کۆچەریە کوردەکە و وێنەی کچە کۆ چەریە

عەرەبە کە یاد گارێکی زۆر گرنگن بە هیچ جۆرێك لە یادم نا چێتەوە خۆزگا یە ئەو دیمە نە فلکلۆر یە جوانا نەی گەلە کەمان هونەرمە ندەکانی نەتەوە کەمان زۆر بە چاکی بیریان لێبکردایەوە بە سەدان چیرۆك و شانۆی کوردیان لێ ی درو ست بکردا یەو پیشانی نەوەکانمانیان بدا یە بۆ ئەوەی هەتا هەتا یە لە یاد مان نەرۆن و پە ندی لێوەربگرین و بۆ مێژووش هەر بمێنێتەوە لە بەر ئەو گرنگ یەی کە لەپۆر ئەم هەڵبەستەم بۆی نووسیوەتەوە :

## کەلەپۆر

شێوەی کەلەپور کاتێك دەبینم

زۆر شادی و خۆشی تێدا دەبینم

کەلەپور وێنەی با پێرانمانە

بۆیە دڵشادم بەم وێنە جوانە

کەلەپوری کورد دڵو گیانمە

ئەستێرە گەشەی نێو ئاسمانمە

مێژووی دێرینی باپیرانمە

پاش ماوەی گەل و نیشتمانمە

جێ ی پەنجە و دەستی کەسەکانمە

بۆیە پڕ دڵو پڕ بە گیانمە

دانیشتوانی پارێزگای سەماوە بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر دانیشتوانی ناو شارو شارۆچکەکان و ئەگەر دانیشتوانی ئاوایەکان هەر لەسەر بیرو ڕای هۆزایەتی کۆن هەڵسو کەوت دە کەن ئەمەیش بە پێچەوانەی هەستو ویستی بەعسییەکانەوە بوو کاربەدەستانی بەعس کادری سیاسی و کۆمەلایەتی زۆر یان بەناویانە بلاو کردەوە لە ڕێگایە کەوە بۆ یان بگونجایە ، ئەمە لە پێناوی ئەوەدا بوو ئەو بیرو هەستەیان بگۆڕن و بەرەو لای خۆیان ڕایان بکێشن ئەو هەوڵ و کۆششەی بەعسییەکان تاکو ڕادەیەك کاری نەکردە سەریان ئەوەندە بەوتەو بە گوێی سەرەك هۆزەکانیان دەکرد لە ١٠٪ بە گوێی بەعسییەکانیان نەدەکرد هەر چەندە ئەوکاتە زۆربەی سەرەك هۆزەکان دەسەڵاتی پێشوویان نەمابوو بە هۆی یاسای چاك کردن و دابەش کردنی زەویەوە ، زەویەکانیان لە دەست سەندرابووەوە و دابەشیان کرد بوو بەسەر جووتیارەکانە ئەم هەڵسوکەوتانە بە هیچ جۆرێك کاری نەکرد بووە سەر ڕێزو پایەی پێشوویان هەمیشە جووتیارەکان گوێ ڕایەڵی فەرمانەکانیان بوون ئەو سەرۆك هۆزانەی زۆر ناودار و دیار بوون لە ناوچەی ( الرمیثة) دا کوڕەکانی ( شێخ خوام الفرهود)ە لە ناویانە ( عدنان کوڕی

شێخ خوام ) جێگای باوکی گرتووەتەوە ئەو پیاوە ناودارە لەبەر ئەوەی هۆزەکەی پشت گیری تەواوی لێدەکەن لە دوو هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق بەسەرکەوتنی تەواو بوو بە ئەندامی ( المجلس الوطني العراقي ) هۆزەکەیان بە هۆزی ( بنی الزریج) دەناسرێن ئەوەی شایانی باسە سەرۆك پێشووی ئەم هۆزە کە ( خوام الفرهود ) بوو پەیوەندیەکی زۆر بە تینی لەگەڵ سەرۆك بارزانیە هەبوو بە گوێرەی قسەو باسەکانی ( شیخ عدنانی ) کوڕی یارمەتی شۆڕشی کوردستانیان زۆر داوە لە دوای بڵاوبوونەوەی بەیانی ئازاری پیرۆزی ١٩٧٠ سەرۆك بارزانی سەردانێکی ئەو ناودارە عەرەبەی کرد ژمارەی حەوت تفەنگی بڕنەوی دار شوشەی بە دیاری دابوو بە ( شێخ خوام ) ئەو ماوەیە لە رمیثة بووم سەردانی شێخ عدنانم دەکرد بە چاوی خۆم بڕنەوەکانم لە دویوەخانەکەیدا بیینی هەڵوا سرابوون بە دیوارەکەدا شێخ عدنان خۆی باسی سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆم گێڕایەوە باوکی وەسیەت نامەیەکی نووسیوە لە یەکێك لە بڕگەکانی ئەوە بوو کوڕەکانی و لە دوای ئەوانیش نەوەکانیان پارێزگاری لە دیاریەکەی سەرۆك بارزانی بکەن ئەوانیش وەسیەت بۆ نەوەکانیان بکەن لە دوای خۆیان بیان

پارێزن و  بە جێ گای  شانازیان  بزانن  لە ناو چەی رمیـ ثة هۆزێکی دێ کەی  گەورە هە یە  بەناوی  هۆزی ( اﻟ ظوالم ) سەرەك هۆزەکەیان لە نەوەکانی ( شێخ شعلان بن جون )ە کە لە ساڵی ١٩٢٠ لە دژی ئینگلیزە کان شۆڕشێکی بەر پا کرد لە ناوچەی ( الرمیثة ) هەموو هۆزەکانی ناو چەکە بە شداریان کرد  لەو شۆڕ شە  هۆزی  سێیەم  هۆزی ( اﻟ بو حـ سان )ە سەرۆکی  ئەو  هۆزە (  سلمان النا صر )ە  ئەم  هۆزە زۆر  بە دلێرا نە  چوونە  گژ داگیر کەرانی  ئەو  سەردەمەدا ز یانێکی زۆر یان پێ یان گەیا ند بە سەرکردایەتی ( شێخ  سلمان  کوڕی ناصر ) لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩١٥ کاتێك شێخ مدحمودی نەمر  بە  سەرۆکایەتی لە شکری کورد ستان  بەم ناو چانەدا تێ پەرین  بۆ  غزای ئینگلـ یز لە ناو چەی ئەلشعێبە  لە بە صرە دانیـ شتوانی  ئەو ناو چەیە هۆ سەیەکی  عەرەبیان  بۆی  کرد ئە مە  شێوەکەیەتی ( ثلثیـ نی الجـ نة لهادیـ نا وثلثـ ها للـ شیخ محمود واکرادە) دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بە  شێوەی  هەموو خەڵکی با شووری عـ ێراق  پەیرەوی مەز هەبی ( ا مام جعـ فر الـ صادق ) دە کەن  هەموو  ساڵێك  بیرەوەری ئاز یەت  باری  بۆ شەهید بوونی ( امام حوسین ) خودا لێ رازی بێت  بۆ  ماوەی ( ٤٠) رۆژدا دادەنێن کاربەدە ستانی  بەعس لەوکا تەدا ئازیێت

باری قەدەغە کرد بوو لێیان بە تایبەتی بە کارهێنانی زنجیر لێدان و لەش و سەر بریندار کردن بە قەمەو چەقۆ یان پارەو کردن بۆ سەردانی گۆڕی ( ئیمامی حوسین و ئیمامی عەلی ) لە کەر بەلا و لە نە جەف لە بەر ئەوە بوو بەعسییەکان بە دوا کەوتن و ( خراف یات ) یان ئەدا یە قە ڵەم ، ئەو قەدە غەکردنی ئاز ێت بار یە لەلا یەن میر یەوە کارێکی زۆری کرد بووە سەر دڵ و دەروون و باوەڕی ئەو خەڵ کە دانیشتوانی ناو چەکە بە ئا شکرا دە یان گووت بەعسییەکان ئاینی و خودا پەرستی و رەوشتی باپیرانمانیانی لێ قەدە غە کردووە کاربەدە ستانی میری بە هۆی کادرە سیاسیەکانیانەوە هەوڵێکی زۆریان ئەدا پێیان بسەلمێنن ئەم کارەیان هەڵەیەو دە بێ ئەم ئازێت باریە نە کەن لە بەر ئەوەی کارە کە بۆ مەبە ستی ئاینی و مەزهەبی بوو بە هیچ جۆرێك نەیانتوانی کار بکە نە سەر بیرو ڕا یان و لە سەر ئەو ڕێگا یە لایان بدەن .

# بەرپا بوونی جەنگی نێوانی عێراق و ئێران

بەعسیەکان لە ساڵی ١٩٨٠ جەنگی نێوانی عێراق و ئێرانیان بەرپا کرد کە بە جەنگی (کەنداو) بەناوبانگە و بەعسییەکان پێیان دەگووت ( القادسیه) هۆی سەرەکی بەرپابوونی ئەو جەنگە گەورە یە کە ماوەی هەشت ساڵی رە بەقی خایا ند تەنها ناکۆکی تاکە کەس نێوان (سەدم حوسێن و خومەینی) بوو لە بەر لوت بەرزیان و ڕاو بۆ چۆنی تا کە کەسی خۆیان بۆیە ئاگری ئەو جەنگە گەورەیان بەرپاکرد بە بێ ئەوەی بیرێك لە پاشە رۆژێی گەلەکەیان بکەنەوە حسابێك بۆ ئەو گیا نە پاکا نە بکەن ، کە بە هەزاران کەس دە بوون بە سووتەمەنی ئەو جەنگە ناڕەوا یە ئەو ساڵەی دارو دەستەکەی خو مەینی رژێمە بۆگەنە کەی ( محمەد رەزا شای) ئێرانیان ڕوو خان ، سەدام حوسێن بروسکەی یەکی پیرۆزبای بۆ خزمەتی خومەینی نارد خومەینی وەڵامەکەی دا یەوە لە کۆتایی وەڵامەکە یە لە جیاتی بەکارهێنانی (والسلام علیکم ) نووسی بووی ( السلام علی من أتبع الهدی) لە شێوەی وەڵامەکەیدا حەزرەتی (موسی بۆ فیرعون) . وەڵامەکەی خومەینی خۆی لە خۆیدا لە خۆبای بوون و خۆ

پەرستی تێدا دەبینرا ئەو شێوە وەڵامدانەوە یە زۆر کاری کردە سەر سەدام حوسێن وەك کورد دەڵێت ( دەڵێی بەردی لە ئیمام گرتووە ) بە گورجی سەدام کەوتە بە هانە گرتن بە ئێران دەگەڕا بۆ بەڵگەیەك هەتا لەگەڵ ئێرانە بە جەنگ بێت لە یەکێك لە ئاهەنگەکانی قوتابیانی زانکۆی ( المستنصریه) لە بەغدا نارنجوکێك تەقیەوە لەلایەن مخابراتی عێراقەوە خستیانە مل کاربەدەستانی ئێرانی ، سەدام حوسێن لە یەکێك لە چاوپێکەتنەکانیە لەگەڵ نوێنەری رۆژنامەی (الثورة ) و نوێنەری ڕویتەرا بە لە خۆبای بوونێکی زۆرەوە سێ جار سووێندی بە یەزدان خوارد گووتی ( والله والله والله الدم الذي سال من طلاب جامعة المستنصرية لن يذهب سداً) لە دوای ئەم وتانەی سەدام ناکۆکی و دوو بەرەکی نێوان عێراق و ئێران دەستی پێ کرد سەدام ئەم هەلەی بە گورجی قۆستەوە بۆ رێ خۆشکردن بە کوشتدانی گەلی عێراق و ئێران بە یەکتری ئامەنجە گڵاوەکانی هەردوو رژێم بە جەنگی کەنداو ( قادسیە )ی نامبارك تەواو بوو بە هەزاران خێزانی هەردوو لایان سەرگەردان و ماڵ وێران کرا بە سەدان شارو شارۆچکەیان لە عێراق و لە ئێران کاول وێران کرد و خەڵکەکەیان دەربەدەکرد بە هەزاران منداڵ و

گەنجو پیری هەردوو لا بوون بە قوربانی هەواو هەوەسی هەردوو لا یان ئەوەی شایانی باسە وڵاتانی دەرەوەو دراوسێکان رۆڵێکی زۆریان دەگێڕا بۆ خۆش کردنی ئاگری ئەو جەنگە بە سەدان جار وێنەی پاشای ئۆردن ( مەلك حوسین ) یان لە کەناڵەکانی عێراقەوە دەرەوە نیشان دەدا بە دەستی خۆی تۆپی دوور هاوێژی لە سنووری عێراقەوە دەدا لە ئێران لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و زیاندان لە هەردوو گەلی عێراق و ئێران بۆ ئەوەی هەردوو لا بێ هێز بێ و وڵاتانی دەرەوەو دراوسێ نەیارەکان سوود لە بێ هێزیان وەربگرن بە گشتی هەموو ئەندامانی ئەم گەلە هەژارەی عێراق تووشی نەهامەتی و سەر لێ شێوان و سەر گەردانی بوون میری بە زۆر و مل هوڕی خۆی خەڵکی سفیلی پڕ چەك کرد و چەکی ( الجیش الشعبی ) یان پێ یان هەڵگرت بە تایبەتی چینی فەرمانبەران ئیتر چەکی ( جیش الشعبی ) بوو بە (چەرمی مل ) لە کۆڵی خەڵك نەبووەوە هەردوو مانگ جارێك بۆ یەکێك لە بەرەکانی جەنگیانیان دەنارد ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەران و خەڵکی سفیلی عێراق لە شێوەی سەربازەکانی سوپا بە بەرگەکانی خۆیانەوە لە بەرەکانی جەنگابوون بە قوربانی هەواو هەوەسەکانیان جگە

لەبەرەکانی جەنگ بۆ واجباتی هەمیشەی بەشەو بە رۆژ لە ناوەوەی شارەکان و لە بارەگا کانی بەعسییەکان بە کاردەهێنران ئەم بارودۆخە بەردەوام بوو هەتاکو رۆژی پرۆسەی ئازادی عێراق لە رۆژی ٢٠٠٣/٤/١٠ چەکەکانیاندا بەدەستی هێزە کانی پێشمەرگەوە بە دوای چەکی بە زۆر بەسەر سپێنراویان بە هەزاران نەفرەتیان نارد بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخەی بەسەر یان هێنا بوو لەو رۆژەوە هەموو گەلی عێراق بە کوردو بە عەرەب و هەموو کەمە نەتەوایەتیەکانەوە بە یک جاری لە دارو دەستەو رژێمە بۆگەنەکەی سەدام حوسێن رزگاریان بوو کە بۆ ماوەی (٣٥) ساڵ بوو خوێنی گەلی عێراقیان بە ناحەق دەرژان ئیتر بۆ هەتا یە لە لاپەڕەکانی مێژوو ناوی بە کۆمەڵ کوژو خوێن مژیان بە سەریانە سەپان لێرە بە پێویستی دەزانم کۆتایی بە باسەکەم بهێنم لە بەر ئەوەی لە ساڵەکانی هەشتاکان بە دواوە هەر رووداوێك لە ناو چەکەمان ڕوو یدا بێت زۆر دوور نیە و زۆربەی گەنجەکانمان بە چاوی خۆی بینویانە ئەم زانیاریانە کە لە ناو ئەم پەرتووکە نووسراوە زۆر بەیان لە رۆژی ١٩٨٣/٥/١ نووسیومەتەوە لە رۆژی ٢٠٠٥/٥/١ دووبارە ئەو زانیاریانەم پاکتاو و دووبارە نووسیوتەوە لە رۆژی ١/ ئاب

سالّی ٢٠٠٥ لە نو سینەوە و پاکتاو یان بومە تەوە ئەم زانیاریانە کردویانمە بە پەرتووکێك یادگاریيەکن بۆ ئەوەی خوێنەرانی خۆشەویست سوودێکی لێ وەربگرن بە تايبەتی بۆ نەوەکانی خۆم هەتا بە چاکی شارەزاییان هەبێت لە رابووردووی گەلەکەمان بە تايبەت لە ژيان و را بوردووی پڕ لە نەها مەتی و کوێرەوەری من کە ئەندام يەکی ئەم گە لە هەژارەم و لە هەموو هەڵسو کەو تەکانیان بە شداریم کردووە ئەم نووسراوانە دە کەم بە ئاما نەتێك بۆ نەوەکانی خۆم وەك گیان و مالّی خۆیان و خێزانەکانیان پارێزگاری لێبەکەن و لە ناوچوون بيپارێزن ئە گەر بەلای ژمارەیەکیا نەوە بەبێ نرخ و بێ کەلّك درانە قەلّەم ئەوە بزانن بەلای خۆ مەوە نرخیان زۆر بەرزە و بە خۆم و ئەوا نەی وەك من شارەزای ژا نەکانی گەلەکەمانن دەتوانن نرخی بۆ دابنێن لە بەر ئەوەی من تەنها باس بە سەرهاتی خۆم یان کۆ مەڵ و گروپێکم نەکردووە ، ئەوەی من گێڕامەتەوە ژان و ئازاری گەلی کوردن من یەکێکم لەو گە لە قارەما نە کۆڵ نەدەرە بە هەزاران رۆ لّەی دڵ سۆزی کردووەتە قوربانی لە ڕێگای نیشتمانەکەیە بۆ ئەوەی سەر بەخۆ و سەر بەرز بمێنێ تەوە پێ شنانمان گووتويا نە: ( ئادەمیزاد تەنها خۆی ئا ستی ئازارە کانی لە شی خۆی

دەزانێت ) خۆزگا یە باوکی من خوێندەوار بوا یەو دوو سێ لا پەڕەی لە باری ژیانی خۆی و گەلەکە یەوە بە یادگاری بۆ من و نەوەکانی دی کەی بە جێ بهێ شتایە هەتا من و نەوەکانی من پەیڕەویمان بکردایە و سوودمەند بوایەن .

عمر حاجی علی زەنگنە
١ئابی ساڵی ٢٠٠٥ ز
خورماتوو

# نووسەر لە چەند دێڕێکدا



لە ئاوایی (ساڵەیی) ناوچەی (قەرە حەسەن) سەر بە پارێزگای کەرکوك لە مایسی ساڵی ١٩٤٢ز چاوم بە رووناکی ئەم جیهانە پڕ لە مەینەتیە هەڵهێناوە ، لە بنەماڵەی جووتیاریەکی هەژار ، هەر وەکو ئەو کۆمەڵە خێزانە هەژارانەی لە ئاوایەکەدا دەژیاین بە گشتی نزیکە ٣٥-٤٠ خێزانێك دەبووین ، هەر هەموو دوور بووین لە تروسکەی ڕووناکی خوێندن و زانیاری ، لەبەر ئەوەی سیاسەتی کاربەدەستانی ئەو سەردەمە وابوون هەمیشە پەردەیان دەکێشابە سەرچاوی مرۆڵەدا بۆ ئەوەی رووناکی زانین بە چاو نەبینێت .

لە ساڵەکانی ١٩٤٨-١٩٤٩ لە قوتابخانەی ئاوایی (باوە) دەستم بە خوێندنی سەرەتایی کرد بۆ ماوەی (٣) ساڵ بە هۆی ، بە هۆی ئاژاوەو ناکۆکی هۆزایەتیەوە لە خوێندن دوورکەوتمەوە ، لە ساڵی ١٩٥٢ لە شاری کەرکوك لە خزمەتی خاڵم (مەلا سید حسین و مەلا قادری جەباری و مەلا

عەلی ترکەشکانی)دا دەستم بە خوێندنی سەرەتایی کردووەتەوە .

لە ساڵەکانی ١٩٥٤–١٩٥٥ لە خوێندنگەی ئاینی ( الغوپیە ) لە شاری کەرکوك دەستم کردووە بە خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی ئەو سەردەمە ، لە خزمەتی ئەم کەڵە پیاوە ئاینیانەدا (١–مەلا عەلی لەیلانی ، ٢–مەلا عەبدلمەجید القوتب ، ٣–مەلا ئەحمەد مەلا حەکیم) سەرۆکی زانایانی کەرکوك و ژمارەیەك لەو پیاوە زانا بەناو بانگانە لە ساڵەکانی ١٩٦١–١٩٦٢ز بە ناچاری خوێندنم بە جێهێشت ، لەبەر سیاسەتی دژواری کاربەدەستانی میری ئەو سەردەمە دژی گەلی کورد و جولانەوە ڕزگاری خوازەکەی ، گەڕامەوە بۆ ئەو لادێ و ئاوایانەی کوردستان کە دەستی میریان بە ئاسانی پێ ناگات ، پەیوەندیم کرد بە شۆڕشی رزگاری کوردستانەوە ، کادری سیاسی ناوچەی شوان وشێخ بزێنیم پێ سپێردرا ، لە ساڵی ١٩٦٦ کارگێڕی لیژنەی ناوچەی چەمچەماڵ بووم ، لەساڵی ١٩٦٨ لەلایەن نەیارانی شۆڕشەوە بە دیل گیرام ماوەی (٢)ساڵ بەندو دەست بەسەرکرام لە چەمچەماڵ ، سلێمانی و بەکرەچۆ. لە دوای بەیانی ١١ ئازاری ساڵی ١٩٧٠ هەڵبژێردرام بۆ بەرپرسی

ناوچەی چەمچەماڵ ، پارتی دیموکراتی کوردستان دوای بە سەرەکی یەکێتی جووتیاران ، پاشان بە سەرۆکی شارەوانی چەمچەماڵ ، لە ساڵی ١٩٧٤ شۆڕشی کوردستان هەڵگیرسایەوە ڕوومان کردەوە لە چیاو نشێوەکانی کوردستان هەتاکو کۆتایی و نسکۆی شۆرشی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٥ لە رۆژی ١٩٧٥/١٠/١٧ لەلایەن میریەوە دەست بەسەرکراین لەگەڵ خێزانەکەماندا رەوانەی شاری (السماوە) کراین ، بۆ ماوە (٧) ساڵ بە دەست بەسەریماینەوە، لە ساڵی ١٩٨٢ گەڕاینەوە کوردستان ئەو بەرهەمانەی نووسیویانمە :

١-کتاب تاريخ إمارات زنگەنە و إداراتها .

٢-كتاب كنز المعارف ( الشفاء بالآيات ولأعشاب الطبية )

٣-کتاب بەهەشتی یادەوەری ،ئاینی و کۆمەڵایەتی .

٤-کتاب کەشکۆڵە زێرینە  هۆنراوە .

٥-کتاب دیوانی ڕێبوار  هۆنراوە .

٦-کتاب (تدابیر القدر) چیرۆك وەڕگێران لە عەرەبیەوە بۆ کوردی .

٧-كتاب الحكم والأقوال المأثورة ، للفلاسفة والعلماء جمع کۆکردنەوە و لێدوان .

## ناوەخن


| زنجیرە | لاپەڕە | بابەت |
|---|---|---|
| ١ | ١ | پێشکەش |
| ٢ | ٢ | ناونیشان |
| ٣ | ٣ | پێشەکی |
| ٤ | ٧ | لەبیرم دیێ |
| ٥ | ٨ | جوولانەوەی بیری کوردایەتی |
| ٦ | ١٣ | کادیرە دێرینەکان |
| ٧ | ٣٤ | خۆپیشاندانە چەکداریەکەی ١١ی ئەیلول |
| ٨ | ٤٦ | ڕێکخستنی هێزەکانی پێشمەرگەی ناوخۆ |
| ٩ | ٥٦ | چالاکییەکانی پێشمەرگەکانی ناوخۆ |
| ١٠ | ٦١ | بەشداربوونم لە شۆڕشی کوردستان |
| ١١ | ٦٤ | دڵسوزی و کەڵەمێردی جووتیارەکان |
| ١٢ | ٨٢ | زۆربوونی تاوانەکانی میری |
| ١٣ | ٨٤ | ئەوشانۆیەی لەبیر ناچێتەوە |
| ١٤ | ١١٠ | کودەتاکەی ١٤ی رەمەزان |
| ١٥ | ١٣٣ | هەڵوێست و سەرنجێك |

| | | |
|---|---|---|
| ١٦ | ١٤٦ | کردەوە دڕندانەکانی حەرەس قومییەکان |
| ١٧ | ١٥٣ | دەسەڵات وەرگرتنی عەبدولرحمان عارف |
| ١٨ | ١٦٢ | کودەتای ١٧- ٣٠ تەموزی ١٩٦٧ |
| ١٩ | ١٦٦ | بەیانی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ |
| ٢٠ | ١٨٩ | پوختەی بەیانی ١١ی ئازار |
| ٢١ | ١٩٦ | بە یاسابوونی بەیانی ١١ی ئازار |
| ٢٢ | ٢٠١ | چوڵکردنی دەشتی گەرمیان |
| ٢٣ | ٢١٠ | دیاردەیەکی خەبات و گیانبازی |
| ٢٤ | ٢٦٠ | ئۆردوگاکانی ئاوارەکانی کوردستان |
| ٢٥ | ٢٧٧ | کۆتایی شۆرشی ئەیلول |
| ٢٦ | ٢٨٩ | رای تایبەتی خۆم |
| ٢٧ | ٢٩٣ | خۆبەدەستەوەدانمان بەعێراق |
| ٢٨ | ٣٠٦ | بۆچوون و هەڵسوکەوتی دانیشتوان |
| ٢٩ | ٣١٩ | بەرپابوونی جەنگی عێراق و ئێران |
| ٣٠ | ٣٢٥ | نووسەر لە چەند دێڕێکدا |